فاتح ڕەسوڵ

# لە کاروانێکی دوورودرێژدا

"کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ"

هەواڵی کتێب

APEC

# له کاروانێکی دووردرێژدا

## "کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ"

فاتح ڕەسول

ستۆکهۆڵم ١٩٩٧

APEC

ISBN: 91-89014-23-5

لە کاروانێکی دوورودرێژدا


"کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ"

نووسینی: فاتح رەسول

چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧

لە چاپدانەوەی بە دەست خاوەنێتی

ISBN: 91-89014-23-5
© Apec Förlag
Box 3318
SE. 163 03 Spånga
SWEDEN



فاتح رەسول

# سەرەتا

لەو ڕۆژەی کۆرپە دێتە دنیا و چاوهەڵدێنێت تا ئەو ڕۆژەی ترووسکەی ژیانی دەکوژێتەوە، جۆرەها بەسەرهات، لەشساغی و نەخۆشی، گەرم و ساردی، هەبوون و نەبوون، هەژاری و دارایی، پۆشتەیی و ڕووتی، کەند و لەند، سەرکەوتن و دابەزین، تاڵی و سوێری، خۆشی و خەمباری، بەختیاری و ماتەمی، خەندە و گرژی، تووڕەیی و زویربوون، ناکۆکی و دوویەرەکی، گۆڕان و گۆڕانکاری و ڕووداوی سەرسووڕمێنەرانە دووچاری دەبێت یان بەسەریانادا تێدەپەڕێت!

هەر لەبنەڕەتیشدا دوو خاڵی سەرەکی چارەنووسی هەیە. مرۆڤێکی ژیر و زانا لەم جیهانەدا نییە، بتوانێ چەخت لەسەر ئەوە بکات و بڵێت: ئەم دوو خاڵە بە خۆمەوە بەندە! لە خواست و ئارەزوو و دەسەڵاتی خۆمدایە! دوو خاڵەکەش ئەمانەن. یەکەمیان: هاتن بۆ دنیا و کات و ساتی کۆچکردن. دووەمیان: ئینتمای نەتەوایەتی.

کورپە لە یەکەم سەرەتای ژیانیدا، گیانلەبەرێکی تازەی پاکە. ئەوەی پێی بگوترێ کردەوەی خراپ و ناپەسەند، یان پیشەی نالەبار و نابەجێ، نازانێ چییە و چۆن ڕەفتاریان پێ دەکرێت! ژیانی تایبەتی دەوروبەری نێو خێزانەکەی، باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەی، ئەو قۆناغە مێژووییەی نەتەوەکەی تێیدا دەژی، ڕەوشت و خوو، ئاکار و نەریت و ئادابی سەردەمەکەی، کاریگەریی تەواویان لە پەروەردەکردن و پێگەیشتنی ئەو کۆرپەیەدا دەبێت. لە هەمان قەوارە و لەبەر ڕۆشنایی هەمان بارودۆخدا دەبزووێت، ڕێگای ژیان دەبڕێت و گەورە دەبێت.

ژیانیشی وەک چەرخ لە گۆڕان و سووڕانەوەدایە، بەندە بە پێداویستییەکانییەوە، بەو شوێن و سەردەمەوە کە تێیدا دەژی، مرۆڤ بە سروشت حەز و ئارەزووی زۆری بە ژیانی خۆش، تێروتەسەلی و ئاسوودەیی هەیە، هەر ئەوەشە بەرەو کارکردن و گەڕان و تەقەلادان بەدوای پێشکەوتن و گۆڕانکارییدا دەیبزووێنێت.

ئەو کۆرپەیەی لە کۆمەڵگایەکی فیودالی دواکەوتوودا پەروەردە دەبێت و پێ دەگات، لە یەکەم ڕۆژی ژیانییەوە، بە خەرافات و جنۆکە، دێوەزمۆکە و شەولەبان، چاوترساندن و دەوگرتن، گۆێڕایەڵی و ملکەچکردن، مێشکی پڕ دەکرێت. بە نەزانی، نەخوێندەواری و کوێرەوەری گەورە دەکرێت. سنووری بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی لە چوارچێوەیەکی تەسکوترووسکدا دەمێنێتەوە. لە ڕوانگەی کورتبینییەوە ئاسۆی داهاتووی ژیان بەدی دەکات.

بەپێچەوانەوە، ئەو کۆرپانەی لە وڵاتێکی پێشکەوتووی مودێرن دێنە دنیاوە، هەر لەسەرەتاوە بە شێوازی نوێی زانستیانە بایەخیان پێ دەدرێت و پەروەردە دەکرێن، هەڵسوکەوت، ڕەوشت و خوو، ئاداب و کەلتوور و نەریتی تەواو جیاوازیان هەیە لەگەڵ منداڵانی وڵاتە دواکەوتووەکان.

شەش دە و چەند ساڵێک پێش ئەمڕۆکە، لە شارێکی خنجیلانەی کۆنی کوردستانی باشوور، لە بنەماڵەیەکی ژیانناوەنجی چاوم بە دونیا هەڵهێنا. هەر لەکۆنەوەش شارەکە، کۆیە = کویسنجق، بە شاری پڕ مزگەوت و خواناسین، پڕ لە قوتابیانی ئایینی = فەقێی مزگەوتەکان، بە شاری پیاوانی زانا و ناودار و لێهاتوو، ناسرابوو. بارودۆخی ئەو سەردەم لە قۆناغی تەواوی دەرەبەگایەتیدا بوو. سەرتاپای نیشتمانەکەشمان لەژێر

دەسەڵات و چنگی دوو داگیرکەردا دەچەوسێنرایەوە. یەکەمیان: ئیمپریالیزمی ئینگلیز و، دووەمیان: میری عیراقی هاریکار بە بێگانە.

لەگەڵ ئەوەش کە ئەوکات زۆربەی دانیشتوانی شارەکە نەخوێندەوار بوون، بەڵام بە شوێن و شاری شیعر و شاعیران، شوێنی خۆشی و نوکتەگێڕانەوە، شاری ڕاستگۆیی، دڵپاکی و چاوتێری، بە ڕەوشتپاکی و لاوچاکی و جوانی ناوی دەرکردبوو.

زۆرجار کە دەگەڕێمەوە نێو خەیاڵی منداڵی و یادکردنەوەی ژیانی تایبەتم، دەکەومە لێکدانەوە و بەراوردکردن لەگەڵ بارودۆخی ئێستاکەدا، دەبینم کە شتێک نییە وەستا بێت. سەرتاپای بنکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگاکەمان گۆڕان و پێشکەوتنی بەسەردا هاتووە. بە داخ و کەسەرەوە، لە هێندێ ڕووەوە، گەلێ پیشە، نەریت و ئاکاری جوانی کۆمەڵایەتییمان لەدەستداوە، هی ناپەسەند و نارەوا شوێنیانی گرتۆتەوە. بە تایبەت لە ڕووی ناوچەگەریەتی، ڕەگ و تیرەپەرستیی خێڵەکی و عەشایەری، عەقڵییەتی تەسک و خۆپەرستی، دوژمنایەتی و شەڕی ناوەخۆ و کورد کوردکوژی، کە دەگەڵ تەقەلا و تێکۆشانی جەماوەری کوردستان تێکەڵکراوە و سیمایەکی سیاسی پێدراوە و، ئەنجامێکی کاریگەری خراپی کردووەتە سەر بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریمان، بەتایبەت ئەوە ماوەی ٣٣ ساڵە گەورەترین زیانی بە سەرتاپای پرۆسە ڕەواکەی کورد گەیاندووە. ڕووی گەش و پاکی کوردایەتی شێواندووە، لە لایەن دۆست و دوژمن نرخی کوردی دابەزاندووە، ڕێزگرتنی بۆ نەتەوەکەمان نەهێشتووەتەوە.

هەر کە زانیم بە چ ناوێک گاز دەکرێم، کەوتمە پرسیارکردنی بێسنوور، لە بچووکترین ڕووداو و ئەوەی لە دەوروبەرمدا بوو، تا دەگەیشتە

ئاسمان، ڕۆژ، هەوا، گەرما و سەرما، ئاین و خوا و پێغەمبەر، مەلائیکەت و جنۆکە، ئاغا و پاڵە، مەلا و فەقێ، دێو و شەوڵەبان و سەرهەڵقەنە و...

زۆریش حەزم لە گوێگرتن، گێڕانەوەی مەتەڵ و چیرۆک، قسەی نەستەق، پەندی پێشینان، گۆرانی و شیعر دەکرد. کە هەستی ئەوەشم کرد لەنێو ماڵەکەماندا، ڕۆژانە مامم دەچێتە شوێنێک پێی دەگوترێت قوتابخانە و شەوانەش خەریکی خوێندن و نووسینە، سۆز و ئارەزووم بەگەرمی کەوتە سەر کاغەز و قەڵەم. لە پاییزی ١٩٣٧ لەسەر کورسی قوتابخانە، پۆلی یەکەم، دانیشتم. کە لەماڵەوە دەردەکەوتم تا دەگەیشتمە قوتابخانەکەمان، بە سروود و گۆرانیگوتن دەڕۆیشتم. نایەتەوە یادم کە لە هەموو ژیانی قوتابخانەمدا، بەبێ هۆ، ڕۆژێک قوتابخانەم جێهێشتبێت یا لە دەرسخوێندن ڕامکردبێت.

وەک ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش لە یادم ماوە، کە لە هاوینی ١٩٤١، سەرتاپای دانیشتوانی شاری کۆیە، بۆ یەکەم جار چاویان بە ڕادیۆ کەوت، بەندەش لەگەڵ مامم و باوکم لەو چایخانەیە ئامادە بووم، کە ڕادیۆکەی لێ خرایە کارکردن. بە سەرسووڕمانەوە دەگەڵ خەڵکەکە گوێمان لە قورئانخوێندن، گۆرانیگوتن، دەنگوباسی بەرەکانی شەڕی جیهانی دووەم، وڵاتانی هاوپەیمان (الحلفاء) و وڵاتانی (محوەر) دەگرت. ئەو سەرەتایە ڕاپکێشام ڕۆژانە لە ناسیاو و کەسانی بەتەمەن پرسیار بکەم جەنگ چییە؟ بۆچی شەڕ دەکەن؟ هیتلەر، ستالین، ڕوزڤلت و تشرشل کێن؟ مۆسکۆ، بەرلین و لەندەن لە کوێ هەڵکەوتوون؟

دووچاری ماخۆلیای گەڕان بەدوای گوێبیستیی دەنگوباس و ڕووداوەکانی جەنگ هاتم. خۆ هەر کە پۆلی شەشەمی سەرەتاییم تەواوکرد، باپیرم هەڵیخەڵەتاندم و ماوەی یەک ساڵ لە قوتابخانە وازی

پێهانیم. سۆزی خوێندن و خوێندنەوە، یەکجار لەدەروونمدا پەنگاوی خواردبووەوە. ئەو ڕەوتەش گەیاندمی بە ئەوەی کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦دا بە ئەندام لە ریزی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا وەربگیرێم. پسوولەی ئەندامەتیم بە مۆری هاوڕێ فەهد،(١) سکرتێری گشتی پارتەکە، بە دەست گەیشت. وەک دەروێش و مریدێکی هەرزەکار، بە گۆش و جۆش، بە سەرگەرمییەکی تەواو کەوتمە ناو کارکردنی پارتایەتی. وامدەزانی زۆر ناخایەنێت، نەک تەنیا عیراق، بەڵکە سەرتاپای وڵاتانی جیهان لە دەست داگیرکەر و چەوسێنەران ڕزگاریان دەبێت و دەگەن بە قۆناغی سۆسیالیزمی. وا لە دروشمی «کرێکارانی جیهان یەک بگرن»(٢) گەیشتبووم، کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان چینی کرێکارانی دونیادا نییە، سەرتاپایان بۆ بەرژەوەندی ئینترناسیونالیزم دەخەبتن، گەلانی گەورە و بچووک بە ئازادی، سەربەستی و ژیانی خۆشی و بەختیاری دەگەن. ئەوکاتیش پەیدەرپەی، هەنگاو دوای هەنگاو، نەتەوەی کوردیش بە مافە ڕەواکانی خۆی دەگات. واش فێر کرابووین، بەپێی ئەو مەرجانەی ستالین

---

(١) فەهد: یوسف سەلمان یوسف، لە ساڵی ١٩٠١دا هاتووەتە دنیاوە و لە ڕۆژی ١٩٤٩/٢/١٢دا لە بەغدا لە سێدارە درا. لە کاروانەکەدا ناوی شەهیدی زۆر و کەسانی سیاسیی تێکۆشەر هاتووە، بە هۆی ئەوەی کە ناتوانم لە پەراوێزدا لەسەر زۆربەیان شتێک بنووسم، دوای لێبووردن لە خوێنەران دەکەم.

(٢) کە لە ساڵی ١٨٤٨دا کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) مانیفێستی پارتی کۆمۆنیستی بڵاو کردەوە، بە گەورەیی لە سەرەتای بانگەوازە مێژووییەکەدا نووسی: "کرێکارانی دونیا یەک بگرن". لەو کاتەوە ئەو دروشمە بووەتە داوا و بانگهێشتنێکی دڵسۆزانە لە نێوان کرێکارانی دونیادا تا ریزەکانی خۆیان ڕێک بخەن و بۆ بەرژەوەندیی چینایەتی و دوارۆژیان بە یەکپارچەیی دژی چەوسانەوە لە لایەن سەرمایەدارانەوە بوەستن و بەرگری لە ماف و ژیانی هاوبەشیان بکەن.

دایرِشتبوون، کە گەلی کورد نەبووەتە نەتەوە (الامە).

ئەو بۆچوونە چەوت و نارِەوایە، کە ئێمەی کۆمۆنیستەکان وەک تووتی دەمانگوتەوە، تا ماوەیەکی دوورودرێژ، دووچاری کێشە و سەرهێشە و زیانێکی زۆری کردین.

درەنگ هەست بەوە کرا، کە هەڵوێستی هەندێ لە پارتە کۆمۆنیستەکانی رِۆژهەڵاتی ناوەرِاست، بەرانبەر بە پرۆسەی نەتەوەی کورد و کوردستانی پارچەپارچەکراو، لە چوارچێوەی عەقڵییەتی شۆڤێنستانەی نەتەوە گەورەکانی خاوەندەسەڵات دەرناچێت!

لە ئەنجامی دڵسۆزی و سەرگەرمی و کارکردنی بێوچانم لەپێناو زۆرکردنی دۆست و لایەنگر بۆ پارتی کۆمۆنیستی عیراق و بڵاوکردنەوەی بیر و برِوای مارکسیزم لینینیزم، ناوەرِاستی ١٩٤٩، یەکجارەکی لە قوتابخانە دەرکرام. بەتەواوی کەوتمە بەر شەپۆلەکانی رِاونان، دەربەدەری، گرتن و ئەشکەنجەدان، رِاکردن و خۆشاردنەوە لە دامودەستگا سەرکوتکەرەکانی میری، کارکردنی نهێنی و پارتایەتی و...هتد.

لە هەموو ژیانمدا، ١٢ ساڵ زیاتر لە شاخەکانی کوردستان دەگەڵ هاورِێیان و هێزە کوردستانییەکان، بە برسێتی و دەردەسەری، شەکەتی و ماندووبوونی زۆر، لە گەرمیان و کوێستان، دۆڵ و دەشت، شاخە سەرکەشەکانی کوردستانی باشوور ژیاوم و گەرِ و سوورِم تێدا کردوون. گشت ئەو کۆسپ و تەگەرە و لەمپەر و بەرهەڵستییانەی دەهاتنە پێشم، بە دڵێکی فراوان، ورەی بەرز، هیوای رِوون و گەشبینی، بە برِوای تەواو بە رِۆژی سەرکەوتن و بەختیارییەوە وەرمدەگرتن. هەنکەش لە هەمان برِوای تەواودا ماوم کە بەختیاری مرۆڤ لە خەبات و تێکۆشاندایە، لەپێناو

خۆشی و شادی و ئازادی نیشتمانەکەی. قەتیش ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرم لەوە نەکردووەتەوە حیزبی شیوعی عیراق جێ بهێڵم، یا بکەومە بازبازێن لەنێوان ئەو پارت و ئەو گرووپ و هێز.

لێرەدا نامەوێت خوێنەری ئازیز وا تێ بگات کە تەنیا گوێڕایەڵ یا پارچەیەک بووم لە ئامێرێکی میکانیکیدا، بەپێچەوانەوە، هەمیشە سەربەخۆیی فیکری خۆم پاراستووە. هەڵوێست و ڕا و ڕەخنە و تێبینی تایبەتم هەبووە!

بەڵام کە بینیم، لە کۆتایی حەفتاکانەوە، چەندان ڕووداوی گرنگ و گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەر بارودۆخی عیراق و جیهاندا هات، کەوتمە سەر دووڕییانێک و هەژاندمی! هانیدام و بە سەریدا سەپاندم بکەومە پێداچوونەوەیەکی وردتر لە ڕێبازی سیاسی و هەڵوێستەکانی پێشوو! بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە ئینترناسیونالیزم، بەرژەوەندی گەلان، مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد، تیرواینی تازە لەسەر سۆسیالیزم، دیموکراسییەت، مافی مرۆڤ و یەکسانی، فرەلایەنیی پارتایەتی، ئازادیی بیروبڕوا و...هتد هەبوو.

ڕووداوەکانیش ئەمانە بوون:

١- ڕژێمی بەعسی عیراق جەنگێکی شێتانەی وێرانکارانەی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئیران هەڵگیرساند. هەشت ساڵی ڕەبەقی خایاند، ئازار و زیانێکی یەکجار مەزنی بە گەلانی هەردوو وڵاتەکە گەیاند، نائارامی و ئاژاوەیەکی خراپ و شوومی لەجیهاندا بەرپا کرد.

٢- زیاتر لە چوارهەزار لادێ، شار و شارۆچکە لەلایەن فاشیستە شۆڤێنیستەکانەوە تەخت و وێران کرا. لەژێر ناوی (الانفال)دا دووسەدهەزار کورد بێ سەر و شوێن کران، چەکی بایۆلۆژی و کیمیایی

دژی نەتەوەکەمان بەکارهێنرا. کارەساتی هەڵەبجە، هێرۆشیمای کوردستان، لە دونیادا دەنگی دایەوە.

بەرانبەر سەرتاپای تاوانەکانی ڕژێمەکەی بەغدا، هەڵوێستی هێزە چەپەکانی عەرەب دووربوو لە گیانی مرۆڤایەتی ڕاستەقینە و دیمۆکراسیەتەوە، هەڵوێستەکانیان یا بێدەنگی بوو، یان ناشۆڕشگێرانە.

٣- هەرەسهێنان و تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەو وڵاتانەی بە بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی ناو دەبران.

٤- لە ماوەیەکی کورتدا دەوروبەری بیست کۆماری سەربەخۆ بنیاتنران، بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئاڵایان بەرزکرایەوە.

٥- لە سەرتاپای جیهاندا دان بە شێوازی فرەلایەنی لە کێشە و کارکردنی سیاسی و پارتایەتیدا نرا.

ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە هانیاندام بە تەواوی بڕواوە بکەومە سەر کۆمەڵێک ڕا و بۆچوونی تازەم. بەڕاشکاویش لە کۆتایی هەشتاکانەوە لەلای هاوڕێیان، دۆستان، کەسانی چەپ و دیمۆکراتیخواز، ڕایەکانم دەردەبڕم و بەرگریشیان لێ دەکەم.

بە خەستیش ئەمانەش ڕا و بۆچوونەکانمن:

١- کوردستان خاک و نیشتمانی کوردە، ستەمکارانە کۆلۆنیالکراوە، لەنێوان چەند وڵاتێکی داگیرکەردا دابەشکراوە.

٢- کورد نەتەوەیەکی گەورەیە، سەرژمێری لە سەرووی ٢٥ ملیۆنەوەیە، لە گشت مافە ڕەواکانی، مرۆڤییەکانی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی، کەلتووری مێژووییەکانی بێبەشکراوە. پێویستە لە ژێردەستیی داگیرکەران ڕزگار بکرێت. بگات بە مافی چارەی خۆنووسین و

خاکەکەشی یەک بگرێتەوە.

٣- گەلی کورد وەک هەر گەلێکی تر لەم جیهانەدا لە چین، توێشک، کرێکار، جوتیار، وەرزێر، بۆرژوا، بۆرژوای بچووک، پاشماوەی فیودال، خاوەنزەوی گەورە و بچووک، پێکهاتووە. ڕا و بۆچوون و ئایدیۆلۆژییەت و بیرکردنەوەی جیاجیا لەنێویدا هەیە.

٤- گەلی کورد پێویستی بە پارتێکی مارکسیستی سەربەخۆی تەواو هەیە، کە ڕۆڵێکی سەرەکی و پێشڕەوانە، لە ڕێنوێنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان و ئەو نەتەوە بچووکانەی لەسەر خاکی کوردستاندا دەژین، ببینێ.

ڕاستە لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا، ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان، ناوی بە پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق، گۆڕا. هەنگاوێکی سەرەتایی بەسوودە، بەڵام کەمە و بەجەرگانە نییە! بە بۆچوونم، تائێستاکە، حشک، هەر بە پاشکۆی حشع ماوەتەوە. سەربەخۆیی کارکردنی نییە. ژمارەیەکی زۆریش لە هاوڕێیانی عەرەب هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانیان لەژێر کاریگەریی عەقڵییەتی نەتەوەی گەورە و برژوای عەرەبدایە.

ئەمەش لەگەڵ ئینترناسیونالیزمی ڕاستەقینەدا یەکتری ناگرێتەوە! پێداویستییەکی مێژووییە کە پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق دەبێت، لە بڕیارەکانی، لە ڕێکخراوەکانی، کۆنفرانس و کۆنگرەکانی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و کوردستاندا، لە پێوەندییەکانی لەگەڵ پارتە کۆمۆنیست و هێزە چەپەکانی جیهاندا، لەسەداسەد، سەربەخۆ بێت. لەسەر بنچینەی ئاڵوگۆڕکردنی ڕا و هەڵوێست، یارمەتیدانی ڕاستەقینە، برایەتیی دڵسۆزانە، هاوکاری و

هاریکاریی خەبات و کۆشش، پێوەندییان بنیات بنرێت. لە ڕێگای کۆمیتەیەکی هاوبەش کاروباری هەردوو حیزب (حشع و حشک) ڕێک بخرێت. ئەمەش بەندە و بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە و، پێویستیشە ڕەچاو بکرێت، کە کوردستانی باشوور لە ڕووی سیاسی و نێودەوڵەتییەوە، ستەمکارانە لەدوای بڕیارەکانی کۆنگرەی لۆزانی ١٩٢٣وە[٢] بە عیراقی عەرەبییەوە لکێنراوە.

هەر کە جەنگە وێرانکارەکەی ڕژێمی عیراق بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کە هەشت ساڵی ڕەبەقی خایاندا، کۆتایی پێهێنرا، ڕژێمەکەی بەغدا کەوتە نێو قووڵترین قەیران و تەنگوچەڵەمەوە. بۆ دەربازکردنی ڕژێمەکەیان لەو گێژاو و سەرلێشێواوییەی تێی کەوتبوون، سەرەتای مانگی ئابی ١٩٩٠ بە تاوانێکی مەزنی تر هەڵسان! ئەمجارەیان هێرشێکی فراوانیان بردە سەر میرنشینی کوێت و داگیریان کرد و کەوتنە تاڵانکردن و تێکدانی. سەرتاپای وڵاتانی دونیا ناڕازی بوون، دژی ئەو تاوانە وەستان و پەسەند نەکرا. سەدام حوسێن گوێی نەدا بە هیچ داوا و تکایەک کە ئاراستەی دەکرا. سووربوو لەسەر داگیرکردنەکە. سەرەتای ١٩٩١ لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی هاوپەیمانییەوە، هێرشێکی سەختی بەربڵاو کرایە سەر عیراق. سێ حەفتەی نەخایاند، گەورەترین زیانی هێسکشکێن بە بڕبڕەی سوپای

---

(٢) کۆنگرەی لۆزان: لە ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤دا کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) لە لۆزان، کە شارێکە لە سویسرا، لە بڕیاری کۆنگرەی (سیڤەر) کە ڕۆژی ١٩٢٠/٨/١ لە فەرەنسا وەرگیرابوو، دەربارەی سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستان، پاشگەزبووەوە. باشووری کوردستان کە بە ویلایەتی موسڵ ناسرابوو، بە عیراقی عەرەبییەوە نووسێنرا و دەوڵەتی عیراقی ئێستاکە پێکهێنرا.

عیراق و پرۆژە سەرەکییەکانی وڵاتەکە کەوت، بەتەواوی چۆک بە سەدام و ڕژێمەکەی دانەوێنرا و سەری پێ شۆڕکرا.

لە مانگی شوبات و مارتی هەمان ساڵدا ڕاپەڕینی جەماوەری بەربڵاو سەرتاپای عیراقی گرتەوە. لە ماوەیەکی کورتدا، جەماوەری کۆڵنەدەر و خۆڕاگری کوردستان، تۆڵەی باشیان لە پیاوکوژە خوێنخۆرەکانی دامودەستگاکانی ڕژێمەکە کردەوە. خائین و چڵکاوخۆران کەوتنە بەر لافاوی قین و تووڕەیی ڕاپەڕیوان و سزای موستەحەقیان وەرگرت. زۆربەی ناوچە سەرەکییەکانی هەرێمەکە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا ڕزگارکران.

ناوەڕاستی مانگی مارتی ١٩٩١ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ی وەرگرت. تا هێڵی ٣٦ خرایە ژێر کۆنترۆڵ و پاراستنی وڵاتە زلهێزەکانی دونیا. جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بووژایەوە، ورە بەرزبووەوە، بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتیمان خوێنی تازەی تێگەڕایەوە. پارتەکانی کوردستان کەوتنەوە نێو گۆڕەپانەکە. زەمینە و بارودۆخێکی ئەوتۆ بۆ نەتەوەکەمان ڕەخسا، لە خەونی کەسدا وا کتوپڕ نەدەبینرا. دەسەڵات لە هەرێمەکەدا تا ماوەیەک کەوتە دەست پارتەکانی بەرەی کوردستانی.[٤] باری گیانی، فیکری و سیاسی هەزاران کوردە

---

(٤) بەرەی کوردستانی: دوای هەوڵ و تەقەلادانێکی زۆر، لە ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٦، نوێنەرانی شەش پارتی کوردستانی لە ناوچەی سێ سووچی ئێران، عیراق و تورکیا، دۆڵی خواکورک، کۆبوونەوە. نوێنەرانی هەر شەش پارت ڕێککەوتنی بەرەییان مۆرکرد. بەرەکەش تا دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢ و بنیاتنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناو هەر مابوو.

ئەمەش ناوی ئەو پارتانایە کە بەرەکەی لێ پێکهاتبوو:

١- پارتی سۆسیالیستی کورد.=

ئاوارەبووەکانی هەندەران جۆش و گۆش و سەرگەرمیی کوردایەتی تێ کەوتەوە، ڕوو بەرەو خاک و نیشتمان و نەتەوەکەمان کەوتەوە گەڕ و سووڕ و کارکردنی دڵسۆزانە.

بەداخەوە، هەر لەسەرەتادا، ڕۆڵی سەرکردایەتی پارتەکانی کوردستان کەموکورتی زۆری تێدا بەدی دەکرا. لە ڕووی بەرپرسیاری و داهاتووی نەتەوەکەوە، لاواز و کورتبین بوون. دەرگایان بۆ تالانکردن، دزی، فرۆشتنی کارخانەکان، سەدان ماشینی بچووک و گەورە، شۆفڵ و لۆری و ئامێری بەسوود، جۆرەها کەلوپەل و شتومەکی بەنرخ و هەزاران پارچە چەکی سووک و قورس خستە سەر پشت. تالان و فرکوهوڕ لە هەموو لایەکەوە کەوتبوە گەڕ. بیریان لەوە نەدەکردەوە، ئەو دەستکەوتە بەنرخانە سامانی گشتین. هی دانیشتوانی هەرێمەکەیە. پێویست بوو، بۆ بەرژەوەندی جەماوەرەکە سوودیان لێ وەربگیرێت، نەک کوردستان ئاوەڕووت بکرێت، بۆ بەرژەوەندی پارتایەتی تەسک یان کەسانی دز و چەتە.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا هەڵبژاردنی ئازاد، لەژێر چاوەدێری وڵاتانی بیانیدا کرا. پەرلەمان و حکومەتی هەرێمەکە سازکرا. دەسەڵاتی

---

= ٢- پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق.

٣- پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق.

٤- پارتی سۆسیالیستی کوردستان ـ عیراق.

٥- پارتی کۆمۆنیستی عیراق ـ هەرێمی کوردستان.

٦- یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.

تێبینی: لە لاپەڕەکانی ٣٢٨ تا ٤٤٦ لە بەرگی سێیەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد) بەدرێژی لەسەر دامەزراندنی بەرەکە نووسراوە.

تەواو، پەنجابەپەنجا، کەوتە ژێر دەستی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. زۆری نەخایاند عەقڵییەتی تەسک و خۆپەرستیی سەرکردایەتی هەردوو هێزە سەرەکییەکە، بووە بنەمای سەرکێشە و ململانێ و کینەبەرییەکی ناڕەوا.

لە ناوەڕاستی ١٩٩٤ شەڕی خوێناوی بێمانا، بێئابڕووانە لەنێوانیاندا دەستی پێکرد. چەند هەزار ڕۆڵەی کورد کران بە سووتەمەنی شەڕی کورد کوردکوژی! هیوای گەشبینی دڵ و دەروونی جەماوەریان لێڵ کرد. تۆوی بێزاری و هەراسانییان بڵاوکردەوە. سەرکردایەتی هەردوو هێز کەوتنە پەلهاویشتن، بە نهێنی و ئاشکرا، پەنایان بۆ بەر داگیرکەرانی کوردستان و وڵاتانی بیانی برد، تا یارمەتیان بدەن لەپێناو لەناوبردنی یەکتر و چەسپاندنی دەسەڵاتی تاکەهێز! باری کورد و کوردستانیان شێواند، زەمینەی زێدە لەبار بۆ ناحەزانی نەتەوەکە ڕەخسا. حکومەتی هەرێمەکەیان ئیفلیج کرد و تێکدرا. پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی نەما، ماکی ژەهراوی سۆران و بادینانیان ڕشت. شەڕی وێرانکاری، دەرکردن و ئاوارەکردنی یەکتر، بێئیشی، برسێتی و ناحەزی و دوژمنایەتی وای لە زۆربەی دانیشتوانی هەرێمەکە کرد، لە ژیانیان وەڕس بن و بکەونە نێو گێژاوێکی لیخن و سەریان لێ بشێوێت. ئێستاش نازانن چارەیان بە چی دەگات!

بەداخەوە، لەو بارە ناجۆر و دژوارەی هەرێمەکەی تێکەوتووە، گشت دەستکەوتەکانی نەتەوەییمان گەیشتووەتە هەڵدێرێکی ترسناک و لەناوچوون. داگیرکەرانی کوردستان ئۆخژەنێ بە ڕووداوەکان و شەڕی نێوەخۆ، سەرکردایەتی پدک و ینک، بەرانبەر بە مێژوو و نەتەوەکە بەرپرسیاریی تەواو، لەو کارەساتە خوێناوییەی ئەو دوو سێ ساڵەی

ڕابردوو بەسەر دانیشتوانی هەرێمەکەدا سەپاندویانە، هەڵدەگرن. گەورەترین سەرشۆڕی و خیانەتە بۆ هەر پارتێکی سیاسیی کوردستان، بە هەر پەلپ و بیانوویەک، پەنا بەرێتە بەر وڵاتانی زلهێز و داگیرکەرانی کوردستان، لەپێناو بەرژەوەندی پارتایەتی تەسک و ئازار و زیان بە پرۆسە ڕەواکەی نەتەوەی کورد بگەیەنێت.

خوێنەری بەڕێز... دۆستانی خۆشەویست... وا کورتەی کاروانێکی دوورودرێژ، پڕ لە تاقیکردنەوە، ئەزموون و بەسەرهات، دەخەمە پێش ئێوە. هەرچەندە لە هەر سێ کتێب "چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد"دا لە گەلێ شوێندا چەختم لەسەر ئەوە کردووە کە بەندە یەکێک بووم لە ئەندامەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، لە ڕۆژانی سەخت و ناخۆشیدا، لە ڕاونان و بگرە و بەردەدا، لە ڕێباز و هەڵوێستەکانی ڕاسترەوی و چەپڕەویدا، لە پەیوەندییەکانی نیشتمانی و کارکردنی بەرەییدا، لە چاکە و خراپە لەگەڵ ئەو پارتەدا کارم کردووە. بەپێی شوێن و ڕۆڵی ئیشکردنم بەرپرسیاری سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانی هەڵدەگرم. شووەرییش نییە لە کارکردنی سیاسی و پارتایەتیدا، خەباتکەر، دوای لێکدانەوەی قووڵ و بیرکردنەوە، بە بەراوردکردن لەگەڵ جۆرەها ڕووداو، تاقیکردنەوە و ئەزموون، کارەسات و بەسەرهات، بە بەڵگەنامە و دەکوومێنت گۆڕان لە هەڵوێستیدا بکات. ناڕەوایە پەسەند ناکرێت، لە هەمان کاتیشدا بە خۆپەرستی، هەلپەرستی و کەمنرخی دەزانرێت، لە ماوەیەکی کورتدا، کرۆس بەسەر سەرتاپای ڕابردوو و کارە سیاسی و ژیانی پارتایەتی خۆیدا بهێنێت. بە پێشەرمانەش نکۆڵی لە تێکۆشانی پێشووی خۆی بکات!

پەشیمان نیم لەوەی کردوومە و ئەو ڕێبازەی لەسەری ڕۆیشتووم،

تەقەلای زۆرم لەپێناویدا داوە، دەردەسەری، دەربەدەری و ئازاری زۆرم چێشتووە. تا ئەو ڕۆژەی دەچمە ژێر خاک، لە سوپای گەلانی مافخوراو، هەژاران و چەوساوان، زەحمەتکێشان و شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەدا، هەمیشە، خۆم بە سەربازێک داناوە. لە کاروانی تێکۆشەران بۆ ئازادی و بەختیاریی کورد و کوردستان لە ژێردەستیی داگیرکەران، لە بەرگریکردن لە دیمۆکراسییەت، مافی مرۆڤ و یەکسانی، ئینتەرناسیونالیزمی ڕاستەقینە، دوور ناکەومەوە.

بە توندی، بە ڕق و کینەوە، دژی سازشکاران بە مێتودی کوردایەتی دەوەستم. هیوا و ئاواتم بە ڕۆژی ئازادی و سەربەستیی کوردستان ڕۆژ دوای ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە. گومان لەوەدا نییە، کە ئەو سەرکردانەی سازشکاری بە کوردایەتی پیرۆزەوە دەکەن و بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و عەقڵییەتی پارتایەتی تەسک کڕنووش بۆ داگیرکەرانی کوردان دەبەن، چۆکدادەرن. لەگەڵ نەتەوەکەیان ڕاستگۆ نین. نیشتمانفرۆشن. ڕۆڵ و ئەرکی تەور و پوازی تێکدەری و وێرانکردنی کوردستان دەبینن. هەتاهەتایە، تا مێژوو لە کاردا بێت، ڕیسوا دەکرێن. نەفرەتی نەتەوەکەیان و مرۆڤایەتی لە دوای خۆیان بەجێ دەهێڵن.

ئامانجی گەلێکی کۆڵنەدەری وەک کورد، هەر دێتە دی. سەرکەوتنیش بە دەست دەهێنێت.

ستۆکهۆڵم
١٩٩٧/١/٢٧

# لە تەمەنی منداڵیدا

کارێکی سانا نییە لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەک وڵاتی ئێمە، کە بەشێکین لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم، مرۆڤ بتوانێت بەوردی و فراوانی مێژووی ژیانی، لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە، ڕابردووە کۆنەکانی خۆی و نەتەوەکەی لەیاددا بمێنێتەوە. هەر کاتێکیش ویست و ئارەزووی هەبوو، بتوانێت بەسەرهات و ڕووداوەکان، بە دوورودرێژی، وەک دەقی خۆیان، ڕاستگۆیانە، تۆماریان بکات. لە شێوەی یادگار و ئەزموونی تاقیکردنەوەیەکی بەسوود و ڕێکوپێکدا پێشکەش بە خوێنەرانی ئازیز و نەوەی داهاتوو بکرێت.

بەپێچەوانەی بار و ژیان و نەریتی ئێمەی کورد، هەر لەکۆنەوە ئەو برا مەسیحیانەی لە تەک ئێمەی کورد، لەسەر خاکی کوردستان دەژین، لەسەر ئاداب و ڕەوشتێکی یەکجار خنجیلانە دەڕۆن. ئەویش ئەوەیە هەر خێزانێک کە منداڵی تازەی دەبێت، یەکسەر دەبێت لە ماوەیەکی کورتدا، کۆرپە تازەکە بەرێت بۆ کەنیسە و، لای لێپرسراوی ئایینی، کە لە کوردستان پێیان دەڵێن قەشە. ئەو پیاوە ئایینیە بە دەستی خۆی ئاوی پیرۆزی کەنیسە، کە کتێبی موقەددەسی لەسەر خوێندراوە، بەسەر دەموچاوی منداڵەکەدا دەهێنێت. دوعای خێر و خۆشیی دواڕۆژی بەختیاری، سەرکەوتن و تەمەندرێژی بۆ دەخوازێت. ناوی بۆ هەڵدەبژێرێت. کات و شوێنی لەدایکبوون و ناوەکەشی لە دەفتەری کەنیسەدا دەنووسرێت. بەم شێوەیە، بەبێ کەم و زیاد، هەر مرۆڤێکی

مەسیحی تا ڕۆژی کۆچکردنی، کات و ڕۆژی لەدایکبوونی خۆی دەزانێت. ئەم پیشە و ڕێبازە کارێکی گەلێ ڕاست و ڕەوایە و، پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە.

بەداخەوە، نەک هەر ئێمەی کورد، بەڵکە زۆربەی هەر زۆری نەتەوەکانی دونیای سێیەم، تا هەنکە دوورن لەم جۆرە ڕەوشت و پیشەیە. کە لە هەمان کاتدا پەیوەندی بەتینی بەسەر سەرجەمی داهاتووی وڵات و نەخشە و پلانی پێشکەوتن و دوارۆژیەوە هەیە.

یا زۆر درێژە بە نووسینی ڕۆژی لەدایکبوون نەدەین، چونکە ئەمە جگە لە هیندێ پیشە و نەریتی تایبەت، بەندە بە باری زانیاری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، پلەی پێشکەوتن و گۆڕانی هەر کۆمەڵگایەک لەم جیهانەدا.

دەربارەی ژیانی تایبەتیم لە مێژ ساڵە زانیومە ڕۆژی لەدایکبوونم ١٩٣١/٢/٢٢ه. چۆن ئەو مێژووەم زانی؟ بەتەواوی نایەتەوە یادم ساڵی ١٩٣٥ بوو یا ١٩٣٦، شەوێک لە شەوانی پاییز، باپیرم و باوکم منیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ لای پیاوێکی باڵابەرزی گۆشتن. جلوبەرگی سویلی لەبەردا بوو، کەمێک کەوتبووە ناو ساڵان، دوای سڵاوکردن، خاوەنماڵ گەلێ بە گەرموگوڕی پێشوازی لێکردین. باپیرم، حاجی عەوڵای کەبابچی، کە پیاوە پیرەکانی شاری کۆیە بە حاجی عەبدوڵای جامعە ناویان دەبرد گوتی: "قوربان ئەوە ڕەسوڵی کوڕم و فاتحی کوڕیم هێناوە." بە لێکدانەوە و هانین و بردنی چەند بەڵگە و ڕووداوی کۆن، مووچەخۆرەکەی سەرنووس، ساڵی لەدایکبوونی ڕەسوڵی باوکمی بە ١٩٠٧ دانا و، هی منیشی بە بە ١٩٣١/٢/٢٢ دانا. ئەو سەردان و ناونووسینەش بۆ ئەوە بوو کە باوکم لە سەربازی ڕزگاری ببێت، بکرێت بە بەرپرسیاری ژیاندنی

دایکم (معیل)، بە هۆی ئەوەی کە دایکم باوکی نەمابوو.

مرۆڤ هەر چەندە بکەوێتە ناو ساڵان و بەرەو پیری بڕوات، گەلێ ڕووداوی گرنگ و شتی سەرەکی بەباشی لەیاددا نامێنێتەوە!

لە بیرمە کە ڕۆژێک باوکم دەستی گرتم و بردمیە بەر دەرگای سەرای کۆیە. دیمەنێکم کەوتە بەر چاو شتی وەهام نەبینیبوو. دیم زۆربەی دانیشتوانی شارەکە، قوتابیان، مووچەخۆران، گەورە و بچووک بە ڕیز وەستابوون. چەند پۆلیسێک خەڵکەکەیان ڕێک دەخست. زۆری نەخایاند دوو سێ ئوتۆمۆبیل گەیشتنە ناو خەڵکەکە. بوو بە چەپڵەلێدان و هاوارکردن، دەیانگوت: وەزیر لە بەغداوە گەیشت. قائمقامی شار و پیاوە ناودارەکان و پیاوانی ئایینی، بەگەرموگوڕییەوە پێشوازییان لێکرد. خەڵکەکە ناوی دوو وەزیریان دەبرد: یاسین هاشمی و ڕەشید عالی گەیلانی. لە یادم نییە کامیان بوو!

زۆر بەسەر ئەو ڕۆژە تێپەڕ نەبووبوو، ڕۆژێک باوکم منی بردە لای مەلایەک، لە ماڵی خۆیدا منداڵی فێری قورئانخوێندن دەکرد، ناوی مەلا سابیری مەلا حەبیب بوو. باوکم گوتی: (مامۆستا ئەوە فاتحی کوڕمە هێناومەتە لات، قورئانی فێرکە، گۆشتەکەی بۆ تۆ و هێسکەکەی بۆ ئێمە، مانگانە و چی پێویستە پێشکەشی دەکەین...) کەوتمە ناو ڕیزی منداڵان. زۆربەی لە تەمەنی خۆم و گەورەتریشی تێدا بوو. پێویستی دەکرد هەر منداڵێک مانگی ١٠٠ فلس بۆ مامۆستا، لەگەڵ دوو بار دار لە وەرزی زستاندا، بهێنێت. خوێندنی سوختەخانەم زۆر لا خۆش بوو، ماوەی ساڵێک زیاتر لە هاتوچۆی سوختەخانە بەردەوام بووم! لە خوێندنیش گەیشتمە سوورەتی یاسین لە قورئانی پیرۆز. لە هەمان دەوروبەردا دەمبینی مامم کە تاکە برای باوکم بوو، هەموو بەیانییەک دەستی دەدایە

کتێب و دەفتەرەکانی، ڕووی دەکردە شوێنێکی تر بۆ خوێندن. ڕۆژانە بە چیرەدرێژی و سووربوونی منداڵانەوە، بە گریانەوە، دەمگوت: (تۆ بۆ کوێ دەچیت منیش بۆ ئەوێ دێم!" لە وەرامدانەوەدا دەیگوت: "تەمەنت کەمە و لە قوتابخانە وەرت ناگرن!)

لە یادم ماوە، چەند جار لە سوختەخانە ڕامدەکرد و دەچووم لەبەر دەرگای سەرەکی ئەو قوتابخانەیەی مامم تێیدا قوتابی بوو، بە مات و کزی دەوەستام و سەیری ڕیزبوون و سروودگوتنی قوتابییەکانم دەکرد. شتێکی یەکجار خۆش بوو لام و بەسەرسوورمانەوە تێیان ڕادەمام!

لە پاییزی ١٩٣٧ باوکم ناچار کرد، بمخاتە قوتابخانە. ئەوکات لە کۆیە دوو قوتابخانە هەبوو، قوتابخانەی یەکەم و قوتابخانەی دووەم. شوێنی دووەم کەوتبووە گەڕەکی قەلات. لە ماڵی ئێمە نزیک بوو. لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دانیشتم، هەموو قوتابییەکان گەورە و بچووک، تەنانەت مامۆستاکانیش لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەترسان. ماوەی کەسی نەدەدا لە دیسپلینی خوێندن و قوتابخانە دەرچێت. ئەو بەڕێوەبەرەش خوالێخۆشبوو مامۆستا زەکی ئەحمەد بوو. یەکجار بەڕێکوپێکی قوتابخانەکەی بەڕێوە دەبرد.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوەی دەربارەی بنەماڵەکەمان دەیزانم، بەکورتی، تۆماری بکەم و لەدواییدا بگەڕێمەوە سەر ژیانی قوتابخانە. وەک لە باپیر و باوکم گوێبیست دەبووم، بنەماڵەکەمان زۆر لەکۆنەوە لە شاری کۆیە ژیاون. باپیری باوکم ناوی محەمەد فەتاح حەوێز بووە. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم کراوە بە سەرباز. حکومەتی عوسمانی، بۆ شەڕی قارس و بایەزید و قرم دەینێرێت. ماوەیەک لە دەربەدەری و ژیانی سەختی پڕ ئازاردا بەسەر دەبات. لەدواییدا لەشکرەکەیان بۆ ناوچەی

ویلایەتی ئەمەد = دیاربەکر دەگەڕێتەوە، پاراستنی هێمنی و ئاسایشی باری هەرێمەکە دەخرێتە ئەستۆی لەشکرەکە. باپیری باوکم، وەک سەربازێک، لە هەرێمەکەدا دەمێنێتەوە. زۆربەی کاتی لە دهۆک، زاخۆ و ئامێدی بەسەر دەبا. لەو سەفا و مەروایەدا ژنێک لە ئامێدی دەهێنێت، ناوی جامعە دەبێت. وەک باپیرم بۆی دەگێڕاینەوە، نەنە جامعە، ژنێکی ژیر و هێمن و زانا و کەیبانوویەکی باش بووە. لە خێزانێکی ناسراوی شاری ئامێدی، بە بنەماڵەی (ئاغا) ناسراو بوون. جامعە، تەنیا دوو کوڕی دەبێت. عەبدولا و ئەحمەد. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە (کۆیە) و دەست بە کاسبی دەکات. دوکانێکی سەرتاشی دەکاتەوە. ئەوکات پێیان دەگوت: بەربەر. ماڵ و دوکانەکەی لە گەڕەکی بابیزاغا، نزیک بە مزگەوتی مفتی، دەبێت. باپیرم تەمەنی بیست ساڵ زیاتر دەبێت، ئەحمەدی برایشی بە دە ساڵێک لەو بچووکتر، کە باوک و دایکیان دەمرن. باپیرم ڕوو دەکاتە خزمەکانی کە لە گوندی شیواشۆک و مەرزان لە ڕۆژئاوی کۆیە دەژیان، داوای کیژێکیان لێ دەکات. ئەوانیش ڕەحمەی دایکی باوکمی پێ دەدەن. نەنکە ڕەحمەم دوو کوڕی دەبێت، ڕەسول و محەمەدەمین، لەگەڵ دوو کیژ، زەینەب و زبیدە. زەینەب زوو دەمرێت.

باپیرم پیاوێکی زیرەک، قسەزان و دەو گەرموگوڕ، خواناسێکی کەموێنە بوو. لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بوو، قورئانی باش و بەڕەوانی دەخوێندەوە. تا دونیای جێهێشت، مانگی جارێک هەر سی (٣٠) جزمی قورئانی خەتم دەکرد. لەژیانیدا سێ جار زیارەتی مەکە و مەدینەی کردبوو، بۆیە ناوی بووبوو بە حاجی عەبدولای کەبابچی یا حاجی عەولای جامعە. لە سەرەتای ژیانیدا جۆرەها کاسبی کردبوو، دێوەرەیی، کەبابچیەتی و ماوەی بیست ساڵێکیش بەقاڵی. قەت نەیهێشتبوو ژن و

منداڵی دووچاری دەستکورتی و کەمدەرامەتی بن.

لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا،(٥) کە بە سەرفەربەرلگ ناوی دەرکردبوو، دەکەوێتە بەر لافاوی ڕەشبگیری و، بەبێ یەک و دوو، یەکسەر ڕاپێچەک دەدرێ و بۆ سنوورەکانی ڕۆژهەلاتی دەوڵەتی عوسمانی ڕەوانە دەکرێت. ئەنکە ڕەحمە و باوکم و ئەحمەدی مای، ڕوو دەکەنە لای خزمەکانیان لە گوندی مەرزان و شیواشوک، بە ڕێزگرتن لە لایان دەژین. هەر جەنگەکە کۆتایی دێت، باپیرم دەگەڕێتەوە کۆیە و ماڵ و خێزانەکەی کۆ دەکاتەوە، دەکەوێتەوە تەقەلای ژیان و کاسبیکردن. کەبابخانەیەکی گەورە دەکاتەوە. هەر بەمەش ناوەستێت، پەل بۆ ئیشوکاری تر دەهاوێت. لە ماوەیەکی کەمدا، دەبێتە خاوەن میگەلێکی گەورە. جووت و گا بۆ نیوەکار پەیدا دەکات، ساڵانە گەنم و جۆ بۆ وەشاندن بە نیوەکار دەدا. لە ناوەڕاستی بیستەکانی ئەم سەدەیە محەمەدەمین و زبێدەیان دەبێت.

حاجی عەبدوڵا بێسنوور ڕەسولی کوڕی خۆش دەویست، یەکجار ڕێزی زۆری لێ دەنا. ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمبینی جارێک بە گرژی و تووڕەیی گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. پیاوی ئایینی و هەژاری گەلێ خۆش دەویست، هەمیشە دۆستایەتی و سەردانی دەکردن. ئەوانیش زۆر ڕێزی ئەویان دەگرت. لە سەرتای شێستەکاندا دونیای جێهێشت.

ڕەسولی باوکم، کە تا ئەم ڕۆژە لە ژیاندا ماوە، پیاوێکی لەسەرەخۆی کەمدووە. خواناسێکە وێنەی کەمە. نەمدیوە، تەنانەت جارێکیش، لە ڕووی

---

(٥) جەنگی جیهانی یەکەم، ساڵی ١٩١٢ تا کۆتایی ١٩١٧، جەنگێکی فراوان و پڕ زیان و ئازار بوو، لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە لایەک و، لە لایەکی تریشەوە بریتانیا، روسیای قەیسەری، فەرەنسا و ئیتالیا. بە شکانی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا کۆتایی هات.

باوکی بە دەنگی بەرز بپەیڤێت. وەک هەر ئیسلامێکی ڕاستگۆی خواناس، بەتەواوی لەو بڕوایەدایە کە (بەهەشت لەژێر پێی دایک و باوکدایە.) بەتەواوی دژی ناوهێنان و گوتەیە لەسەر خەڵک. خوێندەوارییەکی کەمی هەیە.

لە سەرەتای ١٩٣٠ باپیرم داخوازی دایکم بۆ باوکم دەکات. بە هۆی دۆستایەتی و ناسیاریی کۆنی لەگەڵ بنەماڵەی ئەمین ئەحمەد باوەیس، کە ناوی باوکی دایکمە، چەند ساڵێک پێش ئەم داخوازییەش مام ئەمین دەمرێ و ئەمری خوا بەجێ دەهێنێت. عیسمەتی دایکم بە باوکم دەدرێت. وەک لە دایکی دایکم گوێبیست دەبووم، باوکی دایکم بە خزمایەتی لە بنەماڵەی حاجی محەمەدی دەباغچی، کە بە حاجیە گەورە ناسرابوو، نزیک بوو. کەسوکاری زۆریشی لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆیە، بناری شاخی هەیبەت سوڵتان هەبوو. لەدوای مردنی سێ کیژی لەدوا بەجێ دەمێنێت، وجاغی کوێر بووە.

نەنکم، دایکی دایکم، ئامینە، لە بنەماڵەی (گارفێنە) کە یەکێکە لە بنەماڵە ناسراوەکانی کۆیە. تا ساڵی ١٩٤٨ لە ژیاندا مابوو. بەڕاستی نەنکە ئامینە زێدەبەدەر لەسەرەخۆ، پشوودرێژ و خواناس بوو. تا لە ژیاندا ماوم خۆشەویستی ئەو نەنکە و دڵسۆزیی بۆ من لە یاد ناکەم. بەندە لەناو پیشە و پەروەردە، هەڵسوکەت و ئاوهەوای ئەو خێزانەدا، چاوم بە ڕووناکیی دونیا کەوتووە. لێرەدا ئەوەندە بەسە و بە پێویستی نابینم لەمە زیاتر لەسەر ژیانی بنەماڵەکەمان درێژەی پێ بدەم.

هەموو تەمەنی منداڵی و خوێندن و لاوێتیم لەگەڵ خەڵکی شارەکە بەسەربردووە. بنچینەی سەرتاپای ژیانم پەیوەندی بەتینی بە ئاداب و نەریت و پیشە و هەڵسوکەوتی ئەوێوە هەیە، بۆیەکا بە ئەرک و کارێکی

ڕاست و ڕەوا دەبینیم کورتەیەک لەسەر بار و چۆنیەتی ژیانی شارەکە تۆمار بکەم.

خۆشبەختانە، مامۆستای هۆزانی کورد کاک مەسعود محەمەد جەلیزادە، لە کتێبەکەی (گەشتی ژیانم) و کتێبی حاجی قادری کۆیی، مافی تەواوی داوەتە شارەکە. لەدوای ئەو مامۆستا کاک تاهیر ئەحمەد حەوێزی و هاوڕێی دێرینم کاک ئەحمەد دڵزاریش لەسەر ژیان و پیشە، ئاداب و نەریتی شارەکەیان نووسیوە. لێرەدا بەندەش، بەکورتی، شتێک دەربارەی ژیانی شارەکە، لە پێش و پاشی جەنگی دووەمەوە، لە چەند بڕگەیەکدا تۆمار دەکەم.

پێشەکی تکا لە دانیشتوانی کۆیە و خوێنەرانی ئازیز دەکەم، لێم ببوورن، ئەوەی دەیخەمە پێشیان تێروتەسەل نییە!

کۆیە شارێکە لە شارە کۆنە ناودارەکانی کوردستان. لەکۆنەوە بە شوێنی ڕێزگرتن و پیاوەتی و چاوتێری ناوی دەکردووە. زانایانی ئایینی ناوداری تێدا هەڵکەوتووە. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە قوتابیان بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئایینی ڕوویان تێکردووە و شەهادەی مەلایەتیان لەسەر دەستی مەلا زاناکانی کۆیە وەرگرتووە و گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان.

لە ڕووی کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی بازرگانی ڕۆڵێکی دیارکراوی وەرگرتبوو. چەندەها پیشەسازیی دەستی جۆراوجۆری تێدا بەرهەم دەکرا. زنجیرەی کاروانی بازرگانانی تا تەورێز، سنە و گەلێ ناوچەی تر گەڕ و سووڕیان کردووە. خەنجەری کرمان و جەوهەردار، پێڵاوی پیاوان وەک کالەک، ئێمەنی، سۆلی جوانی سەر بە ئاوریشم بۆ ئافرەتان، لبادی باش، جۆرەها کۆپان، کارکردنی ئاسنگەری، خرار و جاجم، دروونی

جلوبەرگی نایابی ڕێکوپێک و...هتد. بۆ هەر بەشێک لەم کارانە گوزەر بەشی تایبەتی خۆی هەبووە. شێوەی کارکردن و بەرهەمهێنانەکە نزیک بوو لەو شێوەی کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەند لە ئەوروپا بە مانیفاکتۆرا ناوی دەرکردبوو.

یەکجار لەمێژە ژمارەیەکی زۆر لە برا مەسیحییەکان لە کۆیە و گوندی هەرمۆتەدا دەژین. دۆستایەتی و پەیوەندی بەتینیان لەگەڵ دانیشتوانی شارەکە هەبووە، تا هەنکەش پارێزراوە. لە خۆشی و ناخۆشیدا، ژیانیان لە ژیانی خەڵکەکە جیا نەکردووەتەوە. لەتەک گەڕەکی برا مەسیحییەکان، تا ساڵی ١٩٥٢، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانی جوولەکە، لە شارەکەدا، دەژیان. بە تەبایی و دۆستـــایەتی، دوور لە ســـووکایەتی پێکردن، یا دژایەتیکردنیان، ژیانیان لەگەڵ سەرجەمی دانیشتوان بەسەردەبرد. هەردوو تاقمە کەمە ئایینییەکە، دروشمەکانی ئایینیان و ئاداب و پیشە و زوویاتی تایبەتی خۆیان پاراستبوو. بەشێک لە جوولەکەکان خەریکی زێڕنگەری و زیوو بوون، هەندێکیشیان خەریکی کاسبی و بازرگانی و کڕین و فرۆشتن بوون. دەستــڕەنگین و چالاک بوون لە پەیداکـردنی پێداویستییەکانی ژیانیان و سامان. هەر سێ ئایینی شارەکە، لە خۆشی و ناخۆشی، تاڵی و تفتی و ناخۆشیی ژیاندا، پێکرا بەبێ جیاوازی بەشدارییان دەکرد.

شارەکە و دەوروبەری دیمەنێکی جوانی سەرنجڕاکێشی پێکهێناوە. لە سەروچاوی حەمامۆک، کە کەوتووەتە باکووری شارەکەوە، بە درێژایی هەشت کیلۆمەتر، ڕەز و باخ و باخچە، کەوانەیەک بۆ ڕۆژهەڵاتی شار دروست دەکات. پڕە لە کانی و کانیاو و شوێنی دڵگیری خۆش. شوێنی ڕابواردن و پشوودانی یەکجار زۆری تێدا هەڵکەوتووە. بەتایبەت لە وەرزی

بەهار، هاوین و پاییزدا.

حاجی قادری نەمر[٦] گەلێ ڕاستی کردووە کە لە پارچە شیعرەکەیدا دەڵێت:

لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ
قوبەی کشمیری دا بەر شقف وەک گۆ
لە مابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان
شنەی ئێواران و سایەی سبەینان
بەهاری بۆ گوڵ و بۆ میوە پاییز
نەزیری گەر بڵێی نایەتە جائز

باش لە یادمدا ماوەتەوە، کە هەر بەفری زستان دەتوایەوە، سەرما و سۆڵ بەسەردەچوو، حەفتانە، بەتایبەت ڕۆژانی چوارشەممە و هەینی، پۆل پۆل دانیشتوانی شارەکە، بەبێ جیاوازی، لە بەیانی زووەوە ڕوویان دەکردە سەیرانگا و شوێنە دیمەن جوانە جۆربەجۆرەکانی دەوروبەری شار، بە جلوبەرگی ڕازاوەی جوان، شۆخ و شەنگ، بە گۆرانیگوتن و ئاوازی خۆش، شایی و هەڵپەڕکێ و بە دەهۆڵ و زوڕنای کوردەواری، کاتیان بەسەردەبرد.

ئەو سەیرانگا ناودارانەی لەکۆنەوە ناویان هەبوو، باخچەکانی

---

(٦) حاجی قادری کۆیی: حاجی قادر کوڕی مەلا ئەحمەدی مەلا صاڵحە، لە گوندی گۆڕقەرەج لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کۆیە، ساڵی ١٨١٥، چاوی بە دونیا کەوت. سەرەتای ژیان و خوێندنی فەقێیەتی لە مزگەوتەکانی کۆیە بووە، لەدواییدا چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پاشانیش گەیشتووەتە ئەستەنبوڵ. ساڵی ١٨٩٧ لە ئەستەنبوڵ دونیای جێهێشتووە. حاجی قادری کۆیی لە سەدەی نۆزدەیەمدا ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕانەی دیارکراوی بینیوە لە هاندان و بزواندنی هەستی کوردایەتیی پیرۆز. داوای یەکگرتن و ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەی کردووە.

سەروچاوی حەمامۆک، کەندەکۆخ، ڕەزی پولسکی، کانیسکان، ئۆمەرخوچان، شاخی مشکە، لوولەی زایەر، کانیی قەرە، تاتوکان، مێرگی خاڵم بەگ، هەرمۆتە، هەیبەسوڵتان و چنارۆک و حەمام چەل...هتد. لە زۆربەی ئەو شوێنانەی ناویان هاتووە، بەهاران لەژێر کەپکەشاخ و دۆڵەکاندا، ئاو هەڵدەقوولا. مێرگ و مێرگوزاری کەموێنەی دڵخۆشکەری لێ بدەی دەکرا. هەست و هۆشی مرۆڤیان دەهەژاند. خەندە و گوشادی لەسەر ڕووان پەیدا دەکرد. بۆنی خۆشی ڕیحانەکێویلکە، گوڵەباخ، حاجیلە و سۆرا و گوڵەزەرد و هێرۆ، دونیای پڕ دەکرد و دەیڕازاندەوە. مرۆڤ نەیدەویست لەنێو ئەو دیمەنە جوانانە دوور بکەوێتەوە.

مرۆڤ هەرچەندە بکەوێتەوە ناو ساڵانەوە، هێندێ ڕووداو و بەسەرهات هەن لە یاد دەرناچن. لەو نەخشانە دەکەن کە لە بەرد هەڵکەنراوە و ڕەش نابێتەوە، شوێنەوارەکەشی هەر دەمێنێتەوە. گێڕانەوەی هێندێ لەوانەی کارگەرن و پەیوەندییان بە ئادابی و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و ژیانی دانیشتوانی شارەکە و خانەوادەمەوە هەیە، سەرەتان بۆ بنچینەی بنیاتنانی ژیانی داهاتوو و پەروەردەبووم. تابلۆی جاری خەڵکی کۆیەم باش لەبەر چاودا ماوە، کە دۆستایەتی و تەبایی و هاتوچۆکردنی یەکتر یەکجار باو بوو. ناحەزی و دوژمنایەتیکردنی یەکتر و کینەبەری بە دەگمەن دەبینرا. لە ماوەی سی (٣٠) ساڵی ڕەبەقدا (١٩٣١ تا ١٩٦١) لە شارێکی نیمچەگەورەی بە گوێرەی ئەوکات، لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و دەرەبەگایەتیدا، لە ئەنجامی شەڕ و پێکداداندا تەنیا سێ کەس کوژراو هەبوو، کە لە هەمان دەوروبەردا کەم دێ هەبوو لە هەرێمی کوردستاندا، چەند کەسێکی تێدا نەکوژرابێت!.

پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، لە سەرەتای منداڵیمەوە هەستم دەکرد، کە

خواناسین و دینداری لەناو ماڵەکەماندا یەکجار بەهێز بوو. باپیر و باوکم زۆربەی نوێژکردنیان بە کۆمەڵ لە مزگەوت بەجێ دەهێنا. دریغییان لە یارمەتیدانی مەلا و فەقێیەکان نەدەکرد. ڕۆژانە ئێواران ئەو چێشت و خواردنەی لە ماڵمان ئامادە دەکرا، فەقێیەکانی گەڕەکەکەمان دەهاتن و بەشی خۆیان پێ دەدرا. بەیانیان، لەگەڵ کازیوەدا، هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەمان لە دەنگی قورئانخوێندنی باپیرم بە ئاگا دەهاتین. ئێوارانی مانگی ڕەمەزان، بەتایبەت شەوەکانی (لیلە القدر)،[7] باپیرم و چەند مەلا و فەقێ شەوانە تا ماوەیەکی باش لە ماڵماندا قورئانیان دەخوێند و دەستە و دوعا دەوەستان. لە تەمەنی حەفت ساڵییەوە تا ١٢ و ١٣ ساڵی، بەگەرمی لەگەڵ باپیر و باوکم هاتوچۆی مزگەوتەکانم دەکرد. بەتایبەت مزگەوتی مەحموودئاغا، کە نزیک ماڵمان بوو. ناسیاوی و ئاشنایەتی بەتینم لەگەڵ فەقێیەکاندا هەبوو. گەلێ جار ئێواران ژمارەیەک لە پیاوە ئایینییەکانی گەڕەک لە لایەن فەقێیەکانەوە کۆ دەکرانەوە و، بە قسەی خۆش و نوکتەگێڕانەوە کاتیان بەسەر دەبرد. بەندەش لەناویاندا ئامادە دەبووم.

هەر کە کەوتمە قوتابخانە و لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دانیشتم، بەیانیان بە ڕیزبوون و سروودگوتن، بە ڕێکوپێکی بۆ دەرسخوێندن هەموو قوتابییەکان دەچوونە پۆلەکان. لە ناخی دەروونی خۆمدا بە ژیانی تازە، یەکجار، گوشاد دەبووم. بایەخی باشم بە خوێندن و کەلوپەلەکانی

---

(٧) لیلە القدر، لە لایەن سەرتاپای ئیسلامەوە بە پیرۆزترین شەو دەژمێردرێت. شەوەکە دەکەوێتە کۆتایی مانگی ڕەمەزان و هەندێ لایەن شەوی ٢١ و هەندێکیش شەوی ٢٧ بە لیلە القدر دادەنێن. لەم شەوە پیرۆزەدا قورئان بۆ پێغەمبەر (د.خ.) هاتووەتە خوارەوە. عیبادەت و خواپەرستیی (لیلە القدر) بە ٨٢ ساڵ عیبادەت دەژمێردرێت.

قوتابخانەم دەدا. فرە ڕێزی مامۆستاکانم دەگرت. ئەو ئەرکانەی ڕۆژانە لە خوێندن پێمان دەدرا، کە دەگەڕامەوە ماڵ، ئۆقرەم لێ هەڵدەگیرا تا هەموویانم بەجێ دەهێنا.

لە پۆلی دووەمی سەرەتاییدا دەمخوێند، کتوپڕ، ڕۆژێک لە قوتابخانەکەمان بوو بە گریان و هاوار و پاوکەڕۆ. سەرتاپای ئەو منداڵانەی لە تەمەنی مندا بوون، نەماندەزانی چی ڕوویداوە، ئەم شین و شەپۆرە بۆ چییە! لەدواییدا ئاگاداریان کردین کە پاشای ئەوکاتی عیراق مەلیک غازی مردووە. بەو بۆنە سێ ڕۆژ قوتابخانەکەمان و سەرتاپای دامودەستگاکانی میری لە سەرانسەری عیراقدا لە کارکردن وەستێنرا. ئاڵا هێنرایە خوار. پرسەی ڕەسمی دانرا. دوای چەند ساڵێک کە کەوتمە ناو کارکردنی سیاسی و حیزبایەتی، زانیم کە بە هۆی پلانێکی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و چەند نۆکەرێک مەلیک غازی کوژرا و لە نێویان برد.

مامم کە لە هەمان قوتابخانەدا دەیخوێند، لە دوای پۆلی شەشەمەوە، باپیرم وازی لە خوێندن پێ هێنا. دوکانێکی عەتاری گەورەی بۆ کردەوە، هەردەم دەیگوت ڕزق و نان لەسەر خودایە، مووچەخۆران ژیانیان لە چوارچێوەیەک دەرناچێت و چاویان لە دەستی کاسبکارانە.

لەو ڕۆژەوەی کەوتمە قوتابخانە، لە ڕادە بەدەر مگێزم لە خوێندن و فێربوون هەبوو، نایەتە یادام لە هەموو ئەو ماوەیەی لە قوتابخانە بەردوام بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان، خۆم لە دەرسخوێندن دزیبێتەوە.

خوێندم گەیشتبووە پۆلی چوارەمی سەرەتایی، وەرز سەرەتای بەهار بوو، بەیانییەک لە قوتابخانەکەمان بوو بە هاوار و چەپڵەلێدان، هەموو مامۆستا و قوتابییەکان کۆبوونەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان دەستی

بە وتارخوێندنەوە کرد و گوتی: "سوپای عیراق ڕاپەڕی، هێرشی بردە سەر ئینگلیزی داگیرکەر. دەیانەوێت وڵات لەژێر دەستی بێگانەی داگیرکەر دەربهێنن. حکومەتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بە سەرۆکایەتی ڕەشید عالی گەیلانی بنیاتنراوە، ماوە هەیە هەر قوتابییەک تەمەنی لە شانزە ساڵ زیاتر، خۆی گیانفیدا بکات و بچێتە بەرەی شەڕ دژی ئینگلیز...هتد." چەند قوتابییەک لە ڕیز هاتنەدەر و، خۆیان ناونووس کرد کە ئامادەن چەک هەڵبگرن و بەرگری لە عیراق بکەن.

ئەوکات سەرم لەم گێرەشێوێنی و هەراوهوریایە دەرنەدەچوو. نەشمدەزانی ئەو هەموو خەڵکە بۆچی وا سەریان لێشێواوە! شەو و ڕۆژ کار و پیشەیان ئەوەیە لە دەوروبەری ڕادیۆ کۆ دەبوونەوە. گوێیان لە دەنگوباسی شەڕەکانی سوپای عیراق دژی بریتانیا دەگرت.

لە هەمان دەوروبەر، ڕووداوێکی فرە نابەدی، منداڵانەی گێرەشێوێن لە کۆیە ڕوویدا. ئەویش ئەوە بوو، ژمارەیەک لە کەسانی نەفام و سەرلێشێواو، کە خۆیان بە هەوادارانی بزووتنەوەکەی ڕەشید عالی و فاشیستەکانی ئەڵمانیا دەزانی، ئاژاوەیەکی ناڕەوایان دروست کرد. بە هەراوهۆریا، هێرشیان بۆ سەر ماڵەکانی جوولەکەکان برد. باری شاریان، بە نیازی تاڵانکردنی ماڵەکانیان و ئازاردانیان، شڵەژاند. بە چاوی خۆم پەلاماردانەکەم بینی. هەڵوێستی ڕەوا و ژیرانەی پیاوە ناسراو و دەسەڵاتدارەکان، زوو گێرەشێوێنییەکەیان پووچەڵ کرد و ڕێگای لە خراپەکارەکان گرت. ماوەی نەدان دەستدرێژی بکرێتە سەر جوولەکەکان و سامان و ماڵیشیان پارێزرا. لە چەند لایەک بیستوومە، تا هەنکەش، لەو جوولەکانەی لە ژیاندا ماون، گەلێ بە ڕێزگرتن و شیاوییەوە، باسی هەڵوێستی باش و ڕەزامەندییان لە دانیشتوانی کۆیە دەگێڕنەوە. زۆر

درێژەی نەکێشا، ئەو ئاشووب و هاشوهۆشە دامرکایەوە، سوپای ئینگلیز سەرکەوت، لایەنگرەکانیان وەک عەبدولئیلا و نوری سەعید گەڕانەوە بەغدا. دەستیان بەسەر حوکمدا گرتەوە. ڕەشید عالی و دامودەستگاکەی ڕایانکرد و بڵاوەیان پێکرا.

قۆناخی خوێندم گەیشتبووە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، هەستم دەکرد ئارەزوو، هەست و سۆزم بۆ خوێندنەوە بەرەو زیادبوون دەڕوات. هەر نووسراو و پەرتوکێکم بکەوتبایە بەر دەست، بەگەرمی، دەمخوێندەوە، دەشم پاراست. تەقەلام دەدا بڵاوکراوەی کوردی و عەرەبی پەیدا بکەم. کۆمەڵێکی باش لە گۆڤاری گەلاوێژ، دەنگی گێتیی تازە، دیوانی حاجی قادری کۆیی، دیوانی تاهیربەگ، نامیلکەی بەرەو ڕووناکی مامۆستای ئەمر عەبدولواحد نوری، بڵاوکراوەکانی ئەمر حوسێن حوزنی مۆکریانی، لەگەڵ جۆرەها گۆڤار و بڵاوەکراوە و پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن، کە پەیوەندییان بە جەنگی جیهانی دووەمەوە هەبوو، کۆم کردبوونەوە و سەرتاپای چاپکراوەکانم لا بەنرخ بوون، باش دەمپاراستن. تا ناوەڕاستی ١٩٤٦ هەموویانم لا مابوو. کاتێک عوسمان مستەفا خۆشناو داوای لێکردم کە بە دیاری بۆ مەهابادی بنێرم، کتێبخانە بچکۆلەکەمم پێشکەش کرد.

هەر قوتابخانەی سەرەتاییم تەواوکرد، شەهادەی دەرچوونی پۆلی شەشەمم بۆ ماڵەوە بردەوە. باپیرم کەوتە پاڵم، شەو و ڕۆژ بە گوێیدا دەخوێندم: "قوتابخانە سوودی نییە؟ وەرە لای خۆم لە کەبابخانە ئیش بکە، ڕۆژی سێسەد فلس، مانگی نۆ دینارت پێ دەدەم." ئەوکات مانگانەی پۆلیس شەش دینار بوو، هی مامۆستای قوتابخانەی منداڵانیش نەدەگەیشتە دوانزە دینار. بە قسەی خۆش و تکا و داوا، هەڵخەڵەتام و

ساڵێک خوێندم جێهێشت. لە کەبابخانە دەستم بە ئیشکردن کرد.

ئەو پارەی وەرمدەگرت، بۆ خۆمم خەرج دەکرد. گیرفانم هەمیشە پڕ پارە بوو. ڕۆژێک بایەخدانم بە خوێندنەوە لاواز نەدەبوو، هەر پەرتووک و بڵاوکراوەیەک بهاتایە شارەکەمان، یەکسەر، دەمکڕین. سەرگەرمانەش دەمخوێندەوە. ئێواران کە دەستم لە ئیشکردن بەر دەبوو، هاتوچۆی ئەو شوێنانەم دەکرد کە قوتابی و خوێندەوارانی شارەکەی لێ کۆدەبوونەوە. هەڵسوکەوتم لەگەڵدا دەکردن.

لە بەهاری ١٩٤٢دا، بۆ یەکەم جار، لەگەڵ مامم بۆ بەغدا ڕۆیشتم. کە گەیشتمە کەرکووک، شارێکی گەورە و خۆش، شەقام ڕاست و قیرتاوکراو، ڕووناکی کارەبا لە هەموو شوێن و کووچەکانی بڵاوکرابووەوە. شەمەندەفەر و گالیسکە. ئەوەی دەمبینی لام شتی تازە بوون. لە میوانخانەکەمانەوە، بە گالیسکە، بۆ وێستگەی شەمەندەفەر ڕۆیشتین. نێوان چایخانەی ئەحمەدئاغا تا ئێستگەکە دەشتێکی چۆڵوهۆڵ، خانوویەک، ساختمانێکی تێدا دروست نەکرابوو. کەرکووکی ئەوکات دووچاری پەرەسەندنی تۆوی ڕەگەزپەرستی و دووبەرەکی و ڕاگوێزان نەهاتبوو، هێندەی دەیەکی ئێستاکە گەورە نەبوو.

بەیانی ڕۆژی دووەم گەیشتینە بەغدا. دوای پشوودانێکی کورت، کەوتینە گەڕ و سووڕ لە شەقامی ڕەشیدا و بازاڕی شۆرجە و مزگەوتەکان. مامم کەوتە کڕینی ئەو شتومەک و کەلوپەلانەی بۆ دووکانەکەی پێویستی بوو. یەکەم جار لە ژیانمدا، سینەما، تیاتر، رستۆران و گازینۆی گەورەگەورەم بینی. دوای دە ڕۆژ مانەوە لە بەغدا، بە هەمان ڕێگا و شێوە، گەڕاینەوە کەرکووک. لەوێشەوە بە ئوتۆمۆبیل بۆ کۆیە. ڕێگاکە زێدەبەدەر سەخت و پڕ مەترسی بوو. بە پێنج شەش

سـەعـات زیاتر ئوتۆمـۆبیل ڕێگاکـەی دەبڕی. ڕێگایەکی ناخـۆشی قیرتاونەکراوی پڕ کەند و لەند.

کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ دووچاری نەخۆشییەکی یەکجار گران و پڕ ئازار هاتم، پێیان دەگوت (ڕەشـەگرانەتا التیفوس)، سێ مانگ زیاتر پەکی خستم وا بێ هێز بووم ساڵێک نەمتوانی بەشداری لە تاقیکردنەوەی سەرەساڵی خوێندم بکەم.

ساڵێک بەسەر گەشتەکەی بەغداد تێپەڕبوو، کۆتایی ١٩٤٤، کارەساتێکی جەرگبڕی ناخۆش، پڕ زام و کەسەر تووشی خانەوادەکەمان بوو. ئەویش ئەوە بوو، مـامم لەگـەڵ برادەرێکی دۆست و ناسـیـار بۆ شتومەککڕینی بازرگانی بۆ بەغدا ڕۆیشتن، لەناکاو، دوای چەند ڕۆژێک بروسکەیەکمان پێگەیشت. ئاگادارکراین کە مامم بە گوللەی وێڵ گیانی لە دەست داوە. بەبێ وەستان باپیر و باوکم بەرەو بەغدا ڕۆیشتن. شین و شەپۆڕ، گـریە و هاوار لە مـاڵمـان دەسـتی پێکرد. ئارامی و گـوشـای بەتەواوی لەناومـاندا هـەڵگیـرا. نووزە و گـریان و ئاهـی دەروونی نەنکم هەموو هەسـتێکی دەبزواند. حـەفت سـاڵی ڕەبەق لەسـەر ئەم شێوەیە ڕۆیشت، تا لە خۆشـەویستیی کـوڕەکەی گیانی لە دەست دا. بە داخ و کـەسـەرەوە، مامم چەندە حـەز بکەیت لاوێکی شۆخ، ڕێکوپێک، هێمن و ڕەوشتباش بوو. ئەوەی لەنزیکەوە دەیناسی، یەکجار خۆشی دەویست. وا بزانم لەو مـاوە کـورتەی لەژیاندا بوو دڵی کـەسی نەڕەنجـاندبوو. تەنیـا بیستودوو ساڵ ژیا. دوای لەناوچوونی تا مـاوەیەک زۆر کـەس ئاهیان بۆ هەڵدەکێشا.

سـاڵ دوای سـاڵ هەسـتم دەکـرد ئارەزووم بۆ خـۆتێـهـەڵقوورتـان لە کـۆبوونەوە و دانیشتنی ئەمـلا و ئەولا و زانینی دەنگوباسـەکـان زیاتر

دەبوو. بەدوای ئەو شوێنانەدا دەگەڕام، کە باسوخواسی تێدا دەست دەکەوت. بەتایبەت ئەو شوێنانەی ڕادیۆی تێدابووایە، چونکە ئەوکات ڕادیۆ لە کەم شوێندا هەبوو.

گەلێ جار وا ڕێک دەکەوت لە شوێنەکان دەبوو بە چەپڵەلێدان و هاوار و گۆتەی خۆش خۆش! ئەها سوپای وڵاتەکانی محوەر (ئەڵمانیا، ئیتالیا و ژاپۆن)، لە بەرەی شەڕی ئەو وڵات و ئەو شوێن دووچاری شکستی و پاشەکشە هاتوون. هێزەکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان (الحلفاء) سەرکەوتنی گرنگیان وە دەست هێناوە. لە باکووری ئەفریقا ژانراڵی ئینگلیزی مۆنتگۆمری کەوتووەتە ڕاونانی سوپای مارشاڵ ڕۆمڵی هیتلەری. هێزێکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە فەرماندەی ژانراڵ ئەیزنهاوەر لە ڕۆژئاوای فرەنسا دابەزین و بەرەیەکی تازەیان دژ بە فاشیستەکان کردەوە. لە یەکێتیی سۆڤیەت دوای شەڕێکی یەکجار قورس لە دەوروبەری شاری ستالینگراد، سوپایەکی گەورەی فاشیستەکان دووچاری گەورەترین تێکشکان بوو، سەرتاپای هێزەکانی ئەڵمانیایان بە دیل گرت، کە لەناویاندا مارشاڵ پاولۆس و زیاتر لە سیوپێنج ژانراڵی تێدا بوو. هەرێمەکەش بەتەواوی لە دوژمن پاککرایەوە. پارسەنگی باری شەڕەکان بەتەواوی بۆ لای هێزەکانی هاوپەیمان وەرچەرخابوو. ڕۆژانە لە هەموو بەرەکانی شەڕ هێز و سوپای وڵاتە سوێندخۆرەکان بەرەو پێشکەوتن دەڕۆیشتن.

بەشی عەرەبی ئێستگەی ڕادیۆی لەندەن، ڕۆژانە، چەند جار بە دەنگی بەرز، دەنگوباسی جەنگی بڵاو دەکردەوە. هەست و هۆشی گوێگرانی دەهەژاند. پەیتا پەیتا ڕق و کینە دژی بە فاشیزم بەرز دەبووەوە. هیوا و ورەی جەماوەر بە سەرکەوتن و دواڕۆژی بەختیاری و شادی، فرە

بەخێرایی بەرەو زیادبوون دەڕۆیشت.

لە هەمان دەورووبەردا میری بریتانیا ئیستگەیەکی بە زبانی کوردی لە شاری یافا لە فەلەستین سازکردبوو. ئەویش ڕۆژانە دەنگوباسی بەرەکانی جەنگ و ئەو سەرکەوتن و پێشکەوتنانەی وە دەست دەهاتن، بڵاو دەکردەوە. لەپاڵ ئەوەشەوە گەلێ پرۆگرامی خۆش و دڵگیر، سروودی نیشتمانی و گۆرانی کوردی بڵاو دەکردەوە. فاشیزمی ڕیسوا دەکرد. پەردەی لەسەر ناوەڕۆکی ماکی دڕندانەی فاشیستەکان هەڵدەماڵی. سەرپەرشتکارانی ئێستگە ڕۆڵێکی زێدەبەدەر پاک و ڕەوایان لە بەرزکردنەوەی هەستی کوردایەتی و ئامانج و مافە سەرەکییەکانی نەتەوایەتیمان دەبینی. ژمارەیەک لە نیشتمانپەروەرانی کوردی ناسراو لە ئێستگە کاریان دەکرد، وەک مامۆستای نەمر شاعیری بەرز و ناوداری کورد عەبدوڵا گۆران، نووسەر جەمال بابان، ڕەمزی قەزاز و ڕەفیق چالاک. هەر کە ئێستگە بە دەنگێکی خۆش و ئاوازێکی ڕێکوپێک بە سروودی (دەمی ڕاپەڕینە) دەستی بە کاری ڕۆژانەی دەکرد:

دەمی ڕاپەڕینە دەمی ڕاپەڕین
هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژین
بەلادا بکە گیانی مەردایەتی
درێخی مەکە ژیان لە کوردایەتی

سەرگەرمی و جۆشێکی لە دڵی کوردەکان، بەتایبەت خوێندەوار و لاوان، پەیدا دەکرد. بانگەواز بوو بۆ ڕاپەڕین و یەکێتی و خەباتکردن لەپێناو ڕزگاری کوردستان. پێویست بەوەش ناکات ئەوە بگوترێت، کە لەبنەڕەتدا، بریتانیا ئێستگەکەی بۆ ئەوە بینات نابوو، کە پروپاگەندە بۆ دەسەڵات و توانای خۆی و دەنگوباسی بەرەکانی جەنگ بڵاو بکاتەوە.

مەترسی گەورەی فاشیزم ڕیسوا بکات. سۆزی نەتەوەی کورد بۆ پشتگیری لە بریتانیا زیاد بکات. بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیستان بە پارێزراوی بمێنێتەوە. بە قوربانیدانی زۆر و هەڵوێستی خۆڕاگری و مێرانەی گەلان وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەوروپا ئازادکران. بەرەی بەرگریی شۆڕشگێڕەکانی ئیتالیا، مۆسۆلۆنی تاوانبایان بە دیل گرت. سەرەوژێر هەڵیانواسی، تا گیانی لەبەر دەرچوو. سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان ئابڵووقەی (بەرلین)یان دا. لە ڕۆژی ١٩٤٥/٥/٨، لە سەرتاپای جیهان، بوو بە جەژن و خۆشی و ئاهەنگگێڕان. ڕاگەیەنرا بەرلین گیرا، ئەڵمانیای هیتلەری تێکوپێک درا، سەری سەختی پێ شۆڕکرا.

ڕۆژێک لە شارەکەمان، کۆیە، جاڕدرا کە هەموو دانیشتوان لە گۆڕەپانی میری کۆببنەوە. ئەوکات شوێنەکە گۆڕەپانی یاری تۆپێنی قوتابیان بوو. زۆیەی هەرە زۆری خەڵکی شار کۆبوونەوە، دەنگی زوڕنا و دەهۆڵ بە ئاسمان دەگەیشت. لە هەموو لایەکەوە هەڵپەڕکێ و گۆرانیگوتن و چەپڵەلێدان و دیمەنی خۆشترین فیستیڤاڵی نیشاندەدا. لە گەرمەی ئەم خۆشی و شادییەدا، کتوپڕ، لاوێکی کۆیی کاک (حەمەڕەش حەوێز)، ئەوکات تەمەنی لە دەورویەری بیستوچوار ساڵدا دەبوو، تازە کۆلێژی مامۆستایانی باڵای لە بەغداد تەواوکردبوو و گەڕابووەوە شارەکە، کەوتە وتاردانێکی گەرموگوڕی پڕ مانا. بە ڕێکوپێکی باسی سەرکەوتنی گەلانی دونیای دەکرد بەسەر فاشیزمدا. ئاماژەی بۆ گەلێ ڕووداوی گرنگ کرد، وەک سەرکەوتنی پارتی کرێکارانی بریتانیا لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، بڕیاری گرنگ و مێژوویی سەرۆکەکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان (هيئه الامم المتحده)، دانانی

دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادکردنی تاوانباری جەنگ و، گوتی: (کاتی ئەوە هاتووە میللەتانی مافخوراو بگەن بە ئاواتەکانیان. هیوای ئازادی و سەرکەوتن و بەختیاریی گەلان لە کەل دەرهاتووە.) وتارەکەی خوالێخۆشبوو کاک محەمەد حەوێز هەست و سۆزی پڕ خۆشی و گەشبینی لە دڵاندا پەیدا دەکرد.

بڵێسەی ئاگری ئەو جەنگە جیهانییە شوومەی شەش ساڵی خایاندبوو، دامرکایەوە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و دەریای هێمن (المحیط الهادی) دیکتاتۆرە ئەرتەشییەکانی ژاپۆن بەسانایی چۆکیان دانەدا و دەستیان هەڵنەگرت. بەردەوام بوون لەسەر درێژەپێدانی جەنگەکەیان. ئەوە بوو لە مانگی ئابی ١٩٤٥ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ترومان) بڕیاریدا بە چەکی ئەتۆمی لێیان بدرێت. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، لە چەند چرکەیەکدا سەدوبیست هەزار ژاپۆنی لە دوو شار، ناکازاکی و هیرۆشیما، بوون بە خەڵووز و، بە هەزارانیش دووچاری کوێری، پەککەوتەیی و شەپرە هاتن. دوای پەنجا ساڵ و تا هەنکەش ئاسەواری زیانی ئەو دوو بۆمبە ئەتۆمییە بەدی دەکرێت.

سەبارەت بە باری عیراقیش، دەنگوباسی بەغدا دەگەیشتە شارەکانی کوردستان کە وەزارەتی تازە دامەزرێنراوە. بڕیار هەیە ماوە بدرێت پارتی سیاسی لە عیراق پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی کاری سیاسی بەئاشکرا و یاسای چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن. ناوی ژمارەیەک لە کەسایەتیی سیاسی و ناودار دەهات وەک: کامل چادرچی، عەزیز شەریف، محەمەدمەهدی کوبە، شاعیر محەمەدمەهدی جەواهیری و حوسێن محەمەد شبیبی و...هتد. هەرچەندە بەگەرمی ئارەزووی بیستنی ئەم جۆرە ناو و پارت و کارنەم هەبوو، بەڵام بەڕاستی نەمدەزانی ئەم هاشوهۆشە چییە! قرم لە بر دەرنەدەکرد.

# چۆن کەوتمە ناو کارکردنی ڕامیاری

لە بەشی یەکەمدا کەمێکم دەربارەی سەرگوزشتەی ژیانم نووسیوە. باسی ئەوەم کردووە کە لە منداڵیمەوە زێدەبەدەر حەزم لە دۆستایەتی بە کەسوکار و دراوسێ و ناسیاران کردووە. پەیدەرپەی ئەم هەستە دەروونیانە لە ناخی دڵمدا شوێنی خۆیان دەکردەوە و دەچەسپان. هانیان دەدام بەم جۆرە ڕێبازە بکەومە ناو گەردەلوول و گێژاوی ژیانەوە. تەمەنم بە چواردە پانزە ساڵێک گەیشتبوو، گەڕ و سووڕم بەدوای زانین و فێربووندا دەکرد. ڕۆژانە مەبەستم بوو بزانم ئێستگەکانی ڕادیۆ دەنگوباسی چی بڵاو دەکەنەوە. هەر ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەک دەگەیشتە شارەکەمان، سەرگەرمانە، تەقەلای پەیداکردنیانم دەدا. نەدەوەستام، تا دەستم دەکەوتن. ئارامیشم لێ هەڵدەگیرا، تا دەمخوێندنەوە. ئێوارانیش لەگەڵ خوێندەوار و کەسانێک کە دەمیان لە کاری نەتەوایەتی و ڕامیاری دەدا کۆ دەبوومەوە. بەگەرمی گوێم لە گوتەکانیان دەگرت. چەند خاڵێک سەرنجڕاکێش، بەئاشکرا و بەنهێنی، باس و لێدوانیان لەسەر دەکرا. وەک: دەنگوباسی بەرەکانی جەنگ و شکستی هێزەکانی فاشیزم. باسی ڕاپەڕینی بارزانییەکان (١٩٤٤-١٩٤٥) کە چۆن ڕاپەڕیون و کەوتونەتە خەباتی چەکداری لەپێناو وەدەستهێنانی هێندێ مافی گەلی کورد، کە چۆن میری عیراق بە یارمەتی و هاوکاری بریتانیا کەوتوونەتە کوشتوبڕیان و لە باکوور دادگای عورفی عەسکەریان بۆ هەڕەشە و ترساندنی خەڵکی کوردستان داناوە و ئەوەی کەمێک گومانی لێ دەکرێت یەکسەر دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی

ئەو دادگایە دەکرێت. هەروەها، بەگەرمی و دڵسۆزانە، باسی کوردستانی ڕۆژهەڵات، شاری مەهابادی قارەمان، قازی محەمەدی نەمر و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک.)،[8] دەکرا. ئای چەند گوشاد دەبووم کە گوێبیستی ئەو جۆرە باسوخواسانە دەبوو و تاموچێژی زۆریشم لێ وەردەگرتن. وا بە خەیاڵمدا چووبوو کە زۆری نەماوە کوردستان و هەموو وڵاتانی ژێردەست لە جیهاندا ئازاد دەبن و ناوی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانیش نامێنێت و فڕێ دەدرێتە زبڵخانەی مێژووەوە.

لە پەیوەندی تایبەتی خۆشمەوە، پەیوەندیم لەگەڵ خێزانێکی دراوسێمان ئەوەندە بەهێز بوو، زۆربەی کات شەوانە کاتم لەلای ئەوان بەسەردەبەر. هۆیە بنەڕەتییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لە سەردەمی شیرەخۆریمدا، شیری دایکە هەمینم لە شیری دایکم زیاتر خواردبوو. تا مردنیش هەر بە ناوی دادە گازم دەکرد. شەوێک دادە هەمین هاتەماڵمان و گوتی: "هەڵسە وەرە ماڵمان مامە سەیدت، کە باوکی دوو کیژ و تاقە کوڕەکەیان بوو، لە سەفەری مەهاباد گەڕاوەتەوە." مام سەید قادر کاروانچی بوو، دەمزانی ئەو، ئەوکات، زوو زوو سەفەری سەردەشت و مەهاباد دەکات، هێندێ جاریش تا تەورێز دەڕۆیشت. شتومەکی عیراقی بۆ فرۆشتن دەبرد و هی ئیرانیشی وەک قوماشی ئاوریشم، شەدە، قەیسی و کشمیشی دەهێنایەوە و قازانی باشی لێ وە دەست دەکەوت. یەکسەر

(٨) ژ. ک. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان: لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٢دا، لە شاری مەهاباد، لە لایەن ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی دڵسۆزی کوردەوە بنیاتنرا. ڕۆڵێکی چالاکانەی لە بڵاوکردنەوە و بزواندنی گیان و هەستی کوردایەتیدا، بینی. هەر ساڵی ١٩٤٥، کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرێنرا، کۆمەڵە خۆی حەل کرد و چووە نێو حیزبی دیموکراتەوە.

بەپەلە ڕامکردە لای. یەکجار بەگەرمی بەخێرهاتنەوەم کرد. دوای کەمێک پشوودان مام سەید ڕوزمەیەکی لوولدراوی دایە دەستم و گوتی: "ئەوە لە مەهابادەوە میرزا محەمەدئەمین بەگی حاجی میرزا قادر بۆ هێندێ کەسی ناردووە. بیکەرەوە بۆمی بخوێنەوە تا بزانم ئەمانە چین؟ کە کردمەوە بینیم چەند دانەیەک گۆڤاری ژ.ک.، هەڵاڵە، نیشتمان و هێندێ بەیاننامە و دوو وێنەی تێدا بوو. سەرجەمیشیان بە زبانی کوردی نووسرابوون. لە ژێری وێنەیەکیاندا ناوی ڤلادیمێر ئیلیتچ لینین و لە ژێر وێنەکەی تر قارەمانی کورد و کوردستان سیامەند سیامەندۆف نووسرابوو. یەکجار تامەزرۆی خوێندنەوەی ئەو جۆرە شتانە بووم. بەگەرمی کەوتمە خوێندنەوەیان. ناوەرۆکی نووسینەکان سۆزێکی پڕ گوشای لەدەروونمدا خوڵقاند. لەخۆشیاندا لێوەکانم بە یەکتری نەدەکەوتن، خەندە لە ڕوومدا خۆی دەنواند. کەوتمە پرسیارکردن، یەک لەدوای یەک، ژیان لە مەهاباد چۆنە؟ قازی محەمەد[9] کێیە؟ مەلایە، ئاغایە، دەسەڵاتی کەمە یا زۆر؟ ڕووسەکان

---

(٩) قازی محەمەد: لە بەناوترین بنەماڵەی ناسراون لە کوردستانی ئێران، کوڕی قازی عەلییە. لە ساڵی ١٩٠١ لە شاری مەهاباد چاوی بە دونیا کەوتووە. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە باوکی بایەخی زۆری پێ دەدا و لەبەر خوێندنی دادەنێ و خوێندنی ئایینی تەواو دەکات. زوبانی فارسی، تورکی، روسی و فرەنسی فێر دەبێت.

لە سەردەمی ڕەزاشادا دەکرێت بە قازی شارەکە، ماوەیەکیش بەڕێوەبردنی کاروباری خوێندن و زانیاری دەخرێتە ئەستۆی.

دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (١٩٤٥)، قازی محەمەد بە سەرۆکی حیزب هەڵدەبژێردرێت. دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، قازی محەمەد بە سەرۆککۆمار هەڵدەبژێردرێت. دوای هێرشی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر ئازربایجان و کوردستان بە فەرماندەی ژەنراڵ عەلی رازمارا، قازی محەمەد گەلی خۆی جێ ناهێڵێت و لە مەهاباد دەمێنێتەوە. داگیرکەران، ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٣١، لە ناوەڕاستی شاری مەهابادا، گۆڕەپانی چوارچرا، قازی محەمەد لە سێدارە دەدەن.

لە مەهاباد و هەرێمەکە چی دەکەن؟ یارمەتیی دانیشتوان دەدەن یان نا؟ دەڵێن بۆلشەویکن، بۆلشەویک چییە؟ مام سەید نەخوێندەوار بوو، بەپێی توانای ئەوەی گوێبیست بووبوو، وەک چیرۆک بۆمی گێڕایەوە. کەمێک لەسەر ئەوە وەستا کە ڕووسەکان یەکجار فەقیر و هەژارانیان خۆش دەوێت. ناوبەناو، گەنم، شەکر، دانەوێڵەی تر و هێندێ کەلوپەلی پێویست بەسەر دانیشتواندا دابەش دەکەن. لێپرسراوەکەیان ناوی (ئەسەدۆف)ە، مرۆڤێکی ڕاستگۆ و باشە، خەڵکەکە فرە خۆشیان دەوێت و گەرەکیانە! لە هەموو ناوچەکانی مەهاباد و تەورێز باس هەر باسی شورەوی و ستالینە. یەکسەر گوتم: "بە خوا منیش هەژار و پاڵە و جوتیارانم خۆش دەوێت، لایەنگری شورەویشم." ئەو شەوە تا نزیکەی کازیوە، سەرگەرمانە، ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانم خوێندەوە، تا هەنکەش سەرەتای پارچەشیعری ئاغا و مسکین، (شتێکم دێتە سەر زاری دەڵێم بیڵێم و ناوێرم) یا (بژی ستالین خۆش بێ چەکوش و داس)، لە یادمدا ماوە.

دەتوانم بڵێم ئەو شەوە لەگەڵ مام سەید و ڕوزمە دیارییەکەی مەهاباد بوون بە سەرەتای گۆڕانی ژیانم. هەر بۆ ڕۆژەکانی دواتر، وەک هەرزەکارێک، لەناو خەڵکدا کەوتمە پڕوپاگەندەکردن بۆ ڕووسەکان و ئەسەدۆف، کە چۆن خزمەت بە برا کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن و جۆرەها یارمەتییان پێشکەش دەکەن. نەمدەزانی ترس یا کۆسپ و لەمپەر لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە باس و گوتانە چییە؟ هەمیشە دەمگوت: "من هەژار و ڕەنجدەرانم خۆش دەوێت. دەمەوێت ئادەمیزاد هەمووی بە یەکسانی و پێکڕایی ژیان بە خۆشی و بەختیاری و تێروتەسەلی بەرنە سەر."

لە کۆتایی ١٩٤٥دا ئێوارەیەک لە چایخانەیەک لە چایخانەکانی شار

کەوتمە تەک عوسمان مستەفا خۆشناو و مەجیدی مەلا ڕەووفی خادمسوجادە. کەوتینە ئاخافتن و ئاڵۆگۆڕی ڕا و بۆچوون و پەیڤین. گوتم من ڕووسەکانم خۆش دەوێت و کۆمۆنیستم! هەرگیز تا مردن لایەنگر و پشت هەژار و لێقەوماوانم! کەمێکیش ئەو باسانەم بۆ گێڕانەوە کە مام سەید قادر بۆی باس کردبووم. یەکسەر هەردووکیان کەوتنە ئامۆژگاریم و گوتیان: "هۆشیار بە لەلای هەموو کەسێک و لە هەموو شوێنێک قسە مەکە، ئەگینا پۆلیس ئازارت دەدا. بە تۆ دەڵێن هەوادار و لەدواییدا بە کۆمۆنیست دەبیت."

ڕۆژێک عوسمان بەدوایدا ناردم بچم بۆ ماڵیان، کە ئەوکات ماڵیان لە گەڕەکی بایزاغا بوو، هەر کە گەیشتمە ماڵیان، بینیم دوو سێ کەس دانیشتوون. عوسمان کەوتە پەیڤین و گوتی: (وەرە لەسەر ئەم قورئان و خەنجەرە سوێند بخۆ کە تا مردن بۆ کورد و کوردستان دڵسۆزی، قەتیش خیانەت دژ بە نەتەوەی کورد ناکەیت و، بۆ سەرکەوتنی کورد و کوردستان تێدەکۆشیت.) سوێندم خوارد و، گوتی: (ئەم برایە ناوی حەمەسالح باخەبەرە، ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک.ە و لە مەهابادەوە هاتووە، بۆ ئەوەی لایەنگر و دۆست بۆ کۆمەڵەکە پەیدا بکات. دوای سوێندخواردنەوەکەت تۆ بوویت بە لایەنگری کۆمەڵە و دەبێ یارمەتیی دارایشش پێشکەش بکەیت.) هەروەها گوتی: (دەزانم دەمێکە بڵاوکراوە و کتێب و نامیلکە و گۆڤاری کوردی کۆ دەکەیتەوە. پێشنیار دەکەم کە ئەوەی لات هەیە هەمووی بە دیاری بۆ مەهاباد بنێریت، لەوێ سوودی زۆری لێ وەردەگرن.) داواکەم پەسەند کرد. بەپەلە گەڕامەوە ماڵ، ئەوەی کۆمکردبووەوە هێنام و پێشکەش بە حەمەساڵحم کرد. بەگەرمی سوپاسی کردم. ئەوەی لە یادمدا ماوە لەنێو دیارییەکانمدا کتێبی کوردستانی موکریان یا ئاتروپاتینی

حوزنی موکریانی، بەرەو ڕووناکی و لە وڵاتی ئادەمیزاد و سەربەستەکانی عەبدولواحید نوری، دیوانی حاجی قادری کۆیی، دیوانی تاهیربەگ، مێژووی کورد و کوردستانی محەمەدئەمین زەکی و ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤاری گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە و چەند دانەیەک لە گۆڤاری ڕووناکی و...هتد بوو. ئەم کۆبوونەوەیەم لەگەڵ برای میوان یەکەم جار و دواجار بوو، چیتر نە ڕەنگی نە دەنگیم بیستەوە.

دۆستایەتیم لەگەڵ عوسمان مستەفا و مەجیدی مەلا ڕەووف بەبەردەوامی بەهێزتر دەبوو، زوو زوو یەکتریمان دەبینی، هانیان دەدام کە بەبێ وەستان بگەڕێمەوە قوتابخانە. لە پاییزی ١٩٤٥ دوو مانگیش بەسەر کردنەوەی قوتابخانەدا تێپەڕ بووبوو، کەتمە تەقەلادان بگەڕێمەوە سەر خوێندن. ئەوکات مامۆستاکانی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە، هەموویان کورد و پێشکەوتووخواز بوون، یارمەتیان دام لە قوتابخانە وەرگیرامەوە.

زۆری نەخایاند، ئێوارەیەک عوسمان گوتی: (دەمەوێ بۆ ئەندامییەتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بتپاڵێوم؟ ئامادەی یان نا؟) بە چەند ڕستەیەکی کورت هەندێ شتی بۆ ڕوون کردمەوە. بەبێ دڵلێدان، بەگەرموگوڕی، پێشوازیم لە پێشنیارەکەی کرد. کاغەزێکی چاپکراوی لە گیرفان دەرهێنا. چەند شوێنێکی نەنووسراوی تێدا بوو. بە ناوی خۆم و باوک و باپیرم و تەمەن و پلەی خوێندم پرمان کردەوە. ناوی نهێنی (گەندوش)ی بۆ هەڵبژاردم. پرسیارم لێکرد گەندوش مانای چییە؟ لەوەرامدا گوتی: "مانای سوژنە." لە خۆش و شادیدا شاگەشکە بووبووم، وامدەزانی بەم زووانە هەموو جیهان لە دەست برسێتی و ستەمکاران ڕزگاری دەبێت. کرێکار و جوتیار و سەرتاپای نەتەوە مافخوراوەکان یەک دەگرن.

کوردستانیش دەبێت بە نیشتمانێکی ئازاد و بەختیار. نە ئیمپریالیزم نە دەرەبەگایەتی و سەرمایەدار دەمێنێت! کۆمەڵێک لێکدانەوە و بۆچوونی ئەوتۆم بە خەیاڵدا دەهات یەکجار لە سنووری خەونی خۆش خۆش تێپەڕی کردبوو. سەرگەرمی و ساویلکەیی، نزمی ئاستی زانین و خوێندەوارییش وای لێکردبووم لە دەروێشێک کە تازە تەریقەت وەردەگرێت، بە جۆش و گۆشتر ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکەم. کەوتمە ناو بزاف و جموجووڵێکی بێئەندازە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو کەمەزانینە سەرەتاییانەی فێری بووبووم، لەنێو ئەو لاو و کەسانەی لە دەوروبەری تەمەنی خۆمدا بوون، تا بۆ لایەنگریی پارتی کۆمۆنیست و بیر و بڕوا تازەکە ڕایان بکێشم.

شەوێک لە شەوەکانی سەرەتای زستانی ١٩٤٦، عوسمان و بەندە لە ماڵی کاک سەعیدی مەلا ئەحمەد کۆبووینەوە، ماڵەکەیان لە گەڕەکی قەڵات نزیک ماڵی ئێمە بوو، لە دانیشتەکەدا عوسمان گوتی: (ئێمە هەرسێکمان یەکەم شانەی پارتی کۆمۆنیستی عیراقین لە کۆیە. لەم شەوەوە بە ئێمە دەڵێن لیژنەی شار، ناوە نهێنییەکانمان: عوسمان=چەکوش، سەعید=دلێر و فاتح=گەندوش، پێویست بەوە دەکات لەمەودوا زیاتر بکەوینە چالاکی و جموجووڵ بۆ دروستکردنی شانەی تر و زۆرکردنی لایەنگر بۆ حشع.) لە کۆبوونەوەکەدا زانیم کە ئێمە بە ڕێگای دوو قوتابی کۆیی کە لە بەغدا دەیانخوێند، مامۆستا حەننا ئەنتوان و شەهیدی نەمر مامۆستا حاجی عەبدولباقی، یەکسەر پەیوەندیمان بە بەغداوە هەیە.

باش لە یادم ماوە، ڕۆژێک ڕۆژنامەی ئازادیمان پێگەیشت، لە یادم نەماوە ژمارەی یەکەم بوو یان دووەم، بیستوپێنج دانەم خستە سەر دەستم کەوتمە گەڕان و سووڕان لەناو بازاڕدا. هاوارم دەکرد ئازادی، ئازادی دانەی بە پەنجا فلسە. بەڕاستی نەمدەزانی نهێنییە و قەدەغەیە،

گرتن و ئەزیەت و ئازاردانی بەدواوەیە؟ لە قەیسەری کۆنی کۆیە، مامۆستایەک گازی کردم و گوتی: (کورِم ئەمە چ نەفامیێک ئەم رۆژنامانەی داوەتە دەستی تۆ، بەم شێوەیە بەئاشکرا لەناو خەڵکدا هاوار بکەی و بیانفرۆشی، نازانی ئەمە نهێنییە و دژی میرییە، پۆلیس تووشت بن یەکسەر دەتگرن و دەتخەنە بەندیخانە...) گوێم لە تێبینییەکان گرت، رۆژنامەکانم لوولدا و گەرامەوە ماڵ. لەدواییدا بریارمان وەرگرت شەو بیانخەینە ناو ماڵان.

خواردن و خەو و پشوودانم بووبوو بە گەر و سوور لەپێناو پەیداکردنی دۆست و هەوادار و لایەنگرانی زۆر بۆ پارتی کۆمۆنیست، پەیوەندیم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان، کرێکار و کاسبکاران هەبوو. یەکێک لەو برادەر و دۆستە نزیکانەم مام جەلال شێخ حسامەلدین تاڵەبانی بوو. دۆستایەتی و هاتوچۆکردن لەنێوانماندا بەتین بوو، ئەوکات لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەیخوێند. زێدەبەدەر ئارەزووی خوێندنەوە و زانینی دەکرد. هەر گۆڤار و کتێبێکی دەستم بکەوتایە پێم دەدا، زوو دەیخوێندەوە. لە هاوینی ١٩٤٦ دوای نیوەرۆیەک مام جەلال هات بەدوامدا، کە پێکرا بچین بۆ پیاسە بۆ لای دەورو بەری قوتابخانەی ناوەندیی شار، هەر بە رێگاوە بووین مام جەلال کەوتە پرسیارکردن ئایا کورد ئومەیە یان نا؟ منیش ئەوکات وەک تووتی چەند رستەیەک لە کتێبەکەی ستالین (الامە) کە هاورێ خالید بەکداش، سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی سوریا، وەریگێرابووە سەر زبانی عەرەبی، لەبەرم کردبوو. کەوتمە هەڵرشتنی، گوتم تا ئێستاکە کورد نەبووەتە ئومە، نەتەوە، چینی پرولیتاریا تێیدا پەیدا نەبووە. مام جەلال یەکجار بە قسەکانم پەست بوو، ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لەلای بوو بەسەریدا دامەوە، لە رووی سیاسی و

بیر و بۆچوونەکان لێم دوور کەوتەوە. دوای ماوەیەک زانیم کە دوو کادری سەرەکی پارتی ڕزگاریی کوردستان، کە تازە بنیاتنرابوو، چاویان بە مام جەلال کەوتبوو، پێیان گوتبوو برۆ بە کۆمۆنیستەکان بڵێ گەر دان بەوە بنێن کورد ئومەیە، ئێمەش دێینە ڕیزی ئەوان.

بە سوودی دەبینم لێرەدا چەند برگەیەک لەسەر ژیان و کاروباری ئەوکاتی شاری کۆیە و دەوروبەری تۆمار بکەم. لە ڕووی ژیانی ئابووری و کاسبی و کڕین و فرۆشتنەوە، ئەوەی لە شارەکەدا بەدی دەکرا. لە هەموو مێژووی کۆن و تازەیدا، بگرە و بەردە و گەڕ و سووڕی وەهای بە خۆوە نەبینی بوو. بە هۆی زیادکردنی نرخی توتن و دانانی چەند لێژنەیەک بۆ پشکنین و هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی (نوعیە) توتنەکان، لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمەکە، خاوەن پارە و توتن ڕوویان لە شارەکە کردبوو. لە قەڵەباڵغی و کڕین و فرۆشتن و بازرگانیدا کۆڵان و کوچە و بازاڕ، شوێن نەمابوو مونجەی لێ نەیەت. دەرزیت بهاویشتایە بە ئەرز نەدەکەوت. لە سەرتاپای کوردستان دەنگ بڵاو بووبووەوە کە پارە لە کۆیە دەبارێ، هاتوچۆکردن و پەیوەندیی بازرگانی و بەرژەوەندیی ئابووری دەگەڵ قەزا و ناوچەکانی دەوروبەری شار، زێدەبەدەر، گەرموگوڕ و بەتین بووبوو. ژنهێنان و شای و ڕەشبەڵەک، ڕۆژانە، لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شار زرمەی لێ هەڵدەستا. ڕووی گەش و خۆشی، گیرفانپڕی و تێروتەسەلی هەموو خەڵکەکەی گرتبووەوە.

لە مەیدانی بزاڤی ڕامیاری و نەتەوایەتیدا، جموجووڵێک و بزووتنەوەیەکی فراوان هەستی پێ دەکرا. باسوخواس لەسەر گۆڕان و باری برا کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت ڕۆڵی شاری مەهابادی قارەمان، ڕاپەڕین و ژیانی عەشیرەتی بارزان، بنیاتنانی چەند

پارێکی لە عیراق و...هتد گوتە و دەمەتەقە و مشتومڕی زۆریان لەسەر دەکرا. بە هۆی کەمزانین و نزمیی پلەی هۆشیاری و بیروبڕوا، کەللەڕەقانە، هەر کەس خۆی بە زانا و ڕاستگۆ ئەژمارد و بە پێخواستی بەناو دەکەوتین. لەڕاستیشدا کەم هەبوون بە قووڵی و ژیرانە بارە ئاڵۆز و چڕ و تێکچڕژاوەکە هەڵبسەنگێنن و تێی بگەن!

دەربارەی ژیانی تایبەتیم لەناو خێزانەکەماندا. هەر کە گەڕامەوە قوتابخانە ماوەی چەند مانگێک باپیرم بە هیچ شێوەیەک نەیدەدواندم. بەتوندی لێم زویر بوو. هۆیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە بەبێ ڕەزامەندی ئەو گەڕابوومەوە بۆ خوێندن و گوێم لە قسەی نەگرتبوو.

لەوکاتدا دایکم، وەک قەڵایەکی پۆڵایین، بووبووە پاڵپشتم. هەر کۆسپ و تەگەرەیەکی دەکەوتە پێشم، خۆی دەخستە بەر و چارەی بۆ دەدۆزییەوە.

بەیانییەک، ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان، باپیر و باوکم لە نوێژکردنی جەژن گەڕانەوە ماڵە. نەنک و دایکم بەنهێنی پێیان گوتم: "لە سەردەمی پێغەمبەرەوە لەنێو ئیسلامدا پیشەیەک هەیە لە ڕۆژانی جەژن هەموو کەس ئەملا و ئەولای یەکتر ماچ دەکەن، داوای لێبووردن دڵسافبوونەوە لە یەکتر دەکەن، ناخۆشی و پەیوەندی سارد و لاواز لەنێواندا هەڵدەگیرێت، تۆش بڕۆ دەستی باپیرت ماچ بکە و داوای لێبووردنی لێ بکە." بە داواکەیانم کرد و یەکسەر دەستی باپیرم ماچ کرد و پیرۆزبایی جەژنم لێکرد. بەمجۆرە لەگەڵم ئاشتبووەوە و بارەکە گۆڕا. هەڵسوکەوت و ژیانم لەنێو ماڵماندا شێوەی ساکار و ئاسایی خۆی وەرگرتەوە.

بەڕێکوپێکی ڕۆژانە لە چوونە قوتابخانە بەردەوام بووم. سەرتاپای مامۆستا و قوتابییەکان دەیانزانی، بەندە، یەکێکم لە لایەنگرانی پارتی کۆمۆنیست و پارتی ئازادیی نیشتمانی (حزب التحرر الوطني) کە ڕووی

ئاشکرای پارتی کـــۆمـــۆنیـــست بوو. چەندە بایەخم بە خـــوێندن و جێبەجێکردنی ئەرک و وانەکانم دەدا، گەلێ زیاتر بە ئیشوکاری پارتایەتی خۆم ماندوو دەکرد. بەبێ وچان بە دوای پەیداکردنی دۆست و لایەنگرانی تازە گەڕ و سووڕم دەکرد. هەواداری تازەم دەدۆزییەوە.

لە کۆیە، ئەوکات، دوو شوێن بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار هەبوون. بە شـوێنێکیـان دەگوت کتێبخـانەی ڕاگەیاندن. دانیشـتوانی شـارەکـە دەیانزانی ئەم شـوێنە لە لایەن کـونسـولخـانەی بریتـانیـاوە لە کـەرکـووک، بەڕێوە دەبرێت. زۆری لاوە خـوێندەوارەکـان، بەگـومـانەوە، هاتوچۆی ئەو شوێنەیان دەکرد، کرابوو بە شوێنی کۆبوونەوە و لێدوان، لەســەر بچـووکـتـرین ڕووداوی کـۆن و تازە دەبوو بە هەراوهۆریا و دەمەتەقەی بێ سەروشوێن و هەلەباشی!

شوێنی دووەمیان، چەند ڕۆشنبیـر و خوێندەواری شـارەکە کـتێب و گۆڤارەکانی خۆیان تێدا کۆکردبووەوە، کتێبخـانەیەک بە ناوی شـاعیری نەمر حـاجی قادری کۆییان کـردبووەوە. زوو زانرا شـوێنەکـە لایەنگرانی پارتی ڕزگاریی کورد پێکیان هێناوە. ئێمەش، لایەنگرانی حیزبی شیوعی، بەگەرمی تەقەلامان دەدا، کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی چەپ و مارکسیستی بگاتە شـارەکە، بەفراوانیش بڵاو دەکرانەوە. ئێمـەی ئەندامـانی لیژنەی شـار، عوسـمان، سەعید و فـاتح)، هەفتەی جارێک کۆ دەبووینەوە، بەپێی توانا و بۆچوونمان ئەرک و کارەکانی خۆمـان هەڵەدەسەنگاند، پرۆگرامی ئیشکردنمان بۆ هەفتەی داهاتوو دادەنا.

لە ناوەڕاستی ١٩٤٦دا عوسـمـان وەرقـەیەکی پێدام، یەکێکش بە کاک سەعید، پیرۆزبایی گەرموگوڕی لێکردین و، گوتی: (ئەمە لە لایەن هاوڕێ فەهدەوە بە مۆری خـۆی بۆ ئێوە هاتووە. هەردووکتان بـوون بە ئەندام لە

ڕیزی حیزبی شیوعی عیراقدا.) بە گەورەترین دیاری و خۆشترین مزگێنیم وەرگرت. بە عەقڵیەتی هەرزەکاری و سەرخۆشبوون بە ئاواتێکی یەکجار پیرۆزی دوورەدەست، وامدەزانی تازە بووم بە سەربازێکی کۆمۆنیزم و ناوم گەیشتە مۆسکۆ!

لە کۆبوونەوەیەک لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی شاردا، ئێمە هەرسێکمان، بڕیارمان وەرگرت کتێبخانەیەک بە ناوی کتێبخانەی کۆیە (مکتبە کویسنجق) بکەینەوە. دەستمان بە کۆکردنەوەی کتێب و نامیلکە و گۆڤار کرد. لە بازاڕی ئەوقاف دوکانێکمان بە کرێ گرت. هاوڕێیان و لایەنگرانی حیزب یارمەتی باشیان پێشکەش کرد و، کتێبخانە کرایەوە. ژمارەیەکی زۆر لە خوێندەوار و قوتابی و کەسانی ناسراوی شار، هاتوچۆی کتێبخانەکەیان دەکرد.

گۆڕان بەسەر شێوەی پەیوەندی ڕێکخراوەکەمان و بە سەرکردایەتییەکەوە هات، یەکسەر بە لیژنەی محەلی هەولێرەوە نووسێنراین. لەو سەروبەندەدا هاوڕێ عەزیز محەمەد بۆ سەرپەرشتی ڕێکخراوەکەمان و بەسەرکردنەوەی کاروبارەکانمان، هاتە کۆیە. بە میوانی سەردانی ماڵی ئێمەشی کرد. زۆری نەخایاند لەدوای ئەو هاوڕێ جەمال حەیدەری، بۆ هەمان مەبەست، گەیشتە کۆیە.

ڕێکخراوەکەمان لە ماوەیەکی کورتدا گەشەی کردبوو و ژمارەی شانە و لایەنگر و دۆستانمان فرە بووبوون، پەیوەندیمان لەگەڵ ڕانیە و قەڵادزە پەیدا کردبوو، ژمارەیەک لە کەسانی ناسراوی شارەکە هاتبوونە ڕیزی ڕێکخراوەکەوە، وەک پارێزەر یونس ڕەووف شاعیری نەمر دڵدار و سادقی جەمیل ئاغا. کاک ئەحمەد دڵزار سەربازی تەواوکرد و گەڕایەوە کۆیە، لە هەولێرەوە مامۆستا کەریم ئەحمەد و مامۆستای هونەرمەند کاک جابر

پیرداود گوێزرانەوە و هەردووکیشیان ئەندامی حیزب بوون.

لە مێژووی تازەی عیراق و باشووری کوردستاندا، ساڵی ١٩٤٦ بە ساڵێکی پڕ گۆڕان و پڕ کێشەی جۆراوجۆر دادەنرێت. بریتانیا کەوتبووە تەقەلادانی زۆر بۆ ئەوەی پەیمانی نێوان خۆی و عیراق، پەیمانی ١٩٣٠، تازە بکاتەوە. ئەو چەند پارتە سیاسییەی کە کەوتبوونە کارکردنی ئاشکرا و یاسایی دەیانویست زۆربەی جەماوەر بۆ لایەنگریی خۆیان رابکێشن، سنوورێک بۆ دەسەڵاتی بریتانیا و کۆشکی شاهانەی فەیسەڵ و دامودەستگا نۆکەرەکانیان دابنێن. لە سەرتاپای عیراقدا، پارتی کۆمۆنیست، بۆ سەپاندنی خۆی لە گۆڕەپانەکەدا وەک هێزێکی سیاسیی بەهێز، کەوتبووە ناو خەباتی جەماوەری و چینایەتییەوە. لە گەڵێ کارخانە و شوێندا مانگرتن و خۆپیشاندان دەستی پێکردبوو، چەند نەقابەیەکی کرێکاران بواری کارکردنی رەسمییان وەرگرتبوو. میری عیراقیش لە هێرشبردن بۆ سەر ناوچەی بارزانییەکان و سزادانیان بەردەوام بوو. دەنگوباسی کوردستانی رۆژهەڵات، کوردستانی ژێردەستی فارسەکان، بەگەرموگوڕی دەگەیشتە هەموو ناوچەکانی کوردستان. ناوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان-ئیران و نەمر قازی محەمەد لەسەر دەمان بوون. بڵاوکراوەکانیشیان دەگەیشت بە سەدان کەس و دەیانخوێندەوە.

رۆژی ١٩٤٦/٦/٢٨ حیزبی شیوعی عیراق (حشع) لە بەغدا خۆپیشاندانێکیی گەورەی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم رێکخست. پۆلیس بە گوللە لێیدان رێگای پێگرتن، لەئەنجامدا کورێکی شیوعی شائول تووەیف، کە جوولەکە بوو، شەهید کرا. لە ناوەراستی تەممووزی ١٩٤٦دا دەنگێکی زێدەبەدەر بڵاوبووەوە کە هەموو کرێکارانی نەوتی کەرکووک مانگرتنی خۆیان راگەیاندووە، داوای زیادکردنی رۆژانە و کەمکردنەوەی

سەعاتی ئیشکردن و چاککردنی باری ژیان و کاروبارەکانیان دەکەن، راپەرینەکەیان سەرتاپای عێراقی هەژاند. رۆژی ١٩٤٦/٧/١٢، لە باخچەی گاوریاغیی کەرکووک، بە گوللە لە کرێکارەکان درا، خوێنی کرێکاری کورد، تورک، عەرەب، ئەرمەن و ئاسووری تێکەڵ بوو، ژمارەیەکی باش لە کرێکارەکان شەهید و بریندارکران.

زۆری نەخایاند بڵاوکرایەوە کە پارتی رزگاری و پارتی کۆمۆنیستی کوردی (شۆرش) نەمان. لە ناوەڕاستی مانگی ئاب ١٩٤٦/٨/١٦، پارتی دیموکراتی کورد (پدک) دامەزرێنرا.

وا رێککەوت، لە ئەیلولی ١٩٤٦، بۆ جاری دووەم سەفەری بەغدا بکەم. هاورێیان لە کۆیە، ئەوکات هاورێ کەریم ئەحمەد بەرپرسیاری یەکەمی رێکخراوەکەمان بوو، نامەیان پێدام کە لە کەرکووک چاوم بە، یوسف حەننا (باوکی حیکمەت)، بکەوێت. لە بەغداش بە رێگای قوتابییەکی کۆلێژی ئەندازیارییەوە، کە ناوی هاشم عەبدوڵا ئەربیلی بوو، بچم بۆ لای هاورێ جەمال حەیدەری، کە بە هۆی گورجوگۆڵی چالاکییەکانییەوە لە ئامۆژگای باڵای مامۆستایان، دەرکرابوو. هەروەها سەردانی کتێبخانەی (دار الحكمه) بکەم و هێندێ کتێب و بڵاوکراوە لەگەڵ خۆمدا ببەمەوە. کە لەگەڵ باوکم گەیشتینە کەرکووک و، کەمێک پشوومان دا و هەستم بە حەسانەوە کرد، باوکم بەجێهێشت و بەرەو ئەو گازینۆیە رۆیشتم کە بۆیان وەسف کردبووم کە کاک یوسفی لێ دادەنیشت. هەنکەش، باش لە یادم ماوە چۆن رێکەوت وا بوو کە لە گازینۆکەدا لە جێگایەک بەرانبەر بە لاوێکی باڵابەرزی سپیرەنگی قژ زۆز دابنیشم. بەپێی ناو و نیشانەکانی کە پێم درابوو، یەکسەر چووم بۆ لای، دیم دوو لاوی بەتەکەوە دانیشتبوون. نامەکەم پێدا، کەوتینە گفتوگۆ دەربارەی کۆیە و ناوچەکە، چەند

پرسیارێکی لێکردم، بەپێی توانام وەڵامم دایەوە. ئەویش کەمێک باسی کەرکووک و مانگرتنەکەی کرێکارانی نەوت و هێرشەکانی پۆلیسی بۆ گێڕامەوە. دوو لاوەکەی، کە لای دانیشتبوون، پێ ناساندم و گوتی: ئەمانە دوو هاوڕێی قوتابی سانەوی کەرکووکن، نەژاد ئەحمەد عەزیز و عیسمەت جاوید. بە کاک یوسفم گوت: (بەرەو بەغدا دەڕۆم گەر کارێکتان هەبێت.) ئەویش نامەیەکی بۆ کتێبخانەی دار الحکمە پێدام.

بە شەفەندەفەر بەرەو بەغدا ڕۆیشتین، لەو ئوتێلە دابەزین کە زۆربەی کۆییەکان و کورد هاتوچۆیان دەکرد. ناوی فندق الفرح بوو، لەسەر شەقامی ڕەشید نزیک بە مزگەوتی حەیدەرخانە.

ئێوارەی ڕۆژی دووەم خۆم لە باوکم دوورخستەوە. لە ئوتێلەکە هاتمە دەر بەرەو شەقامی موتەنەبی (المتنبی) ڕۆیشتم. چووم بۆ کتێبخانەی دار الحکمە، ژمارەیەکی زۆری لە کەسانی سویل لەبەر، لاوی ڕێکوپێکی لێ وەستابوون. پرسیم شاکر مەحموود کێیە؟ ئەفەندییەکی کورتەبنەی قەڵەو هاتە پێشم گوتی: "انا شاکر". نامەکەم پێدا و گەلێ گوشاد بوو، بەگەرمی پێشوازی لێکردم و بۆ دانیشتن شوێنێکی دیاریکرد. زۆری نەخایاند سویللەبەرێکی بالابەرزی گەنمڕەنگ، گەیشتە کتێبخانەکە، سەرتاپای ئەوانەی لە شوێنەکدا بوون بە ڕێزگرتن و گەرموگوڕییەوە پێشوازی و بەخێرهاتنیان لێکرد. شاکر نامەکانی پێدا و بە منیشی گوت: "ئەوە هاوڕێ باوکی عەلییە "هذا الرفیق ابوعلی." (حسین محمد الشبیبی). بەویشی گوت: "هذا الرفیق فاتح جای من کردستان." هاوڕێ حوسێن شەبیبی کەوتە قسەکردن لەگەڵمدا. پرسیاری زۆر لێکردم. بە شرەعەرەبییەکی کە دەمزانی وەڵامم دەدایەوە. کە باسی جموجووڵ و گەشەکردنی ڕێکخراوەکەمان لە کۆیە و پەلهاویشتنی بۆ ڕانیە و قەڵادزە

بۆ کرد، گەلێکی پێ خۆش بوو. بە شاکری گوت: "هەرچی پێویستیان بوو لە کتێب و گۆڤار بۆیان ئامادە بکە."

بۆ ئێوارەی دووەم، بە هەمان شێوە، گەڕامەوە دار الحکمە. لەوێوە شاکر بۆ کۆمپانیا و چاپخانەکەی بردم. شوێنەکە لە کتێبخانەکە نزیک بوو، لەوێ چاوم بە پیاوێکی کورتەبنەی چاوبچووک کەوت، بەگەرمی دەستەکانی گوشیم و بەخێرهاتنی کردم. شاکر گوتی: "هذا الرفیق الحاج". لەدواییدا زانیم ئەو هاوڕێیەی لە چاپخانەکە چاوم پێکەوتبوو، هاوڕێی شەهید یوسف سلمان یوسف (فەهد) بوو.

ئێوارەیەک، وا بزانم ١٩٤٦/٩/٩ بوو، لەگەڵ باوکم بەناو شەقامی ڕەشیددا دەسووڕاینەوە، دیم خۆپێشاندانێک بە نەرمەغاردان و هیتافکێشان و بمرێ و بژی بە شەقامەکدا بەرەوخوار دەبووەوە. پۆلیس بە دار و تێلا کەوتبووە دوایان. پاش ماوەیەک زانیم ژمارەیەکی زۆریان لێ دەستگیر کردبوون، یەکێک لە گیراوەکان هاوڕێ حوسێن محەمەد شەبیبی دەبێ و دەخرێتە زیندانەوە. بەداخەوە، چاوی بە دەرەوە نەکەوتەوە و لەدوای دوو ساڵ و چەند مانگێک، لە هەمان شوێنی سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکانی دەکرد، لە ناوەڕاستی شوباتی ١٩٤٩دا لە سێدارە درا.

لەو ڕۆژانەی لە بەغدا بووم، بەیانییەک لەگەڵ باوکم نەچوومە بازاڕی شۆریجە و گوتم لە ئۆتێلەکە دەمێنمەوە! هەر لە دوای ڕۆیشتنی باوکم، بە پرسیارکردن گەیشتمە باب ئەلموعەزەم (باب المعظم) و کۆلێژی ئەندازیاران. لە دەرگەی کۆلێژدا چاوم بە قوتابییەکی باڵا ناوەنجی سپیرەنگی عەینەک لە چاوی ڕێکوپێک کەوت. پرسیم: "دەمەوێ چاوم بە قوتابی هاشم عەبدوڵا بکەوێت." یەکسەر بەکوردی وەڵامی دامەوە و گوتی:

"من هاشیمم." ئەو نامەیەی بۆ هاوڕێ جەمال حەیدەری نێرابوو، پێمدا. گوتی: "هەر ئێستاکە خۆم لەگەڵتا دێم و دەچینە لای هاوڕێ جەمال." چەند سەد مەترێک ڕۆیشتین و گەیشتینە کتێبخانەی گشتیی بەغدا. گوتی: "هاوڕێ لێرەیە، دەخوێنێتەوە." بردمی بۆ لای و ئەویش بەگەرمی پێشوازی لێکردم. کەوتینە پەیڤین و گفتوگۆ. وەڵامی نامەکەی نووسییەوە و جێم هێشتن و گەڕامەوە ئوتێل.

هەر کە ئیشوکارەکانی باوکم کۆتایی پێهات و بڕیاری گەڕانەوەمان دا، بەپەلە خۆم گەیاندە کتێبخانەی دار الحکمە، ئاگاداری شاکرم کرد کە دەگەڕێمەوە کۆیە، یەکسەر گۆشەرێک کتێبی جۆراوجۆری بۆ ئامادەکردم و گەڕامەوە ئوتێلەکە. بەغدامان بەجێهێشت و، دوای دوو ڕۆژ گەیشتینەوە کۆیە.

زستانی ١٩٤٧، زستانێکی سەخت و دژوار، پڕ ڕووداو و کارەساتی جەرگبڕ بوو. سۆڤیەتییەکان باکووری ئێرانیان جێهێشت، سوپای میریی ئێرانی ڕەگەزپەرست بە فەرماندەی ژانراڵ ڕازمارا هێرشی کردە سەر کۆماری کوردستان و کۆماری ئازربایجان. هەردوو کۆمار تێکوپێک دران. یەکەم سەرۆکی کۆماری کوردستان شەهید قازی محەمەد لە مەیدانی چوارچرای مەهابا لە سێدارە درا. ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتەوە بەر دڕەندەترین هێرش و فشاری ڕژێمی پەهلەوی. بارزانییەکان دووچاری دەربەدەری و ڕاونان بوونەوە، بوون بە دوو بەش، بەشێکیان بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی و بە بەرگریکردنێکی قارەمانانەی کەموێنە، گەیشتنە سەر ئاوای ئاراس ئاودیوی سۆڤیەت بوون و، بەشی دووەمیان لەژێر ڕابەرایەتی شێخ ئەحمەددا گەڕانەوە ناو خاکی کوردستانی عیراق، سوپا و پۆلیس بەتوندی ئابڵووقەی دان و

ژمـــارەیەکی باشی لە پیـــاوی ناســـراو و ناوداریان فـــڕێدرانە نێـــو بەندیخانەکانەوە. لە سەرتاپای عیراقیش هەوری ڕەشی شومی فشار و هەڕەشە و بگرە و بەردەی ڕژێمەکە کەوتبووە زیادبوونێکی پڕ لە مەترسی. دەست کـــرابوو بە کـــپکردن و خنکاندنی ئەو کـــەمـــە ســـەربەســـتـیـیـە دیموکراتییە لاوازەی ماوەی پێدرابوو.

ڕۆژی ۱۹٤۷/۱/۱۸، لە هێرشـێکی کتوپڕی دڕندانەی دامـودەسـتگای دائیرەی تەحقیقـاتی جینائیدا کە لە بەغدا پێـڕەوکرابوو، هاوڕێ فـەهد سکرتێـری یەکـەمی حزب و زەکی بەسیم ئەندامی دەفتـەری سیـاسی و ژمارەیەکی تر لە کادیرانی سەرەکی دەستگیرکران و کەوتنە بەندیخانەوە. لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان دەنگ بەرز بووەوە و داوا دەکرا بارزانیـیـەکـان ئازاد بکرێن و بگەڕێنرێنەوە ســەر خـاک و گـوندەکـانی خـــۆیان. ڕێکخــراوەی ئێـمـــە و پارتی دەســـتی بە عـــەریزەنووسین و کۆکردنەوەی مۆرکی فراوانترین ژمارە لە خەڵک. هەمووی بۆ بەرگریکردن بوو لە بارزانییەکان و سکاڵاکانیش پەیدەرپەی بۆ کاربەدەستـانی بەغدا دەنێررا و لە ڕۆژنامەکان بڵاو دەکرانەوە. لە ئەنجامی ئەم چالاکییانەدا، لە سـەرەتای مـانگی نیـسانی ۱۹٤۷دا، پۆلیس هـەشت کـەسی لە کۆیە بەند کـرد. بەندە یەکـێک بووم لەوان. هەر بەپەلە بەبێ یەک و دوو ئێـمـەیان بۆ هەولێـر نارد. لە گـرتووخـانەی هـەولێـر کـراین بە دوو بەش. چوار بۆ بەندیخانەی موسڵ و چوار بۆ کەرکووک. ئەوکات زانیمـان کە ئێمە بەپێی مـادەی چلودوو (٤٢) لە یاسـای خێڵـەکی عـیراق یەکی سـاڵێک حـوکم دراین. ئەو مـادەیەش بەسـەر ئەو کـەسانەدا دەسـەپێنرا کە گـەلحۆ و بێ ئیشوکار و پیشەیان خراپەنانەوە و ئاژاوە بوو. بەندە و شێخ ئەنوەر سەید ئەحـمـەد بەرزنجی و دوو کـەسـی تر، کـەوتینە بەندیخـانەی مـوسڵ، لە

گەڕەکی دەواسە. هەر کە گەیشتینە ناو بەندیخانەکە، ناردیتیانە لای مدیرەکە، کە ئەفسەرێکی هێسکقورسی لووتبەرز و بەپۆز بوو. ناوی ڕەووف بەگ بوو. یەکسەر کەوتە هەڕەشەکردن و گوتی: "سەریان بتاشن و بیانبەنە قاوشێک." هەر کە قاچمان کەوتە ناو حەوشی بەندیخانەکە، دیمان لە ڕۆژی حەشری دەکرد. بە هۆی قەڵەباڵغی و زۆری بەندکراوان، ماوەی گەڕان و سووڕان نەبوو. زوو زانیمان کە ژمارەیەکی زۆر لە گیراوەکان کوردن، پەیوەندییان بە شۆڕشی بارزانی ١٩٤٥ و گەڕانەوەیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هەبوو، دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان. لەناویاندا ژمارەیەک لە کەسانی ناسراوی تێدا بوو، وەک خوالێخۆشبوو حەمەئاغای مێرگەسۆری، شواناغا، وەهابی محەمەد عەلیاغای ڕەواندوزی، مستەفا بابۆ و...هتد، ناسیاری و دۆستایەتیم لەگەڵ مام حەمەدئاغای مێرگەسۆری و بنەماڵەکەی بەردەوام بوو، تا ئەو ڕۆژەی ستەمکارانە و بەناڕەوا شەهیدکران، هەر کە لە بەندیخانەکە دەنگ بڵاوبووەوە، ئەم چوارە کوردن و بە هۆی بەرگریکردنیان لە بارازانییەکان بۆ ماوەی یەک ساڵ حوکمدراون، دەستە دەستە دەهاتنە لامان و ڕێزی زۆریان لێ دەگرتین و دڵنەوایان دەکردین. لە قاوشی ژمارە حەوت شوێنی ئێمەیان دانا. کوڕێکی هەولێری ناوی جەرجیس کەریم چاوشلی، پێیان دەگوت ناتۆری قاوشەکە، لێپرسراوی ڕێکخستنی کاروباری بەندکراوەکان بوو. بەڕاستی جەرجیس و یەکێکی تر کە ناوی محەمەدئەمین زراری، بەبێ سنوور یارمەتیان دەداین. شوێنێکی پاک، لە سووچێکی قاوشەکەیان بۆ ڕێکخستین. لە بەندیخانەش پێویستە هەموو بەندکراوێک ڕۆژانە چەند سەعاتێک کار بکات، وەک جۆڵایی، چێشتخانە، نانکردن، خاوێنکردن و...هتد. ئێمە هەر چوارمان لە بەشی

خاوێنکردنەوە دانراین. ڕۆژی یەکەم دیمان ئیشەکە یەکجار پیس و گرانە، دوای نیوەڕۆ گەڕاینەوە شوێنی نووستنمان. بە خوالێخۆشبووان جەرجیس و کاک محەمەدئەمین زراریمان گوت: "شوێنی ئیشکردنمان زێدەبەدەر ناخۆش و پیس و بۆگەنە." گوتیان: "چارە دەکرێت، بەڵام پێویست دەکات کەمێک بەرتیل بدەن." دینارێکمان پێدان، لەبەر چاوی ئێمە دایان بەو عەریفە وەردیانەی کە بەرپرسیاری بەشی خاوێنکردنەوە بوو. دوایان لێکرد چاوەدێریمان بکات. ڕۆژی دووەم وەردیانەکە لە کاتی ئیشکردندا ئێمەی لە باخەکەی دەوری بەندیخانەکە دانا، دوای چەند ڕۆژێک بەیەکجاری لە ئیشکردن ڕزگارمان بوو. خواردن و خوانی دانیشتمان لەگەڵ جەرجیس چاوشلی بوو بە یەک و بەپێی توانا یارمەتی دەداین و نەیدەهێشت دووچاری کێشە و ناکۆکی نێو بەندیخانە ببین. ئەوکات، ئەو دە ساڵ حوکمدرابوو. دوای دەرچوونمان لە بەندیخانە، دۆستایەتی و ناسیاریمان هەر مایەوە. پاشان دوای هەشت ساڵ، ئەوکات من لە بەندیخانەی بەعقوبەدا بووم، دوای خوشکمی کردبوو، بوو بە زاوام.

بەیانییەک گازیان کردم کە میوانم هاتووە. کە بۆ شوێنی دیارکراو ڕۆیشتم، بینیم گەنجێکی عەینەک لە چاو چاوەنوارم دەکات. دوای پێشوازیکردنی یەکتر، گوتی: "وا کەلوپەلی پێویست بۆ تەراشکردن، جلوبەرگ و پارەم بۆ هێناویت، ئەمانەش لە لایەن هاوڕێیانی لیژنەی محەلی هەولێرەوە نێرراون." بە سەردانەکەی گوشاد بووم و زانیم ئەو هاوڕێیەی کە هاتووەتە لامان ناوی کاک جەودەت ئەحمەد ناجییە!

سێ ڕۆژی تەواومان لە بەندیخانە بەسەربرد. لەناکاو ڕۆژێک وەردیانەکان بەپەلە هاتە ژوورەکەمان و گوتیان: "یاڵڵە بەبێ وەستان زووکەن کەلوپەلەکانتان هەڵگرن، دەگەڕێنەوە هەولێر." کە گەڕاینەوە

هەولێر بۆ ڕۆژی دووەم ئێمەیان بردە لای موتەسەرف جەمال عومەر نەزمی. لەسەرەتادا، چەند پرسیارێکی ئاراستە کردین و گوتی: (یا ابن الکبابچی لو تخدم جدک الشایب وابوک مو احسن لک.) گوتم: (هیچم نەکردووە.) گوتی: (وا لەسەر داوای قائمقامی کۆیە، شێخ عارف تاڵەبانی، بڕیاری بەردانی ئێوەم دا، بەڵام پێویستە عاقڵ بن و جارێکی تر نەگەڕێنەوە بەندیخانە...) هەر کە گەیشتینەوە کۆیە، یەکسەر، کەوتمەوە خوێندن و قوتابخانە و پۆلی دووەمی قۆناغی ناوەندیم تەواوکرد.

لە هاوین و پاییزی ١٩٤٧دا باری سیاسی و کۆمەڵایەتی تا دەهات بە جۆشتر دەبوو، سەرتاپای عیراقی گرتبووەوە. ڕۆژ نەبوو دەنگوباسێکی سەرنجڕاکێش بڵاو نەبێتەوە، هۆش و هەست و دەروونی خەڵکەکە هەژابوو، شەپۆلی تیرۆر و ئەشکەنجە و فشاری ڕژێمی پاشایەتی، بەبەردەوامی، لە بەرزبوونەوەدا بوو. چوار ئەفسەری کورد مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز، خیروڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی بە سێدارەوە کران. بڕیاری لە سێدارەدانی هاوڕێ فەهد و زەکی بەسیم درا. دەنگوباس بەگەرمی بڵاو دەکرایەوە کە تەقەلادان لە کایە دایە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی ١٩٣٠ی نێوان عێراق و بریتانیا، ئێستگەی ڕادیۆکانی جیهان پەیتاپەیتا ڕزگاربوونی هێندێ لە وڵاتانی ڕادەگەیاند کە سەدان ساڵ بوو لەژێر پۆستاڵی ئیمپریالیزمی داگیرکەردا پانکرابوونەوە و سەربەخۆیی تەواوی خۆیان وەدەستهێنابوو، وەک هیندستان، ئەندەنووسیا، پاکستان، سوریا و لوبنان و...هتد. کێشەی نیشتمانی و چینایەتیش کەوتبووە پەرەسەندن و گەشەکردنێکی فراوان.

هەر دەرگای قوتابخانەکەمان کرایەوە، زۆری نەخایاند، مانگرتمان لە خوێندن ڕاگەیاند. لە سای چەند داوایەکی بچووکدا، دەنگی خۆمان

گەیاندە سەر رووپەڕی ڕۆژنامەکانی بەغدا و، وەک هەورەتریشقەی بەهار دەنگ و ڕەنگی دایەوە. ڕۆژانە، دەیان برووسکەی پشتگیری و لایەنگیریمان لە هەموو کۆلێژ و قوتابخانەکانی عێراقەوە پێدەگەیشت. مانگرتنەکەمان دوو هەفتە بەردەوام بوو. داواکانمان جێبەجێکران و کۆتاییمان بە مانگرتنەکە هێنا.

لەنێو ئەو کەینوبەین و ئاڵۆزی و تێکهەڵایەدا، دەنگ بڵاوبووەوە کە وەزارەتی ساڵح جەبر بڕیاری وەرگرتووە پەیمانی ١٩٣٠ لەگەڵ بریتانیا نوێ بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش وەفدی عێراق چووبوو بۆ لەندەن. لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا، ڕاگەیەنرا کە وەفدی میریی عێراق، بە سەرۆکایەتی ساڵح جەبر، لەگەڵ وەفدی میریی بریتانیا، بە سەرۆکایەتی میستەر بیڤن، وەزیری دەرەوەی بریتانیا، لە شاری پۆرتسمۆس لەسەر مۆرکردنی پەیمانی تازە ڕێککەوتوون. ئەم دەنگە وەک بۆمبایەک تەقیەوە. یەکەم جار لە بەغدا خۆپێشاندان و ناڕەزایی و پرۆتێست دەستی پێکرد. پۆلیس کەوتە فشارهێنان و بەربەرەکانی بەرهەڵستکارانی پەیمانەکە. لەو سنوورەشدا نەوەستا، ڕۆژی ١/١٩ و ١٩٤٨/١/٢١ چەند کەسێکی لە خۆپێشاندەران شەهید کرد. ئاگرەکە زیاتر پەرەی دەستاند، پۆلیس خۆی بەرانبەر بە شەپۆلی جەماوەری ڕاپەڕیو نەگرت. ڕۆژی ١٩٤٨/١/٢٧ جێگری شافەیسەڵی دووەم، عەبدول ئیلاه، لە ئێستگەی بەغداوە بڵاوی کردەوە کە وەزارەتی ساڵح جەبر لەسەر کار هێنرایە خوار و پەیمانی پۆتسمۆس نەما. کابینەی تازەی وەزیران بە سەرۆکایەتی شێخ محەمەد سەدر دامەزرێنرا. لە سەرتاپای عێراق بوو بە جەژن و ئاهەنگگێڕان. ئەو پارتە سیاسیانەی بواری کاری سیاسییان لێ تەنرابوو، کەوتنەوە بزاڤ و کارکردن. لە بەغدا و زۆر

شوێنی تر، لیژنەی هاریکاری نێوان هێزە نیشتمانییەکان دروستکرا. لە کوردستانی بە عیراق لکێنراویش ڕێکخراوەکانی حشع و پارتی ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا. زۆربەی جەماوەری هەرێمەکە کەوتبووە ڕاپەڕین و دەربڕینی چالاکی و هەڵوێستوەرگرتنی ڕێک و ڕەوای نیشتمانی. لە کۆیەش چەند خۆپێشاندانێکی هاوبەش و کۆبوونەوەی جەماوەری سازکرا. شنەی ئازادی و خۆشی ناوچەکەی گرتبووە، برایەتیی کورد و عەرەب، کەمەنەتەوایەتی و ئایینی گەیشتبووە ئەوپەڕی تەبایی و یەکێتی. بەڕاشکاوی دەبینرا عەرەب، کورد، تورک، ئاسووری، جوولەکە و مەسیحی، پێکڕا هەموو دەست لەناو دەستی یەکتر، دڵسۆزانە، کەوتبوونە خەباتی جۆراوجۆر و تەقەلادان بۆ وەرگرتنی سەربەستییە دیمۆکراتییەکان، دانانی سنوور بۆ دەستدرێژیکردنی پۆلیس و دامودەستگاکانی ڕژێمی پاشایەتی و، ڕزگارکردنی عیراق لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی.

سەرۆکی وەزیرانیش، شێخ محەمەد سەدر، کە زانایەکی ناوداری گەورەی شیعە بوو، زوو زوو لە ئێستگەی ڕادیۆی بەغداوە، داوای لە جەماوەر دەکرد، ئارام بێت و هێمنی و ئاشتی لە وڵاتدا بپارێزێت. ئیمپریالیست و نۆکەرەکانیشی دەستەوسان ڕانەوەستابوون، بەنهێنی و جۆرەها پلان کەوتبوونە بەربەستکردنی ڕاپەڕینە پیرۆزەکە و لەناوبردنی ئەو دەستکەوتانەی بە خوێنی شەهیدان وەدەستهێنرابوون.

بۆ یەکەم جار لە کوردستان، لە زۆربەی شار و ناوچەکان، ئاهەنگی نەورۆز یەکجار بە فراوانی و ئاشکرا گێڕدرا. بەداخەوە، لەسەر هێندێ خاڵی بچووک و لاوەکی ڕێکخراوی حشع و پارتی نەگەیشتنە ڕێککەوتن کە یەک ئاهەنگ بکرێت. کرا بە دوو ئاهەنگ. هەر لایەکیش تەقەلای ئەوەی

دەدا کە ئاهەنگەکەی خۆشتر و ڕێکوپێکتر بێت. ڕێکخراوی ئێمە داوای لە لیژنەی مەحەلی هەولێر کرد، کە ژمارەیەک لە میوان بنێرن، بەشداری لە ئاهەنگەکەماندا بکەن. لە ڕۆژی دیاریکراودا ژمارەیەک لە قوتابیانی سانەوی و کەسانی تر گەیشتنە کۆیە. پێکهاتبوو لە ئەنوەر مەحەمەدئەمین دزەیی، موحسین و عومەری برای، شاعیر عەلی فەتاح دزەیی، وریا ئەمین ڕەواندوزی، جوتیار سمەی شایەر و گەلێکی تر. بەشداری گەرموگوڕیان لە ئاهەنگەکەماندا کرد و دەنگێکی باشی دایەوە.

هەر کە لە ١٩٤٨/٥/١٥دا کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان جمعیه الامم المتحده بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی وەرگرت. ڕژێمی پاشایەتیی عیراق و دار و دەستەکانی وەک ماری سڕ سەریان بەرزکردەوە. وەزارەتی شێخ مەحەمەد سەدر لەسەر کار لابرا. لە شوێنی ئەو نوری سەعید کابینەی وەزیرانی تازەی دامەزراند. سەرتاپای عیراقیش خرایە ژێر دادگای عورفی عەسکەری. لەژێر پەردەی باری نائاسایی و شەڕکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا، لە هەموو لایەک دەست بە گرتن و ڕاونانی نیشتمانپەروەران کرا. ژمارەیەکی زێدەبەدەر خرانە نێو بەندیخانەکان. لە کۆیەش کاک ئەحمەد دلزار، ڕۆستەم فەتاح حەوێزی، مەجیدی کاکەی حاجی مەحموود و چەند کەسێکی تر دەستگیرکران و نێردران بۆ هەولێر.

لە کۆتایی ساڵی خوێندندا، ئێمەی قوتابیانی پۆلی سێیەمی ناوەندییان بۆ هەولێر برد. تاقیکردنەوەی کۆتایی خوێندنمان لەوێ کرا. لەئەنجامدا، دەرچووم و شەهادەم پێدرا. باپیرم تەقەلای زۆری لەگەڵمدا کرد کە بچمە کۆلێژی شەریعە لە بەغدا، ئەوکات دەرچووانی پۆلی سێیەمی ناوەندی وەردەگرت و ماوەی خوێندنی کۆلێژەکە شەش ساڵ بوو. بە هیچ جۆرێک

ئارەزووی خوێندنم لەم کۆلێژەدا نەبوو. لە دڵی خۆمدا بڕیاری ئەوەم دابوو سـاڵـەوی تەواو بکەم و بچم بۆ کـۆلێـژی حـقـوق. هەر دەرگـای قوتابخانەکەمان کرایەوە، لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٤٨، بۆ هەولێر ڕۆیشـتم. شـەهادەی دەرچوون و بەڵگەنامـەی پێـویسـتم پێشکەش بە ئیدارەی سـانەوی کـرد. لە پۆلی چواری ئەدەبی وەرگـیـرام. کـەوتمە دەوامکردنی قوتابخانە. بە یارمـەتی هـاوڕێـیانی هەولێـر، بەندە و چەند قـوتابییـەکی ڕەواندوزی خـانوویـێکمـان لە گـەڕەکی عـەرەبان، نزیک مـاڵی شـەهید جەمـال حـەیدەرەی، بە کـرێ گـرت. زۆر جاران هـاوڕێ جـەمـال دەهاتە سـەردانمان و قسـەی خۆش خۆشی بۆ دەکردین. هێندێ جاریش مومـتاز و جـەمشـیدی بـرای، کە ئەوکـات تەمەنیان لە شـەش و هەشت ساڵاندا دەبوو، دەهاتنە لامان.

ڕۆژێک لـە ڕۆژەکـانی پاییـزی ١٩٤٨، هـاوڕێ جـەمـال حـەیدەری لە ژوورەکەی من دانیشتبوو، لەناکاو، قوتابی کاک مەعروف خەزنەدار[٩] بە ژوور کەوت، دەستی بە فسکەفسکی نهێنی کرد لـەگەڵ هـاوڕێ جـەمال و نامەیەکی بچووکیشی پێدا، بەپەلە هاوڕێ ماڵەکەی جێهێشت و، لەدواییدا زانیم یەکسـەر بۆ کەرکووک ڕۆیشـتبوو. چیتر چاوم پێی نـەکەوتەوە تاکو دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨.

دوای هـاوڕێـی شـەهیـد جـەمـال هـەولێری جـێـهـێـشت، برای بـەڕێز خـوالێـخـۆشـبـوو ئەندازیار هاشم عـەبدوڵا، بوو بە لێـپـرسـراوی ڕێکخـراوەکـانی هەولێـر، منیـشـی بە یارمـەتیـدەری خـۆی دانا. چەند

---

(٩) مـەبەست برای بەڕێز دوکـتـۆر مـەعروف خـەزنەدارە، کە زانا و مـامـۆسـتـایەکی بەرزی زانکۆی سەلاحەدینە.

کادرێکی لاوی خوێنکەرم وەک خوالێخۆشبوو ڕەفعەت ئیسماعیل توتنچی، خالس جەواد، ئەنوەر سالْح خۆشناو، خوالێخۆشبوو ئیسماعیل ڕەسول، مەلا عەمەر سۆفی حوسێن، کاروباری شانەکانی نێو شاریان بەڕێوە دەبرد. هاوڕێ کەریم ئەحمەد لێپرسراوی کۆیە، خوالێخۆشبوو حەننا جبرائل ڕێکخراوی شەقلاوە، خوالێخۆشبوو شەهید دەنحایەلدە ڕێکخراوی ڕەواندوز و مرادی جوولەکە کە بە مراوی ناسرابوو ڕێکخراوی مەخمووری بەڕێوە دەبرد.

لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٨دا سەردانی کۆیەم کرد. ڕۆژی ١٩٤٨/١١/١٢ گەڕامەوە هەولێر. ڕێکەوت وابوو لەناو هەمان ئوتۆمۆبیلدا شاعیری نەمر، دانەری مارسلیزی کورد، ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەمی کورد زوبان، یونس ڕەووف دڵدار[١٠] سەفەری بۆ هەولێر دەکرد. تا گەیشتینە قۆناخمان لەگەڵ هاوڕێ دڵدار گەلێ قسەی خۆش خۆشمان کرد. ئەوکات، لە هەولێر، من ژوورێکم لە ئوتێلی کەوکەب ئەلشیمال (کوکب الشمال) گرتبوو. شەوەکە مامۆستای شەهید حاجی عەبدولباقی کە دۆستێکی نزیکم بوو لەگەڵ مامۆستا ئەحمە عەلی

(١٠) دڵدار، یونس ڕەووف، لە بنەماڵەی خادم سوجادەیە، لە ١٩١٨/٢/٢٠دا لە شاری کۆیە هاتووەتە دونیاوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە و هەولێر و، هی ساناوی‌شی لە کەرکووک تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٠ چووەتە کۆلێژی یاسا (کلیە الحقوق) و لە کۆتایی ١٩٤٥ تەواوی کردووە و بووە بە پارێزەر و گەڕاوەتەوە کۆیە. کادیرێکی سەرەکی پارتی هیوا بووە، شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و دانەری مارشی (ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان)ە. کۆمەڵە شیعرێکی کۆمەلایەتی و سیاسی لە دوای خۆی جێهێشتووە. ساڵی ١٩٤٦ چووەتە ڕیزی پارتی ئازادی نیشتمانی کە ڕووی ئاشکرای پارتی کۆمۆنیستی عیراق بووە. لە شەی ١٩٤٨/١١/٢٠دا لە شاری هەولێر، لەناکاو، دونیای جێهێشتووە.

عورێقاتی فەلەستینی هاتنە میوانیم. هەردووکیشیان لایەنگری حشع بوون و، مانگانەش یارمەتیی مادیان بە حیزب دەدا. بەیانییەکەی لە قوتابییەکانی سانەوی زانیم کە شەو دلْدار لە شەقامەکەی نزیک دەرگای ئوتێلەکە دەکەوێت و گیان لە دەست دەدا. ئاه چ دەنگێکی ناسازی جەرگبڕ و پڕ ئێش و ئازار بوو، چەند ڕۆژ لە ماتەمینیدا مامەوە.

زۆری نەخایاند کاک هاشم گەڕایەوە بەغدا. دوای ماوەیەکی کورت سەرکردایەتی حشع کادرێکی عەرەبی بۆ بەرپرسیاری یەکەمی هەولێر لە بەغداوە نارد. خانوویەکمان لە گەڕەکی تەیراوە بۆ ئامادە کرد. قوتابییەکی قوتابخانەی ناوەندی هەولێر کاک جەوهەر حەسەنمان لەگەڵ دانا کە پێکڕا بژین. هاوڕێکە کوڕێکی لەسەرەخۆ و هێمن، کوردی نەدەزانی، گەنمڕەنگێکی تۆخی قەڵەو بوو، چاوی بەناو شار و شەقامەکانی هەولێر نەدەکەوت. ئەویش زۆر نەمایەوە و، هەولێری بەجێهێشت. دوای ساڵێک لە گرتووخانە زانیم کە ناوی عەبدولەتیف هاشم ئەلسەعدی بوو، لە بنەماڵەیەکی ناسراوی بەغدا بوو.

ئۆتۆماتیکی ڕێکخراوەکانی هەولێر کەوتە ئەستۆم کە بەڕێوەیان بەرم. یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ناو شار و پارێزگاکە ئەمەیان نەدەزانی. زوو زوو بڵاوکراوە لە بەغدا دەگەیشت، بەگورجوگۆڵی دابەش دەکران. لە گەلێکیاندا وشەی شۆڕشگێڕی زل زلی تێدا بەدی دەکرا. بەڕاستی منیش نەمدەزانی ئەمە ئەوپەڕی چەپڕەویی منداڵانەی سەرشێتانەیە. بە هەموو هۆش و هەست و توانام لەگەڵ شەپۆلەکە کەوتبووم. هەر کە بینیم شوێنی ژیانم لە ئوتێلەکەدا لەگەڵ ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆم گرتوون ناگونجێت، لەگەڵ قوتابییەکی پۆلی چواری زانستی ئەندامی حزب کاک ئەسعەد محەمەد بەگ شەقلاوەیی ڕێککەوتم و پێکەوە لە قەلات خانوویەکمان بە

کرێ گرت و وەک دوو برا دەژیاین. باری وڵات ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر ئاڵ دەبوو، دەنگ بڵاوبووەوە کە سەرکردە و کادرە سەرەکییەکانی حشع زۆربەیان کەوتوونەتە دەست دامودەستگاکانی تەحقیقاتی جینائی، کە تایبەت بۆ بەربەرەکانیکردنی حشع و هێزە سیاسییەکانی تری عیراق بنیاتنرابوو. ئێوارەیەک لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٩، مەجید ڕەووف، برای دڵداری نەمر، گەیشتە ماڵەکەمان، کۆمەڵێک دەنگوباسی بەغدای بۆ گێڕاینەوە. چەند بڵاوکراوەی دەستنووسیشی بۆ بڵاوکردنەوە هێنابوو. سەرتاپایان بە عەرەبییەکی ڕێکوپێک نووسرابوو، بەڵام لە ڕووی بۆچوون و بیروبڕوا، هەر مرۆڤێک کەمێک بەوردی بیخوێندبایەوە، یەکسەر سەرنجی ڕادەکێشا. گەر پرسیاریش بکرایە ئەمە بۆچی وەهایە؟ چۆن بەم بێتواناییە ئەم ئەرکە قورس و سەرەکیانە بە دەست دەهێنرێن؟ یەکسەر وەڵامت وەردەگرتەوە کە قیادەیەکی ستالینی گەیشتووەتە سەر کەنار، بەم زووانە حزب لە هەموو کەموکورتییەک ڕزگار دەکات! لە یەکێک لە بڵاوکراوەکاندا هاتبوو، کە پێویست و ئەرکە لەسەر گشت ڕێکخراوەکانی حشع، کە بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٤٨، ڕۆژی ١٩٤٩/١/٢٧ خۆپێشاندانی شۆڕشگێڕی ڕێک بخرێت، بۆ ئەوەی لەمپەر لە پێش دەستدرێژییەکانی حکومەتی نوری سەعید و دادگای عورفی عەسکەری دابنرێت. لە هەولێر، شەقلاوە و ڕەواندوز خۆپێشاندان ڕێکخرا. کاتی دیاریکراو دەستی پێکرد و گەیشتنە ناو شەقامەکان. پۆلیس زۆر بەبێ ڕەحمانە کەوتە لێدان و ڕاونانیان. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگران کەوتنە دەست دوژمن و نێررانە دادگای عورفی بەغدا. ئەم کارە نارەوایە زیاتر ڕێکخراوەکانی لاواز کرد و ئازاری زێدەبەدەری بە حشع گەیاند.

لە ناوەڕاستی شوباتی ١٩٤٩دا نامەیەکم لە کەرکووکەوە پێگەیشت. داواکرابووم بچم بۆ چاوپێکەوتنی سەرکردایەتی لق (الفرع الکردی لحشع). لە کاتی دیاریکراودا گەیشتمە ئەو شوێنەی بۆم دانرابوو. دیم گەنجێکی تەمەن حەڤدە هەژدە ساڵان لە شوێنەکە وەستاوە، پرسیاری وشە نهێنییەکەم کرد. وەڵامی دامەوە و پێکڕا ڕۆیشتین تا گەیاندمی بە برادەرێکی تر، ئەویش بردمیە ماڵێک لە دەوروبەری باخەکانی گاورباخی. دوای چەند مانگێک کە کەوتمە بەندیخانە زانیم کوڕە لاوەکە شەهید دارا تۆفیق فەتحوڵا بوو، بەرپرسیارەکەش جاسم ئەلتەعان بوو، کە دانی بە هەموو شتێکدا نابوو، بووبوو بە نۆکەرێکی تەحقیقاتی جینائی. چەند ڕۆژێک پێش نەورۆزی هەمان ساڵ جارێکی تر بە نامە داواکرامەوە بۆ کەرکووک. ئەوجار لەگەڵ شەهید مەهدی حەمید کۆبوومەوە، باری حیزب و ڕامیاری عیراقی بۆ باسکردم و گەڕامەوە هەولێر.

لەو کاتەدا لە ئەوپەڕی ژیانی ناخۆش و پڕ مەترسی و دژواردا دەژیام. ماندووبوون، شەکەتی و نەنووستن ئاکاری خراپیان کردبووە سەر تەندروستی مەزاجم، گەلێ جار بە خۆم دەگوت: "ئەم هەموو ئەرکە قورس و پڕ ئازارانە هی لاوێکی تەمەن هەژدە ساڵان نییە! لە هەمان کاتدا دڵی خۆم بە گوتەی مارکس (بەختیاری لە تێکۆشاندایە) یان قسەی پێشینانی کوردی (بەرخی نێر بۆ سەربڕینە) دەدایەوە. لە قوتابخانەشدا زوو زوو تاقیکردنەوەکان دەهاتنە پێش و نەشمدەویست لە دەرسەکاندا دوا بکەوم و پێم بڵێن قوتابییەکی تەمەڵە و دەرسەکانی ئامادە ناکات.

لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٤٩دا، ئێوارەیەک لەماڵەوە دەرکەوتم، تا بچمە دەرەوەری شار و کەمێک دەرسی علوم عامە بۆ تاقیکردنەوە ئامادە بکەم، کاتێک گەیشتمە بەر دەرگای ئوتێلی فەرەح دیم معاونێکی

پۆلیس و چەند پۆلیس و سەید غەنی خەنجەری جاسوس بەرەو ڕووم دێن. هەر گەیشتمە نزیکیان دەستیان گرتم و گێڕامیانەوە ئەو ماڵەی تێیدا دەژیام. بەوردی پشکنیان، هیچیان دەست نەکەوت. گەڕاینەوە مودیریەتی پۆلیس و شوێنی گرتووخانە. تا تاریکی داهات و شەو شکایەوە ژمارەمان بوو بە هەشت گیراو. لەوانەی ناویان لە یادمدا ماوە کاک فائق نادر، مەلا عومەری سۆفی حوسێن، سەدیق خدر. زانیمان ئەو معاونی پۆلیسەی ئێمەی گرتووە، خەڵکی سلێمانییە و ناوی بەدیع ئەحمەد شەشخانە. نیوەشەو ئێمەیان بە کەلەپچەکراوی بردە لای حاکمی تەحقیق کە ناوی شیت خسرەو بوو. چەند پرسیارێکی لێکردین. ئەوکات بۆمان دەرکەوت کە چەند کادرێکی ڕووخاوی حشع، مالک یوسف، ڕەفیق چالاک، جاسم تەعان و مەجید ڕەووف کە بووبوونە نۆکەری تەحقیقاتی جینائی لەگەڵ وەفدێکی دائیرەکە بۆ گرتنی ئێمە گەیشتبوونە هەولێر. شەوی دووەم، بە شەمەندەفەر ڕەوانەی بەغدادیان کردین. یەکسەریش بۆ مدیریەتی تەحقیقات. قاچمان بەر ئەرزی دائیرەکە نەکەوتبوو، هەڕەشە، جوێن و گاڵتەپێکردن دەستی پێکرد. دەست بە لێکۆڵینەوە کرا لەگەڵماندا. حاکمەکەی تەحقیقی دادگای عورفی کە ناوی حاکم محەمەدسالح بوو، ڕەفتاری لە ڕەفتاری معاونێکی پۆلیسی دەکرد. بە هەڕەشە و هاتوهاوار و قیڕەقیڕ پرسیاری لێ دەکردین. هەر کە تەحقیقکردن کۆتایی پێهات، دوای چەند ڕۆژێک، بۆ گرتووخانەی ئەبوغریب (معتقل ابوغریب) گوێزراینەوە.



کۆمەڵێک لە ئەندام و لایەنگراتی پارتی ئازادی نیشتمانی ـ عیراق.
کۆیە ـ ئایاری ١٩٤٦
ڕیزی دووەم لەڕاستەوە، فاتح ڕەسوڵ.



کۆمەڵێک لە قوتابیانی ناوەندی کۆیە، پاییزی ١٩٤٧.

لەڕاستەوە بۆ چەپ: ڕاوەستاوەکان، پێنجەم کەس فاتح ڕەسوڵ.

لە چەپەوە بۆ ڕاست: دانیشتووەکان، چوارەم کەس شەهید کەمال ڕەشید حەوێزییە،

کە لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٦٣دا، فاشیستەکان بە ناڕەوا شەهیدیان کرد.

# بەندیخانەی ئەبوغریب و دادگای عورفی

هەر کە ئێمەیان بە سەربازخانەی ئەبوغریب گەیاند. یەکسەر ئەفسەرێک و چەند عەریف و سەرباز دەوریان گرتین. کەوتنە پرسیارکردن. ئەو کەلوپەل، ساک، سەعات و پارەوپوولەی پێمان بوو، لێیان وەرگرتین. تەنیا بە کراس و جلوبەرگی نووستنەوە، فڕێیان داینە نێو هۆڵێکی بنمیچ بەرزی دووروودرێژ. لەوێشەوە بەسەر ژووری بچووک بچووکدا دابەشیان کردین.

شوێنەکە لەبنەڕەتدا تەویلەی ئەسپسوارە یاساوڵەکانی کۆشکی پاشایەتی عیراق بوو، تەنیا ئاخوڕەکانیان تێکدابوو، بە کەرپووچ کرابوو بە سەدوهەشتاوشەش ژووری بچووک بچووک، پانتایی هەر ژوورێکیش لە هەشت تا دە مەتری چوارگۆشە زێدەتر نەدەبوو. ژووری بۆگەن و تاریک، تەنیا حەسیرێک لە گەڵای دارخورما دروستکراو و تەنەکەیەکی کۆنی ژەنگاوی تێدابوو!

بەندکراو هەر کە فڕێ دەدرایە نێو ژوورەکانەوە، پەیوەندی بە دونیاوە دەپچڕا. شەو و ڕۆژ جگە لە هاوار و قیژەی دەنگی یاساوڵەکانی بەندیخانەکە گوێبیستی هیچی تر نەدەبوو. هێندێ بەیانیش بەرپرسیاری بەندیخانەکە، کە ئەفسەرێکی سێ ئەستێرەی خەڵکی موسڵ بوو، بە ناوی سەرۆک حەمدون، بەسەر ژوورەکاندا دەگەڕا. دوو ئەفسەری یەک ئەستێرەش یاریدەیان دەدا. یەکێکیان ناوی سوبحی عەبدولحەمید بوو، کە لە ناوەڕاستی شەستەکاندا بوو بە کادرێکی سەرەکی لایەنگرانی جەمال عەبدولناسر لە عیراق و ماوەیەکیش کرا بە وەزیری دەرەوە. ئەوەی تریان

ناوی عەبدولحەمید کاتب بوو، چەندە باسی ژیانی ناخۆش و ئازاری دەروونی، پیس و بۆگەنی، مێش و مەگەزی تەویلەکان بکرێت، هەر کەمە. ئەو سێ ژەمە خواردنەی دابەشیان دەکرد، هێندە کۆن و خراپ بوون، کەس بێزی نەدەهات لێیان نزیک بێتەوە. بە ناچاریش هەر دەخوران.

ڕاستە، کە تاڵ و تفتی، ناخۆشی و گەرم و ساردی لە ژیاندا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا چرکەی وا دێتە پێش کە مرۆڤ ئەوپەڕی خۆشی و لەزەت و تاموچێژی لێ وەردەگرێت و هەمیشە لە یاددا دەمێنێتەوە. هێندێ جار کەم کەمە، دەنگوباس، لە ڕێگای پاساوڵەکان، یا بەندکراوە تازەکانەوە، یان بە نهێنی و لە ڕێگای لەدیواردانی ژوورەکانەوە، دەگەیشتنە ژوورەکان. خۆشترین کات ئەو ڕۆژە بوو کە لە سەرتاپای ژوورەکاندا، دەنگێک وەک هەورەتریشقەی بەهار بڵاوبووەوە، کە سوپای ڕزگاری چین شاری (پەکین)ی پایتەختی لەژێر دەستی هێزی کومنتانگ[11] و کۆنەپەرستەکان ئازاد کردووە و کەوتووەتە ڕاونانی پاشماوەکانیان. هەر بەندکراوێک لە ژوورەکەی خۆیەوە کەوتە نێو

(١١) کۆمنتانگ (پارتی گەلی چینی – حزب الشعب الصینی)، لە سەرەتای ئەم چەرخەوە، بۆرژوازی نیشتمانی چینی بە ڕابەرایەتی (سەن یان سەن) کۆمنتانگیان بنیاتنا. لەدوای مردنی سەن یان سەن لە ناوەڕاستی بیستەکاندا شان کای شک شوێنی ئەوی گرتەوە، بوو بە سەرۆککۆمار و سەرۆکی پارتەکە. زۆری نەخایاند کەوتە شەڕکردنی خوێناوی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی چینی (کونجنتانگ). چەند ساڵ شەڕێکی خوێناوی لەنێوانیاندا درێژەی کێشا. لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم کە ئیمپراتۆریەتی یابان هێرشی بەربڵاوی کردە سەر چین، مشارەکە لەنێوان کۆمنتانگ و کۆنجنتانگ ڕاگەیەنرا، کەوتنە بەرگریکردن لە سەربەخۆیی وڵاتەکەیان دژی یابان. هەر کە جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێهات و یابان شکا و چۆکی پێ دادرا، شەڕی گەرمی نێوان هەردوو هێز دەستی پێکردەوە. لە ناوەڕاستی ١٩٤٩دا کۆمۆنیستەکان شاری پەکین، پایتەختی چینیان لەژێر دەستی شان کای شک ڕزگار کرد. =

لێکدانەوەی دڵخۆشکەرانە و گوشادی. ورە بەرزبووەوە. وا دەزانرا کە پارچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش بەرەو قۆناغی سۆسیالیزم ڕۆیشت و زۆر ناخایانێت ئەم سەرکەوتنە مەزنە دەبێت بە هاندەر بۆ ڕزگاربوونی عیراق و گەلانی تر لە جیهاندا.

لە لایەک لە ئەوپەڕی ناخۆشی، ئازار، گەڤکردن و هەڕەشەدا شەو و ڕۆژمان بە یەک دەکرد، لە لایەکی تریش دڵسۆزی بۆ بیروبڕوای تازە و پارتایەتیمان مەستی کردبووین و لە ڕوانگەیەکی گەش و ڕوونەوە داهاتووی عیراقێکی ئازاد و بەختیارمان بەدی دەکرد. بیروبڕوامان بە ئینترناسیونالیزم و خەبات و خۆڕاگریی بەهێزتر دەبوو، بەم جۆرە لە لایەن زۆربەی هەر زۆری بەندکراوەکانەوە، ژیان لە بەندیخانەکەی ئەبوغریب بەسەر دەبرا.

لە سەرەتای مانگی تەممووزی ١٩٤٩دا ئاگاداری ژمارەیەک کراین، کە بەم زووانە دەنێررێنە بەر دادگای عورفی لە سەربازخانەی وەشاش. دێتەوە یادم، ناوەڕاستی ئەو مانگە بوو، چلوسێ (٤٣) کەسیان لە ژوورەکان دەرهێنا و لەنێو چەند ئوتۆمۆبیلێکی سەرگیراودا بەرەو شوێنی دادگاکە بەڕێکراین. لەو گیراوانەی پێکڕا دادگایی کراین، ئەم ناوانەم لە یاد ماوە، هاوڕێ کەریم ئەحمەد، مامۆستا برایم ئەحمەد، پارێزەر جەلیل هۆشیار، مامۆستایەکی قوتابخانەی سانەوی کیژان حەنینە زەلخە، کاک

---

= کۆماری چینی میللی بە سەرۆکایەتی ماوتسی تۆنگ، سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست دامەزرێنرا. بە یارمەتیدانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دامودەستگای کۆمنتانگ خۆیان گەیاندە دوورگەی تایوان و تا ئەمرۆکە حوکمڕانی دوورگەکە لە دەستی ئەواندایە. کێشەی ئەوان و کۆماری چینی لەسەر دوورگەکە هەر بەردەوامە.

فایق نادر، شەهید دارا تۆفیق، کاک ڕەووف مەعروفی سلێمانی، عوسمان مستەفا خۆشناو و گەلێکی تر.

خائینان مالک سیف، ڕەفیق چالاک، فوئاد بەهجەت، مەجید ڕەووف و جاسم تەعان هاتن و هەر یەکەیان شاهیدیان لەسەر چەند کەسێکمان دا. چەند پارێزەرێکی ناوداری ئەوکات، وەک خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب مەحموود،[12] خدووری خدووری[13] نازم حەمید و پێنجی تر، بۆ بەرگریکردن لە ئێمە ئامادەی دادگاکە بوون. سەرۆکی دادگاکە عەقید عەبدوڵا نەعسانی، وەک دیکتاتۆر دەیقیڕاند بە سەرماندا، ماوەی نەدەدا کە گیراوەکان لە دژی شاهیدەکان و پیاوانی تەحقیقاتی جینائی ورتە بکەن. قەت ئەو وتە پڕ نرخ و جوانانەی پارێزەری خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب مەحموود و خدووری خدووری لە بیر ناکەم، کە چەند بەجەرگانە و بە چ گیانێکی پڕ لە نیشتمانپەروەری و مرۆڤپەروەری کەوتنە بەرگریکردن لە ئێمە و چۆن خائینەکانیان ڕیسواکرد.

دادگاکردنەکەمان چەند ڕۆژێکی خایاند، ڕۆژی بڕیاردان، نەعسانی گوتی: (دارا توفیق انت اطلع، اذا مانطلعك، ماجید بیك یزعل علینا.) (مەبەستی لە ماجد مستەفا بوو کە ئەوکات وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی

---

(١٢) عەبدولوەهاب مەحموود: لە کەسایەتییە ناودارەکانی شاری بەسرە و عیراق دەژمێردرێت. لە بیستەکانی ئەم چەرخەدا یەکێک بووە لە دەستە چەپەکانی ئەوکات. ماوەیەک سەرۆکی نەقابەی پارێزەرانی عیراق بووە و، لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ەوە کرا بە سەفیری کۆماری عیراق لە یەکێتیی سۆڤیەت، ماوەیەک وەزیری دادپەروەری بوو، لەم چەند ساڵەی دواییدا دونیای بەجهێشت.

(١٣) خدووری خدووری: ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی نیشتمانی دیموکراتی عیراق و یەکێک بوو لە بۆرژوا نیشتمانپەروەرەکان.

بوو.) ڕووی کردە کاک فائق نادر: (فائق هل مره اطلع لخاطر اخوک دکتور نامق. بس لازم تترک وبعد لا تجی امامی والا احکمک.) پەنجەی بەرز کردەوە و گوتی: "ابو الثوریات" مەبەستی عوسمان مستەفا بوو، پێنج ساڵ و دوو ساڵ چاودێریی پۆلیس. پاشان گوتی: (من الطویل الی ابو العرقچین سنتین و سنه مراقبه.) لەنێو ئەو کەسانە مامۆستا برایم ئەحمەد، کاک ڕەووف مەعروف، حەنینە زلخە و چەند جوولەکەیەک هەبوون. (من ابو الدشداشه الی ابو الراس الفرح، سنه سجن و سنه مراقبه الشرطه) هاوڕێ کەریم ئەحمەد و منیش بەر ئەم بەشە کەوتین. وا بزانم حەوت کەسیش بەبێ حوکمدان بەردران. هەر یەکسەر بەبێ وەستا لەدوای بڕیاری دادگاکە ئێمەیان بەرەو بەندیخانەی بەغدا برد. کە ئەوکات لە باب ئەلموعەزەم (باب المعظم) بوو. بەسەر بەشی (سجن الموقف) و بەشی قەڵاتی پێنجەم، کە بە بەشی فرێ ناسرابوو، دابەشیان کردین.

# ژیانی بەندیخانە

بۆ جاری دووەم بە ساڵێک بەندکردن و ساڵێک لەژێر چاوەدێری پۆلیسدا کەوتمەوە بەندیخانە، شوێنی ئەم جارەم بەندیخانەی بەغدا، قەڵاتی پێنجەم، بوو. بەندیخانەکە ساختمانێکی یەکجار گەورە و فراوانی کۆن بوو. لە پێنج بەشی سەرەکی و شوێنی کارکردن و مووچەخۆران و دامودەستگاکانی بەڕیوەبەران پێکهاتبوو. لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بۆ شوێنی سەربازخانەی سەرەکیی ویلایەتی بەغدا و بەڕێوەبەردنی سەرتاپای کاروباری عیراقی عەرەبی و ناوچەکانی دەوروبەری کەنداو دروستکرابوو. هەر دوای ئەوەی ئیمپریالیزمی ئینگلیز لە جەنگی جیهانی یەکەمدا عیراقی داگیرکرد، زۆری نەخایاند ڕژێمی پاشایەتی دامەزرێنرا، سەربازخانەکە کرا بە بەندیخانەی سەرەکی لە عیراق. هەر وەک بەندیخانەیەکیش مایەوە، تا لە ناوەڕاستی شەستەکاندا تێکدرا. گەورەترین بەندیخانە لە ئەبوغریب بنیاتنرا.

بەندیخانەی بەغدای ناوەکی (سجن بغداد المركزي)، وەک ئاماژەم بۆ کردووە، لە پێنج قەڵای گەورەی پیس و نارێک و چەند بەشی تری لاوەکی پێکهاتبوو. لەنێو هەر قەڵاتێکدا چەند قاوش و ژووری گەورە گەورە هەبوو. بە شوورەیەکی بەرزی پتەو و تێلی دڕکاوی دەورە درابوو. لەنێوان هەر چەند مەترێکیش، شەو و ڕۆژ، کۆنترۆڵی یاساوڵی بەسەرەوە بوو. قەڵای پێنجەم تایبەت بوو بەو بەندکراوانەی لەسەر کاروباری پارتایەتی یان

لەسەر خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ۱۹٤۹/۱/۲۷ بەندکرابوون. ڕۆژانە بۆ سەرژماردن سێ جار هەموو بەندکراوەکانیان کۆ دەکردەوە. خواردنی سەرتاپای بەندیخانەکەش لە یەک چێشتخانە ئامادە دەکرا و لە تەشت و قازانی زل زلدا بەسەر قەلاکاندا دابەش دەکرا. مانگی ڕۆژێک ماوە هەبوو، کەسوکار و خزم بێنە سەردانی بەندکراو. لەنێو بەندیخانەکەدا شوێنی جۆلایی، دارتاشی و جلدروون هەبوو. ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوەکان کاریان تێدا دەکرد.

بەندکراوەکانی بەشی قەلای پێنجەم کاریان پێ نەدەکرا. ئەمەش بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕایەوە.

یەکەم: بەڕێوەبەرەکانی بەندیخانەکە باش لایان ڕوون بوو کە گیراوە سیاسییەکان ئەم جۆرە کارانە ناکەن.

دووەم: نەشیان دەویست ئێمە لە بەندکراوەکانی تر نزیک ببینەوە.

کتێبخانەیەکی بچکۆلە لەنێو بەندیخانەکەدا هەبوو، ژمارەیەک کتێبی مێژوویی، کۆمەلایەتی، چیرۆک و کتێبی ئایینی تێدا دەست دەکەوت. زۆربەشیان بە عەرەبی، هێندێکیش بە ئینگلیزی، بوون. زوو زوو دەچووم کتێبم وەردەگرت، بەباشی دەمخوێندنەوە، زۆربەی نووسینەکانی جورجی زیدان، مستەفا لوتفی مەنفەلوتی، لامارتین و کتێبی (اشهر المحاكمات في التاريخ) لە نووسینی پارێزەی میسری محەمەد عەبدولا عەنان ی تێدا دەست دەکەوت. ئەو کتێبەی کە زۆر تام و چێژم لێ وەردەگرت، کتێبی (اشهر المحاكمات...)بوو بە هۆی ئەوەی لە گەلێ شوێنی کتێبەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە خۆڕاگری لە تەنگانەدا لە هەموو شتێک زیاتر مرۆڤ بەرەو سەرکەوتن دەبا و بە ئاواتەکانی دەگەیەنێت. جگە لەوە لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا باسی کوشتوبڕ و کاری ناڕەوا و ستەمکارانە هەیە.

بەتایبەت کە بەدرێژی باسی دادگاکانی پشکنین (محاکمات التفتیش)ی[١٤] سەدەکانی ناوەڕاست (القرون الوسطی) لە ئەورووپا و، بەتایبەت لە ئیسپانیا، دەکات. مرۆڤ تابلۆیەکی ڕەش و شوومی دەکەوێتە بەرچاو و یادکردنەوە و پرسیارکردن کە ئایا بۆچ دەبێت لە هێندێ کاتدا مرۆڤ، کە لە هەموو شتێک بەنرخترە، لە دڕەندەترین ئاستدا خۆی بنوێنێت و ببێت بە خوێنخۆر و تێکدەرێکی کەموێنە!

هەر لەسەرەتادا کە کەوتمە ناو کارکردن سیاسی و پارتایەتی، ئەوەم دەکەوتە بەر گوێ کە قوتابخانە هەر قوتابخانەی گەلە و، تێکۆشەر لە بەندیخانە پێ دەگات. تێکۆشەری بە جەرگ و ڕاستگۆ و ئازا ئەو کەسەیە کە بێ یەک و دوو گشت ئەو بڕیارانەی پێی دەگات، تەنانەت گەر هی بەرپرسیاری شانەیەکیش بێت، لەژێر دروشمی سنترالیمزی دیموکراتیدا، جێبەجێی بکات و پاشان ڕەخنە بگرێت. (نقذ ثم انتقد). کە کەمێک تێگەیشتم و چەند کتێب و نامیلکەی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت کە ڕێبازەکە لەنێو گشت پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهاندا بەم شێوەیە و، تێکۆشەر بە گوێڕایەڵی و دڵسۆزی بۆ پارتەکە و

---

(١٤) محاکمات التفتیش: دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٢٣٦دا مەسیحییەکان شاری قورتوبە، پایتەختی ئیسلامەکانیان داگیرکرد، کە پێنجسەد ساڵ بوو ئایین و ئاڵای ئیسلامی تێدا بەرزکرابووەوە، کەوتنە قڕوبڕکردنی ئەوەی ئایین و ناو و ناتۆرەی ئیسلامی بەدواوە بوو. هەر کە هێرشی مەسیحییەکانیش ساڵی ١٤٩٢، شاری غەرناتەیان داگیرکرد، ئیتر لە سەرانسەری ئیسپانیادا بە ناوی دادگای پشکنینەوە بە هەزارەها کەسانی ئیسلام، خاوخێزان، مزگەوت و ئارامگەی ئیسلامەکانیان وێرانکرد. ئامانجی سەرەکییان ئەوە بوو کە شوێنەواری ئیسلامی لە نیمچەدوورگەی ئیبەریا (ئیسپانیا و پورتوگال) بە تەواوی نەهێڵن. سەریشکەوتن لە وەدەستهێنانی ئەوەی مەبەستیان بوو. دووسەد ساڵ زیاتر بەڕێوەبەرانی (محاکمات التفتیش) بە دوای نەهێشتنی ئیسلام خران.

# قۆناغێکی تازە لە ژیانمدا

هەر کە گەیشتمەوە کۆیە بە کەفالەت بەریاندام، بەو مەرجە هەموو ڕۆژ سبەینێ و ئێواران سەردانی دائیرەی پۆلیس بکەم و ناوم لە دەفتەری تایبەتدا بنووسم، تا چاوەدێریی یەکساڵەم تەواو دەبێت.

دوو مانگێک بەم جۆرە، ڕۆژانە، دووجار ناوم لە دەفتەری پۆلیسدا دەنووسی، لە هەمان کاتدا لەسەر دوکانی باپیرم، وەک یاریدەدەری، کارم دەکرد. ئەوکات، دوکانێکی بەقاڵی گەورەی هەبوو. سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٠، ڕۆژێک لە دائیرەی تەجنید گازیان کردم. یەکسەر ئەفسەری بەرپرسیار گوتی: (تۆ سەربازیت لەسەرە. سبەی بۆ سەربازخانەی هەولێر ڕەوانەت دەکەین. پێویستە بیستویەک مانگ سەرباز بیت، ئەگەرنا دەتوانی پەنجا دینار بدەیت و، ئەوکات، سێ مانگ سەربازی بکەیت و بگەڕێیتەوە ماڵی خۆت.)

بە دڵێکی پڕ ئازار و خەمارییەوە گەڕامەوە لای خێزانەکەمان. کەوتنە دڵدانەوەم، گوتیان پەنجا دینارت بۆ دەدەین و دەتکڕینەوە. ژوورێک لە هەولێر بە کرێ بگرە، ڕۆژانە هەر مەشقکردنت لە سەربازخانە تەواو کرد، بگەڕێوە شوێنەکەی خۆت و کەلوپەلی پێویست و ئازووقەی سێ مانگت بۆ دەنێرین.

ڕەوانەی سەربازخانەی هەولێر کرام. یەکسەر سەریان تاشیم و جلوبەرگی سەربازیان پێدام. شوێنی مەشقپێکردنیان بۆ دیارکردم. زانیم لە چ پەل و لقێکدام و بەرپرسیارانی سەربازخانەکە ناویان چییە؟ ئەفسەرێکی ئاسووری ناوی موقەدەم شەلۆمۆن میخائیل، ئامری

ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی ئازاد و چالاک سەریان تێدا چوو، وەک تووڵەنەمامی تازەپێگەیشتوو، پێش ئەوەی ڕەگ و ڕیشەیان بەباشی بە زەویدا ڕۆبچێت، کەوتنە بەر گەردەلوولی زەمانە و تێکشکان و چەماوەنەوە و چۆکیان دادا.

ماوەی بەندکردنەکەم لە بەندیخانەی بەغدا تەواوبوو. بۆ خستە ژێر چاوەدێری پۆلیس، بەکەلەپچەکراوی، گەڕاندمیانەوە بۆ کۆیە.

کرێکاران و هەژاران پەروەردە دەکرا.

بیر و بڕوا و لێکدانەوە و بۆچوونی سەدان تێکۆشەری نێو بەندیخانەکان و دەرەوە، ئەوکات کە منیش یەکێک بووم لەوان، لەو کەوانە تەسکەدا دەخولایەوە. بەقووڵییش لە ناخ و مێشکدا چەسپابوون.

ناخۆشترین ژیان ئەو ژیانە ڕۆتینییە پڕ مەلەلەیە، کە تێکۆشەر ناچار دەکات لەنێو چوار دیواردا ژیان بەسەر بەرێت. دوور لە ژیانی ساکار، دوور لە خەڵک و کەسوکار، دوور لە هەڵسان و دانیشتن، گەڕان و سووڕان، شوێنی ژیان، گوێگرتن و خوێندنەوە، زیان لاڵ دەبێت و دەم دەبەسترێت و، سەرتاپایان کۆنترۆڵی لەسەر دادەنرێت، مرۆڤ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ستەمکاران و دوژمنانی پێشکەوتن و نوێکردنەوە.

لە بەندیخانەدا بایەخێکی زۆرم بە پاراستنی لەشساغی، پاک و خاوێنی و خوێندنەوە دەدا. شەو و ڕۆژ، کتێب و بڵاوکراوەم لە دەست نەدەبووەوە. لە ماوەی ئەو هەشت مانگەی لە بەشەکدا ژیام، ناسیاوی و دۆستایەتیم لەگەڵ دەیان بەندکراودا پەیداکرد. لەنێویاندا لە دانیشتوانی بەغدا و باشوور و باکووری عیراق، عەرەب، کورد، جوولەکە، مەسیحی، شیعە و کلدانی هەبوون. خۆشبەختانە، تاهەنکەش، دۆستایەتیم لەگەڵ ژمارەیەکیان ماوە و گەرموگوڕە.

لە بەندیخانەدا، بەتایبەت لە قەڵای پێنجەم، گەلێ مرۆڤی بەڕێز و ڕەوشتجوان و ڕێکوپێک هەبوون، لە هەمان کاتدا، هی خەسڵەتپووچ، ڕەوشتخراپ و تەپیوی سیاسی بەڕاشکاوی دەبینران. لە ڕووی ژیانی بیر و بڕوا و ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییەوە، پیسترین نەخۆشی چەپڕەوی منداڵکارانە، لەنێوماندا بڵاوبووبووەوە. ئەم دیاردەیەش لە چەند ساڵێکدا زیانی زۆری بە ژیانی ڕێکخراوەیی نێو حیزبی شیوعی گەیاند.

سەربازخانەکە بوو. بەیانیان یەکجار زوو لە گۆڕەپانی سەربازخانەکە ئامادە دەبوو. گەورە و بچووک لێی دەترسان. توندوتیژ، گرژ و دڵڕەق، شەڕ لە دەموچاوی دەباری. ڕۆژی شەش سەعات مەشق و کاری بە سەرتاپای سەربازەکان دەکرد. ناخۆشترین کار مەشقکردنی سەخت (التدریب العنیفە) بوو، کە پێویستی دەکرد سەربازەکان لەژێر تێلی درکاوی، بەرز و نزمی پڕ لەمپەڕ، کۆسپ و بەرهەڵست، خۆدەربازکردن لە ئاگر و غاردان و...هتد مەشق بکەن.

ماوەی ئەو سێ مانگەی لە سەربازیدا بووم، دیم چەند سەرباز قاچ و دەستیان لە کاتی مەشقکردندا دەشکا و دووچاری ئازاری زۆر دەهاتن. هەر کە کاتی مەشقکردن تەواو دەبوو، عەریفی پەلەکەم ماوەی دەدام بگەڕێمەوە شار. بە هۆی ئەوەی ئەو مانگانەیەی بە سەربازیان دەدا، بە عەریفەکەم دەدا.

سێ مانگ ژیانم لە هەولێر بەسەر برد. هەر کە دوای نیوەڕۆ دەگەڕامەوە ماڵەکەم کە لە قەڵا هەڵکەوتبوو، بە ئامادەکردنی خواردن و پاکوتەمیزی کاتم بەسەر دەبرد. ئەو سێ مانگەی سەرباز بووم، هاتوچۆکردنی پۆلیسم لەسەر نەبوو. کەس نەیدەگوت ماڵت لە کوێیە؟ دۆستایەتی کۆنی بەندیخانەی موسڵم لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەرجیس کەریم چاوشلی نوێ بووەوە. لە ڕێگای ئەویشەوە ناسیاوی و دۆستایەتیم لەگەڵ چەند لاوێکی هەولێری ناسراوی وەک جەمال سەلیم و وسوو سەبزەچی پەیدا کرد. گەلێ ئێواران لە باخچەکەی جەمال سەلیم کە کەوتبووە پشت کۆشک و باڵەخانەکەی عەتاولائاغای ڕەشیدئاغا، لەسەر ڕێگای کۆیە، کاتمان بەسەر دەبرد.

لە کۆتایی کانونی دووەمی ١٩٥١دا سەربازیم تەواوکرد. گەڕامەوە

کۆیە. کەوتمەوە سەر ئیشەکەی پێشووم و یارمەتیدانی باپیرم.

وا بزانم هەر دە پانزە ڕۆژێک دەبوو گەڕابووەمەوە ماڵمان، شەوێک پۆلیس بەدوامدا هات، بۆ پۆلیسخانەیان بردم و، یەکسەر بەندکرام. گەلێ بەوردیش ماڵمانیان پشکنی. ڕۆژی دووەم، بەدەستبەستراوی، بۆ هەولێر و لەوێشەوە بۆ بەغدایان ڕەوانە کردم. دیسان کەوتمەوە دائیرەی تەحقیقاتی جینائی. پرسیارکردن و لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد؛ ئایا جەرجیس فەرنسیس و ئەندریا فەتوحی دەناسی؟ بەڵێ، ئەمانە لە دانیشتووانی کۆیەن. جەرجیس لەمنداڵیەوە لەگەڵمدا قوتابی بووە تا دوو ساڵ پێش ئەمڕۆکە، هیچ پەیوەندییەکی پارتایەتیم نەبوو لەگەڵیاندا. دوای چەند ڕۆژێک بۆ بەندیخانەی گشتیی بەغدا (الموقف العام)یان ناردم. بینیم زیاتر لە سەدوپەنجا بەندکراوی تێدایە. لەنێویاندا ژمارەیەک برادەر و ناسراوی تێدابوو، لەوانە هاوڕێم کاک کەریم ئەحمەد، کاک شێخ محەمەد محەمەد،[١٥] هاوڕێیان ئەسعەد خدر، مەجید عەبدولڕەزاق، عیزەدین مستەفا،[١٦] مستەفا ساڵح کەریم و خوالێخۆشبوو ئیسماعیل ڕەسوول و گەلێکی تر. شەش مانگ زیاتر لە بەندیخانەدا ماینەوە. بەڕاستی، گەرما و مێشووله و پیسیی شوێنەکە هەموومانی وەڕس کردبوو. پۆل پۆل خرایتە پێش دادگای جەزانی بەغدا (محکمە جزاء بغداد)، حاکم بورهانئەلدین گەیلانی دادگایی دەکردین. ڕووخاوەکان دەهاتن و شایەتیان لەسەر هەر یەکێک لە گیراوەکان دەدا. لەئەنجامدا، دادگاکە بڕیاری بەندکردنی چەند هاوڕێیەکی دا و، ژمارەیەکیش بە

---

(١٥) بە شێخەشەل ناوی دەرکردووە.

(١٦) مەبەست دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵە.

کەفالەتی دووسەد دینار بەردرا، بەمەرجێک بۆ ماوەی ساڵێکی ڕەبەق بە کردەوە و ڕەوشتباشی و، دوور لە کارکردنی سیاسیدا بن. بەندە یەکێک بووم لەوان. ئەوانەی کە شایەتی ئەوتۆیان لەسەر نەبوو، هەر لە هۆڵی دادگاکە بەردران.

بیرم کردەوە کێ لە بەغدا دەبێ بە کەفیلم. گەر کەفیلم نەبێت، دەبێت ساڵێک بچمەوە بەندیخانە. داوام لە یەکێک لەو برادەرانە کرد کە بۆ دەرەوە دەڕۆیشت تا بچێت بۆ مەکتەبی ئەندازیار خوالیخۆشبوو بەکر عومەر یەحیا، لە شەقامی موتەنەبی و، پێی بڵێت: "فاتح ڕەسول داوات دەکات کە ببیت بە کەفیلی و کەس لە بەغدا ناناسێت!" زۆری نەخایاند، دوای چەند سەعاتێک، لە بەندیخانەی سەرا (موقف السراى) بەغدا گازیان کردم. بینیم کاک بەکر، کە ناوناسی بە بەکر دلێر دەرکردبوو، جوامێرانە وەستاوە و گوتی: "کەفالەتەکەتم تەواوکرد، فەرموو بۆ دەرەوە با بڕۆین." بەڕاستی، کارێکی یەکجار جوامێرانەی لەگەڵدا کردم و نەیهێشت بکەومەوە بەندیخانە.

بەبێ خۆوەخراندن گەڕامەوە کۆیە.

سەرەتای پاییزی ١٩٥١، بیری ئەوەم کردەوە تەقەلا بدەم و بگەڕێمەوە قوتابخانە و شەهادەی سانەوی بە دەست بهێنم. بە یارمەتیی دۆستێک، نامەیەکم لە ئیدارەی سانەوی هەولێر وەرگرت، لەسەری نەنووسرابوو بە هۆی کاری سیاسی لە قوتابخانە دەرکراوە! لە هەمان کات، دەمزانی لە کەرکووک قوتابخانەیەکی سانەوی ئەهلی هەیە و لێپرسراوەکەی ناوی عەبدوڵا عەلی حیکمەتە. ئەو مامۆستایە ماوەیەکی زۆر لە کۆیە ژیابوو و، دۆست و ناسیاری زۆری لە شارەکەماندا هەبوو. یەکێک لە دۆستەکانی خوالیخۆشبوو کاک عوسمان عەونی شاعیر بوو، کە پەیوەندی ناسیاری و

دۆستایەتیی خێزانی دێرینمان بوو. بە خوالێخۆشبوو کاک عوسمانم گوت، کە داوا لە مودیری سانەوی ئەهلی کەرکووک، عەبدولا عەلی حیکمەت، بکات تا لە قوتابخانەکەی خۆی وەرم بگرێت. کاک عوسمان ئامادەیی تەواوی پێشاندا و، زوو داواکەی جێبەجێ کرد.

دەرگای خوێندم بۆ کرایەوە.

وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە، ڕۆژانە لەسەر دوکان یارمەتیی باپیرم دەدا، شەوانەش هەر کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوەیەکم دەست بکەوتایە، بە تامووچێژەوە دەمخوێندەوە. پەیوەندیشم لەگەڵ کۆنە لایەنگرانی حیزبی شیوعی لەناو شاردا بەهێز بووبووەوە.

لە سەرەتای ١٩٥٢دا، داواکرام بچم بۆ کەرکووک. بە ڕێگای برای بەڕێز کاک مەجید کاکە حاجی مەحموود، چاوم بە شەهید جەمال مەربین کەوت و پێکڕاش بۆ لای کادرێک ڕۆیشتین. لەدواییدا، زانیم برادەرەکە خوالێخۆشبوو کاکەی فەلاح بوو. ئەوکات بەرپرسیاری یەکەمی لقی حیزبی شیوعی بوو لە کوردستان (لجنە الفرع فی کردستان). کاکە گوتی: (بە بڕیاری سەرکردایەتی حیزب ناگەڕێیتەوە قوتابخانە، نابێ کۆیە بەجێ بهێڵیت، لەمەودوا دەبیت بە لێپرسراوی یەکەمی ئەو ڕێکخراوەی لەوێ هەیە.) بەبێ یەک و دوو داواکەم پەسەند کرد و بە گوشادی و دڵخۆشی وەرمگرت. ناوی چەند لاو و دۆستی پێدام کە پەیوەندی لاوازیان لەگەڵ حیزب هەبوو، هاوکاتیش کۆمەڵێک بڵاوکراوەی نهێنی پێدام و گەڕامەوە کۆیە.

کەوتمە تەقەلادانی ڕێکوپێک، پەیوەندیم لەگەڵ ئەو ناوانەدا بەهێز کرد کە پێم درابوو، یەکەم هەنگاوم شانەیەکی سەرەکی لە برای بەڕێز خوالێخۆشبوو محەمەد ڕەسول حەیدەری و کرێکار عەبدولا ڕەشید و

قوتابی باپیر قادر حوسێن پێکهێنا. پەیدەرپەی کارکردنی پارتایەتیمان بەرێکوپێکی بەرەو پێش دەڕۆیشت. لە ماوەیەکی کورتدا پەیوەندیمان لەگەڵ ژمارەیەکی باش لە قوتابی، کرێکار و ئافرەتانی شارەکەدا پەیدا کرد. چەند شانە و شانەی هەوادارمان پێکەوە نا. پەیوەندیی پارتایەتیمان بە هەولێر بەسترایەوە. خۆشمان توانیمان پەیوەندی لەگەڵ چەند گوندێک و ڕانیە و قەڵادزەدا پەیدا بکەین.

لە بەهاری ١٩٥٢دا سینەمای ئەمریکایی گەڕۆک، بۆ بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە دژی بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی هاتنە کۆیە. لەو کاتەی فیلمێکی دژی گەلانی باشووری ئاسیا و شۆڕشگێڕەکان خستبووە کار و گەلێ دیمەنی نارەوا و پڕ درۆی پێشان دەدا، تەماشاکەران خۆیان پێ ڕانەگیرا و دەست بە هاوار و هیتافکردن و بەردپێدادان بە شاشە و ئوتۆمۆبیلەکەدا کرا. پۆلیس ویستی قین و کینە و هورووژمەکە بوەستێنێت، سەر نەکەوت. زوو سینەماکە ڕاگیرا، کەلوپەلەکانیان پێچایەوە و بڵاوەی لێکرا. جارێکی تر دوای سێ چوار مانگ سینەماکە گەڕایەوە کۆیە، لێژنەی قەزا کۆبووینەوە و بڕیارمان وەرگرت سینەماکە بسووتێنین. داوا لە خوالێخۆشبوو محەمەد حەیدەری کرا نەوت و بەنزین ئامادە بکات و ڕێکخراوەکانیش ئامادەکران بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا بکەن و ڕۆڵی خۆیان ببینن لە کاتی سووتاندنی سینەماکەدا. چەند قوتابی و کرێکاری ئازا و چالاک دەستنیشانکران، کە هەر سینەماکە کەوتە کارکردن بەجەرگانە دەست بە هیتافکێشان بکەن و، هێرشبەرەکان سینەماکە بسووتێنن. ئەو نەخشەیەی کێشرابوو، سەرکەوتووانە، جێبەجێ کرا و سینەماکە سووتێنرا. پۆلیس کەوتە پەلاماردان و تەقەکردن لە خەڵکەکە، بەڵام هیچی پێ نەکرا. دوای ئەوە زانرا کە

باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عیراق بڕیاری وەرگرتووە کە چیتر سینەمای گەڕۆک نابێت بچێت بۆ کۆیە!

هەر کە هاوڕێی دێرینم و برا کاک ئەحمەد دڵزار سێ ساڵی ڕەبەقی بەندیخانەی تەواوکرد، مانگی تەمموزی ١٩٥٢، گەیشتەوە کۆیە. زوو پەیوەندیی پارتایەتیمان پێکرد و سەرگەرمانە ئامادەیی تەواوی خۆی بۆ جێبەجێکردنی گشت فەرمانەکانی حیزب نیشاندا.

کاروباری وڵات و ژیان، نەک تەنیا هی ناوخۆی عیراق، بەڵکە لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەوتبووە گەڕ و سووڕێکی ئاڵۆز و شڵەژاو. کێشە و کەین و بەین و جموجووڵ خێرا دەهاتن و دەڕۆیشتن. ئێوارەی ١٩٥٢/٧/٢٢ ڕادیۆکانی دنیا بڵاویان کردەوە کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی گرنگ بەسەر باری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووە. سوپای میسر بەسەر ڕژێمی پاشایەتیدا سەرکەوتبوو و، ڕژێمی کۆماری بنیاتنرا. ڕاپەرینەکە لە شێوەی بوومەلەرزەیەکی یەکجار بەهێزی کاریگەردا جیهانی هەژاند. باری سۆسیۆلۆژیی جەماوەری عەرەب و وڵاتانی تری بەرەو بیرکردنەوە و بۆچوونی تازە بۆ پێشەوە برد. گۆڕانکارییەکەی میسر ڕۆڵی پێشڕەوی بینی لە هاندانی گشت پارت و هێزەکانی عیراق و کوردستاندا، کە بەجەرگانەتر بکەونە خەباتکردنی جۆراوجۆریان، دژ بە وڵاتە ئیمپریالیستەکان و ئەو چین و توێژ و گرووپە کۆنەپەرستانەی وابەستەی بێگانەی داگیرکەر بوون. گیان و گوڕێکی بەتەوژمی بە کاروانی تێکۆشانی ئازادی نیشتمانی دا. ڕابوون و بزاڤەکانی خەڵک کەوتە گەشەکردن و پەرەسەندن. ئەو دیاردەیەش لە زۆربەی ناوچەکان، بەئاشکرا، بەدی دەکرا. سەراپای حیزب و هێز و گرووپە نیشتمانی و نەتەوەییەکان کەوتنە گەرمەی جموجووڵی کۆکردنەوە و ڕێکخستن و

پتەوكردنی ڕێكخراوەكانیان.

ڕۆژی ١٩٥٢/١١/٣٠ خوشكە ئامینەی مەلا غەفور (دایكی خەسرەو)، خێزانی خوالێخۆشبوو كاك حەمید عوسمان، گەیشتە كۆیە. نامەیەكی پێدام و خوێندمەوە، داواكرابوو هاوڕێ دڵزار بگاتە هەولێر. بەبێ وەستان بۆ ماڵیان ڕۆیشتم و، نامەكەم پێدا. یەكسەر كەوتە خۆئامادەكردن و لەتەك خوشكە ئامینەدا بەرەو هەولێر كەوتنە ڕێ.

هەستم دەكرد ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو ئەرك و كارانەی لە ئەستۆمدا بوون زێدەتر دەبوون. باپیر و باوكیشم لە گەڕ و سووڕەكانم ئاسوودە نەبوون و نارەزایشتیان دەردەبڕی. گەیشتمە سەر ئەو بڕوایەی داوا لە دایكم بكەم ئەو دوكانەم بۆ ڕەهن بكات كە بە میرات لە باوكییەوە بۆی مابووەوە، تا بە پارەكەی دوكانێكی عەتاری دابنێم. دوكانەكەمان بە هەشتا دینار ڕەهن كرد، دوكانم كردەوە و یەكجار سوودم لە شوێن و كارە تازەكەم دەبینی. ڕایەڵی ڕێكخراوەكانمان باش پەرەیسەند و ئەندام و لایەنگرانمان لەنێو جوتیارانیشدا بۆ پەیدا بووبوو. كۆمیتەیەكی جەماوەری، بە ناوی كۆمیتەی گەل، مان بنیاتنا. كۆمیتەكە لە كاروباری بازاڕ و ژیانی ئیشكەران و خێر و خۆشی و دەستكورتیی هەژاران و پەژارەیانی دەكۆڵییەوە و، بەپێی توانای بە ئەركە مرۆڤایەتییەكانی خۆی هەڵدەستا. لەو برایانەی ڕۆڵی سەرەكییان لەو كۆمیتەیەدا دەبینی، كاك سەعیدی مەلا ئەحمەد، كاك جەنگی تاڵەبانی، خوالێخۆشبووان غەفوری حاجی یەحیا و مەلا قادری حەمەگرانی و گەلێكی تر بوون.

لە مانگێكدا دوو سێ جار یەكترمان دەبینی، باسی كەموكووڕی ناو شارمان دەكرد. ئەوەی لە توانامانذا بووایە هەنگاومان بۆ دەهاویشت. زۆربەی جەماوەرەكە گوێیان لە ئامۆژگارییەكانمان دەگرت. كتوپڕ

دەنگێکی ناساز بڵاو بووەوە، گەلێ نائارامی کردم و مەترسی گەورە و زیانی زۆرم لە ئەنجامەکەیدا بەدی دەکرد. دەنگەکەش ئەوە بوو کە باری ناو ڕێکخراوەکانی حیزب تێک چووە و، لە سەرکردایەتییەوە تا ژمارەیەک لە ناوچە و شانەکان ناکۆکی و کەرتکردنی تێکەوتووە. بەشێک لە کادیرە ناودار و ناسراوەکانی وەک شەهید جەمال حەیدەری، هاوڕێ عەزیز محەمەد، شەهید حەمزە سەلمان، شەهید حەسەن عوینە و گەلێکی تر، جیابوویوونەوە و خۆیان بە ناوی حیزبی شیوعی عیراق، ئاڵای کارگەران (رایە الشغیلە) ڕاگەیاندووە و کار دەکەن. لە سەرتاپای عیراقیشدا لە کادیر و ئەندام و لایەنگران وەگەڕیان کەوتوون. سەرکردایەتی حیزب (القاعدە) زۆر بە نارەوا و توندوتیژی و نەیاری دوژمنایەتیان دەکردن. لە بڵاوکراوەی ناوخۆ (الانجان)دا هێرش و تۆمەتی ناڕاستی ئاراستە دەکردن. هاوڕێیانی دۆستم کە لەگەڵ رایە الشغیلە کەوتبوون، هەوڵ و تەقەلای زۆریان لەگەڵمدا دەدا کە ببمە لایەنگری ئەوان، بەڵام لە ناخی دڵمەوە دژی کەرتکردن و شەڕەچۆیی و ڕیسواکردنی یەکتری بووم. نارەزایی و ڕەخنەشم لە کارە نابەدییەکان دەردەبڕی. لەڕاستیدا، سەرکردایەتیی حیزب، ئەوکات، کەوتبووە ناو ڕێبازێکی چەپڕەوانەی ئەوتۆوە کە چاکە و خراپە لەلای هەر ئەوە بوو، هەڵوێست و بڕیارەکانی پەسەند بکرێن و جێبەجێ بکرێن! ئەوەی کەمێک لەسەر ڕەخنەگرتن و دەربڕینی نارەزایی سوور بووایە، یەکسەر دەردەکرا و، هەزارویەک ناو و ناتۆرەی دوا دەخرا و، لە بڵاوکراوەی (الانجان)دا[١٧] ئاماژەی بۆ دەکرا. لە

---

(١٧) الانجان: بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ بوو لە شێوەی گۆڤاردا، لە سەرەتای ١٩٥١ تا ناوەڕاستی ١٩٥٣، سەرکردایەتی حشع دەری دەکرد. لە دواییدا ڕاگیرا.

ماوەیەکی کورتدا، خوالێخۆشبوو ئیسماعیل ڕەسول کە برادەر و هاوڕێی کۆنم بوو دووجار هاتە کۆیە و بە ناوی هاوڕێ جەمال حەیدەرییەوە داوای لێ دەکردم کە بکەومە تەک ئەوان. بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ داواکەیان نەبووم. ڕێکخراوەکانی حیزبمان لە کۆیە، ڕانیە و قەڵادزە پاراست و ماوەمان نەدا (رایە الشغیلە) شانەیەک لە ناوچەکەدا پێک بهێنێت. لە هەمان کاتدا پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتبووە نێو کێشە و دووبەرکییەوە. پەیوەندی و دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوەکەیان لە کۆیە بەهێز بوو، بەتایبەت پەیوەندی نێوان نووسەری ئەم یادداشتانە و برای گەورە کاک عەلی عەبدوڵا، کە ئەوکات لێپرسراوی یەکەمی ڕێکخراوەکەی پارتی بوو لە شارەکەدا و ئەندامی دەفتەری سیاسییش بوو. زوو زوو یەکترمان دەبینی و ئاڵوگۆڕی ڕا و بۆچوونمان دەکرد. ئەو بڵاوکراوە و چاپەمەنییانەی دەگەیشتنە دەستم پێم ڕادەگەیاند، وەک گۆڤاری (قضایا السلم والاشتراکیە) کە لە پراگ دەردەچوو، گۆڤاری (الشبیبە العالمیە)، (المراعە العالمیە) و بڵاوکراوەکانی چاپخانەی (القاعدە) و...هتد. گەلێ جاریش کاک عەلی ڕەخنە و نارەزایی لەسەر ڕێبازی چەوت و توندوتیژی سەرکردایەتی حیزب دەردەبڕی و دەیگوت: (کارەکانیان بێ ئەنجامە، زیانی زۆر بە حیزبی شیوعی خۆی و گشت جووڵانەوەی ئازادیخوازی عیراقیش دەگەیەنێت...) بەندەش، سەرگەرمانە، لە ڕووی ئەودا بەرگریم لە سەرکردەکانی حیزب و ڕێبازەکەیان دەکرد!

لە سەرەتای ١٩٥٢دا میریی عیراق بڕیاری وەرگرت کە بە هەڵبژاردنێکی تازەی ئەندامانی پەرلەمان هەڵبستێت. سەرکردایەتی حیزب بڕیاری وەرگرت کە تەقەلا بدرێت خەڵکی بەشداری لە دەنگداندا نەکات و هەڵبژاردنەکە سەر نەگرێت. بە نامەی تایبەت داوامان لێکرا، کە

ئەوەندەی لە تواناماندا هەیە بۆ سەرنەکەوتنی هەڵبژاردنەکە لە ناوچەکەی خۆماندا هەوڵ بدەین. لیژنەی قەزا کۆبووەوە. کەوتینە دەرسکردنی نامەکە و باری جەماوەری شار و دەوروبەری. ئەوکات، میریی عیراق دەیویست خوالێخۆشبوو مەلا حەویز ئاغای غەفوری بە نوێنەری کۆیە دەرچێت، پارتیش (پدک) کەوتبووە تەقەلادان کە جەماوەرەکە کاک مەسعود محەمەد جەلیزادە هەڵبژێرێت. بڕیارمان وەرگرت بکەوینە بزاڤ و بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە دژی هەڵبژاردنەکە. هانی جەماوەرمان دەدا کە بەشداری لە دەنگداندا نەکات. هەروەها بڕیارمان وەرگرت کە لە ڕۆژی دەنگداندا، ١٩٥٣/١/١٧، خۆپێشاندان ساز بکەین. برا مام ئەسعەد محەمەد حەویزی، ئەوکات بەنهێنی دەژیا، ڕابەرایەتی خۆپیشاندانەکە بکات و، کفنی سپیش بکاتە بەری. ڕۆژی دەنگدان سەعات یانزەی بەیانی خۆپێشاندەران کەوتنە نێو کووچە و شەقامەکان و کفنلەبەریش لە پێشیان. جەماوەر، پۆلیس، مووچەخۆران و ئەوانەی دیمەنەکەیان دەبینی بە سەرسوورمانەوە تێیان دەڕوانی. خۆپێشاندەران گەیشتنە سەر سندووقی یەکەمی دەنگەکان لە مزگەوتی گەورە و وردوخاشیان کرد. کاغەزەکانی دەنگدان پەرت و بڵاوکرانەوە. بەرەو سندووقی دووەمیش کەوتنە ڕێگا، بە هەمان شێوە لە مزگەوتی بابیزئاغا سەندووقی دوومیشیان وردوخاش کرد و سەرکەوتووانە بڵاوەی لێکرا. کفنلەبەر ون بوو و، لە دوای خۆی چەندان دەنگ، گوتە و شتی سەیر سەیری بەجێهێشت. بەڵام بە هۆی دەسەڵات و توانای زۆری خوالێخۆشبوو کاک زیادئاغای غەفوری، کاک مەسعود بە نائب دەرچوو.

دوای دوو ڕۆژ میری چەند کەسێکی بەندکرد، یەکێکیان من بووم و خراینە بەردەم دادگای شار. ئەوسا حاکم کاک جەوهەر عزیزی پاشا بوو،

به دۆستی پدک ناسرابوو، زۆربەی گیراوەکانی بەردا. بە تەنیا پێی گوتم: (فاتح دەزانم هەموو کارەکان لەژێر فیتی تۆ دەکرێن. بەڵگەی یاساییت لەسەر نییە، خوا حافیز بڕۆوە ماڵ.)

ڕۆژ دوای ڕۆژ باری سەرتاپای عیراق دژوار و ئاڵۆزتر دەبوو. لە گەلێ ناوچەدا کێشەی ڕامیاری و چینایەتی شێوازی توندوتیژی دەگرتە خۆ. ڕژێمی پاشایەتیش تێرۆر و توندوتیژی، هەڕەشە و گەف و گوڕی دژ بە هێزە بەرهەڵستکارەکان بەکار دەهێنا. ماوەی بچووکترین سەربەستی دیمۆکراسییان نەدەدا. دەسەڵات زیاتر بە پۆلیس و دائیرەی تەحقیقاتی جینائی درابوو. سیخوڕ و نۆکەرانیان گەلێ زیاد کردبوو. لەو سەروبەندەدا، ژمارەیەک لە گیراوە سیاسییەکانی بەندیخانەی کوت و نوگرەسەلمان بە گوللەی پیاوانی ڕژێم شەهیدکران. لەناو ئەو هەموو بارە ناجۆر و ئاڵۆز و دژوارەدا، ڕێکخراوەکەی ئێمە باش گەشەی دەکرد و بەرەوپێش دەڕۆیشت. لقی ڕێکخراوە دیمۆکراسییەکانی سەر بە حیزب، وەک یەکێتیی قوتابیان، یەکێتیی لاوانی دیمۆکراسیی عیراق، کۆمەڵەی ڕابیتەی ئافرەتان و یەکێتیی کرێکاران لە کۆیە بنیاتنران. پەیوەندی ڕاستەوخۆشیان بە بەغداوە بوو. ژمارەیەک ئەندام و لایەنگریشمان لە چەند دێیەک پەیدا کردبوو.

وا دێتەوە یادم سەرەتای وەرزی بەهار ساڵی ١٩٥٣ بوو، داواکرام بۆ کەرکووک بچم. لە کاتی دیارکراودا بۆ ماڵێکی نهێنییان بردم، دیم چەند برادەرێک چاوەنواڕیم دەکەن. کاک کەمال مەحموود، هاوڕێم ئەسعەد خدر، غەفووری میرزا کەریم، شاعیر خوالێخۆشبوو ساڵح دیلان لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بوون. کاک کەمال گوتی: (ئێمە لەمەودوا کۆمیتەی باڵای یەکێتیی لاوانی دیمۆکراسی عیراقین لە کوردستان.

پێویست بەوە دەکات بایەخی باش بە کاروباری لاوان بدەین و ڕێکخراوەکەیان زۆر فراوان بکرێت. گیانی وەرزش، هونەرە جوانەکان، دۆستایەتی و برایەتی لەنێویاندا باش بڵاوببێتەوە.) چەند بڕیارێکمان وەرگرت و، ڕۆژی دووەم بڵاوەمان لێکرد.

لە مانگی نیسانی ١٩٥٣دا ڕاپەڕینێکی جوتیاری فراوان لە ناوچەی دزەیی دەستی پێکرد، لە ماوەیەکی کورتدا نزیکی سێسەد دێی گرتەوە، دەنگ و ڕەنگێکی کاریگەری لە هەرێمەکە و عیراقدا دایەوە. بەپێی بارودۆخی ئەوکات لە لایەن هێزە بەرهەڵستکارەکانەوە پشتگیری دەکران. جوتیارەکان داوایان دەکرد مۆڵکانە کەم بکرێتەوە، سوخرە و بێگار لەسەریان هەڵبگیرێت، دەرەبەگەکان نەتوانن بە مەبەست و ئارەزووی خۆیان پەتپەتێنیان پێ بکەن و چیتر بە سووکی ڕەفتاریان لەگەڵدا نەکەن! میری و دەرەبەگەکان دووچاری مەترسی و سەرلێشێوانێکی مەزن هاتبوون، بە هەموو شێوە و توانایان کەوتبوونە بەربەرەکانیکردنی ڕاپەڕینەکە. پەیوەندی لەنێو جوتیارەکانی قەراج، شەماک، پشتەریی و بەریی یەکجار بەهێز بووبوو. هەرچەندە ڕۆڵی سەرەکی کادیر و جوتیارەکانی سەر بە ڕێکخراوەی حیزب دەیانبینی، بەڵام لە هەمان کاتدا هاوکاری و هاریکاریی نێوان لایەنگرانی حیزب و لایەنگرانی پارتی، بەئاشکرا، بەدی دەکرا، سەرجەمی کارەکانیان پێکڕا هەڵدەسووڕاند.

میری و لایەنگرانی بە هێرشی فراوانی پۆلیس و جۆرەها فرتوفێڵ و پەلپ و بیانوو کەوتنە بەربەرەکانی ڕاپەڕینەکە و بەربەستکردنی، ژمارەیەک جوتیاری ناسراو و ناوداریان دەستگیر کرد و، فڕێیان دانە بەندیخانەوە. ژمارەیەکیشیان دوورخستەوە بۆ ڕانیە و بیتوێن. ڕێکخراوی ئێمە لە کۆیە، ئەوەی لە توانایدا هەبوو بۆ یارمەتیدانی ڕاپەڕینەکە درێغی

تێدا نەدەکرد. گوندەکانی ڕۆژئاوای قەزاکە بووبوو بە مەڵبەند و شوێنی حەسانەوە و فریاگوزاری بۆ ئەو جوتیارانەی لە دەست هێرش و پەلاماردانی دوژمنانی ڕاپەڕینەکە ڕایان کردبوو.

لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆی زاتی و مەوزوعی زۆربەی ئاواتی جوتیارەکان نەهاتە دی، بەڵام بزووتنەوەکەیان ئاسەوارێکی ئیجابی و شۆڕشگێڕانەی لە مێژووی ڕاپەڕینەکانی گەلانی عیراقدا تۆمارکرد و، لەدواییشدا وەک هاندەر و پاڵپێوەنەرێک لە داهاتووی جووڵانەوەی جوتیارانی کوردستان و عیراق ڕۆڵی خۆی بینی!

ئەو ڕێکخراوەی کە لێژنەی قەزا سەرکردایەتی دەکرد، باش کەوتبووە فراوانبوون و پەرەسەندن، گەلێ بە چاپووکی لەسەر دوو کەناڵ کار و ئەرکەکانی خۆمان ئەنجام دەدا. کەناڵی یەکەم: ڕۆژانە بەوردی بایەخی باش و سەرنجڕاکێشمان بە ژیان و گیروگرفتی خەڵکەکە دەدا و گوێمان لێ دەگرتن. کەناڵی دووەمیان: پتەوکردنی ڕێکخراوەکانمان و پەرەسەندنیان بوو.

زوو زوو سکاڵای جەماوەریمان ڕێک دەخست و پەنجەمۆری زۆری لەسەر کۆ دەکرایەوە و، بۆ ڕۆژنامەکان و کاربەدەستانی بەغدا دەنێرران، بەتایبەت بایەخی سەرەکیمان دەدا بە قیرتاوکردنی ڕێگای کۆیە ـ کەرکووک، کۆیە ـ هەولێر و، داواشمان دەکرد ڕێگای کۆیە ـ ڕانیە بکرێتەوە، لەگەڵ دامەزراندنی کارخانە بۆ دەرهێنانی مەڕمەڕ و گەچ و پوختەکردنی تووتن و...هتد. بەئاشکرا و زەقی هەستمان دەکرد کە زۆربەی دانیشتوانی شارەکە پەسندی هەوڵ و تەقەلاکانیان دەکردین، ئامادەیی تەواویان دەردەبڕی لە پێناو وەدەستهێنانیان. بەتایبەت ئەو پرۆسەیەی لەکۆنەوە مێشکی دانیشتوانی کۆیە و ڕانیەی پێوە خەریک

بوو، ئەویش کردنەوەی ڕێگای ئوتۆمۆبیل بوو لەنێوان هەردوو قەزادا، بۆیە بڕیارمان وەرگرت کە لە ڕۆژی ١٩٥٣/١٢/١٥دا هەڵبسین بە ڕێکخستنی مانگرتنی سەرتاپای دانیشتوانی شارەکە، تەنیا لەپێناو داواکردنی کردنەوەی ڕێگای ئوتۆمۆبیل لەنێوان کۆیە و ڕانیەدا. کۆمیتەیەکی کاتیمان بۆ ئەو مەبەستە لە چەند کەسانی ناسراوی شارەکە پێکهێنا، بەدوورودرێژی لە هەموو ڕوویەکەوە لە بارەکە کۆڵرایەوە و بڕیارمان وەرگرت کە بیستوچوار سەعات پێش ڕاگەیاندنی مانگرتنەکە داوا لە هەموو دوکاندار و کاسبکارانی شارەکە بکرێت کار نەکەن و دوکانەکانیان بۆ ماوەی بیستوچوار سەعات دابخەن!

بەیانی ڕۆژی ١٩٥٣/١٢/١٥ سەرتاپای دوکانی شارەکە بەتەواوی داخران، هاتوچۆی نێوان هەولێر و کەرکووک ڕاگیرا، قائمقامی شار، ئەوکات خوالێخۆشبوو خالید نەقشبەندی بوو، کەوتە گەڕ و سووڕ و دووچاری تەنگاوی و سەرسووڕمان بووبوو، هاواری دەکرد: (باوکم تەنانەت پێویستم بە جگارە هەیە کەس پێم نافرۆشێت!) بە ناوی مانگرتنی دانیشتوانی شار برووسکە بۆ پەرلەمان، سەرۆکی وەزیران و ڕۆژنامەکانی بەغدا نێررا. ئەو بەڕێزانەی ڕۆڵی میرانەیان لە سەرکەوتنی مانگرتنەکەدا هەبوو، برایان کاک سەعیدی مەلا ئەحمەد، شێخ جەنگی تاڵەبانی، مەولوود ڕەسول، تۆفیق مەلا کەریم، لەگەڵ خوالێخۆشبووان محەمەد حەیدەری و غەفوری حاجی یەحیا و مەلا قادری حەمەگرانی و گەلێکی تر بوون. ئەوکاتیش کاک مەسعود مەلا محەمەد جەلیزادە لە پەرلەمانی عیراقدا نوێنەری کۆیە بوو، زۆر بەجەرگ و چالاکانە مانگرتنەکەی قۆزتەوە و، یەکسەر داوای لە وەزیران و نائیبانی پەرلەمان کرد پشتی داوا ڕەواکەی شاری کۆیە بگرن. هەر بۆ ئێوارە کە ڕادیۆی

بەغدا بڕیاری وەزارەتی بڵاوکردەوە کە پارە بۆ کردنەوەی ڕێگای کۆیە و ڕانیە تەرخانکراوە، بوو بە خۆشی و شادی لە شارەکەدا و زۆری نەخایاند دەست بە ئیشکردن کرایەوە.

ڕێکەوت وا بوو، لە ڕۆژی مانگرتنەکەی کۆیە، کرێکارانی بەندەری بەسرە فراوانترین مانگرتنی خۆیان ڕاگەیاندبوو، هەردوو مانگرتن لە سەرتاپای عیراقدا دەنگێکی باشی دایەوە و، تەنانەت لە ئێستگەی وڵاتانی بیانیش باسکران. ئاژانسەکانی ڕژێمی پاشایەتی لایان ڕوون بوو کە ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی عیراق دەستی لەم کارانەدا هەیە و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەبەردەوامی پلەی تیرۆر و شاڵاوی فشارەکانیان لە زیادبووندا بوو، بەڵام کاروانی تێکۆشانی هێزەکانی نیشتمانی عیراقیان پێ بەرهەڵست نەدەکرا.

ئەوکات، ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی بیستودووی تەمموزی میسر ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕی و پێشڕەوی لە هاندان و پشتگیریکردنی هێزە نیشتمانی و دیمۆکراسییەکاندا دەبینی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەب باش کەوتە بووژانەوە. بەئاشکرا، ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی وابەستەی ئیمپریالیزم دەستیان بە خۆکۆکردنەوە و بەربەرەکانی و دوژمنایەتی میسر کرد. میریی عیراقیش جۆرەها نەخشە و پلانی بە نیازی بەڕێوەبردنی باری رامیاری و کۆمەڵایەتی گەلانی عێراق بەرەو ئەو لێوارەی خۆیان مەبەستیان بوو، دادەڕشت. لە سەرەتای ١٩٥٤دا وەزارەتێکی تازە دامەزرێنرا و بڕیار وەرگیرا کە هەڵبژاردنی تازە بۆ پەرلەمان بکرێت. کات و ڕۆژی دەنگدان لە مانگی حوزەیران دیاریکرا.

حیزبی شیوعی و پارتی کەوتنە گفتوگۆکردن. پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە پێکڕا بە یەک لیستە بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن. ئێمە لە کۆیە

زوو لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە کاک مەسعود محەمەدی جەلیزادە ببێت بە نائیبی کۆیە.

هەڵبژاردن، ئەوکات، بە دوو هەنگاو دەکرا. یەکەم جار کۆمیتەیەک پێک دەهات بە ناوی کۆمیتەی پشکنین (الهیئه التفتیشیه) و ئەرکی ئەوە بوو سەرپەرشتی ئەو سندووقانە بکات کە بۆ دەنگتێهاویشتن ئامادە دەکران. کۆیە و دەوروبەری بە یانزە بەش دەستنیشان کرابوو، لەنێوان ئیدارە و مەحکەمە یانزە کەس بۆ ئەم ئەرکە دانران. کاک عەلی عەبدوڵا، فاتح ڕەسول، شێخ جەنگی تاڵەبانی، خوالێخۆشبووان عوسمان عەونی، عەزیز کوێخا ڕەشید تەقتەق، ئەحمەد حەمە مەلا، مامە جەلال ئاغا غەفوری، غەفوری حاجی یەحیا لەگەڵ سێ کەسی تر کە ناویانم لە یاد نەماوە! بە ڕەسمی ڕاگەیەنرا کە کاک مەسعود پاڵێوراوە. دەست بە چالاکی و پروپاگەندە کرا. کاک مەسعود خۆشی چەند گۆتاری بۆ خەڵکی کۆیە دا. کەسێکی تر بە خۆیەوە ڕانەبینی بەرانبەر بە کاک مەسعود خۆی بپاڵێوێت.

لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا کاک مەسعود بە نائیب دەرچوو. لە شارەکەدا بوو بە خۆشی و شادی. ڕۆژی دووەم ڕاگەیەنرا کە نۆ (٩) نوێنەری بەرەی نیشتمانی عیراق دەنگی زۆریان بە دەست هێناوە و بوون بە نائیب. یەکسەر بۆ ماڵی کاک مەسعود ڕۆیشتم، گەلێ گۆتەی خۆش و برایانەمان کرد. پێشنیارم کرد گەر برووسکە بۆ بەرەی نیشتمانی بکات و ببێت بە یەکێک لە ئەندامانی بەرەکە هەنگاوێکی پیرۆز و بەسوود و ڕەوایە. پەسندی پێشنیازەکەمی کرد و، یەکسەر برووسکەی بۆ بەرەو و ڕۆژنامەی (الاهالی) لێدا. ناوی ئەویش کەوتە نێو بەرەوە و ژمارەیان بوو بە دە (١٠) نائیب. پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوای ناردنی برووسکەکە، لە دوکانەکەم

دانیشتبووم، فەتحی مەلایان هاتە لام و گوتی: "کاکم داوات دەکات بچیت بۆ لای و چاوەنۆڕە." بەبێ وەستان بۆ ماڵیان ڕۆیشتم. بینیم کاک مەسعود و کاک عەلی عەبدوڵا و خوالێخۆشبوو عومەر مستەفا (دەبابە) دانیشتبوون. کاک عومەر زۆر بەناڕەزایی و تووڕەیی و گرژییەوە کەوتە پەیڤین، دژی ئەوە بوو کە کاک مەسعود چووەتە نێو بەرەی نیشتمانی عیراق. بوو بە دەمەتەقێمان و بەرگرییەکی باشم لە هەڵوێستەکە کرد. بە باشترین هەنگاوم دانا کە کاک مەسعود پێی هەڵسابوو. کاک مەسعودیش لایەنگری ڕا و بۆچوونەکانی من بوو و، تووڕەبوونەکەی کاک عومەر سوودی نەدا.

بەڕێز کاک مەسعود محەمەد لە کتێبەکەیدا (گەشتی ژیانم) لاپەڕە ٣١٤،نووسیویەتی: **(ئەوساڵە بۆنامانجی هاریکاری لە هەڵبژاردن بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی پێک هاتبوو. لە کۆیی دووای دەرچوونم بە تزکیە ،نوێنەری چەپ گوتی حەق وایە بچیتە پاڵ بەرەی یەکگرتوو، منیش ڕایەکەم پەسند کرد بروسکەیەکم بۆ بەغدا لێدا کە خۆم بە ئەندامی بەرەی یەکگرتوو لە قەڵەم دەدەم، دەبێ بڵێم بەر لە چەند ساڵێک کە لە تەلەفزیونی بەغدا لە بەرنامەی (سیرە و زکریات) گوتم لە خۆمەوە وەهام پەسند کرد بچمە جەبهەوە، ڕاستیەکەی لە بیرم نەبوو کە (ئەوکەسە) ئەو پێشنیارەی هێنایە پێش، وا لێرە سەهوەکەم ڕاستکردەوە.)**

نوێنەرانی بەرە دە نائیب بوون لەنێویاندا سەرۆکی پارتی نیشتمانی دیموکراتی عیراق، نیشتمانپەروەری ناسراو خوالێخۆشبوو کامل چادرچی، نەتەوەپەرستی عەرەبی ناسراو محەمەد مەهدی کوببە و...هتد.

پەرلەمان، وا بزانم دەورەی چواردەهەم بوو، کۆبوونەوەی خۆی دەکرد، یەکسەر بە مەرسومی پاشایەتی پەرلەمانەکە هەڵوەشێنرایەوە و بڵاوە بە

نائیبەکان کرا. نوری سەعید وەزارەتی پێکهێنا. گەف و شالاوی تێرۆریستی دژی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی عیراق دەستی پێکرد. کات و ڕۆژ بۆ هەڵبژاردنی تازە دیاریکرا. لە کۆیە خوالێخۆشبوو کاکەزیاد ئاغای غەفوری و کاک مەسعود محەمەد و ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی ناسراو لە لایەنگرانی حیزب و پدک بەندکران و نێررانە هەولێر. کاک عەلی عەبدوڵا و نووسەری ئەم کاروانەش لەگەڵ گیراوەکاندا بوون. دوای چەند ڕۆژ مام جەلال تاڵەبانیشیان هێنایە لامان.

هەڵبژاردنێکی ساختە و پڕ فرتوفێڵ سازکرا. ئەوانەی میری مەبەستی بوو خرانە ناو دەورەی پانزەیەمی پەرلەمانەوە. دەستە دەستە گیراوەکان بەردران. لەو بەینەدا مەرسومێک لە ئەنجومەنی وەزیران بە مۆری نوری سەعید بڵاوکرایەوە. تێیدا هاتبوو کە پێویستە هەر کەسێک تۆمەتی مادەی (٨٩)ی لە یاسای عیراقی بەدواوەیە، پاکانەی خۆی دژی بیر و بۆچوونی پێشکەوتوخوازی و کۆمۆنیستی ڕابگەیەنێت و لە ڕۆژنامەکانی بەغدا بڵاوی بکاتەوە. ئەوەی سەرپێچی بکات و پەشیمانی نیشان نەدا، جنسیەی عیراقی لێ وەردەگیرێتەوە و دەردەکرێت! بە هیچ جۆرێک سەرم بۆ ئەم بڕیارە شۆڕ نەکرد. پێنج مانگ زیاتر لە گرتووخانەی هەولێر مامەوە، هەفتەی چەند جار مدیری پۆلیس و لێپرسراوی تەحقیقاتی جینائی لە هەولێر گازیان دەکردم. بە چەندان شێوە لەگەڵمدا دەکەوتنە گفتوگۆ و داوایان دەکرد پاکانە بدەم. سووربووم لەسەر هەڵوێستم. هەڕەشەکانیان گەیشتە ئەوەی خۆم ئامادە بکەم، تا دەرم دەکەن و دەمنێرنە وڵاتێکی بێگانە! بەڕاستی، بە عەقڵیەتی ئەوکاتم یەکجار حەزم دەکرد لە عیراق دەرکرێم. وام لێک دەدایەوە کە هەر گەیشتمە دەرەوەی سنوور خۆ دەگەیەنمە وڵاتێکی سۆسیالیستی، خوێندنی باڵا تەواو دەکەم

و یەک دوو زوبانیش فێـر دەبم. ڕۆژانە دۆست و ناسـیـاری زۆر دەهـاتنە سەردانم، هەستم دەکرد کە زۆبەی خـەڵک لە دوور و نزیکەوە ڕێزی زۆر لە هەڵوێستەکەم دەگرن. ئەوەش ئەنجامی ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی تۆمەتی مـادەکەیان بەدواوە بـوو، زوو سووک و هـاسان پاکانەی خۆیان دا و بڵاوەیان لێکرد.

لە سـەرەتـای مـانگی تشـرینی دووەمی ١٩٥٤دا، مـعاونـی شـوعـبـەی خـاصـەی هەولێر (لقی تەحقیقـاتی جینائی)، پێیـان دەگوت ئیسمـاعیل ڕەشەبا، گازی کردم و گوتی: (بڕیار درا بچیتەوە ماڵی خۆت، با یەکێک لە پۆلیسـخانە ببێتە کەفیلت). کەفیلم پەیداکرد و گەڕامەوە و کۆیە، کەوتمە سەر دوکانەکەم و ئیشوکارەکانی پێشووم.

باری ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست دەکوڵا. کۆماری میسر پەیدەرپەی باشتر دەچەسـپـا و سـەقـامگیـر دەبوو. دژایەتیکردنی ئیـمـپریالیزمی بەتوندی ڕادەگەیاند. دروشمی سەربەخۆیی تەواویی میسر، ڕزگارکردنی فەلەستین لەژێر جنگی زایۆنیـزم و یەکـێـتـیی وڵاتانی عـەرەبی بەرزکـردبووەوە و کـاریشی بۆ دەکـرد. ڕووبەڕووی ئەوەش ئیـمـپـریالیـسـتـەکـان و ڕژێمـە کۆنەپەرستەکانی گوێڕایەڵیان، کەوتبوونە پلاندانان و لەمپەردروستکردن دژی سەرتاپای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی عەرەب و مەترسی زۆریشـیـان لە کـوردسـتـان هەبوو. دەنگی تەقـەلادان بۆ سـازکـردنی پەیمانێکی بەرگری بە ناوی پەیمانی تورکی-عیراقی-پاکستانی بەگەرمی بڵاو دەبووەوە، تێکهەڵچوون و کـێشـەی نێوان هێزە نیشـتمـانپەروەر و کۆنەپەرستان و داگیرکەرانی بێگانە یەکجار بەرەو توندوتیژی دەڕۆیشت. کـۆمـاری میـسـر ڕۆڵی شـۆڕشگێڕی و پێشـڕەوی و هـاندانی دەبینی لە هەڵسووڕاندنی چەندان شێواز لە خەبات و تێکۆشاندا.

لە سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٥٥دا، ڕاگەیەنرا کە کۆبوونەوەی گەرموگوڕ لە تاران، ئەنقەرە، بەغدا و کەراچی دەستی پێکردووە، ڕێککەوتنیش لەنێوانیاندا مۆکراوە. میری بریتانیاش ئەندامی پێنجەمە لەم پەیمانەدا و بە ناوی پەیمانی بەغداوە ناوی دەرکرد. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش وەک چاودێر پشتگیری تەواوی لێ دەکرد. مەبەستی سەرەکی پەیمانەکە دوو خاڵ بوو. یەکەمیان: دژایەتیکردنی یەکێتیی سۆڤیەت بوو تا ماوەی نەدرێت دەست بخاتە نێو کاروباری ئەو وڵاتانەی کە هاوسنوور بوون لەگەڵ سنوورەکانی باشووری ئەو وڵاتەدا. دووەمیان: ماوە نەدەن هیچ ڕاپەڕینێک لە سنوورەکانی نێوان ئەو وڵاتانەدا سەر هەڵبدات. مەبەستیان ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد بوو.

سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عیراق، بڕیاری وەرگرت بکەوێتە چموجووڵ و چالاکیی جەماوەری دژی پەیمانەکە، بەتایبەت لەو شار و ناوچانەی ڕێکخراوەکانی کەمێک توانایان هەبوو، وەک کۆیە، سلێمانی، حلە، حەی، نەجەف و بەسرە. ڕۆژی ١٩٥٥/٢/٢٣، ئاگادارکرام کە لێپرسراوی حیزب لە هەولێر، خوالێخۆشبوو سەعید فەرەج دارتاش، لەگەڵ نەسعەد محەمەد حەوێزی گەیشتوونەتە شار. شەوێنیان لە ماڵی کرێکار تۆفیق ئیسماعیل زریان بۆ ئامادە کراوە. شەو گەیشتمە لایان، دوای ڕێزگرتن و پێشوازیکردنی گەرموگوڕ، کاک سەعید کەوتە قسە: (بە بڕیاری سەرکردایەتی حیزب، بەپەلە، ئێمە هاتووین. بۆ ئەوەی بە زووترین کات خۆپیشاندانێکی فراوان دژی پەیمانی بەغدا ساز بکەن، هەتا گەر توانا هەیە چەکیش دژی پیاوانی میری بەکار بێت، هەنگاوێکی ڕاست و بەجێیە!) بەڕاستی، بڕیارەکەم یەکجار کاڵ و کرچ کەوتە بەرچاو، بە کارێکی چەپڕەوی منداڵانەم وەرگرت و، گوتم: "ئەم بڕیارە بە ڕاست نابینم

و پەلەکردنی تێدایە. ڕێکخراوەکانی حیزب دووچاری زیانی گەورە دەکات. نموونەی هەڵوێستی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوام بۆ هانینەوە، کە چۆن سەرتاپایان لە کاتی بنیاتنانی پرۆژەی مارشاڵدا،(١٨) بە نارەزایی جەماوەری و بڵاوکردنەوەی سکاڵا و گوتار هەڵدەستان و شاڵاوەکانی دژایەتیکردنیان نەگەیاندە سنووری هێسکشکاندنی نارەوا.

کاک سەعید فەرەج، خوا عافوی بکات، ئەوکات زێدەبەدەر سەرگەرم و چەپڕەو بوو، هەستم کرد گوتەکانی منی بە دڵ نەبوو، کەوتە هەڕەشە و گوڕەشە! یەکسەر گوتەم پێ بڕی و پێم گوتن: "ئێوە لە ماڵ دەرمەچن، دەبینن چۆن خۆپێشاندانێک ڕێک دەخەین." یەکسەر لایان دەرچووم و، ڕۆیشتم بۆ ماڵی محەمەد ڕەسول حەیدەری. ناردمان بە دوای ئەندامەکانی تری لیژنەی قەزادا و کەوتینە کۆبوونەوە. دەستمان کرد بە نەخشەکێشان بۆ خۆپێشاندانێکی توند و بەتەوژم و، بڕیارماندا کە بەپێی تواناش چەک (دەمانچە)ی تێدا بەکار بهێنرێت. کات و ڕۆژی خۆپێشاندان دیاریکرا. سەعات سێی دوای نیوەڕۆی ١٩٥٥/٢/٢٥، خۆپێشاندان کەوتە سەر شەقام و نێو بازاڕ، گەیشتە دەوروبەری سەرا و، پۆلیس لە بەرانبەر تەوژمی خۆپێشاندەران خۆی پێڕانەگیرا. سەرا بەردباران کرا، ئاڵای میری هێنرایە خوارەوە و، تەقە لە نێوان

---

(١٨) پرۆژەی مارشاڵ: لە ئەنجامی شەڕە وێرانکەرە تێکدەرەکەی جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥) ئەورووپا دووچاری گەورەترین کاولکاری و کوشتوبڕ هات. ملیۆنان کەس کوژران و پەککەوتە و ئاوارە بوون. میستەر مارشاڵ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٤٩، پرۆژەیەکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ڕۆژئاوای ئەورووپا داڕشت، پرۆژەکە ناونرا (پرۆژەی مارشاڵ). شاردراوە نەبوو کە لە ماوەی دە ساڵدا ڕۆژئاوای ئەورووپا باشترین سوود و ئاوەدانکردنەوەی لەو پرۆژەیە وەدەست هێنا. یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی پرۆژەکەش بەربەرەکانێکردنی کۆمۆنیزم بوو.

خۆپیشاندەران و پۆلیس دەستی پێکرد. چەند پۆلیس و خۆپیشاندەر بریندارکران. یەکێک لە بریندارەکان خوالێخۆشبوو محەمەد حەیدەری بوو، گوللەی پۆلیس تۆپی سمتی هەڵگرتبوو. پۆلیسێکیش بە ناوی خورشید ڕۆستەم بە گوللەی خۆپیشاندەران کوژرا. ئەوکات، پۆلیس نەیتوانی کەس لە خۆپێشاندەران دەستگیر بکات. خامۆشی، ماتەمی، ترس و بێدەنگی سەرتاپای شارەکەی داپۆشی.

# بەرپابوونی گێژەڵووکەیەکی پڕ مەترسی

ئەو نەخشەی بۆ خۆپێشاندانەکە کێشرابوو، سەرکەوتووانە، جێبەجێ کرا. چەند کەسێک لە خەڵکە بریندارکران، دوویان محەمەدی حەیدەری و وەستا حەسەنی نەجار = حەسەنی خانە برینەکەیان گەلێ کاریگەر بوو، چەند پۆلیسیش بریندارکران و بۆ ڕۆژی دوایی پۆلیسێک، خورشید ڕۆستەم، مرد. هەر دوای بڵاوبوونەوەی خۆپێشاندەران بە چەند سەعاتێک، دوو سێ لۆری پڕ پۆلیس لە هەولێر و کەرکووکەوە گەیشتنە کۆیە. دامودەستگاکانی میری یەکسەر کەوتنە ڕاونان و گرتنی ڕەشۆکی لە دانیشتوانی شارەکە. بە هۆی ئەوەی بەندە بە دوو کەفالەت بەسترابوومەوە، بە کارێکی نامرۆڤانەم زانی خۆم دەرباز بکەم و کێشەکە بۆ کەفیلەکان بەجێ بهێڵم. ڕام نەکرد و لە ماڵی خۆمدا مامەوە. لە کاتی تەقوتۆق و پێکهەڵدانەکەدا، باپیرم لە پێش دوکانەکەم وەستابوو، هاواری دەکرد: (ببینن کوڕەکەم ئاگای لە هیچ نییە و لە شوێنی خۆی ماوەتەوە.) بیر و لێکدانەوەم یەکجار کەوتبووە کار، هەزارویەک شیمام بە مێشکدا دەهات. دوای سەعات یەکی نیوەشەو، پۆلیس دەوری ماڵیان گرتین، هاتن و بۆ دائیرەی پۆلیس ڕاپێچیان کردم. بینیم زیاتر لە بیستوپێنج کەس ڕەشبگیر کراون و، تا بەیانی ژمارەی گیراوەکان گەیشتە نەوەد (٩٠) کەسێک، زۆربەیان بێ تاوان و بێ لایەن بوون، ڕۆژێ لە ڕۆژان پەیوەندییان بە کاری سیاسییەوە نەبووبوو.

بەیانییەکەی ١٩٥٥/٢/٢٦ زوو چواردە کەسیان لە ئێمە هەڵبژارد، یەکێکیان من بووم، بردینیان بۆ بەردەمی حاکمی شار، ئەوکات

حەمەدەمین غالب چەلەبی حاکم بوو، زۆر بەپەلە گوێ لە قسەی معاونی پۆلیس و مفەوەز سەعیدی حەمە تاماتە گرت. حاکم ماوەی ئەوەشی نەدا کەسمان ورتەی لە دەم دەرچێت و یەکسەر گوتی: (مەحکەمە بڕیاریدا فاتح ڕەسول دوو ساڵ حوکم و دوو ساڵ مراقەبە، ئەوانی تر یەکی ساڵێک حوکم و ساڵێک مراقەبە.) لەنێو ئەو چواردە کەسەی کە حوکم دراین، بەشی زۆریان بێ تاوان بوون ئاگایان لە هیچ شتێک نەبوو. بەئاشکرا دیار بوو گەر پۆلیس ڕقوقینی لە یەکێک بووایە، بارەکەیان بە هەل وەردەگرت و بە گرتیان دەدا. هاتنەدەرەوەمان لە هۆڵی دادگا و کەلەپچەکردن و سوارکردنمان بۆ ناو لۆری سەرگیراوی پۆلیس یەک بوو. بەبێ ماوەدان ڕەوانەی هەولێر کراین، چەند بگوترێت ماندوو و شەکەت، شەو کەس چاوی نەچووبووە خەو، برسێتی و تینوێتی سەربار و ژێربار بوو، وەری چواردە کەسەکە یەکجار بەرز، تا هەولێر هەر بە گوتی خۆش و سروودی کوردی و گۆرانی خۆش خۆش ڕێگامان بڕی. لەو سروودانەی بە دەنگی بەرز چەند جار دووپاتکرایەوە، ئەم سروودە بوو:

نامەوێ ئەم ژینە تاڵە یا وەتەن یا مردنم

لەت لەتم کەن پەل پەلم کەن هەر دەڵێم کوردم ئەمن

لێپرسراوی ئەو پۆلیسانەی کە لەگەڵماندا بوو، مفەوەز ڕەووف قۆچەی هەولێری بوو، لە دواییدا پێش خرا تا گەیشتە موقەدەمی پۆلیس، خۆی لێمان مەڵاس دابوو بە موچ و مۆڕی و گرژییەوە سەیری دەکردین. هەر قاچمان گەیشتە ناو گرتووخانەکەی هەولێر، چەند پۆلیسێکی ناسیار ئاگاداریان کردین کە کاکەزیادی ئاغا غەفووری و کاک مەسعود محەمەدیشیان بە بەندکراوی هێناوە. هەر چواردەیان خستینە ژوورێکی بچووکی ناخۆشەوە. کازیوەی ١٩٥٥/٢/٢٧ پۆلیس هاتن و کۆیان

کردینەوە و بۆ بەندیخانەی موسڵیان ناردین. بەندە هەر بەو عەقڵیەتە دەژیام کە بەندیخانەی بەعقوبە دانیشگایە بۆ کەسانی رامیاری و نیشتمانپەروەر، نەمزانیبوو کە بەعقوبە کراوبوو بە دۆزەخێک رۆژانە ژمارەیەک لە بەندکراوانی سیاسی تێدا سەقەت و کەلوکورمە دەکرا. گەلێکیان، لەژێر دەستی مدیرە گۆڕبەگۆڕەکەی کە ناوی عەلی زەنەلعابدین بوو، دووچاری سەرپێشۆڕکردن و کەموکووڕی دەکرد. بە سووربوونێکی تەواو داوامان کرد کە دەبێت هەر بۆ بەندیخانەی بەعقوبە رەوانەمان بکەن. لەئەنجامدا شەڕ و تێکهەڵچوون لەنێوان ئێمە و پۆلیسەکان روویدا. شوێنەکەمان قایم بوو بە سانا نەگەیشتنە ئێمە، خۆر لە کەلا دەرکەوت، دائیرەکانی دەوڵەت کرانەوە و مووچەخۆران گەیشتەن سەر کارەکانیان، پۆلیس دەوریان بەرداین و پاشەکشەیان کرد. دوای چەند سەعاتێک مفەوەزێکی پۆلیس هات و گوتی: (خۆتان ئامادە بکەن ئەمە کتابی رەسمییە و دەتانبیەنە بەندیخانەی بەعقوبە.) زۆر دڵخۆش و گوشاد بووین و خۆمان ئامادە کرد. دوو پاسی درێژیان هێنا و هەر حەوت کەسیان خستینە پاسێک. بە کەلەپچەکراوی و دوای بەستنەوەمان بە زنجیر، دوو بەقەد ئێمەش پۆلیسیان خستە تەکمان و لە حەوشەی سەرا دەرهاتین و کەوتینە رێگا بەرەو رێگای موسڵ. زانیمان فێڵیان لێکردووین! دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە بەندیخانەی دەواسە و ناسیمەوە، کە هەشتساڵ پێش ئەو رۆژە مانگێک تێیدا ژیابووم.

هەر کە گەیشتینە جێ، بینیمان وەردیانەکانی بەندیخانەکە تێلایان بە دەستەوە گرتووە و ئامادەن بۆ لێدان و کاروانکردنێکی دڵرەقانەی تۆڵەستێن، دابەزین و هێرشبردنە سەرمان یەک بوو، لێدانێکی باشیان لێداین و سەروگوێلاکیان شکاندین. یەکجار دڵرەقانەش تووکی سەریان

تاشین و جلوبەرگی بەندیخانەیان کردە بەرمان. هەموومانیان فڕێدایە ژوورێکی بچووکەوە، کە پێیان دەگوت ژووری وەرزش (غرفە الریاضە). لەدواییدا بردیانین بۆ بەشێکی تایبەت، کە لەپێشاندا شوێنی نۆژداریکردنی بەندکراوەکان بوو و، هۆڵێکی گەورەیان پێدابین.

زوو زانیمان کە لەو ژوورە بچووکەی بەتەک هۆڵەکەمانەوە بوو، شێخ سادق شێخ بابۆ بارزانی و عوبەیدوڵا مەلا مستەفا بارزانی دەژین. ئەوانیش لەدوای ساڵی ١٩٤٧ بە حوکمدانی تاهەتایی (الحکم الابدی) بەندکرابوون. لە ماوەیەکی کورتدا دۆستایەتی و برادەرایەتی لەنێوماندا دەستی پێکرد. دەمانبینی مانگی دوو سێ جار دوو منداڵ کە تەمەنیان دە تا دوانزە ساڵان دەبوو، بە جلوبەرگی کوردی و شارل و شەبەکی زێدە جوان و ڕێکوپێکەوە دێنە سەردانیان. ئەو دوو کوڕە منداڵە خواڵێخۆشبوو ئیدریس بارزانی (١٩٤٤-١٩٨٧/١/٣١) و کاک مەسعود بارزانی بوو.

لە بەندیخانەکەدا پشوومان نەدابوو، ئاگادارکراین کە پۆلیس بە دوو داوای تر ئیمەیان داوەتەوە بە دادگا. یەکەم: بە تۆمەتی سروودگوتن و جوێندان بە میریی عیراق و مەلیک. دووەم: بە تۆمەتی شەڕکردن لەگەڵ پۆلیس لە پۆلیسخانەی هەولێر. دووجار بۆ هەولێر گەڕاندینیانەوە و، لە تۆمەتی یەکەمدا دادگا بە شەش مانگ بڕیاری حوکمی داین و لە تۆمەتی دووەمیشدا بە سێ مانگ.

کەسوکارەکانمان ئاگاداریان کردین کە لە دادگای ئیستیئنافی کەرکووک داواکراوە، چاو بە هەر سێ حوکمەکەدا بخشێننەوە. نۆ پارێزەر خواڵێخۆشبووان جیهاد وەنداوی، نیهاد وەنداوی، عومەر مستەفا، شێخ سەمەد خانەقا، شەهیدان شێخ مەعروف بەرزنجی و شێخ حوسێن بەرزنجی، جەبار محەمەد پیرۆزخان و دووی تر خۆیان ئامادە

کردبوو بەرگریمان لێ بکەن. کەوتبووینە سەفا و مەروای هاتوچۆکردنی نێوان موسڵ و کەرکووک. دادگای ئیستئناف حوکمدانەکانی سروودگوتن و شەڕکردنی لەگەڵ پۆلیس پەسند کرد. دوای ئەوە کەوتە سەرلەنوێ دادکردنمان بەرانبەر بە خۆی (امام محکمه استئناف کرکوک). کات و ڕۆژی دیاریکراو بینیمان ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکار و شاهیدەکانی ئێمە و پۆلیس لە هۆڵی دادگاکە ئامادە بوون. دادگاکردنەوەکەمان یانزە دانیشتنی خایاند، چەند دانیشتنێک حاکم عەبدولڕەحمان سەعید سەرۆکایەتی دەکرد، دوای ئەو حاکم ڕەشاد عارف دادگاکەی بەڕێوە دەبرد. شاهیدەکانی ئێمە یەکجار بەڕێکوپێکی و ڕاستگۆیانە شاهیدی خۆیان، لە بەرژەوەندی ئێمە، دا و، هی پۆلیس هەمووی ناڕێکوپێک و ناڕاست بوو. دوویان لەسەر یەک شت یەکیان نەدەگرتەوە.

لە ڕێگای خوالێخۆشبوو کاک میرزا حاجی کەریم، کە ئەوکات نووسەری یەکەمی (الکاتب الاول) دادگاکانی کەرکووک بوو و، دڵشادی براشی لەگەڵ ئێمە حوکم درابوو، ئاگادا کراین کە ڕۆژانە لە پارێزەری هەولێر و لە بەغداوە تەلەفۆن بۆ حاکمەکان دەکرێت کە ئەم گێرەشێوێن و تێکدەر کۆییانە حوکم بدەن و ماوە نەدرێن لە بەندیخانە ڕزگاریان ببێت. لە هەمان کاتدا دامودەستگاکانی پۆلیس خۆیان بۆ ئەوە ئامادە کردبوو، هەر بڕیاری دادگای ئیستئناف دەرچێت، مەسەلەی کوشتنی پۆلیس خورشید ڕۆستەم بە تۆمەتێکی نوێ بخەنە ئەستۆی دوو ستیەک لە ئێمە.

لە دوا دانیشتن حاکم ڕەشاد عارف کەوتە خوێندنەوەی بڕیاری دادگەکەیان و گوتی: (دادگا بڕیاریداوە بە بەردانی ئێوە لەسەر تۆمەتی خۆپیشاندانەکەی ١٩٥٥/٢/٢٥). لەخۆشیاندا شاگەشکە بووین و کەوتینە سوپاس و ستایشی دادگا و دادپەروەریی حاکمەکان و، حاکم

ڕەشاد هاواری کرد: (سەگباوکینە بۆ دەرەوە، جارێکی تر نەگەڕێنەوە لامان.) لەڕاستیدا لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا، پیاوی ناودار و یاساپارێز و دادپەروەری ئەتۆ هەبوون، کە بە هیچ شێوەیەک هەڕەشە، کورسی و پارەوپووڵ کاری تێ نەدەکردن و لە ڕێگای ڕاست و دادپەروەری لایان نەدەدا.

یەکجار بە خۆشی و شادییەوە گەڕاینەوە بەندیخانەی موسڵ، بۆ ئەوەی نۆ مانگ حوکمەکە تەواو بکەین. ڕۆژێک بینیمان بەندیخانەکە هەژا، دەست کرا بە پاککردنەوەی هەموو بەندیخانەکە، تێکهەڵاییەک دەستی پێکرد، لەپێشتر جموجوڵی وا نەبینرابوو، کاتێک بینیمان وەزیری ناوخۆ سەعید قەزاز گەیشتە بەشەکەی ئێمە، مودیری پۆلیس و مودیری بەندیخانە و چەندان مووچەخۆری تری بەدواوە بوو. یەکەم جار سەردانی شێخ سادق و عوبەیدوڵای بارزانی کرد، ئەوجا هاتە لای ئێمە و کەوتە گوتەی کوردەواری: (کوڕینە بۆچی عاقڵ نابن، بۆچی خۆتان بۆ بەرژەوەندیی کاکەزیاد ئاغا و مەسعود محەمەد دووچاری بەندیخانە و ئازار دەکەن. ئێوە لاون بخوێنن، بە خوێندن خزمەتی وڵات بکەن، واز لە ئاژاوەنانەوە بهێنن. چیتریش ئەوەندە ئاوی حەمامۆک مەخۆنەوە!) بوو بە پێکەنین و قسەی خۆش و گوتمان: (ئێمە هیچمان نەکردووە و، ئاوی حەمامۆکیش بۆ میوانان خراپە!)

ئەو کاتەی لە بەندیخانەکە دەژیاین، ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبی شیوعی و لایەنگرانی خوالێخۆشبوو عەزیز شەریف بەند کرابوون و هێنرانە لای ئێمە. لەنێویاندا هاوڕێیان عەبدولڕەحمان قەساب، عادل سەفەر، عەباس عەلی هەبالە، ئەوسامە چەلەبیان، حازم حاجی محەمەد و گەلێکی تر هەبوون. بە خۆشی و برایانە پێکڕا کاتمان بەسەر دەبرد.

پەیوەندی بەهێزمان لەگەڵ ڕێکخراوی حیزب لە موسڵ هەبوو، بەیناوبەین هێندێ کەلوپەلی پێویست و خواردەمەنیان بۆ دەناردین و، بڵاوکراوە نهێنییەکانی حیزبیشیان تێدا دەشاردەوە. ڕۆژێکیان لەنێو مەنجەڵە ماستێکدا چەند بەیاننامە و پرۆژەی پرۆگرامی پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانیایان بۆ ناردین. ئێوارەیەک برادەرەکان لە حەوشی بەشەکەدا وەرزشیان دەکرد، بە تەنیا لە هۆڵەکەدا بڵاوکراوەیەکم لەنێو کتێبێک دانابوو، دەمخوێندەوە. هەر ئەوەندەم زانی زیاتر لە بیست وەردیان بە ژوور کەوتن و پەلاماریان دام. تەقەلام دا بڵاوکراوەکە نەکەوێتە دەستیان، لێدان و هەراوهۆریا پەیدا بوو و، توانیم بڵاوکراوەکە لە خۆم دوور بخەمەوە. بردمیان بۆ ئیدارە، هۆڵەکەیان بەوردی پشکنی، شەش مەتر دوور لە شوێنی منەوە بڵاوکراوەیەکی جوراویان دۆزیەوە و هێنایان. بە هیچ شێوەیەک دانم بەوەدا نەنا کە ئەوە هی منە و یەکسەر وتم ئەمە هی کامل عویدە، ئەوکات مەئموری بەندیخانەکە بوو و بە سەرۆکایەتی ئەویش هاتنە هۆڵەکە و کەوتنە ئازاردانم. ئەو هەرا و گرتن و بردن و لێدان و تێهەڵدانە چەند سەعاتێکی خایاند، لە دوو سێ شوێن سەر و دەم و دانەکانم خوێنیان لێ دەهات. بۆ شەوەکەی دوو سویل هاتنە ئەو شوێنەی تێیدا بەسترابوومەوە، وەردیانێکی سێ خەت بە هەڕەشە هات و گوتی:
"خۆت بگرە ئەوە عیزەدین لافی و فەیسەل مەحجوب، کە دوو کاربەدەستی تەحقیقاتی جینائی موسڵ بوون، هاتوون و دەبینت چیت پێ دەکەن."
یەکسەر هەردووکیان کەوتنە هەڕەشە و چاوسووکردنەوە و گەفکردن، سووربووم لەسەر ئەوەی خەڵکی موسڵ نیم و کەس ناناسم و هیچم لا نەبووە. پێم گوتن کە ئەم فیلمە کامل ڕێکی خستووە بۆ ئەوەی پێش بخرێت و دەرەجەیەک بەرز بکرێتەوە. تەقەلایان بێ سوود بوو. نیوەشەو

ڕۆیشتن. کاربەدەستانی بەندیخانەکە بردمیان بۆ ژوورێکی تەنیا لە ژوورەکانی خنکاندن و، زیاتر لە بیست ڕۆژە لە ژوورەکەدا مامەوە. ڕۆژێکیان مودیری بەندیخانەکە، موقەدەم سالح فەوزی کە پیاوێکی باش و لەسەرەخۆ و ناسراو بوو، هات بۆ پشکنینی ژوورەکان و گوتی: "کوڕم بۆچی لێرەی؟" قسەم بۆ کرد و، دوای دوو سێ سەعات گەڕامەوە لای هەڤاڵەکانم. ڕۆژەکانمان بەسەر دەبر چاوەنۆڕی ئەوە بووین نۆ مانگ حوکمدانەکە بەسەر بەرین و بگەڕێینەوە کۆیە.

بەیانییەک ئیدارەی بەندیخانە گازی کردم و، یەکسەر بۆ دادگای جەزای موسڵیان بردم. حاکمەکە ناوی سالم دیوەچی بوو، کەوتە دادکردنم و کامیل عوید و شەش وەردیان شاهێدیان لە دژم دا و، شاهیدەکان یەکتریان نەدەگرتەوە. یەکیان دەیگوت بڵاوکراوەی شیوعیمان لەگیرفانی دەرهێنا، یەک دەیگوت لە ژێر دۆشەک و یەکی تر دەیگوت لە دەمی و...هتد. بەرگریم لە خۆم کرد و گوتم: "خەڵکی موسڵ نیم، کەس ناناسم و ئەم پلانە کامل خۆی سازی کردووە، بۆ ئەوەی پلەیەک خۆی بەرەوپێش بەرێت!" حاکم ڕووی تێکردم و گوتی: (ئەم فایلە ئەستوورە دەبینی، هەمووی لەسەر ڕابردووی تۆیە و تەحقیقاتی جینائیی بەغدا ناردوویەتی، گەر ئەمەت بەدواوە نەبووایە دەمگوت بۆ دەرەوە، بەڵام لەسەر ئەو تۆمەتە دادگا بە سێ مانگ بەندکردن و ساڵێک لەژێر چاوەدێریی پۆلیسدا بڕیاری دا.) یەکسەر گێڕامیانەوە شوێنەکەی خۆم.

دوای چەند ڕۆژێک بۆ بەغدایان ڕەوانە کردم، چوار پێنج شەو لە گرتووخانەی سەرا مامەوە. ئەوکات زیاتر لە شەست کەسی گیراو فڕێدرابوونە ژوورێکی پیسی بۆگەنەوە کە سی (٣٠) مەتر چوارگۆشە بوو. زۆربەیان لایەنگرانی حیزب بوون، جوولەکەی کۆمۆنیستی ناسراو

حەسقیل بایەعقوب قوچمان بەرپرسیاریان بوو. گەلێ بەوردی و دوورودرێژی باسی بەندیخانەی بەعقوبەیان بۆ دەکردم. هەستم دەکرد دەیانەوێت ورەم زۆر بەرز بێت، خۆڕاگر بم و لە هەڕەشە و لێدان و ئەشکەنجە و زنجیری عەلی ئەلعابدین نەترسم.

ڕۆژی دیاریکراو، ئێمە بەندکراو، جاسم محەمەد حەلوائی، مالەلا دیوانیە و بەندە، ڕەوانەی بەندیخانەی بەعقوبە کراین. هەر کە گەیشتینە بەر دەرگای بەندیخانەکە، بە هەڕەشە و جوێن و لێدان پێشوازییان لێکردین و ئەو خواردەمەنییەی پێمان بوو بە پۆستاڵەکانیان شێلایان، سەر و سمێڵیان تاشین و کەلوپەلەکانیان لێ وەرگرتین، بە جلوبەرگێکی کەمەوە بۆ ژوورێکی ساردوسڕیان بردین و بە هۆی سەرما و ئازار و ژانەوە ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەچووە چاومان. بەیانیی ڕۆژی دووەم، بە هات و هاوار و تێهەڵدان بردیانین بۆ لای مودیر عەلی ئەلعابدین، یەکە یەکە کەوتە پرسیارکردن لێمان. ئەو دوو هاوڕێیەی لەگەڵمدا بوون یەکیان شیعەی نەجەف و ئەوی تریان هی دیوانیە بوو، کەوتە مەدح و ستایش و ڕێزلێنانی ئیمامی عەلی و حوسێن کوڕی، کەمێک لێدانیان خوارد و خۆڕاگر بوون، ڕووی کردە بەندە بە خۆیادان و پۆزەوە کەوتەوە پرسیارکردن و مەدحکردنی ماستی هەولێر و دەستی بە جوێندانی کورد و شیوعیەت کرد و داوای پاکانەی لێ کردم. گوتم: "شیوعی نیم و پاکانە نادەم." هەر ئەوەندەم بینی و لە چوارلاوە بە خەیزەران و شەق و شەپازللە کەوتنە گیانم و هاواری کرد فەلاقەی کەن.

هەر داری فەلاقەیان هێنا و یەکسەر دانیشتم و قاچەکانم بەرزکردەوە. گوتی: "اضربو هەلگواد متعلم علی الفلاقە". لەڕاستیدا، تەنیا لە تەمەنی منداڵیمدا و لەلای ئەو مەلایەی قورئانم دەخوێند بینیبووم کە مامۆستا

چۆن ئەو سوختانەی فەلاقە دەکرد کە نارەحەتیان دەکرد. کەوتنە فەلاقەکردنم، تەنیا فریای ژماردنی چەند دانەیەک لە لێدانەکان کەوتم و پاشان لە هۆشخۆ چووم و خۆم لە یاد کرد! هەڵیان گرتمەوە و زنجیرێکی ژمارە شەشیان لە قاچم کرد، ئەوەندە سەنگین بوو نەمدەتوانی هەڵی بگرم، بەدوای خۆمدا ڕامدەکێشا، لەگەڵ دوو پەتۆی پیسدا فڕێیان دامە ژوورێکی تەنیاوە. بەیانی و ئێواران وەردیانەکان ژوورەکانیان دەپشکنی، هەرچی جوێن و قسەی ناشرین و سووکایەتیپێکردن بووایە بە دەمیاندا دەهات و مرۆڤ نەیدەتوانی ورتە لەئاستیاندا بکات. مانگێک زیاتر بەم شێوەیە لە ژووری تەنیایی و بە دیار زنجیری دوانزە کیلۆییەوە کاتم بەسەر برد. ڕۆژێک بۆ بەندیخانەی گەورەیان گواستمەوە. خۆشی خۆشی گەیشتمەوە لای هاوڕێیان. ئەو دۆزەخە بەندیخانەیەی کە بە فێرگە و دانیشگای ژیان و تێکۆشانمان دەزانی و دەروێشانەش ناخ و مێشکی هەزارانی پڕ کردبوو و بە ئەزموونێکی گەورە دەژمێررا، بەتەواوی بە پێچەوانەوە بوو. گەر مرۆڤ بڕوای زێدەبەدەر بە دواڕۆژ و بیروبڕوا و ئاواتەکانی نەبووایە، بەرگەی ژیانی نێو ئەو بەندیخانەیەی نەدەگرت و سەرتاپای ژیانی دەگۆڕا. هێدی هێدی برادەرایەتی نزیکی نێو بەندیخانەم لەگەڵ چەند هاوڕێیەک پەیدا کرد. ڕۆژانە پێکڕا لە حەوشەکەدا پیاسە و گفتوگۆمان دەکرد، بەتایبەت لەگەڵ شەهیدان ستار خزمیر و رەووفی حاجی قادر و لاوێکی خەڵکی کازمیە بە ناوی محەمەد رازی شوبەر.

بەهاری ١٩٥٦ ماوەی حوکمەکەم لە بەندیخانە تەواوکرد، نێررامەوە دائیرەی تەحقیقاتی جینائی و لەوێوە بۆ (بدرە)یان ناردم، ساڵێکم لەوێ بە دوورخراوەیی و دەستبەسەری بەسەربرد. بدرە شارێکی کۆنی کوردە،

کەوتووەتە ڕۆژئاوای شاخی پشتکۆ و ڕووبارێکی لە ئێرانەوە پێدا دێت، ڕۆژهەلاتی شارەکە هەمووی ڕەز و باخی میوە و سەوزاییە، خورمای گەلێ باشی لێیە. ئەوکات زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شارەکە کورد بوون و، زۆر کەم خێزانی عەرەبی تێدا دەژیا. لە ڕۆژئاوای شارەکەدا سەد خانوویەک، کە لە بنەڕەتدا بۆ پۆلیسی گەڕۆک (شرطه السيار) دروست کرابوو. میری ئەو خانووانەی کردبوو بە شوێنی تایبەت بۆ دوورخراوەکان، بە چواردەوریشیاندا بە سێ چوار کیلۆمەتر ڕەبیە و شوێنی چاوەدێریکردن دانرابوو و، بە هیچ جۆرێک ماوە نەبوو دوورخراوە لەو پانتاییە دەرچێت کە نیشانکرابوو. پێویست بوو، ڕۆژانە سبەینێ و ئێواران بۆ پۆلیسخانە بچین و دەفتەر مۆر بکەین.

هەر کە گەیشتمە بدرە، زانیم ژمارەی دوورخراوەکان لە دەوروبەری سەدوچل کەسێکدایە و، ژمارەی هەرە زۆریشیان هاوڕێیان و لایەنگرانی حیزبی شیوعین و نزیکی سی کەسێکیش لایەنگرانی ئالاوی کارگەرانن و چەند دانەیەکیش وازیان لە کاری پارتایەتی هێنابوو و سەربەخۆی دەژیان. چەند هاوڕێی ناسیارم بینیەوە وەک خوالێخۆشبوو عادل سەلیم، ئەندازیار هاشم عەبدولا، عاسم حەیدەری، ئەحمەد غەفور، مامۆستا گۆران و برای بەڕێزم کاکە حەمەی مەلا کەریم و گەلێکی تر.

لیژنەی ڕێکخراوەکە لە خانووی ژمارە چوار دابنام، میری مانگی هەشت دیاری بە هەر دوورخراوەیەک دەدا، ڕێکخراو چوار دیناری بۆ خواردن و پارمەتیدانی حیزب لە هەر دوورخراوەیەکی ئەندام وەردەگرت، چواریش بۆ خەرجی تایبەت دەمایەوە. زوو هەستم بە دوو هەلۆێستی ناڕەوا کرد و، پێم قبووڵ نەدەکران. یەکەمیان ئەوە بوو کە ڕێکخراوی حیزب لە سەد و بیست هاوڕێ زیاتر پێکهاتبوو، وەک ئۆردوگایەکی

سەربازی، سێ ژەمە خواردن لە یەک شوێندا ئامادە دەکرد و خواردنێکی خراپ و شتومەکی زۆر بە فیڕۆ دەڕویشت، سەرپار و ژێرباری ئەمەش ورتەورت و ناڕەزایی هەندێ لە هاوڕێیان، کە گاڵتەپێکردن ناویان لێنابوو مەنجەڵی جیهانی (القازان العالمی). دووەمیان: پەیوەندی نێوان دوورخراوەکانی لایەنگری حیزب و لایەنکانی تر یەکجار نارێک و ناڕەوا بوو، بە گرژ و مۆنی و قسە لەگەڵ یەکتر نەکردن و بە چاوی ناحەزی تەماشای یەکتر کردن تەنرابوو، بەتایبەت هەڵوێستی ڕێکخراوی حیزب بەرانبەر بە لایەنگرانی ئاڵای کارگەران زۆر خراپ و منداڵکارانە بوو. ئەگەر یەکێک لە ئێمە گفتوگۆی لەگەڵ بکردنایە، بە چاوێکی سەیر و گومانلێکردنەوە تەماشا دەکرا.

هەر هاوڕێیەک کەمێ بەوردی کردەوە و ڕەفتار و هەڵوێستی هەردوو ڕێکخراوەکەی هەڵسەنگاندبایە، هەستی دەکرد ڕەوشی چەپڕەوی و توندوتیژی زێدەبەدەر لەنێو ڕێکخراوەکەی حیزبدا بەدی دەکرا. لە هەمان کاتدا گەلێ هاوڕێی ژیر و هێمن لەنێو ڕێکخراوەکەماندا هەبوون، هۆشیارانە و لە ڕوانگەی لێکدانەوە و دووربینیەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد.

دوو سێ مانگێک دەبوو گەیشتبوومە بەدرە، ڕۆژێک خوالێخۆشبوو ئەحمەد غەفور ئاگاداری کردم کە بووم بە ئەندامێکی لیژنەی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەی بەدرە. کەوتمە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکە و، لیژنەکە لە پارێزەر جەواد کازم حیلاوی کە لێپرسراوی یەکەم بوو و هەروەها هاوڕێیان ئەحمەد غەفور، خزمیر عەباس، کەریم فارس، غەفوری میرزا کەریم و پێکهاتبوو و بەندەشیان کەوتە تەک.

ساڵی ١٩٥٦ لە مێژوودا بەو ساڵە دەژمێررێ کە چەندان ڕووداو و

گۆڕانکاریی جیاواز و سەرسووڕمێنەری تێدا ڕوویدا و ڕەنگدانەوەی کاریگەری خۆی لەسەر تەواوی باری عیراق تێدا بەدی دەکرا، وەک: شۆڕشی جەزائیر و کۆیا ڕۆژ دوای ڕۆژ خێراتر بەرەوپێش و سەرکەوتن دەڕۆیشت، تێزێکی فرە باشی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی لە دونیای سێیەمدا دەگەیاند. کۆماری میسر سوپای ئیمپریالیزمی ئینگلیزی لەسەر خاک و وڵاتەکەی دەرکرد و خۆماڵیکردنی قەناتی سویس (تامیم قناه السویس)ی ڕاگەیاند. لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا هێزێکی فراوانی بریتانیا، فرەنسا و ئیسرائیل پەلاماری خاکی میسریان دا و، هەڵوێستی ڕەوا و توندوتیژی یەکێتیی سۆڤیەت نەبووایە شاری قاهیرەیان دەگرت و ڕژێمەکەیان دەڕووخاند. لە کۆنگرەی بیستی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەتدا و، بۆ یەکەم جار بەئاشکرا، لەناو کۆنگرەدا هێرشکرایە سەر بیروکراتیەتی ستالین و دیکتاتۆریەتی تاکەسەرۆک و ئەم هەنگاوەش لە مەیدانی ئایدیۆلۆژی و پارتایەتیدا وەک بوومەلەرزەیەک جیهانی هەژاند. هەر لەو دەمەدا دەنگوباس بڵاوبووەوە کە نوێنەرانی هەردوو ڕێکخراوی حیزبی شیوعی و ئاڵای کارگەران، لە ڕێگای سووریاوە، بۆ بەشداریکردنی کۆنگرەی بیستەمی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی چوونەتە مۆسکۆ. هەروەها لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبدا جەماوەر و هێزە نیشتمانییەکان کەوتنە ڕاپەڕین دژی هێرشی سێ وڵاتەکە بۆ سەر کۆماری میسر و، لە عیراقیش هێزە نیشتمانییەکانی شیوعی، بەعسی و دیموکراتی و نەتەوەییەکان ڕیزەکانی خۆیان ڕێکخست و کەوتنە هاوکاری و هاریکاریکردنی یەکتر و لەژێر دروشمی ڕووخاندن و پووچەڵکردنەوەی پلانی وڵاتە داگیرکەرە هێرشبەرەکاندا، ڕاپەڕینی فراوان لە بەغدا، نەجەف، بەسرە، حەی و

گەلێ شوێنی تردا دەستی پێکرد. ئێمەی دوورخراوەکانی بەدرە، ڕۆژ و شەومان، بە گوێگرتن لە ئێستگەکانی ڕادیۆ و گەڕان بەدوای دەنگوباسەکانی جیهاندا و بەتایبەت دەنگوباسی شەڕی قەناتی سوێس و هێرشەکانی سێ وڵاتەکەوە بۆ سەر میسر، بەسەردەبرد. هەر کە هەڕەشە توندەکەی سۆڤیەتمان بیست و بڕیاری ڕاگرتنی شەڕەکە و جێهێشتنی خاکی میسر وەرگیرا، کردمان بە ئاهەنگ و خۆشی.

زۆری نەخایاند سەرکردایەتی حیزب بە نامە ئاگاداری کردین کە ڕێکخراوی ئاڵای کارگەران و تاقمی خوالێخۆشبوو عەزیز شەریف و شەهیدی برای عەبدولڕەحیم و ژمارەیەکی زۆر لەو تێکۆشەرانەی پەراگەندە بووبوون گەڕاونەتەوە ڕیزەکانی حیزب. بەم هەنگاوە باری ڕێکخراوەکان و باری سیاسی لە ڕووی چەندێتی و چۆنییەتیەوە گۆڕا و کەوتە بزاڤێکی تازەوە.

بە ناوی هاوڕێیان سەلام عادل و جەمال حەیدەرییەوە داوا لە ئێمە و برادەرانی ئاڵای کارگەران کرا، ڕێکخراوەکانمان تێکەڵ بکەینەوە. خۆشترین ڕۆژ و کات بوو لە یاد دەرناچێت! لیژنەکەمان داوای لە من کرد، بۆ لای لێپرسراوی یەکەمی ڕێکخراوەکەی ئاڵای کارگەران بڕۆم، کە ئەوکات هاوڕێی خوالێخۆشبوو عادل سەلیم بوو، تا داوای لێ بکەم بەشداری لە لیژنەکەی بەدرەدا بکات. هەڵوێستی گەلێک ڕێکوپێک بوو، بەڵام ئارەزووی نەبوو ببێت بە ئەندامێکی لیژنەکە و کەوتینە گفتوگۆ و لەئەنجامدا ڕازی بوو و، بەشداری لەگەڵدا کردین و ڕێکخراوەکانمان بەتەواوی بوونەوە بە یەک ڕێکخراو. باری ژیانی دوورخراوەکان لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕا، ژیانی یەک قازانی و یەک خواردن کۆتایی هات و گرووپی هەر خانوویەک سەربەخۆیی و ژیانی تایبەتی خۆی پێدرایەوە.

وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، لە خانووی ژمارە چوار، بەندە و برای خۆشەویست و نووسەری ناسراو کاکە حەمەی مەلا کەریم و کوڕێکی تکریتی محەمەد هەیلان و هەشت کەسی تر بەڕێکوپێکی و خۆشی ژیانمان بەسەردەبرد، بەردەوامیش دەستە دەستە دوورخراوەکان، هەر کە ماوەی دوورخستنەوەیان تەواو دەکرد، پۆلیس بە بەندکراوی بۆ بەغدای دەناردن و دەستەی تازە دەگەیشتنە بەدرە. یەکێک لەو دوورخراوە تازانەی گەیشتن، چیرۆکنووسی عیراقی، نووسەری چیرۆکی (حصاد الشوک) و کتێبی (اجراس السلام)، نووسەر عەبدولرەزاق شێخ عەلی بوو. بە هۆی ئەوەی تەندروستی خراپ بوو، لیژنەکەمان بڕیاری وەرگرت کە شوێنی ژیانی لە خانووەکەی ئێمەدا بێت. داوام لێکرا کە چاوی لەسەری بێت و یارمەتیشی بدەم. هەر دوای دوو سێ ڕۆژ ژیانی لەگەڵ ئێمەدا، بۆمان دەرکەوت کە ئەو نووسەر بەڕێزە نەخۆشی شیزوفرینیای هەیە و، هەر هەلی بۆ هەڵبکەوێت یا خۆ دەکوژێت یان زیانێک دەدا. ئەوەی لە توانادا هەبوو لە یارمەتیدانی درێخی تێدا نەدەکرا، ئەوەی داوای بکردایە بۆمان ئامادە دەکرد. بەداخەوە هێندێ جار لەپڕ دووچاری هیستریا دەبوو، بە دەنگێکی قەبە دەکەوتە هاوارکردن. ناچار بووین هەرچی چەقۆ و تیغ و ئامێری مەعدەنی لە ماڵەکەماندا هەبوو، بیانشارینەوە تا ئەو بە شوێنیان نەزانێت.

لە کۆتایی ١٩٥٦دا بووین، هاوڕێیان کاک کەریم ئەحمەد، عەبد عەلوان ئەلتائی و شەهید مەهدی عەبدولکەریم و ژمارەیەکی تر دووخراوە گەیشتنە بەدرە. لیژنەکەمان بڕیاری وەرگرت هاوڕێ کەریم ئەحمەد بەرپرسیارێتی لیژنەکە وەربگرێت. کە کەوتینە پەیڤین لەگەڵیدا، داوای کرد کە هاوڕێیان عەبد عەلوان و شەهید مەهدییش بێنە ناو لیژنەکەوە.

ئەوانیش هاتنە نێو لیژنەکەوە و ژمارەی ڕێکخراوەکەمان لە دەوربەری سەدوپەنجا هاوڕێ دەبوو. ژیانمان لە هەموو ڕوویەکەوە کەوتە گەشەکردن و گیانێکی تازەی تێ کەوت. هەڵسوکەت، بیرکردنەوە و بۆچوونە ڕامیارییەکان و پەیوەندی نێوان هاوڕێیان و ژیانی تایبەت گۆرانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا هات و شێوازێکی تری وەرگرت. بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری و هۆشیاریی هاوڕێیان چەندان دەورەی جۆراوجۆر کرانەوە و بایەخی باشی پێ دەدرا.

چەند هاوڕێیەک، خوالێخۆشبوو مامۆستا گۆران، کاکە حەمەی مەلا کەریم، جۆرج فەرەنسیس، عەلی باراوی و چەند هاوڕێیەکی تر وەک دۆست و ناسیاری نزیک زۆربەی کاتێمان بە خۆیشی و شادییەوە بەسەر دەبرد.

ماوەی دوورخستنەوەکەم لە بەدرە تەواوبوو. پۆلیس بۆ دائیرەی تەحقیقاتی جینائی بەغدایان گێڕامەوە و، لەوێوە یەکسەر بۆ گرتووخانەی سەعدیە (معتقل السعدیه)یان ناردم، کە حکومەتی نوری سەعید دوای ڕاپەڕینەکەی حوزەیرانی ١٩٥٦ لەناو سەربازخانەی سەعدیەدا کردبوویەوە. ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی ناسراوی نیشتمانی وەک پارێزەری خوالێخۆشبوو کازم جەعفەر، شەهید عەبدولستار قەیسی، فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، ئیبراهیم تەویلە و گەلێکی تری لە هەمان گرتووخانە بوون. ماوەی مانگێک لەوێش مامەوە و هەر کە دادگای عورفی یەکەم، عورفی ناوچەی ناوەڕاستی عیراق، هەڵگیرا، ئێمەیان بۆ شوێنی تر گواستەوە. قۆناغم ئەوجارەیان گرتووخانەی گشتی (الموقف العام) بوو لە بەغدا و، لەوێش چەند ڕۆژێک مامەوە و پاشان پۆلیس ئاگاداری کردم کە جارێکی تر پێشکەش بە دادگاکردن کراومەتەوە لەبەردەم عورفی

عەسكەری دووەم لە كەركووك، كە دەسەڵاتی تیرۆر و گرتن و ئازاردانی هەموو هەرێمی كوردستانی پێدرابوو، بەو تۆمەتەی مەترسی بۆ بەرژەوەندیی گشتی پەیدا دەكەم. بە بەندكراوی ناردمیان بۆ گرتووخانەی سەرای كۆنی كەركووك. ماوەی چەند مانگێك لەوێ مامەوە، چەندە بگوترێت شوێنێكی بۆگەنی پیس و ناخۆش، ئەسپێ و تەختەكالۆس ماوەی نەدەدا كەس پشوویەك بدات. جۆرەها بەندكراو بە تۆمەتی كوشتن، دزی، بێئەخلاقی و كردەوەی ناڕەوای تێدا كۆكرابووەوە. ژمارەی ئەوانەی لەسەر كاری سیاسی بەندكرابوون لە پەنجەی دەستان تێپەڕی نەدەكرد و، لەنێویاندا هادی هاشم ئەعزەمی هەبوو، كە هەر لە سەرەتای كودەتا ڕەشەكەی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ەوە بوو بە خائین و سەركردایەتی حشعی دا بە دەستەوە. سەرە نەگەیشتبووە سەر من بخرێمە بەر دادگا، دادگای عورفی دووەمیش هەڵگیرا. ئەوجارەیان بۆ گرتووخانەی هەولێریان بردم.

بە هۆی ئەوەی دوو ساڵ و نیو زیاتر بوو لە بەندیخانە و دوورخراوەیی ژیابووم، هیچ تۆمەتێكی تازەم لەسەر نەبوو كە ئاراستەی دادگام بكەن، پەتپەتێنی بێمانایان پێ دەكردم و لە سەفا و مەروایەكی ئاڵۆزدا دەژیام. دوای ماوەیەك بۆ كۆیەیان گێڕامەوە. زیاتر لە پێنج مانگ لە ژوورە نارێك و پیسە كۆنەكەی قشڵەی كەكۆن هێشتمیانەوە. قائمقامی كۆیە، ئەوكات هادی ڕەشید چاوشلی بوو، مووچەخۆرێكی ئیداری وشك و بیروكراتی بوو، زوو زوو خزم و دۆستی بۆ لام دەنارد تا پاكانە بدەم و یەكسەر بەرم بدەن. سووربووم لەسەر هەڵوێستی خۆم.

لە سەرەتای ١٩٥٨دا بە تۆمەتی دروستكردنی مەترسی لەسەر بەرژەوەندیی گشتی درام بە دادگای كۆیە، ئەوكات خوالێخۆشبوو

نورەدین بەهائەدین حاکمی شار بوو، چەند پرسیارێکی لێکردم و یەکسەر گوتی: (دادگا بڕیاری دا بە کەفالەتی دووسەد دینار بەر بدرێت، بەو مەرجە ماوەی ساڵێک ڕەوشت و کردەوەکانت ڕێکوپێک بێت.)

یەکسەر باپیرم لای کاتب عەدل بوو بە کەفیلم. دوای سێ ساڵ زیاتر بەندیخانە و دوورخستنەوە و دەردەسەری گەڕامەوە ناو ماڵمان. تەندروستییەکی خراپ، دووچاری نەخۆشی کەمخوێنی و پشتئێشەی زۆر هاتبووم. کەم کەمە کەوتمە بایەخدان بە باری ژیانی تایبەتی خۆم. ئەو ماوە زۆرەی دوکانەکەم جێهێشتبوو، کەریمی برام بەڕێوەی بردبوو. هێدی هێدی کەوتمەوە سەر دوکان و کاسبیکردن. لە هەمان کاتدا پەیوەندیم بە ڕێکخراوی حیزبەوە کردەوە. زوو زووش لە دائیرەی ئەمنی کۆیە بەدوایاندا دەناردم، معاونێکی موسڵاوی ناوی تەها ئەحمەد سویدی بوو، دەکەوتە هەڕەشە و گوڕەشە و داوای لێ دەکرم پاکانە بدەم، گوێم پێ نەدەدا. چەند مانگێک پێش شۆڕشی چواردەی تەممووزی ١٩٥٨، قائمقام هادی ڕەشید چاوشلی، بەدوای باپیرمیدا نارد و، بە هاتوهاوار و قیژەقیژ داوای لێکردبوو خۆی لە کەفالەتەکەم بخات. ئەوکات یەکسەر دەگیرامەوە و ڕەوانەی بەندیخانەیان دەکردمەوە. باپیرم یەکجار بە سووربوونێکی توند و ڕەق بەرانبەر بە داواکەی قائمقام وەستا و وازی لە کەفالەتم نەهێنا و گوتبووی: (چیم لێ دەکەن بیکەن نامەوێ فاتح بچێتەوە بەندیخانە.)

کات مانگی ڕەمەزان بوو، باپیرم لە تەمەنی حەفتاوپێنج ساڵیدا دەبوو، بەندیان کرد. تەقەلای زۆرم لەگەڵ دا، تکام لێکرد خۆی لە کەفالەتەکەم دەربهێنێ و بەند بکرێمەوە. ڕازی نەبوو. ڕۆژی دووەم ڕەوانەی هەولێریان کرد. دوای دوو سێ ڕۆژ لە گرتووخانەکەدا، پارێزەری هەولێر، ئەوکات

خوالێخۆشبوو شێخ خالید نەقشبەندی بوو، بەدوای باپیرمدا دەنێرێت و لەگەڵیدا دەکەوێتە گفتوگۆ. باپیرم یەکجار باش کرمانجی دەزانی و یەکسەر شێخ خالید دەیناسێتەوە چونکە پێشتر قائمقامی کۆیە بوو. نزاری کوڕیشی یەکجار دۆست و برادەری عەبدولڕەحمانی برام بوو، داوای لێبووردنی لێ دەکات و ڕێزی دەگرێت و دەڵێت: (فەرموو خوات لەگەڵ بۆ کۆیە بگەڕێوە، هیچت لەسەر نییە.) بەم شێوەیە ئەوجارەش لە ساڵێک بەندیخانە ڕزگارم بوو.

بەهاری ١٩٥٨ لە ڕووکەشدا باری ڕامیاری عیراق وا خۆی دەنواند کە وڵاتەکە یەکجار ئارامە و هێزەکانی بەرهەڵستکاری عیراق لاوازن. پەیمانی بەغدا کەوتبووە نێو ئەوپەڕی جموجووڵ و خۆپێتەوکردن. پاشا و سەرۆکەکانی پەیمانەکە، سەرگەرمانە، کەوتبوونە فرت و هۆر و نەخشەکێشان بۆ پلاننانەوە و کاری تێکدەرانە دژی یەکێتیی سۆڤیەت، کۆماری میسر و بزاڤی ئازادیخوازیی نیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەمیشە خاڵێک لە خاڵە ستراتیژییە سەرەکییەکانی پەیمانەکە، دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی گیانی کوردایەتی و شێواندی باری سەرتاپای پارچەکانی کوردستان بوو، تا کۆسپ و لەمپەری تەواو لە پێش ئاواتەکانەی نەتەوەکەماندا دابنێت و بە هیچ شێوەیەک ڕۆژێ لە ڕۆژان نەتوانێت ڕاپەڕێ و سەر بەرز بکاتەوە و داوای مافە ڕەواکانی خۆی بکات. چەند هەفتەیەک پێش شۆڕشی تەممووزی ١٩٥٨، بە نامەیەک داواکرام بگەمە هەولێر. بەبێ خۆوەخراندن ڕۆیشتم و، لە شوێنی دیاریکراو پەیوەندیم پێوە کرا. بردمیان بۆ گەڕەکی تەیراوە، بۆ ماڵی پارێزەر زێوەر خەتاب. بینیم پیاوێکی سوور و سپی قەڵەو و پاکوخاوێن چاوەنۆڕم دەکات و کەوتە پەیڤین، یەکسەر بۆم دەرکەوت ئەو هاوڕێیە

سکرتێری لیژنەی لقی کوردستانە (لجنە الفرع فی کردستان للحزب الشیوعی العراقی). پێشەکی پرسیاری زۆری دەربارەی ناوچەی کۆیە، ڕانیە و قەڵادزەی لێکردم، لەبارەی ژیان و باری جوتیارانی ناوچەکە و پەیوەندی نێوان ئێمە و ڕێکخراوەکانی پارتی پرسیاری لێکردم، ئەوەی دەمزانی بۆم باسکرد. ئەوجا، بەدوورودرێژی، کەوتە لێکدانەوە و باسکردنی باری عیراق و گوتی: (ئاگاداربن بەم زووانە ڕووداوێکی گرنگی بنەڕەتی لەکایەدا هەیە، شیمایە باری عیراق بەتەواوی بگۆڕێت. هۆشیار بن، ڕیزی خۆتان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و کەسانی نیشتمانپەروەر ڕێک بخەن. بکەونە هاوکاری و هاریکاری یەکتری. دروشمی چەپڕەوانە هەڵمەگرن. ماوەی زیادەڕۆیشتن و کردەوە ناڕەوا مەدەن. کە دەگەڕێیتەوە بایەخی باش بە بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانتان بدەن. پەیوەندیتان لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانتانەوە کە دانیشتوون بەهێز بکەن...) ماوەی چەند سەعاتێک پێکراماینەوە و بۆ ڕۆژی دووەم گەڕامەوە کۆیە.

چەند ڕۆژ گوتەکانی هاوڕێکە لە مێشکمدا دەنگی دەدایەوە، هەزارویەک پرسیارم لە خۆم دەکرد! دەبێ چی ڕوو بدات؟ حیزب توانای ئەوەی نییە شۆڕش بکات؟ بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو کە دوو ساڵە بنیاتنراوە لاوازە و توانای کەمە؟ سوپای عیراق بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی پەیمانی بەغدادایە، بەتایبەت بریتانیا ڕۆڵێکی باڵا لەنێو سوپاکەدا دەبینێ؟ لەو جۆرە بیرکردنەوە و لێکدانانەوانەدا کەوتبوومە نێو گێژاوێک سەرم لێ دەرنەدەکرد و، ڕۆژانەش لەسەر دوکانەکەم ئیشوکاری خۆمم بەڕێوە دەبرد. پەیوەندیم لەگەڵ جوتیارانی گەلێ لادێ و ناسیارانی ناوشار ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەکرد.

بەیانی ڕۆژی هەینی ١٩٥٨/٧/١٤ کاتێک لە گەرمەی نووستندا بووم، بە هەڵسە هەڵسە، خوالێخۆشبوو غەفوری حاجی یەحیا هۆشیاری کردمەوە و گوتی: "شۆڕش بەرپابوو، ڕژێمی کۆماری لە عیراقدا ڕاگەیەنرا." زوو بڕوام نەکرد. هەر لە جێگای نووستنەکەمدا بووم، ڕادیۆیەکی سیرای گەورەمان هەبوو، هێنایانە سەربان. گوێم لە بەیانی یەکەمی شۆڕش گرت، عەبدولسەلام عارف بە دەنگێکی قەبە دەیخوێندەوە و، هاواری لە جەماوەر دەکرد بەرەو کۆشکی عەبدولئیلاه، جێگری مەلیک و، کۆشکی فەیسەڵی دووەم بڕۆن و یارمەتی سوپای ڕزگارکەری عیراق بدەن. زوو زوویش ئێستگەکە برووسکەی لایەنگری و پشتگیریی شۆڕشەکەی بڵاو دەکردەوە، کە لەلایەن ئەفسەر و پیاوانی ناودارەوە ئاراستەی سەرکردایەتی شۆڕشەکە دەکران.

# البيان رقم (١)
## صادر من القائد العام للقوات المسلحة الوطنية

بسم الله الرحمن الرحيم . . ايها الشعب الكريم

بعد الاتكال على الله وبموأزرة المخلصين من ابناء الشعب والقوات الوطنية المسلحة اقدمنا على تحرير الوطن العزيز من سيطرة الطغمة الفاسدة التي نصبها الاستعمار لحكم الشعب والتلاعب بمقدراته لمصلحتهم وفي سبيل المنافع الشخصية .

أيها الاخوان :

ان الجيش منكم واليكم ، وقد قام بما تريدون وازال الطبقة الباغية التي استهترت بحقوق الشعب ، فما عليكم الا ان تؤازروه ، واعلموا ان الظفر لا يتم الا بترصينه والمحافظة عليه من مؤامرات الاستعمار واذنابه وعليه فاننا توجه اليكم نداءنا للقيام باخبار السلطات عن كل مفسد ومسيء وخائن لاستئصاله ، ونطلب منكم ان تكونوا يداً واحدة للقضاء على هؤلاء والتخلص من شرهم .

أيها المواطنون :

اننا في الوقت الذي نكبر فيكم الروح الوطنية الوثابة والاعمال المجيدة ، ندعوكم الى الاخلاد والسكينة والى التمسك بالنظام والتعاون على العمل المثمر في سبيل مصلحة الوطن .

أيها الشعب :

لقد اقسمنا ان نبذل دماءنا بكل عزيز علينا في سبيلكم ، فكونوا على ثقة واطمئنان باننا سنواصل العمل من اجلكم وان الحكم يجب ان يعهد الى حكومة تنبثق من الشعب وتعمل بوحي منه وهذا لا يتم الا بتأليف جمهورية شعبية تتمسك بالوحدة العراقية الكاملة وترتبط برباط الاخوة مع الدول العربية والاسلامية وتعمل بمبادىء الامم المتحدة وتلتزم بالعهود والمواثيق وفق مصلحة الوطن وبقرارات مؤتمر باندونك . وعليه فان الحكومة الوطنية تسمى منذ الان (الجمهورية العراقية) وتلبية لرغبة الشعب قد عهدنا رئاستها بصورة وقتية الى مجلس سيادة يتمتع بسلطة رئيس الجمهورية ريثما يتم استفتاء الشعب لانتخاب الرئيس ، فالله نسأل ان يوفقنا في اعمالنا لخدمة وطننا العزيز انه سميع مجيب

بغداد في اليوم السادس والعشرين من شهر ذي الحجة سنة ١٣٧٧ هـ الموافق لليوم الرابع عشر من شهر تموز سنة ١٩٥٨ م .

القائد العام

للقوات المسلحة الوطنية

# شۆڕشی چواردەی تەمموز

لە کاتێکدا کە چاوەنواڕ نەدەکرا، بەو زووانە، ڕووداوێکی بنەڕەتیی گرنگ بەو شێوەیە لە عیراقی پاشایەتی و پەیمانی بەغدا و یەکێتیی هاشتمی ڕووبدات، کازیوەی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ سوپای عیراق بەو ئەرکە پیرۆز و مێژووییە هەڵسا. کابینەیەکی وەزارەتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی شۆڕش شەهید عەبدولکەریم قاسم پێکهێنرا. نوێنەرایەتی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی (جبهە الاتحاد الوطنی)، تەنیا حیزبی شیوعی عیراق نەبێت، لە وەزارەتەکەدا بەشدارکران.

دوای تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ نوری سەعید کوژرا. دەستووری کاتی بڵاوکرایەوە. لە مادەی سێیەمدا[19] هاتبوو، عیراق وڵاتی عەرەب و کوردە، دەبێ بە هاوبەشی بژین. ناوەڕۆکی ئەو مادەیە فرەتر هەستی نەتەوایەتی لە کوردستاندا هەژاند، دروشمی برایەتی عەرەب و کورد و کەمەنەتەوەکان، کە حیزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٣٤ەوە[20] خەباتی بۆ

(١٩) لە ڕۆژی ١٩٥٨/٧/٢٧ حکومەتی شۆڕش دەستووری کاتی بڵاو کردەوە. ئەمە دەقی مادەی سێیە کە دەربارەی نەتەوەی کوردە: (یقوم الکیان العراقی علی اساس من التعاون بین المواطنین کافە واحترام حقوقهم وصیانە حریاتهم ویعتبر العرب والاکراد شرکاء فی هذا الوطن. ویقرر الدستور حقوقهم ضمن الوحدە العراقیە.)

(٢٠) دوای ئەوەی کە لە ١٩٣٤/٣/٣١ پارتی کۆمۆنیستی عیراق بنیاتنرا، لە مانگی تەمموزی ١٩٣٥دا ژمارەی یەکەم لە ڕۆژنامەی (کفاح الشعب) بڵاوکرایەوە. لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی دووەمدا داوای سەربەخۆیی تەواوی بۆ کوردستان کردبوو. ئەمە دەقی دروشمەکەیە کە یەکەم خاڵ نووسرا بوو: (١- طرد المستعمرین وضمان حریە الشعب والاستقلال الکامل للاکراد. وضمان حقوق الثقافیە لکل الاقلیات القومیە.)
حنا بطاطو ـ الجزء الثانی، ص. (٩٠)، حول الحزب الشیوعی العراقی.

دەکرد، بە فراوانی کەوتە پەرەسەندن. هەر لە سەعاتی یەکەمی ڕابوونی شۆڕشەکەدا گەلانی عیراق، سەرگەرمانە، بە گۆش و جۆش وەک قەلایەکی پۆلایین دەوری شۆڕشەکەیان دا و خستیانە ئامێزی خۆیانەوە. شارەکەی ئێمەش یەکسەر هۆشیارانە بە ڕۆڵی خۆی هەڵسا. خەڵکی شار، بەبێ ترس و چالاکانە، هاتنە ناو شەقامەکان و خۆپیشاندان دەستی پێکرد. کەوتنە ناردنی دەیان برووسکە بۆ بەغدا و تێیاندا لایەنگری و پشتگیری خۆیان بۆ شۆڕشە پیرۆزەکە پێشان دەدا. پێکڕا، بەندە و هاوڕێ کاک ئەحمەد دڵزار، بە ڕۆڵی بەڕێوەبردن و ئامۆژگاریکردن، لایەنگر و دۆستەکانی حیزبمان بەرەوپێش دەبرد. بۆ مێژوو دەڵێم هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشەوە، هێندێ کادێری پارتی دیموکراتی کوردستان تەقەلای ئەوەیان دەدا کە ئێمە هیچ ڕۆڵێک نەنوێنین و کەس گوێمان لێ نەگرێت، تەنانەت هەڕەشەشیان لێ دەکردین.

دوو هەفتە بەسەر شۆڕشدا تێپەڕ بووبوو، دۆستان ئاگاداریان کردین کە پارتی دیموکراتی کوردستان نیازی هەیە لە سەرتاپای هەرێمی کوردستاندا دەستەی نوێنەرایەتی تایبەتی خۆی، بە نیازی پێشکەشکردنی پیرۆزبایی و چاوپێکەوتنی عەبدولکەریم قاسم، بنێرێتە بەغدا. ئێوارەی ١٩٥٨/٧/٢٦ زانیم کە خوالێخۆشبوو کاکەزیاد ئاغا غەفووری و بەڕێزان کاک عەلی عەبدوڵا و کاک مەسعود محەمەد لە دوکانی خوالێخۆشبوو بەکر بەنا، کە کۆییەکان بە بەکری حاجی مەنجەڵ دەیانناسی، کۆبوونەتەوە. یەکسەر چووم بۆ لایان و دوای سڵاوکردن، بەبێ سێ و دوو گوتم: "دەبێ ئەو دەستەی نوێنەرانە بە ناوی خەڵکی کۆیەوە دەنێررێنە بەغدا دەستەی هاوبەش بێت، دەنا ئێمە دژی دەبین و برووسکە بۆ بەغدا لێدەدەین. دەستەی نوێنەرانی تایبەتی خۆشمان

دەنێرین." دەمەتەقەیەکی توندوتیژ لەنێوماندا ڕوویدا. سەدان کەسیش لە دەوروبەری دوکانەکە کۆبووبوونەوە. لەکۆتاییدا ڕێککەوتین کە ڕۆژی ١٩٥٨/٧/٢٧ دەستەی نوێنەرایەتی هاوبەشی ئێمە و پارتی، پێکڕا، بەرەو بەغدا بکەونە ڕێ. هاوڕێ دڵزار و چەند هاوڕێ و دۆستمان بۆ سەفەرەکە ئامادە کرد و یەکسەر تەلەفۆنمان بۆ هەولێر، ڕانیە و قەڵادزەش کرد، کە هەنگاوێکی وا لە کایەدایە و دەستەی نوێنەرانی کوردستان بەرەو بەغدا دەڕوات، ئێمە لە کۆیە لەگەڵ پارتی دەستەی هاوبەش دەنێرین و پێشنیاز دەکەین کە ڕێکخراوەکانی حیزب لە هەرێمەکەدا لەم هەنگاوە دوا نەکەون. لەدواییدا زانیمان کە سەرۆکی لایەنگرانی حیزب لە دەستەی نوێنەرایەتییەکەدا خوالێخۆشبوو ئەحمەد غەفور، هی پارتیش مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو و، پێکڕا چاویان بە سەرۆک عەبدولکەریم قاسم کەوتبوو. مامۆستای بەڕێز کاک مەسعود محەمەد لە کتێبەکەیدا (گەشتی ژیانم) لاپەڕە ٣٥٦، باسی دەمەتەقەکەی دوکانی کاک بەکر بەنا دەکات.

ڕۆژی ١٩٥٨/٨/٥ ئاگادارکرام میوان هاتوون بچم بۆماڵی هاوڕێ دڵزار. بەبێ وەستان گەیشتمە لایان دیم شەهید نافع یونس و ئەو هاوڕێ قەڵەوەی لە ماڵی پارێزەر زیوەر خەتاب چاوم پێکەوتبوو، لەگەڵ هاوڕێ کاک کەریم ئەحمەد هاتبوون. دوای سڵاو و پێشوازیکردن، هاوڕێ قەڵەوەکە کەوتە پەیڤین و بەدوورودرێژی باسی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی و یەکێتیی ئەفسەرانی ئازاد و ئەنجومەنی وەزیران و ئاسۆی شۆڕشەکەی بۆ کردین. ئامۆژگاری زۆری کردین کە چۆن بایەخ بە پەرەسەندنی ڕێکخراوەکانی حیزب و دیمۆکراسی بدەین. پەیوەندەی لەگەڵ پارتیدا بەهێز بکەین و لەگەڵیاندا نەکەوینە کێشەی لاوەکییەوە و، بە پشووی درێژ و بەهێمنی و گورجوگۆڵانە تێکۆشانەکانی حیزبی و نیشتمانییمان

بەرەوپێش بەرین و گوتی: (هاوڕێ فاتح بەرپرسیاری یەکەمی ڕێکخراو و بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان دەبێت، پێویستە واز لە دوکان و ئیشی تایبەتی خۆی بهێنێت و هەموو کات و هێز و توانای خۆی بۆ کاروباری حیزب تەرخان بکات.) ئەوکات زانیم کە هاوڕێکە ناوی جۆرج تەلویە و سکرتێری لیژنەی هەرێمی کوردستانی حیزب بوو. هاوڕێ و برام کاک ئەحمەد دڵزار لە کتێبەکەیدا (بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم)، بەشی سێیەم لاپەڕە یانزە، بەدوورودرێژی باسی کۆبوونەوەکە و هێندێ ڕووداوی تر دەکات.

باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەرتاپای عیراقدا یەکجار بەخێرایی تێپەڕ دەبوو، جەماوەر مەستی گوشادی و سەرکەوتنی شۆڕشەکە بووبوو، هەر پارت و گرووپ و تاقمێک کەوتبوونە ئەوپەڕی بزووتنەوە و جموجووڵەوە. هەڵوێستی جیاواز و کێشەی نێوان هێزەکانی ڕەگەزپەرستی عەرەب و هێزەکانی چەپ و دیموکراتەکان و لایەنگرانی عەبدولکەریم قاسم دەستی پێکرد. بەئاشکرایش لە گوتە و دروشم و ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا دەبینرا. ڕێکخراوەکانی حیزب و لایەنگرانی سەرگەرمانە کەوتنە تەقەلادانی بێسنوور و حیزب وا خۆی خزاندە ناو کێشە و کینەبەرییەکانەوە، وەک ئەوەی شۆڕشەکە شۆڕشێکی چینایەتی خۆی بێت و، پێویست بەوە بکات بەرگری لێ بکات و شوێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی باش بچەسپێنێت.

لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨دا، هاوڕێ دڵزار و بەندە داواکراین بچین بۆ هەولێر و، بەشداری لە کۆبوونەوەی لیژنەی محەلی پێکهاتووەدا بکەین. لە شوێن و کاتی دیاریکراودا شەهید نافع یونس، شەهید عادل سەلیم، هاوڕێ ئەسعەد خدر، یوسف حەنا، خوالێخۆشبوو

مەحموود عەدۆ و شەهید ئەحمەد مەحموود حەلاق ئامادە بووین. شەهید نافع، بەدوورودرێژی باسی باری سـیـاسی بۆ کـردین، باسی ئیشوکارەکانی پارێزگاکە و ڕێکخراوەکانی خۆشمان کرا، گەلێ بریارمان بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانمان وەرگرت و بلاوەمان پە کۆبووەنەوەکە کرد.

جارێکی تر دوای مانگ و نیوێک بۆ کۆبوونەوەی لیژنەی مەحەلی چووینەوە بۆ هەولێر. هەر هەمان هاوڕێیانی کۆبوونەوەکەی یەکەم ئامادە بوون. پرۆگرامی دانیشتنەکە بەڕێکوپێکی باس و خواسی لەسەر کرا. لەکۆتاییدا شەهید نافع یونس زۆر بەڕێز و هێمنی و بە دڵێکی پڕ زووخاو ڕووی تێکردم و گوتی: (هاوڕێ فاتح، چەند کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتوونەتە لامان و گوتوویانە فایلێکی دائیرەی ئەمنمان دەست کەوتووە، ناوی فاتح ڕەسول هاتووە کە پەیوەندی بەوانەوە هەبووە. مانگی هەشت دیاری پێدراوە هەرچەندە سەرتاپای هاوڕێیانی حیزب ئەم دەنگە بە تاوان و درۆ دەزانن، بەلام پێویست بەوە دەکات لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر بکرێت تا دەگەینە بنج و بناوانی دەنگەکە و تا ئەوکات هاوڕێ دڵزار ئیشوکاری ڕێکخراوەکانی کۆیە بەڕێوە دەبات. پێویستە بە دڵێکی فراوان و لەسەرەخۆیی چاوەنواڕی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بکەین! لە چالاکی و کار و ئەرکەکانی جەماوەری خۆت بەردەوام بە...) تکام لە هاوڕێی شەهید کرد بایەخێکی باش و بەپەلە بە لێکۆڵینەوەکە بدەن، چونکە ئاراستەکردنی ئەو جۆرە تاوانە بێئەخلاقیانە گەلێ گەلێ لە کوشتن مەزنترە! پێویستە ئێوە خۆتان، سەرکردایەتی حیزب، بە سووربوونێکی تەواوەوە داوای فایلەکە بکەن و بیپشکنن.

لەگەڵ هاوڕێ دڵزار گەڕاینەوە کۆیە. بەڕاستی بە شێوەیەک کاری لە ناخ و هەست و مێشکم کردبوو، شەوانە خەو نەدەچووە چاوم. بە چەندان

شێواز لێکم دەدایەوە، کە ئەمە دوانزە ساڵە شەو و ڕۆژێک خۆشی و ئاسوودەیم بەخۆوە نەبینیوە، هەر لە گرتن و بردن و کێشە و ئازاردا ژیاوم، لە ژیانی ئابووریشدا خۆم و خێزانەکەم دەستکورت نەبووین، ئەم تاوان و پلان بێشوورەییە چۆن ڕێکخرا! زوو زوو تەلەفۆنم بۆ شەهید نافع دەکرد و لە مەسەلەکەم دەپرسییەوە. داوام دەکرد پێویستە ئەو کادرانەی پارتی کە تاوانەکەیان ئاراستە کردبووم، ناوەکانیان ئاشکرا بکرێن. دەمویست پرۆسەکە بخەمە بەر دادگا و سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان! دوو هەفتە تێپەڕ نەبووبوو، ڕۆژێک شەهید نافع تەلەفۆنی کرد و گوتی: (مزگێنی گەیشتینە ئەنجام، ناوەکەت تەزویر کراوە. یەکسەر ئیشوکارەکان بگرەوە دەست خۆت و لە دادگاش داوا دەنووسین.) بە خۆشترین ساتم وەرگرت و لە ناخۆشترین ئازاری فیکری ڕزگارم بوو. ڕۆژی دادگا دانرا. لە کات و ڕۆژی دیاریکراودا شەهید نافع گەیشتە کۆیە، حاکمی شار، کە ئەوکات کاک بایز عەزیز عەبدوڵا بوو، لەگەڵ شەهید نافع پێکەوە چووین بۆ دادگا. بینیمان خوالێخۆشبوو کاک عەباسی مامەند ئاغا ئاکۆ و معاونی پۆلیس حەسەن سەعدی لەلای حاکم دانیشتوون. پۆلیس پیاوێکی هەولێری کورتەباڵایان هێنایە لای حاکم، ناوی قادر ڕەسوڵ هەولێر بوو، کاری کاتب بوو لە دائیرەی ئەمنی هەولێر. فایلێک لەبەردەم حاکم دانرابوو. فۆتۆکۆپیشی لە لای شەهید نافع بوو. جاسووسەکە بەرانبەر حاکم کەوتە پاڕانەوە کە ئەم فایلە ئەو دروستی نەکردووە، تەنیا لە دائیرە دەریهێناوە و داویەتی بە برادەرێکی پارتی. کاک بایز کەوتە خوێندنەوەی کاغەزەکانی نێو فایلەکە و لە یەکێکیان نووسرابوو: "تقرر تعين المدعو عبدالرحمن اسعد كمعتمد في دائرتنا براتب قدره ثمانيه دنانير باسم المستعار حويز رسول." پسوولەی

پارەوەرگرتنی چەند مانگێکی بە ناوی حەویز رسولەوە خوێندەوە. لە لاپەڕەیەکی تردا حاکم خوێندیەوە: "تقرر تبديل اسم المستعار حويز رسول الى اسم المستعار فاتح رسول."

بەم شێوەیە ماوەی بیست ڕۆژی نەخایاند تاوانە بێئابروو و نامرۆڤانەکە ئاشکرا بوو، لە پیسترین پلان ڕزگارم بوو. کورد گوتەنی "ڕاست بە برۆ ڕێگای شێر". بە هۆی ئەوەی کاک پایز هەواداری پارتی بوو، ئەوانەی فایلەکەیان بە پارە لە قادرەکە وەرگرتبوو، کادێری پاتی بوون. حاکم بە جەزایەکی کەم قالەی بەردا. کۆتایی بە هەڵبەستە و بالۆرەکە هات!

هەر لەو سەروبەندەدا بوو لەژێر ناوی (مكتب اتحاد الشعب) بارەگایەکمان بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانمان لە کۆیە کردەوە و ڕۆژ و شەو مونجەی دەهات لە جەماوەر.

کە نەمر مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣-١/٣/١٩٧٩) و هەڤاڵەکانی، دوای سیانزە ساڵ ئاوارەیی، گەڕانەوە نیشتمان، بوو بە خۆشی و ئاهەنگگێڕان لە سەرتاپای عیراقدا. دەستە دەستە نێردراوانی حیزب و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی تر بەرەو بەغدا دەڕۆیشتن بۆ پێشوازیکردنی بارزانییەکان. وا ڕێککەوت بەندە بووم بە سەرۆکی نوێنەرانی ڕێکخراوی حیزب لە کۆیە، بەرەو بەغدا ڕۆیشتین و لە ئوتێلی سمیرامیس کۆبووینەوە. چاوم بە نەمر شێخ سادق بارزانی کەوت، ئەوکات ئەو پێشوازی ئەو وەفدانەی دەکرد کە دەگەیشتنە ئوتێلەکە، یەکترمان ناسییەوە و بەگەرموگوڕی سڵاومان لە یەک کرد و، بێ وەستان ئێمەی گەیاندە لای خوالێخۆشبوو بارزانی و میرحاج ئەحمەد. خەڵکێکی زۆر لە دەورووبەری ئوتێلەکە کۆبووبوونەوە. نەمر

بارزانی هات و به چەند گوتەیەکی کورت سوپاسی کردن. دوای ئەو خوالێخۆشبوو میرحاج وتارێکی درێژی دەربارەی برایەتی کورد و عەرەب و شۆڕشی چواردەی تەمموز و عەبدولکەریم قاسم خوێندەوە. دوای بە دوای ئەوان بەندەش وتارێکی کورتم دا. کە چووم بۆ بارەگای سەرکردایەتیی حیزب، چاوم بە شەهید جەمال حەیدەری و چەند هاوڕێیەکی تر کەوت، هاوڕێیان هانیاندام کە بە ڕێگای مامۆستا ساحیب حەداد بچمە وەزارەتی ئابووری و چاوم بە وەزیر ئیبراهیم کوببە بکەوێت و دەربارەی باری کوردستان، ژیانی جوتیاران و کشتوکاڵ قسەی بۆ بکەم. بۆ وەزارەتەکە ڕۆیشمت، چاوم بە مامۆستا ساحیب کەوت، کە لە ساڵی ١٩٤٨دا مامۆستام بوو لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیە، وا دێتە یادم کە ئەوکات مامۆستا ساحیب مودیری پەیوەندی گشت بوو لە وەزارەتەکەدا. زۆری نەخایاند گەیاندمیە لای خوالێخۆشبوو ئیبراهیم کوببە. گەلێ پرسیاری دەربارەی کشتوکاڵ، توتن و موڵکانە و...هتد لێکردم. ئەوەی دەمزانی وەڵامم دایەوە. پرسیاری لێکردم و گوتی: "کێ بە لێزان و لێوەشاوە دەبینیت تا ببێت بە مودیری گشتی ئینحساری تووتن؟" ناوی سێ کەسم پێدا و هەر سێکیان لە لایەنگرانی حیزب بوون. هەر لە لای وەزیر هاتمە دەر، یەکسەر بۆ بارەگای (اتحاد الشعب) ڕۆیشتم و پوختەی گوتەکانم بۆ گێڕانەوە. دوای دوو سێ ڕۆژ گەڕاینەوە کۆیە.

لەتەک سەرقاڵی زۆر و کاروباری پارتایەتی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانەوە دەستم بە نووسینی نامیلکەیەک کرد لەسەر باری ژیانی تووتنەوانی لە کوردستاندا. ئەو زانیارییەی هەم بوو لەژێر ناوی (تووتن و تووتنەوانی لە کوردستانی عیراق)دا بە چاپم گەیاند و لە نامیلکەیەکی سەدوبیست رووپەڕدا بڵاوکرایەوە. لە نووسیندا، ئەمە

بەرهەمی دووەمم بوو. بەرهەمی یەکەمم لە ناوەڕاستی ١٩٥٤ لەژێر ناوی (دەنگدانەوەی ئاشتی)دا گەیاندە چاپخانەی دجلە لە بەغدا. نامیلکەکەم لەژێر ناوی دلێر ئەحمەددا نووسیبوو. لە هێرشبردنێکی پۆلیسدا بۆ سەر چاپخانەکە، دەستیان بەسەردا گرت و سەری تێداچوو.

دوا بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە، زۆری نەخایاند ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوان هێزە چەپ و دیموکراتیخوازەکاندا لەگەڵ کۆنەپەرست و پاشماوەی ڕژێمی پاشایەتیدا بە چەندان شێوە دەستی پێکرد. ئیمپریالیزم و ئەو وڵاتانەی گوێڕایەڵی بوون، کەوتنە نەخشەکێشان و پلاندارشتن، بۆ ئاوەژووکردنی بارە نوێیەکە و تێکشکاندنی کۆمار.

لە هەموو شتێک سەختتر و زیانبەخشتر ئەوە بوو، لەنێوان ئەو هێز و گرووپانەی کە ڕۆڵی سەرەکییان لە سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا هەبوو، جیاوازی و تێکبەربوون و کێشەی لاوەکی دەستی پێکرد. ڕەگەزپەرستانی عەرەب، یەکسەر دروشمی یەکێتیی تەواوی عیراقیان لەگەڵ کۆماری میسردا بەرزکردەوە. ئەم هەنگاوەش پەیدەرپەی ئاگری ناکۆکییەکان و کینەبەری زێدەتر خۆش دەکرد. کۆسپ و تەگەرە و گێچەڵی زۆری لە پێش ڕێبەرانی سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕاپەڕینە مەزنەکەی جەماوەردا دروست دەکرد. باری ئاڵۆز و دژوار سەرتاپای عیراقی گرتبووەوە.

لە بچووکترین لادێ، شارۆچکە و شاردا ئەو گێرەشێوێنی و ئاژاوەیە دەبینرا. بەتایبەت ژیان لە لادێیەکان و پەیوەندی نێوان جوتیار و خاوەنموڵک و دەرەبەگەکاندا، گرتە و بردە و تێکهەڵدانێکی ئەوتۆی تێکەوتبوو، لە هەموو سنووری مرۆڤایەتی، یاسایی و کۆمەڵایەتی تێپەڕاندبوو. جوتیارەکان کەوتبوونە جموجووڵ و ڕابوون، دەیانویست تۆڵەی چەوسانەوە، ئازار و ئەشکەنجەی سەدان ساڵیان، لە ماوەیەکی

کـوردا، بکەنەوە. بەداخـەوە، لە گـەلێ شـوێندا بەرەڵاییـەکی ئەوتۆ پەرەیسـەندبوو، گوێ بە ئامـۆژگارییـەکانی میـری و دامودەسـتگاکـانی ئیداری و سیاسی نەدەدرا. لەنێوان هەموو پارت و گرووپ و هێزەکاندا کەسـانی وا هەبوون دڵسـۆزانە هـاواریان دەکرد، بەئاشکرا بێـزاریی و نارەزایی خۆیان دژ بە گێرەشێوێنییەکە دەردەبڕی و، داوایان دەکرد بەر بەو مناڵبازاڕی و کەڵەکەترەیە بگیرێت و چارەیەک بدۆزرێتەوە. هەرچەندە بارەکە لە شێوازێکی نائاسایی و ناسروشتیدا بوو، بەڵام سەرکردایەتی شـۆڕش گەلێ هـەنگاوی پێشکەوتوخـوازانەی دەهاویشت، کـە سـاڵەهای ساڵ بوو گەلانی عیراق خەباتیان بۆ دەکرد و قوربانی زۆریان لەپێناویاندا دەدا، وەک: دەرچوون لە پەیمانی بەغـدا، دەرکـردنی سـوپای ئینگلیـز لە عیراق، بەردانی گیراوە سیاسـییەکان، گەڕانـەوەی هەمـوو دەربەدەر و ئاوارەکانی هـەندەران کە لە نێویاندا ئەو برا بارزانییانە بوو کە لە سـاڵی ١٩٤٥دا دووچاری دەربەدەری هاتبوو و، هەروەها مـاوەدان بە چین و توێژ و بەشەکانی کۆمەڵ کە خۆیان لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و دیموکراسیدا ڕێک بخـەن و یەکـێتیی پیشـەیی تایبـەت بە خـۆیان پێک بهێنن، وەک: یەکێتیی کرێکاران، یەکێتیی جوتیاران، یەکێتیی لاوانی دیموکراسی، یەکێتیی قوتابیانی عیراق و یەکێتیی ئافرەتان و...هتدا. بۆ پاراستنی کۆمارە تازەکە و پشتگیریکردنی سوپای عیراقیش، هێزی بەرگریی میللی (المقاومە الشعبیە) ڕێکخرا.

زۆربەی هەرە زۆری خـەڵکەکـە کـەوتبـوونە ئەوپەڕی خـۆشییـەوە، بە گـەشـبـینی و ورەی بەرزەوە دەژیان، وەک شـوورەیەکی پۆڵایی دەوری شـۆڕشـەکـەیان دابوو. مـاوەی ئەو وەرزە خـۆشـە کـورت بوو، درێژەی نەکـێشـا. ڕەشـەبای شـووم، هەوری ڕەشی گـرژی لە هەمـوو لایەکـەوە

ئاسمانی وڵاتی داگرت. سەرتاپای پارت و گرووپ و چین و توێژەکانی کۆمەڵ کەوتنە بزاف و تەقەلادان بۆ ئەوەی شوێنی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بەهێز بێت، ڕۆڵیان لەنێو دامودەستگاکانی میریدا کاریگەر بێت، دروشم و ئامانجەکانی نیشتمانی، نەتەوەیی و چینایەتی بە جۆرێک تێکەڵوپێکەڵ کرابوون، سەرلێوەدەرهێنان زێدەبەدەر قورس و ئەستەم بوو. هەر لایەکیش خۆی بە ڕاستگۆ و خاوەنهەق لە قەڵەم دەدا و، ئامانجە سەرەکییەکانی خەڵکیش لەنێو کێشە لاوەکییەکاندا ونکران.

پێم وایە کاردانەوەیەکی بەسوودە کە وەک ئەزموون و تاقیکردنەوەی سەرنەکەوتووانەی ئەوکات، کورتەیەک لە هەڵسەنگاندنی تایبەتیم لەسەر چۆنییەتی کارکردنی تێکۆشانەکانی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و بیرکردنەوە و عەقڵیەتی حزبایەتی ئەو سەردەمە بۆ نەوەی داهاتوو تۆمار بکەم.

ئەوەی ئێستاکە ڕەفتاری پێ دەکرێت و پێی دەگوترێت فرەلایەنیی پارتایەتی و پێشبڕکەی دیموکراسییانە بۆ ڕاکێشانی زۆربەی خەڵکی بەرەو ڕێبازێکی یاسایی و دیموکراسی دوور لە هەڕەشە و گەف و گوڕ و فرتوفێڵ، جیاوازی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەو بۆچوون و عەقڵیەت و پەروەردەیەی ئێمەی کۆمۆنیستەکان پێی پەروەردە کرابووین. سەرچاوەکەشی لە ئایدیۆلۆژیەتی ستالینیزمەوە هەڵدەقولا و لە سەرانسەری جیهاندا ڕەنگی دابووەوە. وا خرابووە مێشکەوە کە دەبێت ڕۆڵی پێشڕەوی و ڕابەرایەتیکردنی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و، تەنانەت هی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانیش، بە هەر نرخێک بێت کۆمۆنیستەکان بیگرنە دەست و بکەوێتە ژێر ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئەوانەوە. ئەم بۆچوونانە کێشەی یەکجار پڕ زیان و ناڕەوای دروست

دەکرد. هەمیشەش لە لایەن هێزەکانی بۆرژوای نیشتمانی و بۆرژوای بچووکی شۆڕشگێڕەوە دەکران بە بەڵگە و سۆنگە بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکی و کێشە و جیاوازییەکان. هێزە دەسەڵاتدار و دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکان سوودی باشیان لێ وە دەست دەهێنا، تاهەنکەش کاوێژی دەکەن و بۆ پروپاگەندە بەکاری دەهێنن.

ئاواتەخوازم، خوێنەرانی ئازیز، ناوەڕۆکی ئەم چەند دێڕەی تۆمارم کردووە وا وەرنەگرن کە بارسووکردنە لەو بەرپرسیارێتییە مێژووی و هەڵە و تاوان و هەڵوێستە خیانەتکارییانەی هێزەکانی بۆرژوا نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و کورد لە ئەستۆیان بوو!

لە گەرمەی سەرچەمی ئەو مشتومڕ و بگرە و بەردە و سەرلێشێواوی پاشاگەردانییەدا، ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی و لایەنگرانی کەوتبوونە گەشەکردنێکی خێرا و فراوان. لە سەرەتای ۱۹۵۹دا داواکرام بۆ بەغدا بچم و بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی گرنگدا بکەم، کە تایبەت بوو بە دەرسکردنی باری ژیانی لادێ و جووتیاران و یاسای ژمارە ۳۰ چارەکردنی کشتوکاڵ لە عیراق (قانون الاصلاح الزراعی). ڕێکەوت وا بوو لە بارەگای (اتحاد الشعب)ی بەغدا لەگەڵ هاوڕێ مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی بە یەک بگەین. لەوێوە ئێمەیان بۆ کازمیە (الکاظمیە)، بۆ ماڵی هاوڕێی خوالێخۆشبوو حوسێن سوڵتان برد. بینیمان هاوڕێیان خوالێخۆشبوو زەکی خەیری، حوسێن سوڵتان، داخل حەموود، کازم جاسم، کازم فەرهود و عەبدولواحد کەرم و چەند هاوڕێیەکی تر لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەن. هاوڕێ زەکی خەیری کۆبوونەوەکەی بەڕێوە دەبرد. بەدووردرێژی ژیانی جوتیاران، ئەو بەش و توێژ و کۆمەڵانەی کە شۆڕش لە ناخ و بەرژەوەندی ئەواندایە، کێشەی کۆنی درێژخایەنیان دژ

بە دەرەبەگایەتی و خاوەنزەویە گەورەکان، تێبینییەکانی حیزب لەسەر یاساکە و هاوکاتیش ڕۆڵی جوتیاران لە جێبەجێکردنی یاساکە و پاراستنی کۆماری تازەدا و...هتدا باسکرا. کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد، کە پێویست دەکات کۆمەڵانی یەکێتیی جوتیاران لە سەرتاپای لادێیەکانی عیراقدا دابمەزرێنرێت. ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی فراوان بوو کە سەرکردایەتی حیزب لە دوای ١٤ی تەمموز بۆ دەرسکردنی باری بزووتنەوەی جوتیاران سازیکردبوو. هەر لە دوای کۆبوونەوەکەش سەرکردایەتی حیزب کۆمیتەیەکی پسپۆڕی بە ناوی دەفتەری جوتیارانی ناوەکی (مكتب الفلاح المركزي) پێکهێنا.

لەو سەروبەندەدا چەند هاوڕێ و دۆست و کەسوکار هانیان دەدام و لێیان داوا دەکردم کە ئەوا تەمەنم لە بیستوهەشت ساڵ تێپەڕ دەبێت بۆچ خێزانێک بۆ خۆم پێک نەهێنم! دوای لێکدانەوە و بیرکردنەوەیەکی زۆر گەیشتمە سەر ڕای ئەوان! ناردمە خوازبێنی فەیرۆزی کیژی مام عەبدولڕەحمانی حاجی ئەحمەدی بەقاڵ، پێیان دام و ڕۆژی ١٩٥٩/٦/١٨ گوێزرایەوە و گەیشتە لام، بووین بە هاوسەری یەکتر. لەو کاتەوە، تا ئەنکەش، بە چەندان ڕۆژانی پڕ مەترسی و ژیان سەخت و دژوار تێپەڕ بووین، بەناچاری بۆ ماوەی درێژخایەن و چەندان جار لە خێزان و منداڵەکانم دووركەوتوومەتەوە. ئەوە حەوت ساڵیشە کاروانی ژیانمان گەیشتووەتە سوید، ڕوونیش نییە ئەمە دواقۆناغمان دەبێت یان نا! چوار کوڕ و دوو کیژمان هەیە.

ڕێککەوت چۆن دێت! چوار ڕۆژ بوو فەیروز گەیشتبووە لام، بە تەلەفۆن شەهید نافع یونس پێی گوتم: (بە زووترین کات کۆیە بەیەکجاری جێ دەهێڵێت و دەگەیتە هەولێر، هاوڕێ ئەحمەد دڵزار جێگەت دەگرێتەوە.

بووی بە ئەندامی مەکتەبی لیژنەی محەلی و بەرپرسیاری ڕێکخراوەکانی حیزب لەنێو جوتیاران و بزووتنەوە و کۆمەڵەکانیاندا و ئەرکەکانیان لە سەرتاپای پارێزگاکەدا دەکەوێتە ئەستۆی تۆ.) بڕیارەکەم بە شادییەوە وەرگرت و، بێ ئەوەی گوێ بە هیچ بدەم دوای سێ ڕۆژ بە تەنیا گەیشتمە هەولێر. کەوتمە دەوامکردن لە مەکتەبی (اتحاد الشعب) کە کەوتبووە بەرانبەر دائیرەی دادگای ئێستاکە و، خانووەکە هی جەلیل خەیات بوو. شەهید نافع بەیەکجاری هەولێری بەجێهێشت و شەهید ئەحمەد حەلاق بوو بە سکرتێری لیژنەکە و شەهید عادل سەلیم و بەندەش ئەندامی مەکتەب بووین. چەند شەوێک لە بارەگاکەدا خەوتم و، بەپەلە خانوویەکم بە کرێ گرت. ماڵم ڕێکخست و خێزانم هێنایە هەولێر.

بارەگاکە لە قەلەباڵغی و هاتوچۆکردندا مونجەی دەهات. کەین و بەین و بگرە و بەردەی زۆری تێدا دەکرا. کادێرەکان، بەتایبەت جوتیارەکان، بەبێ چەک گەڕان و سووڕانیان نەدەکرد. ئەوەی دەکەوتە بەرچاوان و مرۆڤ گوێبیستی دەبوو، سەرسووڕمان و چەندان لێکدانەوەی دروست دەکرد. دوو سێ جار سەردانی بارەگای یەکێتیی کۆمەڵەکانی جوتیارانم کرد و کردەوەی زۆر نارەوا و نابەجێم کەوتە بەرچاو. خوالێخۆشبوو مەحموود عەدۆ و شەهید فاخیر حەمەدئاغای مێرگەسۆری، یەکجار بێبەزەییانە و توندوتیژ، ڕەفتاریان دژ بە خاوەنموڵک و ئاغاکان دەکرد. هەر جوتیارێک تەوەین یان درۆیەکی ئاراستەی خاوەنموڵکێک بکردایە، بەبێ لێکدانەوە و بەراوردکردن لایەنگرییان دەکرد و، دەکەوتنە تۆڵەوەرگرتن و سزادانی خاوەنموڵک. بەم جۆرە، ڕۆژانە، پارەی زۆر کۆ دەکرایەوە و لە شتی پڕوپووچ و بێمانادا خەرجیان دەکرد و، وازی باشیشی تێدا دەکرا.

له یەکەم کۆبوونەوەی دەفتەرەکەماندا (مكتب المحلی) ڕاپۆرتێکم خستە پێش هاوڕێیان. چەند پێشنیازێکم پێشکەش کردن، گفتوگۆی لەسەر کرا و کۆمەڵێ بڕیارمان وەرگرت، کە دەبێت بەبێ وەستان سنوور بۆ ئەو بەرەڵایی و دەستدرێژیکردنانە دابنرێن. ڕێگا بە کادیرەکانی جوتیاران نەدرێت چیتر بەو شێوەیە خراپە ڕەفتار لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکەن و ڕێیان نەدرێت بە ناوی یاسا و کۆمارەوە بەو کردەوە ناڕەوایانە هەڵبستن. برا جوتیارەکان بەسانایی ئامۆژگارییەکانی ئێمەیان وەرنەگرت، کەین و بەین لەنێوماندا دەستی پێکرد. هەمان کات زانرا کە ژمارەیەک لە خاوەنموڵک و ئاغاکان بە یارمەتی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتونەتە بەغدا، چاویان بە ژمارەیەک لە کەسایەتییە دیموکراتیخواز و ئاشتیپەرست و چەند سەرکردەیەک لە سەرکردەکانی حیزب کەوتوە، ساکالا و بەڵگەی زۆریان خستۆتە پێشیان کە بە چ شێوەیەکی چەوت و ناڕەوا، یەکێتیی کۆمەڵەکانی جوتیارانی هەولێر، بەناهەق ئازاریان دەدەن. کە چۆن هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان دوورە لە گیانی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتییەوە. لە سەرکردایەتی حیزبەوە چەندین نامە و ئامۆژگاریمان پێ گەیشت، کە پێویست بوو بە زووترین کات سنوور بۆ گشت دەستدرێژیکردن و خراپەکارییەکان دابنرێت. لە ماوەیەکی کورتدا دووجار هاوڕێ عەزیز محەمەد گەیشتە هەولێر، ئەوکات سکرتێری لیژنەی هەرێمی کوردستان بوو، لە هەمان کاتدا ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، و چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ مەکتەب و کادیرەکانی مەحەلی و جوتیاراندا کرد. ڕەخنە و ناڕەزایی زۆری لەسەر کردەوە چەوت و ناڕەواکانیان دەربڕی. لە گشت کۆبوونەوە و دانیشتنەکاندا بەتوندی جەختی لەسەر ئەوە دەکرا کە نابێت بە هیچ

شێوەیەک لە سنووری یاسا و ڕێبازی ڕێکوپێکیدا سەرپێچی بکرێت. ژمارەیەک لە کادیرە کۆنەکانی ئەوکاتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژیاندا ماون و، ئاگاداری باشیان لەسەر ئەو بارە ئاڵۆزەی ئەوسا و گێرەشێوێنییەکانی ئەوکات لە یاددا ماوە، وەک برایان مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل، خورشید شیرە و سەید مەجید و گەلێکی تر!

بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشە پیرۆزەکەدا، ڕۆژی ١٩٥٩/٧/١٤، جەماوەری عیراق کەوتە خۆشی و ئاهەنگگێڕان. لە زۆربەی شار و ناوچەکاندا خۆپێشاندان و ڤیستیڤاڵی خنجیلانە سازکران. بە داخ و پەژارەی زۆرەوە، لە ئەنجامی دوو هۆی سەرەکیدا، کە یەکەمیان: سەرگەرمی و زیادەڕۆیی کەسانی چەپڕەو و کورتبین و دووەمیان: نەخشە و فرتوفێڵ و هاندانی نۆکەرەکانی کۆمپانیای نەوت و کۆنەپەرستە شۆڤێنیستەکان بوو، لە شاری کەرکووک گێچەڵ و کارەساتێکی بێمانای پڕ زام و ئازار هەڵگیرسا و خوێنی تێد ڕژا. ڕووداوەکە لە لایەن ناحەزانی کۆمارەکە و دوژمنانییەوە زێدەبەدەر گەورەکرا. سەرتاپای پلانگێڕەکان لە ناوەوە و دەرەوەی عیراق کەوتنە بزاڤ و تەقەلادان بۆ سوودوەرگرتن لە ڕووداوەکە بە مەبەستی سەرنەکەوتنی پلان و پرۆگرامەکانی سەرکردایەتی شۆڕش. هەر لەو سەروبەندەدا بوو زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە کەنیسەی ماریوسف وتارێکی بێسەروبەری بڵاوکردەوە. پڕ بوو لە هێرش و هەڕەشە و ڕیسواکردنی چەپ و ڕاستەکانی عیراق. وتارەکە لە لایەن زۆربەی زانایان و لێکۆڵەرەوان وا لێک دەدرایەوە کە سەرەتایە بۆ پەلاماردانی حیزبی شیوعی عیراق!

شاڵاوی پروپاگەندە و دژایەتیکردنی ڕێکخراوەکانی حیزب و چەپەکان

بەزەقی دەستی پێکرد. هەلی زێرین بۆ کاربەدەستە گومانلێکراوەکانی نێو دامودەستگاکانی میریی عیراق ڕەخسا، تا ئەوەی مەبەستیان بوو جێبەجێی بکەن. سپی بکەن بە ڕەش، ڕەش بە سپی، تاوانبار و بکوژران بکرێن بە مرۆڤی باش و بێتاوان، بێتاوان و دڵسۆزانی کۆمارەکە بکرێن بە گێرەشێوێن و ئاژاوەچی و پیاوکوژ و بخرێنە زیندان و بکەونە بەر ئەشکەنجەدان. شەپۆلی هێرشەکە پارێزگای هەولێریشی گرتەوە. ژمارەیەک لە کادیر و لایەنگرانمان بە تۆمەتی هەڵبەستراو دەستگیرکران و بۆ خوارووی عیراق دوورخرانەوە. خۆشبەختانە نەکەوتمە بەر شاڵاوی بگرە و بەردەی حاکمی عەسکەری گشتی عیراق، ئەحمەد ساڵح عابدی، و کەسیش داوایەکی لەسەرم نەبوو.

باری وڵات ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر بەرەو هەڵدێر و گرژی و تێکچوون دەڕۆیشت. لە ڕۆژی جەژنی یادکردنەوەی سوپای عیراق، ١٩٦٠/١/٦، یاسای کۆمەڵەکان (قانون الجمعيات) بڵاوکرایەوە. ماوەی دامەزراندنی پارتە سیاسییەکانی تێدا دیاریکرابوو. سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عیراق بە ناوی پانزە هاوڕێ ڕۆژی ١٩٦٠/١/٩ بەرەسمی داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کرد بواری کارکردنی یاسایی پێ بدرێت و، هەشتاوسێ هاوڕێش پشتگیریی خۆیان بۆ داواکە ڕاگەیاند، بەندە یەکێک بووم لەو هەشتاوسێ هاوڕێیە. ڕۆژی ١٩٦٠/١/١٠ ماوە درا پارێزەر داود سایغ بە ناوی حیزبی شیوعی عیراقەوە کار بکات و بارەگای خۆی بکاتەوە! ئەوکات داود سایغ لە سەرکردایەتی حیزب دوورخرابووەوە و دژایەتیشی دەکرد. هاوکاتیش ماوە بە چەند پارتێکی سیاسی تر درا کە بەئاشکرا و یاسایی کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن. یەکێک لەو پارتانە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بوو.

لە کۆتایی ١٩٦٠دا ئاگادارکرام کە هەڵبژێردراوم بۆ پاڵێوراو لە لیژنەی هەرێمی کوردستان و، ئەوکات ناوی لقی کوردستان بوو، دەبوو خۆشم بۆ ئەرکێکی پارتایەتی لە شوێنێکی تر ئامادە بکەم. ئامادەیی تەواوم نیشاندا. لە سەرەتای ١٩٦١دا خۆم و هاوسەرم بۆ کەرکووک گوێزراینەوە. هاوڕێ عومەر عەلی شێخ پەیوەندی پێوە کردم و گوتی: (تۆمان تەرخان کردووە ئیشوکاری حیزبی لە ڕێکخراوی عەسکەریدا بەڕێوەبەریت، بەو مەرجەی پێویستە بە نهێنیی تەواو بجووڵێیتەوە و، کەس نابێت ماڵتان بزانێت. نابێت پەیوەندی بە کەسوکارتانەوە بکەن. نابێت ڕۆژنامە و کتێب بەئاشکرا لەگەڵ خۆتدا هەڵبگریت. نابێت لەناو ماڵتاندا بڵاوکراوەی سیاسی تێدا بێت. ئەرک و کاری تۆ بەرپرسیاری و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکانی حیزبە لەنێو ئەفسەر و سەرباز و تەشکیلاتی عەسکەریی فرقەی دوودا لە کەرکووک. پەیوەندییت لەگەڵ مندا دەبێت و ئەو کادیرانەشت پێ دەناسێنم کە لەو بوارەدا کار دەکەن.) بە بایەخدانێکی تەواوە گوێم لە ئامۆژگاری و پەیڤەکانی هاوڕێ عومەر گرت و بەڵێنمدا هەموو توانام بۆ پێشخستنی ئەرکەکان تەرخان بکەم.

لە ماوەیەکی کورتدا چەند ئەفسەر و کادیێری سویلی پێ ناساندم، زۆری نەخایاند شارەزاییم لە هەموو ڕوویەکەوە دەربارەی ڕێکخراوەکە و فرقە پەیدا کرد. لەو هاوڕێیانەی پەیوەندیم پێوەیان هەبوو، لە ئەفسەران هاوڕێی خۆشەویستم سلیمان یوسف، فرۆکەوان خالید حەبیب بەسراوی، فرۆکەوان شەهید فەرید سەفەر، فرۆکەوان سەلاح مستەفا، دکتۆری ئەفسەر باقر محەمەد باقر و لەگەڵ عەریف ستیفۆ حەننا. لە کادیرانی سویلیش هاوڕێم تۆما تۆماس، خوالێخۆشبوو عەلی ڕەزا بەرزنجی، خوالێخۆشبوو سەید ساڵح بەرزنجی، خوالێخۆشبوو سابیر محەمەد و

سویحی عەتا کەرکووکی و، ماوەیەکیش کاک فەلەکەدینی کاکەیی...هتد. سەرتاپای ئەو هاوڕێیانە یەکجار بەدڵسۆزی و چالاکانە پەیوەندییان بە ئەندام و شانەی بچووک بچووک و ئەفسەر و سەربازانەوە هەبوو. مانگی دوو جاریش یەکە یەکە پەیوەندیم پێیانەوە دەکرد.

ئەم چەند دێڕەی لەسەر ڕێکخراوەکانی عەسکەریی فرقەی دووی ئەوکات لەم کاروانەدا تۆمارم کردووە، بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە. یەکەم: سیوشەش ساڵ بەسەر کارەکاندا تێپەڕ بووە. دووەم: لەنێو ئەو کتێبەی دامودەستگاکانی موخابەراتی عیراقی کە بە ناوی (اضواء علی الحرکه الشیوعیه فی العراق) و لە شەش بەرگدا، لە سەرەتای هەشتاکاندا، بڵاوکراوەتەوە، لە بەرگی پێنجەم یان شەشەمدا داهاتووە کە فاتح ڕەسول بەرپرسیاری ڕێکخراوەکانی حشع بوو لە فرقەی دووی سوپای عیراق لە کەرکووک تا کودەتای ١٩٦٣/٢/٨. ئەگەر بمزانییایە کە کارەکان هەر بە نهێنی ماونەتەوە، باسم نەدەکرد.

دوای ماوەیەک، ژیانی هاوڕێ عومەر عەلی شێخ کەوتە گەڵ ماڵی ئێمە. وەک ماڵێکی حزبی نهێنی. دەربارەی دیسپلینی هەڵسان و دانیشتمان ئامۆژگارییەکانی هاوڕێ عومەر ئەوەندە توند و ورد بوون، بەتەواوی کونەمشکم لێ کرابووە قەیسەری. منیش وەک گوێڕایەڵێکی دڵسۆز، بە وشکی، هەموویانم جێبەجێ دەکرد. ماوەی دوو ساڵ و چەند مانگێک ژیانمان بەتەواوی نهێنی بوو. سەرتاپای دونیاکەم لە چاوپێکەوتنی ژمارەیەک لە کادیران و ژیانی ناوماڵ زیاتر نەبوو. لە کەرکووکیش دەرنەچووم و تەنیا چەند جارێک بەشداریم لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەرێمدا کرد و هیچی دی!

ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەرتاپای عیراقدا کەوتبووە تێکچوون

و ئاڵۆزبوون. دەروازە بۆ هێزە گومانلێکراو و کۆنەپەرستەکان واڵا کرابوو. دامودەستگا و ئامێرەکانی دەوڵەت کەوتبوونە ڕاونان و هێرشبردنە سەر هێزەکانی چەپ و دیموکرات و لایەنگرانی حیزب. لەو سنوورەشدا نەوەستا، هێندێ لە ڕۆژنامە ڕووڕەشە بۆگەنەکان، وەک (الثورە، یونس ئەلتائی)، (الفجر الجدید، طە فەیاز) و (الحریە، قاسم حەموودی) کەوتبوونە بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکی و ناحەزی دژی نەتەوەی کورد و هێرشبردنە سەر مێژوو و نەژادی کورد و مافە ڕەواکانی. ناکۆکی و کینەبەری نێوان حکومەتی شۆڕشی چواردەی تەمموز و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەری هەڵدا و زوو تەشەنەی کرد. هێزە دەسەڵاتدارەکانی دراوسێی عیراق توانیان بەخێرایی و ژیرانە دەست خۆیان بگەیەننە ئەو بارە دژوار و ئاڵۆزە، بەو مەبەستەی بەتەواوی لەبەر یەکی هەڵوەشێنن! ژمارەیەکیش لە دەرەبەگ و خاوەنموڵکە گەورەکان دژی یاسای چارەکردنی کشتوکاڵ کەوتبوونە جموجووڵ و دژایەتیکردنی یاساکە.

لە ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١دا، ڕاگەینرا کە سوپای عیراق کەوتۆتە هێرشبردن و پەلاماردان بۆ سەر هێندێ لە ناوچەکانی کوردستان. فڕۆکە جەنگییەکانی بنکەی ئاسمانی کەرکووک، ڕۆژانە، هێرشیان بۆ سەر گوندەکانی کوردستان دەبرد. فڕۆکەوانە کۆمۆنیستەکان بەبەردەوامی ئاگاداریان دەکردین، کە بە چەند هێرش و بۆمباران هەڵساون و، یەکجار بە دڵشکاوی و بێزاریش دەنگوباسەکانیان دەگێڕایەوە. سوپاش کەوتبووە سوتاندن و وێرانکردنی ئەو دێیانەی کە نزیک بە شاری کەرکووک بوون، وەک گوندی شۆڕاو و ئەوانەی کەوتبوونە ڕۆژئاوای شاخی بۆر (جبل

بور)[٢١] و ناحیەی دووبز (ناحیە دبس). هاوڕێ ئەفسەرە کۆمۆنیستەکان گەلێ کردەوەی خراپ و ناڕەوای هێندێ لە ئەفسەرە شۆڤێنیستە عەرەبەکانیان، بە بەڵگەی زۆرەوە، دەگێڕایەوە وەک زەعیم خەلیل جاسم و عیسی رەحومی و...هتد. ئەوەی گوێبیستی دەبووم دەمکردن بە ڕاپۆرت و بۆ سەرکردایەتیی حیزبم دەنارد. یەکەم ئەفسەریش لە سوپای عیراق کە لەناو کەمینێکی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولدا، لە بناری شاخی کێوەڕەش لە نزیک ڕانیە کوژرا، ئەفسەرێکی کۆمۆنیست بوو بە ناوی سەرۆک حەسەن ئەلوائیلی (الرئیس حسن الوائلي). کە لەگەڵ هاوڕێ ئەفسەرەکان کۆدەبوومەوە، ناڕەزایی و بێزاریی زۆریان دژ بە ڕووداوەکان دەردەبڕی. مەترسییەکانیان دەستنیشان دەکرد و ناڕەزاییان لەو بارە ناجۆرە دەردەبڕی. تەنانەت گەلێ جار هاوڕێ سلیمان یوسف (ابوعامل) دەیگوت: "پلانگێڕەکان سەر دەکەون، هەڵوێستی سەرکردایەتیی حیزب و ئامۆژگاییەکانی ڕوون نییە! لەگەڵ واقعی ئێستاکەی عیراقدا یەک ناگرێتەوە. نازانرێت چاوەنۆڕی چی دەکرێت. ئاکامی ئەم ڕێبازە لەناوچوونی حیزی شیوعی عیراق و عەبدولکەریم قاسم و دەوربەرەکەیەتی...".

باری فیکری و سیاسی ڕێکخراوەکانی حزبمان لە کوردستان دووچاری ڕاڕایی و گێژاوێکی توند هاتبوو. ڕێکخراوەکانی حیزب لە پارێزگای سلێمانی بە شێوەیەک سەرهەڵدانی بزووتنەوە چەکدارییەکەیان

---

(٢١) جبل بور: ئەو زنجیرە شاخەیە کە کەوتووەتە ڕۆژهەڵات و باکووری شاری کەرکووک، لە ناحیەی دوبز (دبس) تا قەزای چەمچەماڵ و هەرێمەکانی ناحیەی سەنگاو، درێژ دەبێتەوە. شاخێکی گەلێک سەخت و بەرزینە.

لێک دەدایەوە کە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی گومانلێکراوە، بەپێچەوانەوە ڕێکخراوەکانی هەولێر بە سەرەتای ڕابوونێکی نەتەوەییان دادەنا، کە نارەزایی و بێزارییە دژ بە دیکتاتۆریەت و شۆڤێنیستەکانی عەرەب!

لەو کەینوبەینەدا سەرکردایەتی حیزب لە بەغدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، داوا کرابوو شەڕ و کوشتار لە کوردستان ڕابگیرێت. کێشە و ناکۆکییەکان بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێن. لە بەیاننامەکەدا بە جەرگانە و بەوپەڕی لێپرسراوییەوە باسی داوا ڕەواکانی نەتەوەی کورد و مافی چارەی خۆنووسینی تێدا کرابوو. دەنگ و ڕەنگێکی ڕەوای لە سەرتاپای کوردستان و دەرەوەدا دایەوە. ئەمەش دەقی ئەو بڕگەیەیە کە لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "ان قضیه الشعب الکردی بملاینه العدیده ووطنه المجزء کردستان، بین الدول ترکیا، ایران و العراق هی قضیه دیمقراطیه عادله، لانها قضیه امه مزقت اوصالها وحرمت من حقوقها رغما عنها وخلافا لارادتها. امه لها الحقائق فی ان تقرر هی وحدها شان سائر الامم کیف ینبغی لها ان یعیش وعلی ایه صوره یجب ان یکون کیانها السیاسی و علاقتها بالبلدان والشعوب المجاوره لکردستان." من تقریر اللجنه المرکزیه، اذار ١٩٦٢.

بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بارەکە بەدووروودرێژی و باشتر دەرس بکرێت، مەکتەبی سیاسی حیزب هاوڕێی شەهید محەمەد حوسێن ئەبولعیس،[٢٢] ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی، ناردە کەرکووک و ماوەی چەند هەفتەیەک

---

(٢٢) لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شیعەی کازمیەیە. پارێزەرێکی ناسراوە. چەند ڕۆژ دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەکەوێتە دەستی پیاوکوژە خوێنخۆرەکانی کودەتاکە و، شەهید دەکرێت.

مایەوە. کەوتە دەرسکردنی بارە ئاڵۆز و شڵەژاوەکە و لەگەڵ هاوڕێیانی مەکتەبی لق و ژمارەیەک لە کادیران کۆبووەوە و، ماوەی دوو هەفتە لە ماڵی ئێمەدا ژیا. بە بەردەوامی لێدوان و گفتوگۆمان لەسەر باری عیراق بە گشتی و، کوردستان بە تایبەتی دەکرد. ڕا و پێشنیازی کادێرەکانی ڕێخکراوی عەسکەریم بۆ دەگێڕایەوە. هەستم دەکرد نائاسوودەیە، لەنێو پەنگاوێکی فیکری قووڵدا دەژی و، دواڕۆژێکی ترسناک لە ئاسۆی داهاتووی عیراقدا بەدی دەکا. گەڕایەوە بەغدا. زۆری نەخایاند سەرکردایەتی حیزب ستراتیژیەتێکی لەسەر بنەڕەتی خەبات و هاوکاری (الکفاح والتضامن) بەرانبەر بە عەبدولکەریم قاسم و لایەنگرانی داڕشت. داوای دەکرد ناکۆکییە خوێناوییەکانی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕێگای گفتوگۆ و ئاشتیانە چارەسەر بکرێن. لە ئەنجامی عەقڵیەتی عەسکەری و دیکتاتۆری و تاکرەوی و خۆپەرستیی سەرکردایەتی شۆڕشی چواردەی تەمموز و، ڕۆڵی پڕ فروفێڵ و پلانی دوژمنە سەرەکییەکانی ڕێبازی کۆمارەکە، بێسەروبەری نێو دامودەستگاکانی هەردوولایان، میریی عیراق و شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان، سەرجەمی ئەو تەقەلا دڵسۆز و پاکانەی دەدران لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە خوێناوییەکەدا بە ڕێگای ئاشتی و دانان بە مافە ڕەوا سەرەکییەکانی نەتەوەی کورددا، بە فیڕۆ ڕۆیشتن. کوشتار، وێرانکردن و قەیرانە گشتییەکەی ناوخۆی عیراق ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزبوون و گرژبوون دەڕۆیشت.

سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٦٣ هاوڕێیان عەزیز محەمەد و کاک کەریم ئەحمەد هاتنە سەردانی ماڵی ئێمە، کۆبوونەوەی تایبەتیان لەگەڵ هاوڕێ عومەر عەلی شێخ هەبوو. ڕێکەوت وا بوو هاوکات عەبدولڕەحمانی برام،

ئەوکات قوتابی پۆلی چوارەمی کلیەی بیطری بوو، میوان ئێمە بوو، دەگەڕایەوە بەغدا. بەیانی ١٩٦٣/٢/٨ هاوسەرم ڕۆیشت تا نان و پێخۆری بەیانیمان بۆ بکڕێت، بە پەلە و شڵەژاوی گەڕایەوە و گوتی: " گوێ بدەنە ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا، کودەتا ڕوویداوە. چەکدارانی عەگال بەسەر لە شەقامەکاندا بڵاوبوونەتەوە. ئێستگە هاوار دەکات بیانکوژن، مەیانهێڵن، هێرشبەرنە سەر وەزارەتی بەرگری و دادگای مەهداوی و عەبدولکەریم قاسم لەناوبەرن و مەیانهێڵن."

# کودەتای شوباتی ١٩٦٣

سێ ساڵ زیاتر هێز و کەسایەتییە ناسراو و دیموکراتیخواز و لایەنگرانی گەلەکانی عیراق، لە ناوەوە و هەندەران، هۆشداری و بانگەوازی دڵسۆزانەی خۆیان بە ڕابەرایەتی شۆڕشی چواردەی تەمموز، بە تایبەت بە شەهید عەبدولکەریم قاسم، دەگەیاند، کە پلانگێڕان لە هەموو لایەکەوە ئابڵووقەی کۆمارەکەیان دا و کەوتنە خنکاندن و ئاوەژووکردنەوەی ڕێبازەکە. ئەوەی گوترا و کرا سەرجەمی بە فیڕۆ ڕۆیشت.

سەر لە بەیانی ١٩٦٣/٢/٨ زریان، ڕەشەبا و گەردەلوول، گرمە و لوورەی پلانگێڕە گومانلێکراوەکان، وەک ترسناکترین بوومەلەرزەی وێرانکەر، باری عیراقی هەژاند و تێکدرا، گەورەترین کارەسات و ئاپۆری هێنایە سەر وڵاتەکە. کودەتاکەرە بکوژەکان لە یەکەم هەنگاو و بەیاننامەدا کە بڵاویان کردەوە، کەوتنە ڕاونان و قڕوبڕکردن. ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا وەک کوندەبەبووی شووم قیژە و قیڕەی کاولکردنی لێ بەرزدەبووە، هەر ساتەناساتێ ناخۆشترین دەنگوباسی ناساز و ڕاگەیاندنی جەرگبڕی بڵاو دەکردەوە.

بەپەلە سێ هاوڕێیەکە لە ماڵەکەمان دەرچوون. هەر یەکێکیان بۆ لایەک. عەبدولڕەحمانی برام بۆ بەغدا گەڕایەوە. بەندەش یەکسەر خۆم گەیاندە ماڵی هاوڕێ سلێمان یوسف (ابوعامل)، کە لە گەڕەکی ئەفسەرەکان نزیک بە بنکەی ئاسمانیی کەرکووکدا بوو، گەڕەکی عەرەفە. بینیم هاوڕێ بە جلوبەرگی ئەفسەرانە لەناو ماڵەکەی خۆیدا هاتوچۆ

دەکـات. بە دڵگرانی و دڵبـرینداریـیـەوە گـوتی: (ئەوەی چاوەنواڕ دەکـرا، ڕوویدا. کـار لە کار ترازاوە، دەبینیت بە چ قـەسـابخـانەیەک هەڵدەستن.) پێکرا بە ئوتۆمۆبیلەکەی ئەو بۆ مـاڵی چەند ئەفسەرێک ڕۆیشتین. یەکێک لەوان مـودیری کـاروباری عـەسکەری فرقـەی دوو بـوو. بینیمـان زێدەبەدەر پەشـۆکـاوە، نـاڕەزایی و بێـزاریی توندی لـەسـەر هـەڵوێسـتـەکـانی سـەرکـردایەتی حـیـزب دەردەبڕی و گـوتی: (ئـەمـە ئەنجـامی کـوێڕایەڵی کوێرانەیە بۆ سۆڤـیـەت و خـرۆشـۆف...) هەر چۆنێک بوو بۆ لای وەکیلی قـائدفـرقـەی دوو مـەحـموود عـەبدولڕەزاقـمـان نارد، تا بزانین بـاری فـرقـە چۆنە، تا ئـەگـەر بتـوانرێت کـارێک دژی کـودەتاکـەرەکـان بکرێت. دەشمـانبینی، پەیدەرپەی، دوو فڕۆکەی جەنگی لە بنکە ئاسمـانییەکەی کـەرکووک بەرەو بەغدا دەڕۆن. دەمـێکیش بـوو دەزانرا کە بـەرپرسـیـاری بنکە حـەردان عـەبدولغەفار تکریتی یەکێکە لە پلانگێڕە سـەرەکییەکـان. پێکرا لەگەڵ باوکی عـامل کەمێک بـاری ڕووداوەکەمان لێکدایەوە. ئەو بۆ مـاڵی چەند ئـەفسـەرێک ڕۆیشـت و، بەندەش کـەوتمە گـەڕان بەناو مـاڵ و شـوێنی ئەو کـادیرانەی پەیوەندییـان بە ڕێکخـراوەکـانی نێـو بەتالیـۆن و لقـەکانەوە هەبوو، تەنیا چاوم بە سێیان کەوت، شێخ عـەلی شێخ ڕەزای قـادرکـەرەم، سـەید سـاڵح بـەرزنجی و سـتـیـفـۆ حـەننا. پلان و نەخشـەی کـودەتاکـەران ئەوەندە بە ڕێکوپێکی و وەسـتـایانە هـۆنرابووەوە، لە مـاوەیەکی کورتدا، دەسـتـیان بەسـەر هـەموو سـەربازخـانەکـاندا گرتبوو. یەکسەریش کـەوتبوونە گرتن و بەندکردنی ئەو ئەفسـەر و سـەربازانەی بە چەپ و لایەنگرانی عەبدولکەریم ناسرابوون. سەرجەمی شـەقام و کووچە و کۆڵانەکـانی کـەرکووکیـان لە چەکدارەکـانی خێڵی عەرەبی جەبوور و عوبید پڕ کـردبوو. هەر لە سـەعـاتی یەکـەمیشدا ڕێکخـراوی حـەرەس قـەومی

پێکهێنرا. دەسەڵاتی تەواویشی پێدرا!

ماڵەکەم ئەوسا لەسەر شەقامی ئەلماس، بەرانبەر بە بەشی شارەوانی پێنجەم، هەڵکەوتبوو. ڕێکەوت وا بوو، شوێنی بەشەکە یەکسەر کرا بە بارەگایەکی حەرەس قەومی، جرت و فرت و گرتە و بردەیان لەبەر چاوی ئێمەدا دەکرد. خۆشبەختانە لە گەڕەکەکەدا نەناسرابووم، کەسیش هاتوچۆی ماڵمانی نەدەکرد. شیرازەی زۆربەی هەر زۆری ڕێکخراوەکانی حیزب پچڕێنران. ڕۆژانە کوشتن و لەناوبردنی دەیان هاوڕێیانی ناسرا و ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکان ڕادەگەیەنرا. حاکمی گشتی عەسکەری جاسووس ڕەشید موسڵیح تەکریتی،[٢٣] ڕۆژی ١٩٦٣/٢/١٣ بەیاننامەی قڕوبڕکردنی کۆمۆنیستەکانی بڵاوکردەوە. لە هەمان کەین و بەیندا، لە گوتەیەکی ڕۆژنامەگەریدا، کادیرێکی باڵا، بە ناوی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقەوە ڕایگەیاند:[٢٤] "هەردوو شۆڕشەکە، مەبەستی کودەتاکەی هەشتی شوبات و شۆڕشی یانزەی ئەیلوولی ١٩٦١ بوو، یەکتریان گرتەوە...هتد." هەروەها مەکتەبی سیاسیی پدک بەیاننامەیەکی یەکجار نارەوا و پڕ و ڕق و کینی بڵاوکردەوە، تێیدا داوای ڕیسواکردنی کۆمۆنیستەکانی کردبوو. قەت چاوەنواڕی ئەو جۆرە هەڵوێستە چەوتە لە هێزێکی پێشکەوتووخوازی کوردستان نەدەکرا، کە لە دژوارترین ڕۆژی لێقەوماندا، دژی پارتی کۆمۆنیست پشتی چەتە پیاوکوژەکانی حەرەس قەومی ناوزڕاو بگرن.

ئەوەی زێدەبەدەر لە گشت ئازار و فشارەکان پڕ زام و ئازار و

---

(٢٣) لە ساڵی ١٩٧٢دا حکومەتی بەعس بە تاوانی جاسوسیەت ئیعدامی کرد.

(٢٤) ئەو کادیرەی ڕاگەیاندنەکەی بڵاو کردەوە، تێکۆشەری خوالێخۆشبوو ساڵح یوسفی بوو.

جەرگبڕتر کاری خراپی دەکردە سەر ورە و مگێزی ئەندام و لایەنگرانی حیزی شیوعی و چەپەکان، هەڵوێستی خیانەتکارانەی کەسانی ڕووخاو بوو، کە دەهاتنە سەر ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا و دانیان بە هەموو کاری خراپ و نابەدیدا دەهێنا و، دەکەوتنە هێرشبردنە سەر ڕێبازی سەرکردایەتی حیزب و داروودەستەی سەرۆک عەبدولکەریم قاسم.

هەرچەندە سەدان ڕووپەڕ لەسەر تاوان و کردەوە تێرۆریست و جانەوەرییەکانی کودەتاکە نووسراوە، کە چۆن لە ماوەی چەند مانگێکدا هەزاران لە تێکۆشەران لە هەموو چین، توێژ و نەتەوەکان کەوتنە بەر شەپۆلی چەتە فاشیستەکان، کە لەژێر پەردەی نەتەوایەتی عەرەبدا بەم کارە هەڵسابوون، بەڵام بەداخەوە نە لە ڕووی دادپەروەری نە ڕووی مێژووییەوە ڕاستگۆیانە ڕەفتاری فاشیستانەیان هەڵنەسەنگێنراوە و بڕیاری لەسەر وەرنەگیراوە! بەتایبەت دوای ئەوەی کە هەمان پارتی بەعسی فەرمانڕەوا جارێکی تریش دەستەڵاتی سیاسی کەوتەوە دەست، بەتایبەت لە دوای ڕێککەوتنی ئەلجەزائر، ١٩٧٥/٣/٥، و هاتنەسەر کاری سەدام حوسەین و هێرشبردنیان بۆ سەر کوردستان و سەرجەمی گەلانی عیراق، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کارەسات و ئاپۆرەکانی تر بەراورد ناکرێت. دەکرێت مرۆڤ بڵێت: "هەزار ڕەحمەت لە کفندز!" بە داخ و کەسەرەوە تا هەنکەش بڕیاری دادپەروەرانەیی مێژوویان نەگەیشتووەتە سەر تا تۆڵەی نزیک دووسەد هەزار کوردی ئەنفالکراو و، چوارهەزار گوندی وێرانکراو و هەڵەبجەی شەهیدیان لێ بکرێتەوە و ڕیسوای مێژوو و گەل و مرۆڤایەتی بکرێن!

هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ڕێکخراوەکانی حیزب لەبەر یەک هەڵوەشا بوون و پچڕ پچڕ بووبوون، لە سەرتاپای عیراقدا کەسانی بە

چەپ ناسراو، کەوتبوونە خۆڕزگارکردن لەو ئاگر و کوشتوبڕەی عیراقی تێکەوتبوو و، ئەرکی سەرەکییش ئەوە بوو نەکەونە بەر چنگ و کەڵبەی گورەکە هارەکانی حەرەس قەومی.

ڕۆژێک لەناکاو هاوڕێ عومەر عەلی شێخ هاتە ماڵمان و گوتی: "حەلاوەخانی ژنی شێخ حەسەنی قادرکەرەم، دایکی ئەرشەد، کە چووبوو بۆ سەردانی هاوڕێیان شێخ مارف و شێخ حوسێنی شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی لە بەندیخانەی کەرکووک، دوو هاوڕێ شەهیدەکە داوایان لێ کردبوو کە زوو ئاگاداری حزب بکات. مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی و شەهید شێخ عەلی شێخ حوسێن بەرزنجی و خوالێخۆشبوو ئەحمەد غەفور کە چەند مانگێک پێش کودەتاکە دەستگیرکرابوون و کەوتبوونە بەر ئازار و ئەشکەنجەدانێکی زۆر، هاوڕێ مەلا ئەحمەد گوتوویە: کوڕێکی کەرکووکی ناوی سوبحی عەتایە گیراوە. دانی بە هەموو شتێکدا ناوە و گوتویەتی کوڕێکی کورد بە ناوی ابوجاسم لێپرسراوی ڕێکخراوەکانی حیزبە لە فرقەی دووی کەرکووک. لەو کاتەی معاونی ئەمنی کەرکووک تەها ئەحمەد سویدی ئازاری هاوڕێ مەلا ئەحمەد دەدا، داوای تۆیان لێکردووە. جا پێویستە یەکسەر هەر ئەمڕۆکە ئێوارە شار بەجێ بهێڵیت و بەرەو ناوچەی شوان بکەویتە ڕێ. زۆر بەگەرمی حەرەس قەومی بەدواتدا دەگەڕێن..."

سێ ڕۆژ بوو باوکم گەیشتبووە لامان تا لە هەواڵمان بپرسێت و بزانێت چیمان بەسەر هاتووە. پێم گوت هەر ئێستاکە لەگەڵ هاوسەرم ماڵەکە جێ بهێڵێن و بگەڕێنەوە کۆیە، منیش ڕادەکەم. بەم شێوەیە پەراگەندە بووین.

بۆ ئێوارە ١٩٦٣/٣/١٠، هەر کە کەمێک تاریک بوو، لەگەڵ هاوڕێیەک

که کرێکاری نەوت بوو بە ناوی شەریف، کە باش شارەزای ڕێگاکان بوو، دووقۆڵی بەناو بەستی خاسە و یارەوەلیدا کەوتینە ڕێ. دوای شەوڕۆیشتنی چەند سەعاتێک گەیشتینە گوندی حەساری گەورە، ماڵی جەلالی کوێخا مەجید، ئەوکات ئەندامی لیژنەی قەزای مەرکەزی کەرکووک بوو، بۆ ڕۆژی دوەم گەیشتمە گوندی گەنکی[٢٥] و بینیم دە تا پانزە هاوڕێی ڕاکردووی بێ چەکی لێ کۆکرابووەوە، زانیمان ئێمە هەموومان دەستبەسەرین، لەژێر دەسەڵات و چاوەدێری پارتی دیموکراتی کوردستاندایین. جوتیارێکی نەخوێندەواری مێشکوشکیان بەسەرمانەوە کردبوو بە کەڵەگا، ڕۆژانە چەند جار، فەرمانی خۆی بەسەرماندا ڕادەگەیاندا: (نابێ بەملا و ئەولادا بڕۆن. قسەکردنی کۆمۆنیستی قەدەغەیە، چاوەنۆڕ بن بزانن مەکتەری سیاسی (پدک) بڕیاری چی بەرانبەرتان وەردەگرێت.) ئەو جوتیارە ڕووت و لاتە ناوی مام یاسین شوانی بوو، زوو زوو دەهات تفەنگێکی ئینگلیزی کۆنی بە شانەوە بوو و دەیگوت: (من مەنسوولی ئێوەمە چیتان پێ بڵێم دەبێ لە قسەم دەرنەچن. تەنانەت دەسەڵاتم وەرگرتیە گەر سەرپێچی بکەن بتانکوژم...)

ڕۆژانە یەکجار بەو گاڵتەبازاڕی و عەقڵیەتی دواکەوتووی ئەو جوتیارە هەژارە دواکەوتووە پێ دەکەنین! ژیان سەیرە، فەلەڵ پڕ لە ڕووداوی سەرسووڕمێنەر! ئێمە کۆمۆنیستەکان دووچاری چ قەیران و کارەساتی خوێناوی هاتبووین. هی تریش کەوتبوونە نێو خەون و خەیاڵی بێ ئەنجام. هەمیشە پارەچە شیعرێکی حاجی قادری نەمرم دەگوتەوە:

---

(٢٥) گەندی گەنگی: گوندێکە لە گوندەکانی خێڵی شوان، بیستوپێنج کیلۆمەتر لە گوندی خەساری گەورەوە دوورە، کەوتووەتە باشووری ڕێگای کۆیە ــ کەرکووک.

بێ بەستە فەلەک ئاشێکی وەهای ناوەتەوە
بۆ ھاردنی ئێمە چ عەجایب دەگەڕێ
ئەو باوکی مردووە یەخەی دائەدڕێ
ئەو بووکی نوێی ھەیە کەوای بۆ دەبڕێ...

دوای ھەفتەیەک بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی پدک ئێمەی دەستبەسەر گشت دەربەدەر و ڕاکردووەکانی دەست تیرۆر و قڕوبڕکردنی فاشیستەکانی بەغدا، ھی ھەموو ناوچەی شوان، کۆکراینەوە. وەک مێگەلی پەراگەندە بەرەو (چەمی ڕێزان)یان[٢٦] بردین. دوای دوو سێ ڕۆژ بە دڵشکاوی، پیس و پەڵۆخی و برسێتی گەیشتینە چەم، ئەو ماوەی کە بە ڕێگاوە بووین، ئەوەندە قسەی ناڕەوا و بێجێ و سووکمان ئاراستە کرا، مرۆڤ قێزی لە گەڵێ کردەوە و ھەڵسوکەوتی کەسانی لە خۆباییبوو و کورتبین دەبووەوە و، لە خۆی دەپرسی کە لە ھێندێ کاتدا بۆ کردەوەی ئادەمیزاد، بەتایبەت ھی ئەوانەی خۆ بە زانا و ژیر و نیشتماپەروەر دەزانن، لە دڕندە خراپتر دەبێت؟

ھەر کە گەیشتینە ناو چەم، بینیمان مونجەی دەھات لە پێشمەرگە، کەسانی ڕاکردوو، زیارەتکەران و میوان. لێپرسراوەکانی پدک ویستیان یەکسەر بمانخەنە ئەشکەوتی بەندکراوەکانەوە، کە لەسەر جاسووسی و دزی و خراپەکاری بەندیان کردبوون. ڕازی نەبووین و داوای شوێنی تایبەتیمان کرد، لە ئەشکەوتە گەورەکەدا کونجێکیان پێداین. بۆ شەوێ

---

(٢٦) چەمی ڕێزان: دۆڵێکی قووڵی سەخت و بەردینە، ئاوی زۆرە، کەوتووەتە نزیک گوندی عەسکەر، ناحیەی ئاغجەلەر. چەند ئەشکەوتێکی گەورە و پتەوی تێدا ھەیە. لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول، بنکەیەکی سەرەکی ھێزی پێشمەرگەکانی پارێزگای کەرکووک و گەرمیان بوو.

نامەیەکمان بۆ لێپرسراوی کەرتەکە نووسی، ئەوکات کاک مستەفا قەرەداخی بوو، بۆ ڕۆژی دووەم بەدوایدا ناردم و بینیم هاوڕێ کاک عەزیز محەمەد لەلای دانیشتووە! ماوەیەک هەر سێکمان گفتوگۆی زۆرمان لەسەر باری کودەتاکە و ئاکامی باری کوردستان کرد. لەسەر ئەوە ڕێککەوتین سەرجەمی هاوڕێکان کە ژمارەیان لە سیوپێنج هاوڕێ زیاتر بوو، بۆ گوندی کلکەسماق[٢٧] لای هاوڕێیانی خۆمان بڕۆن. هاوڕێ عەزیز و منیش بەرەو کۆیە کەوتینە ڕێگا. شەو لە گوندی قزلو[٢٨] میوانی ماڵی شێخ جەنگی تاڵەبانی بووین. هەر چەندە خۆی لە ماڵەوە نەبوو، میوانداری گەرموگوڕیان لێکردین. بۆ ئێوارەی ڕۆژی دووەم گەیشتینە شاری کۆیە. ئەو ساڵە، وەرزی بەهارەکەی یەکجار خۆش و بە باران بوو، سروشت لە جوانی و خۆنوێکردنەوەدا کەموێنە بوو، لە دەوروبەری شار بینیمان بە سەدان خەڵک پۆل پۆل بە گوشای و خۆشی، بە جلوبەرگی ڕازاوەوە لە ئاهەنگگێڕان و گۆرانگوتن و هەڵپەڕکێدان. خەڵکی کوردستان بەو هیوایە سەرخۆش کرابوو کە ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم ڕووخێنرا، شۆڕشی ئەیلوولی کورد شەڕی دژ بە خوێنڕێژە پلانگێڕەکانی ڕاگرتووە و، بەم زووانە گفتوگۆ لەنێوانیاندا دەست پێ دەکات. هەرێمی کوردستانی عێراق مافی خودموختاری دەکەوێتە دەست!

بەشی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پدک گەیشتبوونە کۆیە، شارەکە بووبوو بە شوێنی جموجووڵ و هاتوچۆی زۆربەی لایەنە

---

(٢٧) کەلکەسماق: گوندێکی خنجیلانەیە کەوتووەتە ڕۆژئاوای قەزای دوکان، دە کیلۆمەتر لە مەرکەزی قەزاکەوە دوورە، بنکەی سەرەکی برایانی مامەڕەزاییە.

(٢٨) قزلو: گوندێکە سیوپێنج کیلۆمەتر دوورە لە خوارووی کۆیەوە و، لەسەر زێی گچکە هەڵکەوتووە.

سیاسییەکان و کۆمەڵانی خەڵک. گەلێ پروپاگەندە و قسەی ناڕەوا و نابەجێ دژی حیزبی شیوعی بڵاو دەکرایەوە. هاوڕێ عەزیز تەقەڵای یەکجار زۆری دەدا کە هەڵوێستی مەکتەبی سیاسیی پدک و ڕێکخراوەکانیان بەو شێوەیە توندوتیژی و دژایەتیکردنی حیزب نەگرێتە بەر، سەرتاپایان بە فیڕۆ ڕۆیشت. دوای چەند ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێ گەڕاینەوە کلکەسماق، لای هاوڕێکانمان، کە چەند شوێنێکیان لە پشتی شاخەکەوە، خوارووی شاخی هەیبەسوڵتان، بۆ ژیان ڕێکخستبوو. ژمارەی ڕاکردوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زێدەبووندا بوو. جگە لەو کارەساتانەی بە کورتی و خەستی ئاماژەم بۆ کردوون. لە یەکەم ڕۆژی کودەتاکەوە تا دەورویەری نەورۆز، لایەنگرانی مەکتەبی سیاسیی پدک، ئەو کات مامۆستا برایم ئەحمەد سکرتێری یەکەمی بوو، بە دوو کردەوەی یەکجار نەیار و ناڕەوا دژ بە جموجووڵەکانی ڕێکخراوەکانی حیزب هەڵسان. یەکەمیان: ئەوە بوو لە هەفتەی یەکەمی کودەتاکە ژمارەیەک لە لایەنگرانی حیزب لە گوندی کلکەسماق خۆیان ڕێک دەخەن، حەفتاوهەشت چەکدار بەرەو ناوچەی سلێمانی دەکەونە ڕێگا، بەو مەبەست هەڕەشە لە چەتە پیاوکوژەکانی ڕژێمی بەغدا بکەن و دەستی یارمەتییان بە هاوڕێ و دۆستان بگات و لەژێر ئاگری کوردەتاکەران دەرباز بکرێن، پێشمەرگەکانی مەکتەبی سیاسیی پدک لە گوندی قەرەچەتان[٢٩] ڕێگایان لێ دەگرن و بە هەڕەشە و گەف و فرتوفێڵ و تەڵەکەبازی، دوور لە گیانی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی، هەموویان چەک دەکەن و ڕووتیان دەکەنەوە. ڕووداوی دووەمیان: ئەوە بوو ژمارەیەک لە

---

(٢٩) قەرەچەتان: کەوتووەتە ڕۆژئاوای شاخی پیرەمەگروون، سەر بە ناحیەی سورداشە.

هاوڕێیان و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەکانی توزخورماتو، کفری، کەلار و هۆرێن و شێخان خۆیان دەرباز دەکەن و لە شاخی بەمۆ، ناوچەی دەربەندیخان بە چەند پارچە چەکێکی کەمەوە خۆیان ڕێک دەخەن. مەفرەزەیەکی بیستوپێنج کەسیان لە ئاوی سیروان دەپەڕنەوە، بە نیازی دابەزین بۆ دەشتی گەرمیان و ڕۆژهەڵاتی شاخی حەمرین، ڕۆژی ١٩٦٣/ ٣/٢١ هێزێکی پدک لەژێر فەرماندەی عەلی عەسکەری ئابڵووقەیان دەدات و، یەکسەر تەقەیان لێ دەکەن و یانزە هاوڕێ شەهید دەکەن و، ژمارەیەکیشیان بریندار دەکەن. ناڕەواترین کاری نامرۆڤانەیان ئەوە دەبێت کە دەکەونە پرسیارکردن لە بەدیلگیراوەکان و لێیان دەپرسن کێیە بەرپرسیارتان؟ مێرانە و بەجەرگانە شێخ حەسەنی قادرکەرەم دەڵێ: منم بەرپرسیاریان! بەبێ یەک و دوو دەیدەنە بەر گوللە و شەهیدی دەکەن!

گرتن و ڕاونان و ئازاردانی لایەنگرانی حیزب لە پارێزگای سلێمانی ناشرینترین شێوەی گرتبووە بەر. لە ماوەیەکدا یەکێک لە کار و پیشە سەرەکییەکانی مەکتەبی سیاسیی پدک بووبوو بە بەربەرەکانێکردنی ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی عیراق.

# بەرەو ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان

لە چەند شوێنێکدا، بەکورتی، باسی ئەوەم کردووە کە هەر لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکەمی کودەتاکەوە، پیاوەکوژە کومانلێکراوەکان کەوتنە کوشتن و قڕوبڕکردنی نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکان، بەتایبەت دژ بەرانبەر بە حیزبی شیوعی و لایەنگرانی عەبدولکەریم قاسم. لێدانی توندی پڕ ئازار و هێسکشکێنیان بە ناحەزانیان گەیاند، شیرازە و ڕایەڵی ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعیان پچڕاند. سەدان هاوڕێ و خێزان دووچاری سەخترین ئەشکەنجە و فشار و تیرۆکردن هاتن. پەراگەندەیی، پەرت و بڵاوی و ئاوارەبوون سەرتاپای عیراقی گرتبووەوە. سکرتێری یەکەمی حیزب شەهید سەلام عادل و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی و کادیرە سەرەکییەکان لە ماوەیەکی کورتدا لەتوپەت کران.

هاوڕێ عەزیز محەمەد و، کە ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری لیژنەی هەرێمی کوردستان بوو، هاوڕێیان کاک کەریم ئەحمەد و کاک عومەر عەلی شێخ، کە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بوون، لەگەڵ ژمارەیەک لە کادیرە سەرەکییەکان و لایەنگرانی حیزب نەکەوتنە دەست تاوانبارەکان. زۆربەمان لە شاخەکەی پشت گوندی کەلکەسماق کۆبووبووینەوە. لە کۆبوونەوەیەکدا هاوڕێ عەزیز بەدرێژی باسی هێندێ ڕووداو و کارەساتی جەرگبڕی بۆ کردین، بەخەستی ئاماژەی بۆ ئەو زیانە

مەزنانە کرد کە بە ئەستۆی حیزب کەوتبوون. هەروەها ڕەخنە و ناڕەزاییشی بەرانبەر بە هەڵوێستی مەکتەبی سیاسیی پارتی دەربڕی. دوابەدوای ئەو، کەوتینە لێدوان و دەرسکردنی ئەو بارە ناجۆر و ناهەمواره خوێناوییەی کە سەرتاپای عیراقی گرتبووەوە، جەخت لەسەر ئەوە کرا کە خاڵی سەرەکی و پێویست ئەوەیە دەبێت بکەوینە گورجوگۆڵی و بایەخدان بە ڕێکخستنەوەی ژیانی حزبایەتی و ڕێکخراوەکانی حیزبمان، تا هەنگاو بە هەنگاو برینەکانمان سارێژ بکەین. گەلێ بڕیار وەرگیرا، وەک دیاریکردنی شوێنی تایبەت بۆ مەکتەبی هەرێم، بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی هاوڕێیان و دۆستان کە چالاکانە خۆیان دەربازکردووە و گەیشتوونەتە ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی ڕژێمی فاشیستی بەغدایان بەسەرەوە نەبوو، وەک خۆرنەوەزان لە پارێزگای کەرکووک، بەمۆ و دۆڵەسمت لە سلێمانی، پیرمۆس و ئەلقوش لە بادینان، کەوەرتیان، باواجی و لۆغان لە پارێزگای هەولێر. (لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش! ئایا سەرکردایەتیی حیزب نەخشەی ئەوەی کێشابوو، کە لە کاتێکدا کودەتایەکی ڕەش ڕوو بدات، ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان بتوانن ڕوو بکەنە شاخەکانی کوردستان و ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی ڕژێمی لێوە دووربوو؟ لەو سنوورەی ئاگاداربووم، دەڵێم لە ڕێباز و ستراتیژی حیزبدا ئەو جۆرە پلانە نەبووە!)

دوای چەند ڕۆژێک مەکتەبی هەرێم هاوڕێیان کاک کەریم ئەحمەد، کاک عومەر عەلی و شێخ و چەند کادیر و ژمارەیەک پێشمەرگە بەرەو شاخی ئاوەگرد،[٢٧] لە باکووری کۆیە، کەوتنە ڕێگا. بەندە بە لێپرسراوی بنکەی

---

(٣٠) ئاوەگرد: بەشێکە لە شاخی سەفین، بیستوپێنج کیلۆمەتر لە باکووری کۆیەوە دوورە. شاخێکی سەخت و جەنگەڵاوییە، کانیاوێکی جوان و سازگار لە سەرەوەیدا هەیە. هەروەها لە بەرزترین لوتکەیدا، شوێنەوارێکی کۆن، وەک دیوەخانە لە بەرد هەڵکەندراوە.

کەلکەسماق لە شوێنەکەدا مامەوە. هاوڕێیان ئەسعەد خدر، عەبدولخالق سەعید کەرکووکی وەک مەکتبەی بەڕێوەبردنی کاروباری بنکەکە دانران. دەستە دەستە ئاوارەبووان و ڕاکردووان ڕۆژانە دەگەیشتنە بنکەکە، ژمارەمان بەرەو زیادبوون دەڕۆیشت، باری ژیانمان لە هەموو ڕوویەکەوە، بەتایبەت لە ڕووی دارایی و ئازووقە و خواردەمەنییەوە یەکجار خراپ و دەستکورت بووین. لەگەڵ برا هەقە مامەڕەزاییەکان بەڕێکوپێکی پێکڕا ژیانی کولەمەرگیمان بەسەردەبرد. ئەو جوامێری و پیاوەتی و یارمەتیانەی برا مامەڕەزاییەکان لەو تەنگانەیەدا، بەتایبەت پیاوەتی و چاوتێری کاکە حەمەی مامەڕەزا و براکانی پێشکەش بە لێقەوماوەکانی حیزبیان کرد، هەمیشە شیاوی ڕێزگرتن و سوپاسە و لە بیر ناکرێت. هەڵوێستی مێرانە و دڵسۆزی لە ڕۆژەی ڕەش و تەنگانەدا دەردەکەوێت!

ڕێکخراوی شاری کۆیە و دەوربەری زوو زوو چەند بار ئازووقە، وەک قەسپ، خورما، خوێ، شەکر، چای، ڕۆن و کۆنەجلوبەرگیان دەگەیاندە بنکەکەمان، بەڵام ژمارەی ڕاکردووان ئەوەندە زۆر بوو بەشی هیچی نەدەکرد. هیچ کاتێک بایی دوو هەفتە ئازووقەمان لە لا کۆ نەدەبووەوە. بەیناوبەینیش ئەو پارە کەمەی لە گیرفانی هاوڕێیاندا هەبوو، کۆ دەکرایەوە و بۆ دەشتی کۆیە دەنێررا، ئاردی مزاشی[٢١] پێ دەکڕا.

هەڵێکم بۆ ڕەخسا و نامەیەکم بۆ شەهید ئەحمەد مەحموود حەلاق ناردە سلێمانی، ئەوکات بە نهێنی لەو ناوە مابووەوە، داوای فریاگوزاریم لێکرد و لەبارەی سەختی و ناخۆشی باری ژیانمانەوە بۆم نووسیبوو.

---

(٢١) ئاردی مزاش: گەنم و جۆ تێکەڵ دەکرێت و پێکڕا دەهاردرێت. بە ئاردەکەی دەگوترێت ئاردی مزاش. جاران، لە کوردەواریدا، ئەمە ئاردی خێزانی هەژار و دەستکورت بوو.

دوای چەند ڕۆژێک هەواڵمان پێگەیشت کە پڕی پیکابێک ئازووقەی بۆ ناردووین، بەڵام لە قەشقۆڵی نزیک بە شارۆچکەی دوکان مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی مەکتەبی سیاسیی پارتی، لەژێر فەرماندەی سەید حەسەن ناوێکدا وەک چەتەی پاتەخۆر ڕێگایان بە پیکابەکە گرتبوو و، ئازووقەکەیان زەوتکردبوو. ئەویشمان بە دەست نەگەیشت!

کەمخواردن و برسێتی، پیس و پەڵۆخی، خۆنەشۆرین، جلوبەرگ و پێڵاوی دڕا و ئەسپێی زۆر، نەخۆشی جەستە و نەفسی گەیشتبووە ڕادەیەک گەلێ لەو ڕاکردووانەی لەگەڵماندا بوون، کەوتبوونە هاوارکردن و دەربڕینی گوتی نابەجێ، ئێمەش هیچمان لە دەست نەدەهات. ڕۆژانە تەقەلای ئەوەمان دەدا کە بە گوتە و قسەی زل زل ڕاگیریان بکەین، بەڵام سوودێکی کەمی دەبەخشی. نە زگی خاڵی، نە بیر و بڕوا و مێشکی پڕ ئازار و ماندوو بەو شێوەیە لە برسێتی و پرۆسە فیکرییەکان ڕزگاریان دەبێت! هەر سات و ڕۆژێک کە بەسەرماندا تێپەڕ دەبوو، دووچاری چەندان تەگەرە و کۆسپ و ئازار و زاخاوی جەرگبڕی دەکردین. چەندە بگوترێت ژیانمان ناگوزەران و پڕ لە تاڵی و تفتی بوو.

یەکێک لەو کارانەی فرەبەدەر ماندووی دەکردین و سەرهێشەی پێ دەگەیاندین، لە بنکەکەدا ژمارەیەک لە کەسانی بڕواواز و بۆرژوای بچووک و خاوەنشەهادەی بەرز هەبوو، کات و ناکات کەوتبوونە دەربڕینی ڕەخنەی ناڕەوا و بێزاری و هێرشبردنە سەر یەکێتیی سۆڤیەت و سەرکردایەتی حیزب، بەتایبەت ئەوانەی لەژێر ئەشکەنجەی فاشیستەکاندا شەهید کرابوون و ئەوانیان بە هۆکاری سەرەکی و بەرپرسیار لەو کارەساتە خوێناویانەی بەسەر گەلانی عیراقدا هاتبوون، دەزانی. ڕۆژانە دەیان داوا و خواستی تایبەتیان پێشکەش دەکردین. لە

ئازاری چاو و موسی نێو قورگ پڕ زامتر بوون. نە توانامان هەبوو داواکانیان بەجێ بهێنین، نەدەشمانزانی چۆن لە جوێن و هێرش و پەلامارەکانیان ڕزگارمان بێت! بەم شێوەیە ماوەی پێنج مانگ لە بنکەی کەلکەسماق ژیام، باری سەرتاپای بنکەکانی تریش لە هی ئێمە باشتر نەبوو.

# بۆ ئەرکێکی تری پارتایەتی

لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٦٣دا نامەیەکی هاورێ عەزیز محەمەدم پێگەیشت، داوای کردبوو بەبێ وەستا بگەمە لای ئەو لە قەلادزە. بەپەلە و بەبێ وەستان شەهید عەریف ئیبراهیم محەمەدئەمینی کۆییم خستە تەک خۆم و بە پیادە ڕۆیشتین و کەوتینە ڕێگا. شەو گەیشتینە گوندی تۆربە لەسەر شاخی کۆسرەت، میوانی ماڵی برا جوتیارێکی مامەڕەزایی بووین. بە گەرموگوڕی و ڕێزگرتن میوانداریيەکی کوردانەیان کردین. بۆ بەیانییەکەش یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە، ئێمەی بەو شوێنە گەیاند کە بەلەموانەکانی لێواری دەریاچەی دوکان، لە ڕۆژهەڵاتی شاخی کۆسرەت، کاریان تێدا دەکرد. لە دەریاچەکە پەڕینەوە و گەیشتینە دەشتی مەرگە. شارەزای ناوچەکە نەبووین، نەشماندەزانی شاخی ئاسۆس ئەوەندە وشک و پڕ کەند و لەند و بەرزی و نزمییە. خۆر کەوتبووە ئاوابوون، لە باریکەڕێگای بەردەسپی شاخەکەمان خستە پێش خۆمان، کەوتینە سەرکەوتن و تاریکیمان بەسەردا هات. وەرز یەکجار گەرم بوو، هەر دەڕۆیشتین و نەدەگەیشتین. ئەو دوو مەتارە ئاوەی لامان بوو، کۆتایان هات. تینوێتی خەریک بوو پەکمان بخات. مرۆڤ چەند خۆڕاگر و کۆڵنەدەرە کە چارەنووسی دەکەوێتە سەر دووڕیانی مردن و ژیان! ماوەی شەش حەوت سەعات زیاتر لە بەرزاییەکانی شاخەکەدا گەڕ و سووڕمان بوو. دۆڵ، هەرەت و بەرزی و نزمیمان دەکەوتە پێش، شوێنەوارێکی هاتوچۆمان بەدی نەدەکرد، سەرتاپای جەستەمان کەوتبووە ژان و ماندووبوون، لە تینوێتیدا دەممان پێک نەدەکەوتەوە. لەناکاو، کات

دەوروبەری چواری بەیانی بوو،ترووسکەی ئاگرێکی دوورمان کەوتە بەرچاو، شاگەشکە بووین. کەوتینە تەکاندان و بە گورگەلۆقە بەرەو ترووسکەکە ڕۆیشتین و بە هەزار دەردەسەری گەیشتینە ئاگرەکە. کۆمەڵێک لادێی هەر چاویان بە ئێمە کەوت یەکسەر هەستیان کرد کە لە تینوێتیدا زێدەبەدەر پەرێشانین، پێشوازییان لێ کردین. ماوەی ئەوەیان نەداین ئاو زۆر بخۆینەوە و کەوتینە پشوودان. زانیان پێشمەرگەین، بەرەو قەڵادزە دەڕۆین و شەو لەسەر شاخەکە ڕێگامان ونکردووە. ئەوانە جوتیاری گوندی قەرەتەپە و مەمەنداوە بوون، چەند بار کاڵەک و ترۆزییان بۆ فرۆشتن دەبردە قەڵادزە. بووین بە هەڤاڵی ئەوان، دوای خواردنی نان و چا، پێکڕا گەیشتینە ناو شەقامەکانی شار. ئەوکات قەڵادزە یەکجار قەڵەبالغ بوو. پڕ بوو لە پێشمەرگە و خێزان و کەسانی ڕاکردوو، کە لە ترسی قڕوبڕ و شالاوی سوپای کودەتاکەران لە زۆر شوێنی وڵاتەوە ڕوویان کردبووە شارەکە و دەوروبەری.

لەناکاو ڕوو بە ڕووی مام ڕەزای حاجی عەوڵا، مێردی پوورم، بوومەوە. ئەوکات مەکتەبی سیاسیی پارتی کردبووی بە یەکێک لە حاکمەکانی شار. هەر چاوی بە من کەوت، گوشاد بوو و، زێدەبەدەر ڕێزی لێگرتم و بایەخی زۆری پێدام. پێش خۆی دام و بۆ ماڵی خۆیان گەڕایەوە، پوورم بە بینینی من یەکجار شاگەشکە و دڵخۆش بوو. گوتیان: با مزگێنیت پێ بدەین و دڵشادت کەین، دوێنێ نامەمان لە کۆیە پێگەیشتووە. خزم و کەسەکان هەموویان سەلامەتن. کوڕێکیشتان بووە. منیش بەبێ یەک و دوو گوتم: با ناوی ئاسۆس بێت، بۆ ئەوەی تا لە ژیاندا ماوم، ئەو ڕۆژ و شەوە تاڵ و ناخۆشە پڕ مەترسی و ئازارەی شاخی ئاسۆس لە یادە نەکەم!

پشوویەکی باشم لە ماڵی پوورمدا دا. بە پرسیارکردن گەیشتمە لای

هاوڕێ عەزیز محەمەد، دووقۆڵی بۆی دانیشتین. بەدوورودرێژی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندی لەگەڵ پارتیدا بۆ باسکردم. گوتی: (چاوم بە مەلا مستەفا بارزانی کەوتووە، ئامادەیی تەواوی خۆی نیشانداوە، کە لەو ناوچانەی بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە یارمەتیمان بدا. دەتوانین هێزی چەکداری تایبەت بە خۆمان هەبێت، بە مەرجێک کاروباری پارتیزانیمان لەژێر فەرماندەی ئەواندا بێت.) هەروەها گوتی: (پێویستە لەمەودوا لەتەک بایەخدان بە کاروباری پارتیزانی و خەباتی چەکداریدا، قورسایی بخەینە سەر بووژاندنەوە و ڕێکخستن و بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی حیزبمان. ئەو پچڕان و پەرت و بڵاوی و برینە قووڵانەی ڕوویانداوە سارێژ بکەین. تەقەلای بێوچان بدەین ژیانی ئاسایی بگەڕێتەوە ناو کاروباری حزبایەتیمان. بڕیارمان وەرگرتووە لەمەودوا تۆ سکرتێرایەتی لیژنەی پارێزگای هەولێر وەربگریت. چاوەنۆڕ دەکەین بتوانی سەرکەوتووانە چارەی زۆربەی کەموکورتییە سەرەکییەکان بکەیت. کۆتایی بەو کۆسپ و تەگەرە و پچڕپچڕییەی کەوتووەتە نێو ڕێکخراوەکانی پارێزگاکە و هی قەزای ڕانیە و قەڵادزە و دوکان و قەزای مەرکەزی لادێیەکانی کەرکووکیش بهێنیت. دەگەڕێیتەوە بۆ ئاوەگرد لای هاوڕێیان کەریم و عومەر و ئەوان بەدوورودرێژی هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکەنەوە.) ئامادەییم نیشاندا و دوای چەند ڕۆژێک گەڕامەوە بنکەی شاخی ئاوەگرد. دوو هاوڕێ کاک کەریم و کاک عومەر لەگەڵمدا دانیشتن، بەدوورودرێژی باسی باری حیزب و ناوچەکەیان کرد. ناوی چەند هاوڕێیەکیان پێدام کە لیژنەی پارێزگاکە و پاشکۆکانیان پێک دەهێنا. لە ڕۆژ و کاتی دیاریکراودا، کۆبوونەوەیەک ڕێکخرا. هاوڕێیان کاک ئەحمەد دڵزار، ئەسعەد خدر، شەهید سالّح عەسکەری، خوالێخۆشبوو شێخ تەیب

تاڵەبانی، بەکر فەتحولا، حوسێن کێکی، محەمەدەمین عەبدولڕەحمان ئامێدی و لەگەڵ دوو سێ هاوڕێی تر لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون. ئیشوکارەکان لەنێو هاوڕێیاندا دابەشکرا. کاک دلزار و کاک ئەسعەد خدر وەک مەکتەبی لیژنەکە دانران و شوێنی مەکتبەکەمان کەوتە ئاوەگرد. ساڵێکی ڕەبەق ئەو کار و ئەرکانەی خرابوونە ئەستۆمان، تا سنوورێک سەرکەوتووانە، جێبەجێکران. لەو ساڵەدا دوو جار لیژنەکە کۆبوونەوەی کرد. قەوارەی ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگرانی حیزب لە ناوچەکەدا باش دیارکرا.

بەسوود و پێویستی دەبینم کە بە خەستی و کورتی تۆماری ئەو ڕووداو و ئاپۆرە سەرەکییانە بکەم کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی کودەتاکەوە تا ناوەڕاستی ١٩٦٤، کودەتاکەرە ڕەگەزپەرستەکان بەسەر گەلانی عیراق و بە تایبەت بەسەر کوردستانیاندا هێنا:

یەکەم: سەرتاپای ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی دەدران کە کودەتاکەرەکانی هەشتی شوبات دان بە مافی ئۆتۆنۆمی هەرێمەکەدا بنێن و شەڕ و کوشتار ڕوو نەداتەوە، بە فیڕۆ ڕۆیشتن. ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ وەک دڕندەی هار، لە هەموو لایەکەوە هێرش و پەلاماردانیان هێنایە سەر کوردستانی عیراق و هەر بەوەشەوە نەوەستان تەنیا هێزەکانی سوپای عیراق و حەرس قەومییەکان بخەنە کار و بکەونە کوشتوبڕ و وێرانکردن، بەعسییە عەفلەقییەکانی سووریاش هێزێکی سوپای تایبەتیان بە فەرماندەی فەهد ئەلشاعر ئامادە کرد و کردیانە پاشکۆی هێرشەکانی سوپای عیراق و، بەتایبەت کەوتنە پەلاماردانی ناوچەی بادینان.

دووەم: لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣دا فاشیستە داگیرکەرەکان لە شاری سلێمانی بە فەرمانەدەی زەعیم سەدیق

ژمارەیەکی زۆریان لە نیشتمانپەروەرانی شارەکە و کەسانی بێلایەن زیندەبەچاڵ کرد. هەر لە هەمان کاتیشدا ئەفسەری فاشیست تەها شەکرچی موسڵاوی ژمارەیەک لە کەسانی بێلایەن و بێگوناهی شاری کۆیەی بە دینگەکانی شاردا هەڵواسی و گوللەبارانی کردن.

سێیەم: ڕۆژی ١٩٦٣/٧/٢ ڕووداوێکی قارەمانانەی بەجەرگ لە بەغدا ڕوویدا. ژمارەیەک لە سەرباز و ئەفسەران، شێرانە دەستیان بەسەر سەربازخانەی ڕەشیددا گرت. بەداخەوە بە هۆی کەمی زانین و تاقیکردنەوە، ڕاپەڕینە قارەمانانەکەیان سەری نەگرت. زیاتر لە پەنجا تێکۆشەر شەهیدکران. ڕاپەڕینەکە بە ڕاپەڕینی حەسەن سەریع ناوی دەرکرد. لە ترسی ئەوەی نەک ڕاپەڕینەکە ڕووداوی گەورەتری بەدواوە بێت، یەکسەر کودەتاکەران سەرتاپای ئەفسەرە بەندکراوەکان دەخەنە نێو شەمەندەفەری بار و بە قرچەی گەرما و بەبێ ئاو و خواردن لەنێو فارگۆنی داخراودا ڕەوانەی خوارووی عیراقیان دەکەن. لەوێوە بۆ بەندیخانەی نوگرە ئەلسەلمان. ئەفسەرێک لە ڕێگا دەمرێت و ئەوانی تریش دووچاری زیانی زۆر دەبن. شاعیر موزەفەر ئەلنواب لە چەند شیعر و بڵاوکراوەیدا باسی شەمەندەفەری مردن (قطار الموت) دەکات.

چوارەم: لە کۆتایی مانگی تەمموزی هەمان ساڵدا دامودەستگاکانی ڕاگەیاندنی عیراق دەنگوباسێکی ناخۆشی پڕ زام و ئازاری بڵاوکردەوە، ئەویش شەهیدکردنی دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب، شەهید جەمال حەیدەری و شەهید محەمەد ساڵح ئەلعەبلی و، نووسەری ناسراو شەهید عەبدولجەبار وەهبی (ابوسعید) بوو. شەهیدکردنی ئەو سێ هاوڕێیە لە زیانە هەرە مەزنە پڕ ئەستەم و جەرگبڕەکان دەژمێردرێت کە لە دوای شەهیدکردنی سەلام عادل و ژمارەیەکی زۆر لە کادیرە

سەرەکییەکان بە ئەستۆ و بڕبڕەی حیزب و هێزە دیموکراسییەکان کەوت.

پێنجەم: کودەتاکەرانی هەشتی شوبات لەنێو خۆیاندا دووچاری قەیران و گێرمەوکێشەی توند و تیژ هاتبوون. دووبەرەکی و ناکۆکی و تێکهەڵبرژانیان گەیشتبوو شەقام و کووچە و کۆڵانان. ناحەزی و هەڕەشە، هەڵوێستی جیاوازی نێوان بەعسییەکان و نەتەوەپەرست و لایەنگرانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، لە گوتار و بڵاوکراوەکانیان و لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا، بەئاشکرا، ڕەنگی دابووەوە. هاوکاتیش ناکۆکی و کێشە لەنێو خودی ڕێکخراوی بەعسییەکاندا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر شێوازی توند و تیژی دەگرتە بەر، تا گەیشتە ئەوەی ڕۆژی ١٩٦٣/ ١١/١٨ هەلێکی لەبار بۆ نەتەوەپەرستەکان و لایەنگرانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ڕەخسا و بە کودەتایەکی تر هەڵسان. بەعسییەکان لەسەر کار دەرکران و حەرەس قەومی ناوزڕاویان نەهێشت و بەتوندی کەوتنە ڕاونان و ڕیسواکردن و دژایەتیکردنیان.

شەشەم: دوای دەرکردنی بەعسییەکان لەسەر کار، جارێکی تر ئاگربەس لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان و فەرمانڕەوا تازەکانی بەغدادا ڕاگەیەنرا. دارودەستەی عەبدولسەلام عارف وا خۆیان نیشان دەدا نەتەوەپەرستی عەرەبن و لایەنگری جەمال عەبدولناسر و کۆماری عەرەبی یەکگرتوون. هەر لەو سەروبەندەدا میری تازەی عیراق چەند هەنگاوێکی کاڵ و کرچی نا، وەک خۆماڵیکردنی چەند کۆمپانیا و پرۆژەی بچووک، بەو بیانووەی کە ئەوانیش لە ڕێهەڵگرانی ڕێبازەکەی خوالێخۆشبوو جەمال عەبدولناسر بوون. بەپەلەش ڕێکخراوێکیان بە ناوی یەکێتیی سوسیالیستی عەرەبی عیراق سازکرد. هەنگاو و کارەکانیان لاساییکردنەوەی تەواوی سیستەمی میسر بوو. لە

هەردوو وڵاتیش سەرکەوتنی نەهێنا.

حەوتەم: ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوان سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلوول بەخێرایی بەرەو گرژی و لەبەریەکترازان دەڕۆیشت، تا گەیشتە ئەوەی لە مانگی نیسانی ١٩٦٤دا لایەنگرانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی پارتیدا بە ڕابەرایەتی مامۆستا برایم ئەحمەد کەوتنە کێشە و لێکدان. لە ناوچەی ماوەت شەڕ لەنێوانیاندا هەڵگیرسا. لەئەنجامدا هێزەکانی مەکتەبی سیاسی شکستیان هێنا و پەنایان بردە بەر حکومەتی شای ئێران و لە شاری هەمەدان جێنشین کران. بارزانی بەتەواوی دەستی بەسەر پارتی و شۆڕشەکەدا گرت!

هەشتەم: لە ناوەڕاستی ١٩٦٤دا ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی کە لە دۆزەخەکەی هەشتی شوبات ڕزگاریان بووبوو، یەکەم کۆبوونەوەیان لە پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیای ئەوکات گرت. هاوڕێ عەزیز محەمەد بە سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی مەرکەزی هەڵبژێررا. لە هەمان کۆبوونەوەدا بڕیار وەرگیرا کە دروشمی دیموکراتیەت بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ببێت بە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی حیزب. بەم شێوەیە پرۆسەی کورد و بزاڤە نەتەوایەتییە ڕەواکەی کرا بە پاشکۆیەکی سەرەکی لە خەبات و تێکۆشانی گەلانی عیراق.

نۆیەم: سەرەتای پاییزی ١٩٦٤ بۆ یەکەم جار، دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ و لە ئاکامی سەختی باری گشتی ئەوکات، لیژنەی هەرێمی کوردستان لە قەڵادزە کۆبووەوە. هاوڕێیان شەهید ستار خزەیر، شەهید شێخ عەلی شێخ حوسێن بەرزنجی، شەهید ڕەووف حاجی قادر،

خوالێخۆشبوو عادل سەلیم، هاوڕێیان ئەحمەد بانیخێلانی، یوسف حەننا، فاتح ڕەسول، موسڵێح مستەفا جەلالی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. دانیشتنەکەمان چەند ڕۆژێکی خایاند، شەهید ستار کۆبوونەوەکەی بەڕێوە دەبرد. هێندێ گۆڕانکاری لە دابەشکردنی ئیشوکارەکاندا کرا. هاوڕێ باوکی سەرباز کرا بە سەرپەرشتکاری کاروباری پێشمەرگەکانی حیزب لە پارێزگای سلێمانی. شەهید شێخ عەلی بەرزنجی بوو بە سکرتێری محەلی هەولێر و من بۆ ئەندامەتی مەکتەبی محەلی سلێمانی دانرام و شەهید ڕەووفیش بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و سەرکردایەتی حیزب.

مانگی ئەیلوولی ١٩٦٤ گەیشتمە سلێمانی، هاوڕێ ئەحمەد کەریم غەفور بە سکرتێری لیژنەی محەلی دانرا و من و عەبدولخالق سەعیدیش ئەندامی مەکتەب بووین. هاوڕێیان عەبدوڵای مەلا فەرەج، نائیب عەبدوڵا، فارس ڕەحیم، محەمەد ئەحمەد لەگەڵ مامۆستایەکی عەرەبی موسڵاوی ئەندامانی لیژنەکە بوون. ئەوکات باری سلێمانی یەکجار گرژ و ئاڵۆز و ناجۆر بوو. تاقمێک لەژێر پەردەی پێشمەرگایەتی پارتیدا لە گوندی کانیی ماسی نزیک بە شار، بە ئامۆژگاری و بڕیاری ئاژانسی پاراستنی پارتی کەوتبوونە کوشتن و ڕاونانی هاوڕێیانی ئێمە. لە ماوەی چەند مانگێکدا چەندان هاوڕێ و لایەنگریان بە ناڕەوا و بەوپەڕی بێئەخلاقییەوە شەهید کرد. سەرپاکی ئەو سکاڵا و ناڕەزایی و بێزاریانەی پێشکەش بە مەکتەبەی سیاسی پارتی دەکران، بە فیڕۆ ڕۆیشتن. لە لایەن یەک چاو لە تاوانی پیاوکوژەکان دەپۆشترا و باش لە یادمدا ماوە کە تەنیا لە ڕۆژێکدا پیاوەکوژەکان پێنج لایەنگر و هاوڕێیان شەهید کرد. میریی عیراقیش بە فرتوفێڵ هەر درێژەی بە گفتوگۆکە دەدا لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشدا.

له سەرەتای زستانی ١٩٦٥دا جارێکی تر لیژنەی هەرێمی کوردستانی حیزب لە سلێمانی کۆبووینەوە. بەدووروودرێژی باس و لێکدانەوە لەسەر باری عیراق و کوردستان کرا. کۆبوونەوەکەمان پێشنیازی بۆ کۆمیتەی مەرکەزی حیزب کرد، کە دروشمی ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا هەڵبگرێت. هەروەها پێشنیاز کرا کە هاریکاری و نزیکبوونەوە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە قەشمەرجارییەی بە ناوی یەکێتیی سوسیالیستی عەرەبەوە سازکرابوو، کە ڕێکخراوێکی شۆڤێنیستی و لە ڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە لە قەوارەی بەرژەوەندی بۆرژوای عەرەب دەرنەدەچوو، هیچ ئەنجامێکی نابێت و زیانبەخشە.

لە مانگی ئایاری ١٩٦٥دا جارێکی تر هێزە چەکدارەکانی عیراق لە هەموو لایەکەوە کەوتنە هێرشبردنی توند و دڕندانە بۆ سەر کوردستان، سلێمانی ئابڵووقەدرا و شەڕ و پەلاماردن و نائارامی لەنێو شاردا دەستی پێکردەوە. بڕیار وەرگیرا کە بەندە و ژمارەیەکی زۆر لە کادیرەکانی ناوشار ڕوو بکەینە لادێیەکانی دەوروبەری شار. لەدواییدا داواکرام بگەڕێمەوە قەڵادزە. مەکتەبی هەرێم بڕیاری وەرگرت بچم بۆ ناوچەی ڕەواندوز و سەرپەرشتی ڕێکخراوەکانی حیزب لەنێو پێشمەرگەکانی حیزبدا بگرمە دەست. ماوەی ساڵێک زیاتر لە ناوچەکەدا مامەوە، بە تەبایی و برایانە لەگەڵ هاوڕێی لێپرسراوەکانی هێزەکەدا ئەرک و کارەکانمان جێبەجێ دەکرد. شوێنی ژیانی تایبەتیم لە گوندی دەرگەلە بوو.

شالاوی هێرشەکانی ڕژێمی بەغدا شێوازی دڕندایەتی و وێرانکردنی بە خۆیەوە گرتبوو. لە ماوەیەکی کورتدا لە چەند شوێنێک، گوندی سارتک نزیک دەربەندیخان، گوندی سەروچاوەی ڕانیە، دوو سێ شوێنی تر لە

بادینان وێرانکران و بە دەیان منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتەیان تێدا قڕوبڕ کرد. لە ناوچەی باڵەکایەتییەوە تا حاجی ئۆمەرانیش لەژێر تۆپباران و هێرشی زۆربەی فڕۆکە جەنگییەکاندا ماوەی ئاسوودەیی و پشوودان و هاتوچۆکردنی دانیشتوان بەتەواوی سەخت و دژوار بووبوو.

کتوپڕ لە بەهاری ١٩٦٦دا لیوای چوارەمی فرقەی دووی سوپای عیراق، لە ڕۆژهەڵاتی شاری ڕەواندوز هێرش و پەلاماری هێنایە سەر بناری شاخی هەندرێن و گۆڕی ساعاتی و ترۆپکە بەرزەکانی شاخەکەی داگیرکرد. تۆمەتی ناڕەوا، تەوهینی ناشیرین و ناڕاست لە هەموو لایەکەوە ئاراستەی پێشمەرگەکانی حیزب کرا، کە گوایا خۆڕاگر نەبوون و بۆ نەتەوەی کورد دڵسۆز نین و بەسانایی شاخی هەندرێنیان بە دوژمن بەخشیوە کە شوێنی ستراتیژی گرنگی هەبوو. چ ڕۆژێکی پڕ شاد و گوشادی بوو بۆ کۆنەپەرستە گومانلێکراوەکانی و بەکرێگیراوانی دامودەستگای جاسووسی سافاکی ئێران، کە خۆیان لەژێر پەردەی شۆڕش و کوردایەتیی پیرۆزدا شاردبووەوە! چ هەلێکی زێڕینیان بۆ ڕەخسا تا لە گوتەی خراپ و نابەجێ و ناڕەوا و درۆ و دەلەسە نەپرنگێنەوە و یەکجار بێبەزەییانە بکەونە هەڵگیرسانی ئاگری دووبەرەکی و دوژمنایەتی! لە لایەک داگیرکردنی شاخەکە و، لە لایەکی تریش هێرشی فراوان و ناڕاست و هەڵبەستراو، بەتایبەتی هی ئەوانەی کە بە دۆستی نزیک دەژمێران، کارێکی زێدە خراپی کردبووە سەر مێشک و بیرکردنەوە و بۆچوونی سەرجەمی کادیر و پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوچەکەدا. ئەوکات لیژنەی سەرکردایەتی هێزەکەی حیزب لە هاوڕێیان ئەفسەری سێئەستێرە سەرۆک کەمال نەعمان سابت، شەهید فاخر حەمەدئاغا مێرگەسۆری، شەهید عەریف یونس ڕەواندوزی، شەهید منیر

عەسکەر عەینکاوەیی، مولازم خدر (باوکی رائد)، حاجی مەلا سەعید ڕەواندوزی و محەمەد فەیلی پێک هاتبوو. بەتەواوی ئارامیان لێ هەڵگیرابوو، شەو و ڕۆژیان بە یەک دەکرد و، هەر خەریکی بیرکردنەوە و نەخشەکێشان بوون بۆ ئەوەی شاخی هەندرێن لە دوژمن پاک بکەنەوە و تۆمەت و هێرشی ناحەزان لەسەر ڕووی خۆیان و لاپەڕە پڕ قوربانییەکانی حیزبی شیوعی عیراق لابدەن.

دڵتەنگی و نیگەرانی زۆربەی هاوڕێیان گەیشتبووە سنوورێک، نەیاندەویست بە هیچ شێوەیەک، لە ترسی توانج و گوتەی بێشەرمانەی کەسانی گومانلێکراو و نەفام، بەرەو گەلاڵە و چۆمان سەرکەون. خۆشبەختانە، ژمارەیەک لە هاوڕێیان لە ژیاندا ماون، کە ڕۆژانە گوێیان لە پەیڤە بەنرخەکانی ڕۆڵەی ئازا و چاونەترسی ڕەواندوزی عەریف یونس دەبوو کە دەیگوت: "کەی ئەو ڕۆژە دێت هەندرێن لە دوژمن پاک بکەینەوە، ناحەزان چاوشۆڕ و ڕیسوا بکەین، ئەوکات من شەهید بکریم!" ئەمەش نەک هەر تەنیا داوا و ئارەزووی ئەو پاڵەوانە نەمرە بوو، بەڵکە گەلێکی تر لە هاوڕێیان بۆ هەمان لەخۆبووردن ئامادە بوون! ئەوە بوو لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٦٦دا پێشمەرگەکانی حیزب و لقەکەی عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەلە، لە هێرشێکی بەجەرگانەی پڕ لە قارەمانێتیدا دەستیان بەسەر لیوای چوارەمدا گرت، بڵاوەیان پێکردن. ئەوەی کوژرا کوژرا و ئەوەی ڕایکرد ڕایکرد. شاخی هەندرێن لە هێزی داگیرکەر پاککرایەوە. سەرکەوتنەکە بە یەکێک لە سەرکەوتنە هەرە مەزن و مێژوویی و بایەخدارەکان دەژمێرێت کە پێشمەرگەکانی کوردستانی بە زۆر بە عیراقەوە لکێنراو بە دەستی هێنا.

لەو کاتەی پێشمەرگەکان لە بریندار و پاشماوەی سەربازە بەزیوەکاندا

بەناو سەربازخانەکەدا دەگەڕان، عەریف یونس چاوی بە عەریفێکی بریندار دەکەوێ و دەیەوێ هەڵیبگرێت و بیگەیەنێتە شوێنێک لە مردن ڕزگاری بکات، بریندارەکە نامەردانە گوللەیەک لە کەللەی عەریف یونس دەدا و شەهیدی دەکات. بەو جۆرە ئاوانی شەهید یونس هاتە دی، بینی هەندرێن ڕزگارکرایەوە و لە هەمان شوێنیش گیانی پاکی لە پێناو شەرەف و ڕاستی و کوردستاندا بەخشی.

سەرکەوتنەکە دەنگ و ڕەنگێکی ئەوتۆی دایەوە، سنووری کوردستان و عیراقی تێپەڕاند و، ئەنجامێکی کاریگەری چاکی کردە سەر وورە و توانای هێزی پێشمەرگە و خەڵکی هەرێمەکە. لە ڕۆژنامە و ئێستگەکانی ڕادیۆی وڵاتانی بیانیشدا بە فراوانی بڵاوکرایەوە و، بایەخێکی سەرنجڕاکێشی پێدرا. سەرکەوتنەکە باشترین بەهرەی گەیاند، خۆشی و شادی و گەشبینی لەسەر ڕووان بەدی دەکرا، زوبانی هەڵپەرستە بێویژدانەکانی گرت و تووشی چاوشۆڕی هاتن و یەکسەر قەوانە شڕەکەیان بە دیوێکی تردا خستە گەڕ و کەوتنە جاڕدان و سەرتاپای دانیشتوانی ناوچەی باڵەکایەتیان تێگەیاند کە فریا بکەون و بگەنە هەندرێن! تاڵانە و بە هەزاران چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی لیواکە لە سەربازخانەکەدا کەوتووە! کێ ئازایە و دەستکەوت و پاتاڵ بۆ خۆی کۆ بکاتەوە! خوێنی شەهیدەکان هێشتا تەڕ بوو، ئاگری تۆپ و بۆمباکانی ڕژێم لە جەنگەڵ و کۆتەڵەکانی شاخی هەندرێندا دووکەڵی لێ هەڵدەستا. بە سەدان کەسی پاتەخۆر، گەورە و بچووک، بە سواری کەر و هێستر خۆیان گەیاندە سەربازخانە وێرانکراوەکە، فرک و هوڕێک بوو لە کۆکردنەوەی کەلوپەل و تاڵانکردندا ئەوسەری دیار نەبوو.

سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لە سۆنگەی سەرکەوتنە مێژوویەکەدا

بۆچوون و هەڵوێستێکی تری بەرانبەر بە ڕژێمی بەغدا گرتەبەر و، بارەکە بە بەرژەوەندیی شۆڕش کەوتەوە. ڕێککەوت وا بوو ئەوکات ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانی حیزب لە گوندی کلێتەی نزیک گوندی دەرگەلە لە کۆنفرانسێکی هەرێمدا بووین. هەر کە دەنگی سەرکەوتنەکە گەیشتە نێومان، بڕیار درا هاوڕێ مەلا ئەحمەد بانیخێلانی و بەندە بۆ سەردانی هاوڕێ پێشمەرگەکان بڕۆین، یەکسەر بەرەو شاخی هەندرێن کەوتینە ڕێگا. زنرا کە چەند شەهید و بریندارمان هەیە، لەنێو شەهیدە قارەمانەکانماندا سەرلقی ئازا شەهید عەریف یونس عەزیز، شەهید ساڵح مام ئەلیاس کە هەردووکیان دوو ڕۆڵەی قارەمانی ڕەواندوز بوون. بە ڕێگاوە دەمانبینی کە تاڵانکەران لە چ ڕاکردن و هاتوچۆیەکدا بوون بۆ تاڵانی بە دەست هێنان. ئەوەی لە هەموو کردەوەیەک نابەجێتر بوو، ئەوە بوو سەرکردە سەرەکییەکانی شۆڕش خۆیان هانی خەڵکەکەیان دەدا بە پەلە و ڕاکردن بگەنە سەر سەربازخانەکە بۆ تاڵانکردن و دزین!

لە ڕۆژهەڵاتی هەندرێن لە نزیک سەرچاوەی ژنگارە بەسەر شاخەکەدا سەرکەوتین. دوو هەزار مەترێک بەرز بووینەوە، گەیشتینە سەر کانیوئاوێک کە بە کانیی گیوز ناوی دەهێنرێت. بینیمان مام ئەلیاسی ڕەواندوزی و دوو پێشمەرگە بەماتەمی و بێدەنگی و دەستبەئەژنۆ دانیشتوون و یەکێکیش بە پەتۆیەکی ڕەش داپۆشراوە. باوکی سەرباز و بەندە کەوتینە دەربڕینی پرسە و سەرخۆشی و دڵدانەوەی مام ئەلیاس بە بۆنەی شەهیدبوونی ساڵحی کوڕیەوە، بە ورەیەکی زێدەبەدەر بەرز و مێرانە کەوتە پەیڤین، ئاماژەی بۆ پەتۆکە کرد و گوتی: "ئەمە تەرمی ساڵحە، هیچ نەتەوە و هێزێکی پێشکەوتووخواز بەبێ قوربانیدان بە ئاواتەکانی ناگات. ئامادەم گیانی خۆم و ڕۆڵەکانی تریشم لە پێناو بیر و

بڕوا و کوردستاندا دابنێم." کە گەیشتینە سەربازخانەکە، بینیمان چ هەرا و فڕک و هۆڕێکە بۆ شتومەک کۆکردنەوە و تالانی، هاوکات پێشمەرگەکان لە ئەوپەڕی ئامادەیی و چاودێریکردنی ناوچەکەدا بوون. شوێنە سەرەکییەکانی شاخەکەیان بە توندی گرتبوو، لە ترسی ئەوەی نەبا دوژمن بۆ تۆڵەسەندنەوە، هێرش و پەلاماری تازە بکات.

حکومەتی بەغدا دووچاری کارەساتێکی گەورە هاتبوو، کەوتە پاشەکشە و کێشانەوەی سوپاکانی لە کوردستان. عەبدولڕەحمان عارف، کە ماوەیەکی کورت بوو لە شوێنی عەبدولسەلامی برای کرابوو بە سەرۆککۆمار، لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران کۆبووبووە و نامە و نوێنەری تایبەتیان بۆ لای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی ناردبوو. ئاگربەستێکی تازە ڕاگەیەنرا. گفتوگۆ لەنێوان شۆڕش و میریدا دەستی پێکردەوە.

لەو دووڕێیانە تازەیەدا، پێکی بلوێرژەنە گومانلێکراوەکانی ڕیزەکانی شۆڕش بۆ بارێکی تر سووڕا، بۆ ئەوەی لە نرخی سەرکەوتنە مەزنەکە و ڕۆڵی ئازای شیوعییەکان کەم بکەنەوە، کەوتنە هێرشکردن و هەڵبەستی پڕ درۆ و دەلەسە و ناڕست و نابەجێ، کە گوایا پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی کەلوپەل و شتومەکی زۆری لیواکەیان بۆ خۆیان دزیوە و، نەیانگەیاندووە بە سەرکردایەتی شۆڕش.

بۆ مێژوو دەڵێم: سەرتاپای پروپاگەندەکان فریان بەسەر ڕاستییەوە نەبوو، لە ڕق و قین و نەیاری دەرنەدەچوون. ئەوەی لە هەمـــوو لایەن و تالانکەران کەمترین دەستکەوتی هەبوو، ڕێکخراوی پێشمەرگەکانی حیزب بوو، شایەتیش بۆ ئەم ڕاستییە گەلێ زۆر بوو. درۆزنان هەر ڕووڕەشییان بۆ دەمێنێتەوە! بۆشیان ماوەتەوە!

دەگەڕێمەوە سەر کاروباری کۆنفرانسەکەمان. باری کوردستان و عیراق و پەیوەندیمان لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول بەباشی دەرسکران. لیژنەی هەرێمی کوردستانی حیزب کار و ئەرکەکانی نێو هاوڕێیانی دابەش کردەوە. ئەرکی بەڕێوەبردنی لیژنەی پارێزگای هەولێر کەوتەوە ئەستۆی من. بارەگای مەکتەبی هەرێم کەوتە گوندی بەردانگە، نزیک بە گوندی سەرکەپکان، مەڵبەندی خێڵی ئاکۆ. ئەوکات ئەندامە کۆنەکانی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە هەمەدان گەڕابوونەوە، بە بڕیار و ڕەزامەندی سەرکردایەتی شۆڕش لە گوندی دۆڵەڕەقە، لە نزیک بەردانگە دەژیان. دۆستایەتی و هاتوچۆکردنیان لەگەڵ ئێمە گەرموگوڕ بوو.

لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٦٦ گەیشتمە گوندی داربەسەرەی گەورە، کە سێ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای کۆیە هەڵکەوتووە. لیژنەکەش لە پانزە هاوڕێ پێکهاتبوو، لەنێویاندا شەهید عەلی مەولوود داربەسەری و، شەهید سالح عەسکەری و کاک ئەحمەد دڵزار، نەجمەدین مامق، موسڵیح مستەفا، سامیە شاکر و خوالێخۆشبوو شێخ تەیب تاڵەبانی و خوالێخۆشبوو محەمەد شێروانی و چەندانی تر هەبوون. ئەو کۆشش و تەقەلایەی لەتوانادا هەبوو، هاوڕێیان دریخیان تێدا نەدەکرد. ڕێکخراوەکان لەنۆژەنڕا شێوازێکی تازەی بە خۆیەوە گرتبوو، لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە پێشکەوتن و گەشەکردنی باش وە دەست دەهاتن. ئەوەی دەمێک بوو بەئاشکرا لە ڕیزی ڕێکخراوەکانی حیزبدا هەستی پێ دەکرا، دیاردەیەکی نادروست و ناڕەوا لەنێو زۆربەی کۆمیتە سەرەکییەکان و گەلێ ڕێکخراودا سەری هەڵدابوو. بەڕەڵایی، هێرشبردنە سەر ئەم سەرکردە و ئەو سەرکردە، ئاشکراکردنی نهێنییەکانی پارتایەتی، بیر و بۆچوونی کەرتکردنی حیزب، لەژێر پەردەی ڕزگارکردنی

حـیــزب لە ڕێبــازی لادانی ڕاســتــڕەوی و گــوتـەی زل زلی چەپڕەوانە و شۆڕشگێڕانە و...هتـد بوو. ئاكـامـەكـەی بەوە گـەیشت كـە لە ئەیلوولی ١٩٦٧دا تاقمێک بە سەركردایەتی كۆنە ئەندامی مەكتەبی سیاسی حیزب عەزیز حاجی عەلی حەیدەر كەرتكردنیان ڕاگەیاند. لە سەرتاپای عیراقدا كەوتنە جموجووڵ و تەقەلای زۆر بۆ ئەوەی دەست بەسەر زۆربەی لیژنە و ڕێكخـراوەكـاندا بگرن. لێژنەی پارێزگـای هەولێـر ئاگـاداربوو لەوەی كـە شەهید ساڵح عەسكەری و موسڵیح مستەفا بەنهێنی پەیوەندییان بە كەرتكەرەكانەوە هەبوو. هەردووكیان كە بینیان و باش بۆیان ڕوون بووەوە كە لەنێو ڕێكخراوەكەدا هیچیان بۆ ناكرێت، ئێمەیان بەجێ هێشت و، خۆیان بەوان گـەیاندا، كـە سـەركـردایەتییـەكی بە ناوی سـەركـردایەتی كاتییەوە (القیادە الموقتە) بۆ خۆیان ساز كردبوو.

كتوپڕ سەركردایەتی حیزب كەوتە خۆئامادەكردن و چالاكی و تەقەلادان بۆ بەربەســتكردن و پووچەڵكردنەویە كــەرتكردنـەكـە، بڕیار وەرگــیــرا كۆنفرانسێكی سـەرانسەری بگیرێت. داوا لە مەكتەبی مـحەلی هەولێر كرا شوێن و شتومەكی پێویست ئامادە بكات. لە تشرینی دووەمی ١٩٦٧دا لە گـوندی داربەسـەری گـەورە، كـۆنفـرانسـەكـە گیرا. ژمـارەیەكی زۆر لە هـاوڕێیانی سەركردایەتی كە لە دەرەوەی ولات بوون، وەک هاوڕێ عەزیز مـحەمـە، سـەلام ئەلئاسری، خوالێخـۆشبوو ڕەحیم عەجینە گەڕانەوە و بەشدارییان لە كۆنفرانسەكەدا كرد. پەنجاوشـەش هاوڕێ ئامادە كران، كە لە مێژووی حیزبی شیوعی عیراقدا بە ناوی كـۆنفرانسی سێیەم ناســراوە. كـۆنفــرانس هەشت ڕۆژ دەرسـی باری ســیــاسی، فــیكری و ڕێكخـراوەیی نێو ڕیزەكـانی حیزبی بەدوورودرێژی كرد، جەخت لەسـەر ئەوە كرا كە پێویستە كەرتكردن ڕیسوا بكرێت، ڕیزی ڕێكخراوەكان پتەو

بکرێت، ڕێگا بە گوێنەدان و بەرەڵایی نەدرێت. لە کۆتاییدا بە هەڵبژاردنی نهێنی کۆمیتەی ناوەندیی تازە و سکرتێری حیزب هەڵبژێررا.

سەرتاپای دەرسکردن و ئەو بڕیارانەی لە کۆنفرانسەکەدا ئەنجام دران، بەپێی زانین و بۆچوونم، هەروەها بەگوێرەی یاسای ناوەخۆی پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان، ئەوەی لە کۆنفرانسی سێیەمدا جێبەجێکران لە ئاست و ئەرکی کۆنگرەیەکدا بوون، بۆیەکا پێویستە هەمیشە لە مێژووی دوورودرێژی حیزبی شیوعی عیراقدا کۆنفرانسی سێیەم بە کۆنگرە بژمێردرێت. ئەوەش ئەرکی کۆنگرەیەکی حیزبە کە ئەم هەڵە مێژووییە ڕاست بکاتەوە.

باری سیاسی و کۆمەڵاتی عیراق لەو کاتدا بەتەواوی شڵەژا بوو، ئەو ڕژێمەی لەسەر کار بوو و وڵاتی بەڕێوە دەبرد، لاواز، لە نێوخۆدا ناڕێکوپێک، لە کوردستانی عیراق شەڕی نێوان شۆڕش و میری و کوردە لایەنگرەکانی (مەبەست لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی کۆنی پدک، سەر بە مامۆستا برایم ئەحمەد) یەکجار گەرموگوڕ بوو، حیزبی شیوعیش دووچاری کێشەی کەرتبوون هاتبوو. لەو کەینوبەین و بارە تەماوی و ناجۆرەدا، هێزەکانی تر، نەتەوەیی و کۆنەپەرستان، بەتایبەت حیزبی بەعسی عەفلەقی، بە گەرموگوڕی خەریکی نەخشەدانان و پلاننانەوە و خۆکۆکردنەوە بوون، کە بگەڕێنەوە سەر حوکم و دەسەڵاتی وڵاتیان بکەوێتەوە دەست. تا لە ڕۆژی ١٩٦٨/٧/١٧دا بە هاوکاری چەند ئەفسەرێکی ڕاڕا و گومانلێکراو دەستیان بەسەر کۆشکی کۆماریدا گرت و، سەرۆککۆمار عەبدولڕەحمان عارفیان لە عیراق وەدەرنا. بۆ چەند ڕۆژێک وەزارەتێکی هاوبەشیان لەگەڵ ئەوانەی یاریدەیان دابوون پێکهێنا. ڕۆژی ١٩٦٨/٧/٣٠ بەعسییەکان بەتەواوی دەسەڵاتیان وەرگرتەوە.

لە سەرەتای گەڕانەوەیاندا بۆ سەر حوکم، بەعسییەکان، بۆ خۆچەسپاندن کەوتنە گفتوگۆ و پێوەندیکردن لەگەڵ حیزبی شیوعی عیراق و چەپەکان و شۆڕشی کورد، بە چەند هەنگاوێکی پێشکەوتووخوازنە هەڵسان، ژیان و واقع زوو دەریخست ئەوەی پێی هەڵدەستان گشتی بۆ فرۆفێڵ و دیماگۆگیەتی ساختەکارانە بوو. لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا مەکتەبی هەرێمی حیزب، ئاگاداری کردم کە خۆ ئامادە بکەم بۆ خوێندنی دوو ساڵ لە ئەنستیتوتی زانستی کۆمەلایەتی (معهد العلوم الاجتماعیه) و بەرەو مۆسکۆ بڕۆم. بەپەلە ماڵ و منداڵەکانم لە داربەسەری گەورەوە ناردەوە کۆیە بۆ ئەوەی لەوێ بژین تا لە خوێندن دەگەڕێمەوە. خۆشم گەیشتمە بارەگای مەکتەبی هەرێم لە گوندی دەرگەلە. چەند ڕۆژێک لای هاوڕێیان مامەوە، ڕێکەوت وا بوو هاوڕێ مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی (باوکی سەرباز) بچێت بۆ سەرپەرشتیکردنی باری هاوڕێیان و پێشمەرگەکانی حیزب لە مەڵبەندی بادینان، پێکڕا کەوتینە ڕێگا تا گوندی پیرموس، پشت شاخی ئەلقوش. ئەوکات لقێک پێشمەرگەی حیزب لە گوندەکەدا دەژیان. هاوڕێ تۆما تۆماس بەرپرسیاری ڕێکخراو و پێشمەرگەکانی بادینان و پارێزگای موسڵ بوو، بەگەرمی پێشوازی کردین. دوای پشوودانێکی چەند ڕۆژی هاوڕێ تۆما، من و محەمەد فەیلی و شەعیەی ئاسووری ڕەوانەی گوندی دێرەبوون لە سێ سووچی عیراق، سوریا و تورکیا کردین. لە کات و ڕۆژی دیاریکراودا بەنهێنی بە کەڵەک لە ئاوی دیجلە پەڕینەوە ناو خاکی سوریا.
هاوڕێیانی پارتی کۆمۆنیستی سوریا چاوەنواڕیان دەکردین، ئێمەیان گەیاندە قەزای دێریک (المالکیه) و لەوێوە بۆ قامشلی. بووین بە میوانی هاوڕێ ڕەمو شێخۆ (باوکی جەنگۆ)، ئەوکات ئەندامی لیژنەی مەرکەزی و بەرپرسیاری پارێزگای حەسەکە بوو، تا ئەم دواییەش ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی سوریا بوو. وا بزانم ئێستێکە خانەنشینە.

# بەرەو مۆسکۆ

ڕۆژێک لە میوانداریی هاوڕێ ڕەمو شێخۆ ماینەوە، بایەخی پێدایین، دەربارەی کوردستان گەلێ پرسیاری وردی لێکردین، شۆڕشی ئەیلوول، ژیانی کۆمەلایەتی و کولتووری و نەریتی کوردستانی بە عیراقەوە لکێنراو، پەیوەندی حیزبی شیوعی بە شۆڕشی کوردستان و خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانییەوە و...هتد. بەپێی توانامان بەرسڤمان دەدایەوە، زوو هەستی ئەوەمان کرد کە جیاوازی لەنێوان بۆچوونی ئێمە لەگەڵ ڕا و تێڕوانینەکانی هاوڕێ ڕەمۆدا هەیە، بەڕاشکاوی دەیگوت: "من کوردم پێش ئەوەی کۆمۆنیست بم." ئێمەی کۆمۆنیستەکانی کوردی عیراق بە شێوەیەکی تر لە ئینتەرناسیونالیزم و کێشەی چینایەتی و مافی چارەی خۆنووسینی میللەتان گەیشتبووین، بەتایبەت هی ئەو نەتەوانەی بێبەری کرابوون لە مافە ڕەوا نەتەوایەتییەکانیان، کە کورد و کوردستان لە سەرووی هەموویانەوە دێت! ئێمە بە شێوەیەک تەسقیف کرابووین کە پرۆسەی کورد بەشێکە لە مافەکانی دیموکراسی، بە بەرژەوەندیی چینی کرێکاری نەتەوەی گەورە و خاوەندەسەلاتەوە بەندە.

لە ڕووی تیۆری، ئایدیۆلۆژی و پرۆگرام و شێوەی بنیاتنانی ڕێکخراوی پارتە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە قەوارەی عەقلیەتی شۆڤێنیستی نەتەوە گەورە خاوەندەسەلاتەکان دەرنەدەچووین. ڕۆژێ لە ڕۆژان بەجەرگانە و بەڕاشکاوی دانیان بەوەدا نەناوە کە خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد، پارچە پارچە کراوە و ستەمکارانە خراوەتە ژێر دەسەلاتی نەتەوە زلهێزەکانی تورک، عەجەم و عەرەبەوە. شاراوەش

نییە لە ڕووی مێژووییەوە، هەڵوێست و ڕێبازی حیزبی شیوعی عیراق، گەر بەراورد بکرێت لەگەڵ هەڵوێستی پارتە کۆمۆنیستەکانی تری ناوچەکە، لە هەموویان پێشکەوتووتر و ڕیالیستانەتر، تا سنوورێک ڕەفتاری لەگەڵ کێشەی نەتەوەی کورددا کردووە.

دوا بە دوای ئەزموون و تاقیکردنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەو وڵاتانەی پێیان دەگوترا بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی، کە دووچاری هەرەسهێنان هاتن، لادان و پێشێلکردن لە پرنسیپی مارکسیزم و ئینتەرناسیونالیزمی ڕاستەقینە گەلێ لەوە زلتر و قووڵتر بوو. ئینتەرناسیونالیزم شێوێنرا بوو، بۆ چەوسانەوە و داگیرکردن و تواندنەوەی نەتەوە بچووک و ماف ژێرپێخراوەکان بەکار دەهێنرا.

هاوڕێ ڕەمۆ لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیان ئێمەی بە ئوتۆمۆبیل نارد بۆ دیمەشق، لەڕێگادا چاومان بە حەلەب، حومس، حەما کەوت. هەر کە گەیشتینە شام هاوڕێ عەبدولوەهاب ڕەشوانی کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی سوریا، گرووپی خوالێخۆشبوو خالید بەگداشە، پێشوازی لێکردین. ئێمەی برد بۆ شوقەیەک، لە گەڕەکی مەزرەعە و گوتی: "ئەوە شوێنی ئێوەیە تا ئەو ڕۆژەی بۆ مۆسکۆ دەڕۆن." نزیک دوو مانگ لە شام ماینەوە، چاوەنۆڕیی ئەو ماوەیە بەبێ کار و ئیش تووشی سەرهێشە، بێزاری و دڵتەنگی کردبووین.

لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم ١٩٦٨دا هاوڕێیانی سوریا ئاگاداریان کردین کە خۆ کۆ بکەینەوە. ڕۆژی ١٩٦٨/١١/٦ گەیشتینە موسکۆ. هەر لە فڕۆکە دابەزین، بینیمان بەفر دەبارێ و هەواکەش یەکجار سارد بوو، لە لایەن دوو هاوڕێی ڕووسەوە پێشوازی کراین، کەوتینە خۆشترین لێکدانەوە، یەکێتیی سۆڤیەت و مۆسکۆمان بە

پیرۆزترین شوێن دادەنا لەم جیهانەدا. یەکەم جار بوو هەر سێکمان چاومان بە دەرەوەی وڵات بکەوێت، ئێمەیان گەیاندە ساختمانێکی خۆش لە دەرەوەی شار. وامانەزانی سەرتاپای سۆڤیەتەکان لەم خۆشی و سەڵتەنەتەدا ژیان بەسەر دەبەن، چەند ڕۆژ پزیشک دەهاتن و بەوردی سەیری بەشەکانی لەشمانیان دەکرد و دەیانپشکنین. هەر لە دەست پزیشکەکان ڕزگاریمان بوو، گوێزرایەنەوە ئەنستیتوتەکە. چ فێرگەیەک! چ دانیشگایەک! چەند ساختمانێکی فراوان و پاک و ڕێکوپێک. لە سەرەتای سییەکانەوە شوێنەکە بە ناوی دانیشگا زەحمەتکێشانی ڕۆژهەڵات (جامعە کادحی الشرق) ناسرابوو. لەدواییدا ناوی ئەنستیتوتی زانستی و کۆمەڵایەتی (المعهد العلوم الاجتماعیه)ی لێنرا.

لە سەرەتادا بەڕێوەبەرانی فێرگەکە کەوتنە لێکۆڵینەوەی ورد، پرسیاری زێدەبەدەریان دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، پارتایەتییان ئاراستە دەکردین. وەرام و گوتەکانیان لای خۆیان تۆمار دەکرد، دوای ئەوە شوێنی خوێند و پرۆگرامی دەرسەکان، هەڵسوکەوت و ژیانی فێرگەیان بەدرێژی بۆ ڕوون دەکردینەوە. ماوەی دوو مانگ ڕۆژانە بەخەستی سەرەتای زوبانی ڕووسیان فێر کردین، مەبەستیان ئەوە بوو فێری ئەوەمان بکەن چۆن لەو شوێنانەی هاتوچۆی تێدا دەکەین، داوای شتومەکی پێویستی خۆمان بکەین.

کەوتینە دەرسخوێندن، هەفتەی پێنج ڕۆژ، هەر ڕۆژ و چوار سەعات لەسەر شێوەی بەرزترین دانشگا، دەرسمان دەخوێند، چەند سەعاتێکیش سیمینار و پراکتیک. پرۆگرامی خوێندن بریتی بوو لە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، مێژووی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت، ئابووریی ڕامیاری و ئابووریی سیاسی، فەلسەفە، مادەی دیالەکتیک و

مادەی مێژوویی، مێژووی کرێکارانی دونیا و...هتد. لەسەرەتادا بە شێوەی موحازەرە بۆیان لێک دەدایەوە و ئەوجا سەرچاوەی زۆریان پێ دەداین، کە خۆ بۆ سیمینارەکە ئامادە بکەین دەربارەی ئەو وانانەی بۆیان باس دەکرین. ژیانمان بەرێکوپێک بەڕێوە دەڕۆیشت. مانگانە پوولی باشیان پێ دەداین. دیسپلینی فێرگەکە یەکجار بەتین بوو. هەفتانە گەشت و گەڕانی خۆش و بەسوودیان بۆ ڕێک دەخستین، بەناو گەلێ مۆزە و شوێنی گرنگی مێژووییاندا دەگەڕاندین.

ناوەڕاستی ئایاری ١٩٦٩ ئێمەی گرووپی عیراق و گرووپی هاوڕێیانی لوبنان بۆ شاری لینینگراد (پترۆگراد)، برد. خۆشبەختانە ئەوکات ڕۆژ و شەو لە باکووری تۆپی زەوی بووبوو بە یەک، شەوانە دونیا هەر بە ڕووناکی دەمایەوە، لە شەقامەکانی نێوشار کارەبا هەڵنەدەگیرسێترا، شەوەکانی زیوینی (اللیالی الفضیە) ئەوەندە خۆش و دڵفڕێن بوو، مرۆڤی دەخستە بارێکی تر لە ژیاندا. گەلێک شەو تا چواری بەیانی لەناو شەقامەکاندا دەگەڕاین.

سەردانی ئارامگەی شەهیدەکانی شارەکەمان کرد، کە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، ماوەی هەزار ڕۆژ بە قارەمانترین و خۆڕاگرترین شێوە بەرگرییان کردبوو دژی ئابڵووقەی فاشیستە هیتلەرییەکان و گیانیان لە پێناودا دانابوو. بە ڕێز و ماتەمینییەوە سەرمان بۆ ئەو لەخۆبردنەیان دانەواند. بەناو مۆزەخانەی ئەرمیتاج، کە یەکێکە لە مۆزەخانە هەرە گەورەکانی جیهان، کۆشکی هاوینەی بنەماڵەی تسار و، شوێنی خۆشاردنەوەی فلادیمیر لینین لە مانگی نیساندا کە پێیان دەگوت رازلیف، گەڕاین. گەلێ جار شەوانە دوای سەعات دوانزە بۆ سەر زێیە پان و ئاوە زۆرەکەی نیڤا دەڕۆیشتین. سەیری ئەو پردە زلەمان دەکرد کە

دەکرایەوە و کەشتی گەورە بەناویدا تێپەڕ دەبوون. سەردانی کەشتی ئەڤرورامان کرد، کە هەر لە یەکەم ڕۆژی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەستەی کەشتییەکە خۆ و چەکەکانیان لەگەڵ شۆڕش کەوتن. لەناو شاری لینینگراد چلودوو زێ و ڕووباری گەورە هەیە، ئەوکات سێ سەد و شەست پردی ڕێکوپێکی تێدا بنیاتنرابوو. چاومان بە قەڵای پەترس کەوت، ژوورە تاریک و ناخۆشەکانی بەندیخانە سامناکەکەمان بینی، کە لە سەردەمی ڕژێمی تساریدا چەندان ساڵ پیاوە ناودار و نووسەر و ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕەکانی وەک دۆستۆیەفسکی، باکۆنین، بلیخانۆف، مەکسیم گۆرکی و لینین و گەلێکی تری تێدا بەندکرابوو، تا بگوترێ زیندانێکی ترسناک و بەسام بوو.

ئەوەی سەردانی شارەکە بکات، یەکسەر دیمەنی جوانی دەکەوێتە بەرچاو، دەبینێ لەسەر ڕووی گەلێ دەرگا و پەنجەرە، گۆڕەپان، سەری شەقامەکاندا پەیکەری ڕازاوەی بەنرخ و جۆراوجۆری دەکەوێتە پێش. بەڕاستی پیترۆگراد لە مۆزەیەکی قەشەنگ و ڕازاوە دەچێت. یەکێک لە هاوڕێ لوبنانییەکان، فەیلەسووف و هۆزانی ناودار شەهید حوسێن مروە بوو، کە هەمیشە بە قسە خۆشەکانی دڵی زێدەتر شاد دەکردین، ئەو ڕۆژانەی لەتەک ئەو مرۆڤە زانا و بەڕێزەدا، کە بە گوللەی پیاوکوژانی مێشکوشکی کۆنەپەرست بەناهەق لە بیرۆت شەهیدیان کرد، قەتاوقەت لە یاد دەرناچن.

هەر کە دوو هەفتەی گەشتەکەمان کۆتایی پێهات، گەڕاینەوە مۆسکۆ و کەوتینەوە سەر خوێندن. لە کۆتایی مانگی تەمموز ئێمەیان بۆ کۆماری گورجستان نارد، ماوەی یەک مانگی ڕەبەق لە میوانداری کۆمیتەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی جۆرجیادا بووین، بۆ پشوودانمان

پرۆگرامێکی یەکجار تێر و تەسەلیان ئامادە کرد، لە پایتەخت (تفلیس) و زۆربەی شار و ناوچەکانی کۆمارەکەدا گەڕاین، وەک زاگدیدی، پۆتی، پاتۆمی، تسخالتووبە، کۆلێ، شاری بنەماڵەی ستالین. سەردانی ئەو خانووەشمان کرد کە ستالینی تێیدا لە دایک بووبوو.

جۆرجییەکان یەکجار چاوتێر و دڵکراوەن، میوان لایان بەڕێز و خۆشەویستە. لە هەر دانیشتن و کۆڕ و میوانداریێکدا، جوانترین خوانیان دەڕازاندەوە، جۆرەها خواردەمەنی بەلەزەت و میوەیان دەخستە پێشتمان. ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشا ئەوە بوو هەر کە کادیرە سەرەکییەکانیان کەمێک بە خواردنەوەی مەی سەریان گەرم دەبوو، دەکەوتنە پێداهەڵگوتن و پرشکۆکردنی ستالین، کە قارەمانێکی جۆرجیا بوو و، باسی ئەوەیان دەکرد کە ستالین بیست و نۆ ساڵ خزمەتی کۆمۆنیزم و یەکێتیی سۆڤیەتی کرد و لە جیهاندا چەسپاندی، کەچی ڕووسەکان دەیانەوێ لە ڕۆڵ و شان و شەوکەتی کەم بکەنەوە! چەند جار لەگەڵ ئێمەی میوان دووچاری تێکهەڵچوون دەبوون، بەتوندی لایەنگری ڕێبازی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیمان دەگرت و، ستالینمان بە ڕابەرێکی قارەمانی ئازای تاکڕەو و خۆپەرست لە قەڵەم دەدا.

لە شاری باتۆم، کە کەوتووەتە سەر دەریاری ڕەش نزیک سنووری تورکیا، ژمارەی دانیشتوانی ئەوکات شەست هەزار کەس بوو، زۆربەیان لە نەتەوەی تورک بوون، سەردانی ئەنجومەنی شارەکەمان کرد کە ئەوان پێیان دەگوت پەرلەمانی شار، گوایا شارەکەیان مافی بەڕێوەبردنی تایبەتی خۆی وەک نیمچەئۆتۆنۆمییەک هەبوو، تەنانەت سەرۆکی شارەکە بە ناوی سەرۆککۆمار خۆی پێشکەش بە ئێمە کرد. وتارێکی دوورودرێژی خوێندەوە. باسی ژیانی دانیشتوانی شارەکەی کرد، کە یەکجار

ئاسوودەن، مافی تەواوی خۆیان لە یەکسانی و ئۆتۆنۆمیدا هەیە، زوبانی نەژادییان پارێزراوە، زیندەبەدەر بە شان و باڵی ڕاست و ڕەوایی یەکێتیی سۆڤیەت و لینینزمدا هەڵیدەگوت. واقع دەریخست گوتەکانی ئەو و ئەوەی دەربارەی ئەم جــۆرە بۆچوونانە دەمــانخـوێند یا دەمــانخــوێندەوە و گوێبیستی دەبووین، سەرتاپایان ڕاست نەبوون! لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت دەرکەوت کە نە یەکسانی و نە مافی مرۆڤ و نـە مافی چارەنووسی گەلان ڕەفـتاری پێدەکرا و! نە فریـیان بـەسـەر پرنسیپـە ڕەواکانی ئینتەرناسیونالیزمی ڕاستەقینەوە هەبوو!

بیست و حەوت ڕۆژی پڕ خۆشی و گوشادیمان لە جۆرجیا بەسەربرد، گەڕاینەوە مۆسکۆ. چەند ڕۆژێک لە فێرگەکە پشوومان دا، لەسـەر داوای عەمیدی ئینستیتوتەکە، کە ناوی پرۆفیسۆر ریجنکو بوو، کۆبوونەوەیان پێکردین. بەڕێوەبەر ریجنکۆ هاوڕێیەکی بەڕێز و کەسایەتییەکی بەتوانا و بەهێز بوو، سەرجەمی مامۆستا، ئیشکەران و قوتابییان بە چاوی ڕێزەوە سـەیریان دەکرد. لە کۆبوونەوەکەدا چەند مامۆستایەک لەتەک عەمیددا ئامادە بوون، بەخێرهاتنی کردین و گوتی: (دەمەوێ باسی ئەو گەشتەمان بۆ بگێڕنەوە و، لە ماوەی ئەو مانگەدا چ شتێکی نێگەتیف یان پۆزەتیڤتان بەدیکردووە، باسی بکەن...) دوو سێ هاوڕێ کـەوتنە پیـاهەڵگوتن بە کۆمیتەی مـەرکـەزی پارتی کۆمـۆنیستی گورجستـان کـە چ بایەخی گەرموگوڕیان پێدابووین، پرۆگرامی تێروتەسەلیان بۆ ساز کردبووین و بە زۆربەی ناوچە و کارخانە و شوێنەکانی وڵاتەکەدا گێڕابوویانین و...هتد. سێ هـاوڕێ یەک لە دوای یـەک هەڵسـان، کـە یەکـێکیـان هـاوڕێی نەمـر سلیمان شێخ محـەمەد (باوکی سیروان) بوو، چەند تێبینی و ڕەخنەیان نیشـاندا، وەک ئەوەی جـۆرجیـیـەکـان ناحـەزیی خۆیان بەرانبـەر بە

رووسەکان نەدەشاردەوە، هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا سانا نەبوو، پیشە و نەریتیان وشک و ڕەق بوو، لە گفتوگۆ و دەمەتەقەدا دڵ و دەروون تەسک بوون، بازاڕی ڕەشی وڵاتەکەیان گەرم بوو، لە فرۆشگاکان بە ئارەزووی خۆیان شتومەکیان بە کڕیار دەفرۆشت، پوولی زیادەت پێ بدانایە ئەوەی داوات بکردایە بۆیان دەهێنایت! لەگەڵ ئەوەی کە هێندێک لە کادیرە سەرەکییەکان بەزەقی هێرشیان دەبردە سەر کۆمیتەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی و زێدەبەدەر ستالینیان خۆش دەویست و شانازییان پێوە دەکرد و...هتد. بەشداربووانی کۆبوونەوەکە هەستیان کرد کە عەمید ڕیجنکۆ خۆشحاڵی خۆی ڕاگەیاند بەرانبەر بەوەی گوێبیستی بوو. ئومێدەوارم کە هاوڕێیان کامل کەرەم (باوکی عەلا)، عیزەت حاجی عوسمان و یوسف حەننا و ئەوانەی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدارییان کرد، ئەوانەی باسکران لە یادیان مابێت.

کۆرسەکەمان پرۆگرامی خوێندنی خۆی کۆتایی پێهێنا. کۆمیتەی مامۆستایان لە هەموو دەرس و وانەکاندا تاقیکردنەوەیان پێکردین. لە کۆتایی مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٠دا، ئێمە چوار هاوڕێی عیراقی، شەهید کازم جاسم کادری ناسراوی جوتیارانی فوراتی ناوەڕاست، عیزەت عوسمان، شەهیدەی ئاسووری و بەندە ئاگادارکراین خۆ ئامادە بکەین و بە ڕێگای سوریادا بگەڕێینەوە وڵات. کات و ڕۆژی دیاریکراو گەیشتینە دیمەشق، دوای چەند ڕۆژێک بە یارمەتی هاوڕێیانی پارتی کۆمۆنیستی سوریا گەیشتینە گوندی بەرازگر لە لێواری زێی دیجلە و، ئێوارەیەکی درەنگ بە ڕێنمایی و شارەزایی جوتیارێکی گوندەکە کە ناوی سەعید بوو، بە کەڵەک پەڕینەوە بەری عیراق. ناوەڕاستی مانگی شوبات، وەرزێکی یەکجار سارد و سڕ، شەپۆل و لافاوی دیجلە لرمە و هاڕەی

دەهات، باڵدار بەسانایی خۆی لە مەترسی ئاوە لێڕ و پڕ شەپەکە نەدەدا، بەڕاستی ئازایی و چالاکیی سەعید نەبووایە کە خۆی کەڵەکەکەی بەرەو پەرینەوە دەبرد، ڕزگارمان نەدەبوو. چەند سەعاتێک لەسەر خاکی نیشتمان لە لێواری زێیەکەدا، چاوەنواڕی ئەو کاروانچییەمان دەکرد کە بڕیار بوو لە شوێنەکەدا ئامادە بێت، کاروانچی دەرنەکەوت، تەمومژ و تاریکی ئەوەندە سەخت بوو چاو چاوی نەدەبینی، ناوچەیەکی کش و بێدەنگ و مات، ئەو کەلوپەل و ساکەی پێمان بوو لە شوێنەکەدا بەجێمان هشتن و، بەبێ ئەوەی نە کەس لە ئێمە و نە سەعید کەمە شارەزاییەکمان لە ناوچەکەدا هەبێت. تەنیا دەمانزانی چەند سەعاتێک بە پێ ڕۆیشتن لە زاخۆوە دوورین. چارەمان نەبوو بە لێواری ئاوی خاپووردا کەوتینە ڕێ، بەو هیوایەی بگەین بە شوێنێک و داوای یارمەتیان لێ بکەین، بۆ ئەوەی بە یەکێک لە بنکەکانی پێشمەرگەکانی پدک بگەین. شەوێکی سارد و باراناوی وژەی با و هاژەی ئاو گێژی کردبووین، نەشماندەزانی بە کێ دەگەین! دوای ڕۆیشتنی پڕ ئازاری سێ چوار سەعاتی گەیشتینە گوندێکی وێرانکراوی سووتاو، لەنێو کەلاوەکانیدا کەوتینە گەڕان، دیمان سێ پیاوی بادینی لە سووچی کەلاوەیەکدا بە کزی و ماتەمییەوە لەبەر ئاگرێک دەستەوئەژنۆ هەڵترووشکابوون. دوای سڵاو و پرسیارکردن، ئاگاداریان کردین کە دوو سێ ڕۆژ لەوەوبەر سوپای عیراق لە هێرشێکی دڕاندانەیاندا هەموو ناوچەکەیان سووتاندوە و وێرانیان کردووە. پێیان وتین: "خۆتان ڕزگار بکەن تا ڕۆژتان بەسەردا هەڵنەهاتووە لە کوێوە هاتوون بەبێ وەستان بۆ هەمان شوێن بگەڕێنەوە! شیمای ئەوە زۆرە بەیانی هەر خۆر لە کەل دەرکەوێت، جارێکی تر سوپا و جاش بە مەبەستی پشکنینی ناوچەکە و گەڕان بە دوای پێشمەرگەدا بگەڕێنەوە."

هەستمان کرد ڕا و پەیڤەکانیان لە دەروونێکی پاک و دڵسۆزییەوەیە، یەکسەر بە هەمان ڕێگادا گەڕاینەوە ئەو شوێنەی کەلوپەلەکانمان لێ فڕێدابوو. هێشتا کازیوەی نەدابوو، پێش ئەوەی بەتەواوی مەڕ و گورگ لە یەکتری جیا بکرێنەوە، خۆمان گەیاندە نێو ئەو هەرەت و زوورگانەی بەتەواوی کەوتبوونە سێ سووچەکەی تورکیا، عیراق و سوریاوە، خۆمان تێدا حەشاردا، بە برسێتی و ماندووێتییەکی زۆر تا ئێوارە لە شوێنەکەدا ماینەوە، گوێمان لە لرمەی تانک و هاڕەی ماشینەکانی سوپای عیراق بوو کە لە دەوروبەری ناحیەی فیشخاپور وەک سەگی هار و برسی لە گەڕاندا بوون، هەرچەندە وەرز و کەژەکە زێدەبەدەر ساردبوو، لە ترسی دوژمنی فاشیست نەمانتوانی ئاگرێک بۆ خۆمان بکەینەوە!

ئێوارە دوای خۆرئاوابوون کەوتینە دەرسکردنی ئەو بارە سەخت و ناجۆرەی تێی کەوتبووین، گەیشتینە سەر ئەو بڕیارە گەر هیچ چارەیەکمان نەدۆزیەوە لەگەڵ سەعید بگەڕێینەوە سوریا، لەو مشتومڕەدا بووین سەعید گوتی: (وا یەکێک لە دیجلە دەپەڕێتەوە و لەدوورە دێت. بە دووری نابینم یەکێک لە براکانم بێت بە شوێن مندا هاتبێت!) بە دەنگێکی بەرز گازی کرد، بۆچوونەکەی ڕاست دەرچوو، براکەی گەیشتە لامان و دەستەیەک نانی ئەستوورک و قەسپی بۆ هێنابووین. ئای چەندە بەتام و لەزەت خواردمان! ئاسۆ بەتەواوی تاریک نەبووبوو بینیمان دوو سوار لە لێواری ئاوەکەوە بەرەو لای هەرەتەکانەوە دێن. یەکسەر سەعید کەوتە هاوارکردن: "بەکر، بەکر وا ئێمە لێرانە چاوەنواڕتان دەکەین." خۆشی خۆشی، خۆشبەختانە بەکر بەرسڤی دایەوە، گەیشتنە لامان، گوشاد بووین کە زانیمان ئەو دوو کاروانچییە ناسیاری سەعیدان، لەسەر داوای ئەو بەدوای ئێمەدا هاتوون. لەگەڵیان ڕێککەوتین و ئەوەندە پارەی داوایان

کرد پێمان دان، بەو مەرجە بمانگەیەننە لای عیسی سوار، لێپرسراوی هێزەکانی پدک لە ناوچەی زاخۆ. بە سوپاس و ڕێزگرتنی زۆرەوە سەعیدمان بەجێ هێشت و، گەڕایەوە بەرازگر لای کەسوکاری، ئێمەش بۆ لای عیسی سوار کەوتینە ڕێگا.

پێش ئەوەی بکەومە سەر گێڕانەوەی قۆناخێکی تر لە کاروانە دوورودرێژەکەی سەرجەمی ژیانم، یەکجار مەبەستمە، لە چەند شوێنیشدا دیدەن و بەسەرهاتنی گرنگ هەن، نامەوێت وەک چیرۆک تۆماریان بکەم، بەپێچەوانەوە فرە بەسوود و ڕاستگۆیانەی دەبینم کە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی تایبەت و ڕەخنەی دروستکەر بخەمە پاڵ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە ڕیالیستە سەرەکییەکانی بەشداریم تێدا کردوون!

تا ئەو کاتەی سنوورم بڕی و قاچم نایە سەر خاکی سوریا، دەرەوەی وڵاتم نەبینیبوو، بۆچوون و بیرکردنەوەکانم لە قەوارەی عەقڵیەتی پارتایەتی تەسک و ئاداب و نەریتی کۆنی کوردەواری دەرنەدەچوو، باری کۆمەڵایەتی سوریام گەلێ لە باری کوردستان و عیراق جیاوازتر بەدی نەدەکرد، کەچی هەر گەیشتمە مۆسکۆ ئەوەی دەکەوتە بەرچاوم و گوێبیستی دەبووم، سەرتاپاییم بە دیمەنی تازە، ژیانی تازە و گۆڕانکاریی نوێ وەردەگرت. نکۆڵی لەوەش ناکرێت کە پەروەردەکردنم بە ئایدیۆلۆژیەتی پارتایەتی تەسک، فێری ئەوەی کردبووم کە یەکێتیی سۆڤیەت بە پێشرەو و قەڵای سۆسیالیزم بزانم لەم جیهانەدا! سەرجەمی بۆچوون و تێروانین و لێکدانەوەکانم لەو چوارچێوەیە دەرنەدەچوو کە وڵاتێک لینینی مەزن و بۆلشەویکەکان بنیاتیان نابێت، کەموکوڕی زۆر کەمی تێدا ڕوو دەدات! ئەویش بۆ ئەو کۆسپ و تەگەرە و پلانانە دەگەڕانەوە کە ئیمپریالیزم و وڵاتانی سەرمایەداری هەر لە یەکەم ڕۆژی

بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧/١١/٧ دەیانخستە پێش سیستەمە تازەکە، بەو مەبەستەی سەرنەکەوێت و سەقامگیر نەبێت.

ژیان و خوێندن لە مۆسکۆ گەیاندمی بە دووڕێیانێکی تر لە کاروانەکەمدا. لەتەک مەستی و بڕوای تەواو بە توانا و مەزنی سیستەمی یەکێتیی سۆڤیەت و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی، لە گەلێ دیاردە و کردەوە و ڕووداو و مرۆڤدا بەزەقی و ڕاشکاوی دەبینرا و هەستی پێدەکرا کە لەناو دامودەستگاکانی دەوڵەت و پارتیدا، کەموکورتی و کەلەبەر زۆر بوون! بەڵام ماوەی دەربڕینی ڕەخنە و تێبینی فرە تەسک بوو، تەنانەت ڕاسترین ڕەخنە پێشکەش بکرایە، بایەخی ئەوتۆی پێ نەدەدرا و بە چاوێکی پڕ لە گومان و بێنرخیەوە تەماشای خاوەنەکەی دەکرا!

لێرەدا بە ئەرکی پێویستی خۆمی دەزانم کە بە چڕی لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی ئەو تێبینیانەی ئەوکات سەرنجی بەندە و کەسانی تری یەکجار زۆر ڕادەکێشا، تۆماریان بکەم. لە ژیانی سیاسی و کارکردنی پارتایەتیشمدا زۆر جاران لە بازنەی تەسکی کادیرە سەرەکییەکاندا گوتە و باسی زۆریان لەسەر دەکرا.

لایەنە پۆزەتیڤەکان:

١- ژیان و خوێندن لە ئامۆژگاکە لە ئەوپەڕی ڕێکوپێک و پایەی بەرزدا بوو. لە سای دیسپلینێکی پتەودا بەڕێوە دەبرا. هیچ زانکۆیەک لە وێنەی ئەو نەبوو. هەموو کاتێک نوێنەرانی زیاتر لە سیوپێنج تا چل پارتی وڵاتانی بیانی دەرسیان تێدا دەخوێند.

٢- شاری مۆسکۆ گەلێ پاک و خاوێن بوو، ئەو جوانی و ڕێکوپێکی لە میترۆ و کەرەسەکانی هاتوچۆی نێوشاردا بەدی دەکرا، وێنەی کەمی لە جیهاندا هەبوو. کاری گێرەشێوێنی و ئاژاوەنانەوە، دزی و کوشتن

بەدەگمەن دەبیسترا.

٣- کرێی خانوو، هاتوچۆکردن، نرخی کتێب و ڕۆژنامە، کەلوپەلی منداڵان، کەلوپەلی وەرزشی و ئامرازی مۆسیقا زۆر هەرزان بوو.

٤- لە سەرتاپای ڕستوران و ئەو شوێنانەی خواردنی تێدا دەفرۆشرا، نان یان بە خۆڕایی یان بە پارەیەکی کەم دابەش دەکرا.

٥- بە ملیۆنان خەڵک لە شەقامەکاندا بە جلوبەرگی جوان و پاک لە هاتوچۆدا بوون، جلوبەرگی دڕاو و پێناوی نەدەبینرا.

٦-دەستپانکردنەوە و سواڵکردن زۆر کەم بەدی دەکرا.

٧- ڕێزی میوان و بێگانەیان دەگرت، دۆستایەتییان گەرموگوڕ بوو، بەتایبەت گەر بروای تەواویان لەلا پەیدا ببووایە، کە دۆستەکەیان مرۆڤێکی پاکە و پەیوەندی بە هیچ باڵیۆزخانەی وڵاتانی بیانییەوە نییە و بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دڵسۆزە!

٨- دەرگای وڵاتەکە بۆ تێکۆشەر و خەباتگێڕانی وڵاتانی دونیا خرابووە سەر پشت، یارمەتی مادی و مەعنەویان پێشکەش بەو وڵات، پارت و هێزانە دەکرد کە دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری دەخەبتێن.

ئەمانەی باسم کردوون چەند خاڵێکی بچووکن لەو دیاردانەی مرۆڤ بەسانایی و ئاشکرا بەدی دەکردن. بەپێچەوانەوە پەیداکردنی شارەزایی دەربارەی بنکە ژێرییەکانی کۆمەڵگاکە (القاعدە التحتیە) قەدەغە بوو. ئەوەندەش بە دیسپلینێکی توندی بیرۆکراتیانە چەسپێنرابوو، تەقەلادان بۆ زانین و تێگەیشتنی ناوەڕۆکەکان و ماکی بەڕێوەبردنی پەیوەندی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، یەکجار، سەخت و دژوار بوو و، بەسانایی زانیاری تێدا پەیدا نەدەکرا.

لە کاتی ژیانی خوێندم لە فێرگەکە و ئەو چەند جارەی سەردانی

یەکێتیی سۆڤیەتم دەکرد، زۆرجار گوێبیستی کردەوەی ناڕەوا و ناپەسەند دەبووم و دەکەوتنە بەرچاوان. بەپێی بۆچوون و هەڵسەنگاندم، پێویست بەوە دەکات ئەوانەی لە مێشکمدا ماونەتەوە، تۆماریان بکەم. ئەمەش مشتێکە لەو خەرارەی کە هەزاران مرۆڤ بەزەقی و ئاشکرا دەرکیان پێدەکرد:

١- ئەو کەسەی دەگەیشتە سۆڤیەتی زۆری نەدەخایاند هەستی دەکرد کە دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیست لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. بەبێ خۆهەڵواسین بە ڕێکخراوەکانی پارتی کۆمۆنیست و مەراییکردن، بەسانایی شوێن و کار دەست نەدەکەوت.

٢- پۆلیس ئاشکرا و نهێنی (ک.گ.ب) بە چنگی پۆلاییەوە، بە فشار و هەڕەشە و ترس سەری خەڵکیان شۆڕ کردبوو، ماوە نەدەدرا ورتەی ناڕەزایی و بێزارییان لێوە دەربچێت!

٣- ئەو ئامێر و کەرەسانەی لە کارخانە و کۆگا و دامودەستگاکانی دەوڵەتدا کاریان پێدەکرا، لە ڕووی تەکنیکی و پێشکەوتنەوە، بەشی هەرە زۆریان بە کۆنی و دواکەوتوویی مابوونەوە و هەمان کەرەسە و ئامێری پێش جەنگی جیهانی دووەم بوون.

٤- ئەو کەلوپەل و خواردەمەنیانەی ڕۆژانە دەگەیشتنە کۆگاکان لە ماوەیەکی کورتدا لە گۆڕا نەدەما و هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە داواکەران یەکجار زۆر بوون و شتومەکیش کەم.

٥- بەرتیل لە هەموو شوێن و ئاژانسێک بە فراوانی بڵاو بووبووەوە، تەنانەت بەسانایی دەرگای ڕێستۆرانێکت بۆی نەدەکرایەوە ئەگەر چەند ڕۆبڵێکت نەخستایەتە دەستی دەرگاوانەکان یان فرۆشیارانی کۆگاکانەوە.

٦- هەر چەندە کرێی خانوو، هاتوچۆکردن و کەلوپەلی خوێندن و منداڵان یەکجار هەرزان بوو، بەڵام مانگانەی مووچەخۆر و ئیشکەران زۆر کەم بوو، مرۆڤی سۆڤیەتی بەسانایی پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی پێ دابین نەدەکرا.

٧- دەربڕینی ڕەخنە، هەرچەند پاک و دڵسۆزانە بووایە، پەسەند نەدەکرا، بە فیرۆ دەڕۆیشت و گوێی پێ نەدەدرا.

٨- بازاڕی ڕەش بە فراوانی بڵاو بووبووەوە، ئەو نەخۆشییە پیسە، ڕەوشت و خووی هەزاران کەسی گۆڕیبوو، دووچاری قاچاخچێتی و پیشە و کردەوەی ناپەسەندی کردبوون. مرۆڤی یەکجار ڕەوشت بەد و خراپیان تێدا پەیدا بووبوو.

٩- بە هەزاران کەس ڕۆژانە لە هەموو یەکێتیی سۆڤیەتدا ڕوویان دەکردە مۆسکۆ، بەو نیازەی تەقەلا بدەن لە کۆگاکان کەمێ گۆشت، پەنیر و مریشک و فۆدگایان دەست بکەوێت. پرسیار بکرایە ئەم دیاردەیە چییە؟ لە بەرسڤدا دەزانرا کە تەنیا لە مۆسکۆ و چەند شارێکی گەورە شتومەک دەست دەکەوێت.

١٠- دامودەستگاکانی ڕاگەیاندن، تەلەفزیۆن ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامەکان، شەو و ڕۆژ لە پیاهەڵگوتندا بوون بەو پێشکەوتن و سەرکەوتنانەی لە ڕووەکانی کۆمەڵایەتی، پیشەسازی، کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتیدا سەرتاپای وڵاتە پان و بەرینەکەدا وە دەست دەهاتن. کەچی دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت دەرکەوت بەشی هەرە زۆریان ناڕاست و هەڵبەستراو بوون. ڕووسەکان خۆیان بە نوکتە و گاڵتەپێکردنەوە دەیانگوت: پێویستە سنگی بریجنێف پانتر بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر شوێنی مەدالیاکانی لینین و پاڵەوانانی کاری سۆسیالیستی

تیدا ببێتەوە.

١١- شاراوە نییە کە نەتەوەی ڕووس گەورەترین نەتەوەی زلهێز و خاوەندەسەڵات بوو لەنێو یەکێتییەکەدا، وڵاتەکەش شەش یەکی جیهانی داگیر کردبوو، ڕووسەکان هەموو شتێک بوون، بە چاوی سووک و کەمنرخییەوە ڕەفتاریان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا دەکرد. بەتەواوی ئینتەرناسیونالیزمی ڕاستەقینەیان شێواندبوو، تەنیا بۆ پروپاگەندە بە کار دەهێنرا.

١٢- لەژێر پەردەی پاراستنی ڕژێمەکەدا کاروباری وڵاتە پان و بەرینەکە بە ئایدیۆلۆژیەت و عەقڵیەتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەڕێوە دەبرا. پەیوەندی و هەڵسوکەت لەگەڵ سەرتاپای نەتەوە و توێژ و بەشەکانی ئایینی و تیرەیی لە کۆمەڵگاکەدا دادپەروەری و یەکسانی لە کایەدا نەبوو. ماوە بە بیر و بڕوا و بۆچوونی جیاواز نەدەدرا.

١٣- سیستەمی ڕابەرایەتی تاکە پارت، ستراتیژیەت و دەستووری یەکێتییەکە بوو. ڕێکخراوەکانی پارتی کۆمۆنیست لەسەر بنچینەی سەنترالیزمی توند بنیاتنرابوون، دەسەڵات بۆ کۆمیتەی مەرکەزی و دەفتەری سیاسی دەگەڕایەوە، هی ئەوانیش لەژێر چنگ و ئامۆژگارییەکانی سکرتێری یەکەمدا بوو.

١٤- یەکێک لەو خاڵە سەرەکییانەی لە خوێندن و خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانی مارکسی و لینینی فێرکرابووین ئەوە بوو کە لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا جیاوازی ئەوتۆ لەنێوان ژیانی شار و لادێدا نامێنێت. بەپێچەوانەوە ئەم خاڵە لە هەموو ڕوویەکەوە کارێکی ئەوتۆی بۆ نەکرابوو، بەتایبەت لە کۆمارەکانی ناوەڕاستی ئاسیا و قەفقاسدا.

لێرەدا پێش ئەوەی خوێنەری بەڕێز پرسیار بکات و بڵێت: کە

دەگەڕانەوە نێو گەلەکانی عیراق چیتان دەگێڕایەوە؟ بەجەرگانە دەڵێم: گێڕانەوە و باسکرانەکانمان لە پێداهەڵگوتن و ڕێزگرتنی یەکێتیی سۆڤیەت و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی دەرنەدەچوو. خۆ ئەوەی تەیمانە توند و تۆڵەکەی بشکاندایە و لە سنوور دەربچووایە، باسی کەم و کورتی ڕۆڵی پۆلیس و ئەندامەکانی پارتەکەی بگێڕایاتەوە، هەزار و یەک ناو و ناتۆرەی دەخرایە پاڵ و بە چەندان شێوە ڕیسوا دەکرا.

# گەڕانەوە بۆ ناو كۆڕی كاركردنی پارتایەتی

بە ڕێنمایی دوو كاروانچییەكە، شەوی گەڕانەوە، بەدرێژایی شەو ڕێمان كرد. شاخی بێخێرمان[٣٢] بڕی، لە كازیوەی بەیانیدا گەیشتینە مالّی بەكری كاروانچی، ئەوەندە ماندوو و شەكەت بووین، یەكسەر ژوورێكی بۆ تەرخان كردین و خەومان لێكەوت. دوای چەند سەعاتێك بە ئاگا هاتینەوە، خواردنێكی باش و بەلەزەتیان ئامادە كردبوو، پشوویەكی باشمان وەرگرت و گەڕایەنوە سەر باری ساكاریمان، كەوتینەوە ڕێگا و ئێوارە درەنگ گەیشتینە لای لێپرسراوانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە ناوچەی زاخۆ، عیسا سوار. بەگەرمی پێشوازی لێكردین، شەو تا درەنگانێك، بە گێڕانەوەی باسی یەكێتیی سۆڤیەت و پەیڤی خۆش خۆش كاتمان بەسەربرد، بەیانییەكەی دوای نانخواردن چەند پێشمەرگەیەكی خستە تەكمان، ڕەوانەی بنكەی عەلی خەلیلی كردین. بە هەمان شێوە كاك عەلی خەلیلیش ڕێزی لێناین، لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگە بە ناوچەیەكی شاخاوی سەختدا بۆ بنكەی پیرمووس، لای هاوڕێیانی خۆمان ڕەوانەی كردین. بەناو دیمەنە جوان و بەرزەكەی گوندی

---

(٣٢) شاخی بێخێر: شاخێكی بەرزە لە سنوورەوە ە، ئاوی خاپور دەست پێ دەكات تا دەگاتە گەلی دهۆك. بەسەر دەشتی عاسی و قەزای سمیلدا دەڕوانێت.

ویرانکراوی قەشەفرێ[٢٢] تێپەڕ بووین. ئاسەواری دڕندانە و وێرانکاریی فاشیستە داگیرکەرەکانی بەغدا لەدوورەوە هاواری دەکرد. کە بە چ شێوەیەکی تێکدەرانە کڵێسای برا ئاسوورییەکان و کانییە ئاوە جوانەکانی دێیەکەیان خاپوور کردبوو. گەلیی دهۆکمان بڕی، هەر کە گەیشتینە گوندێکی برا یەزیدییەکان، پێشمەرگەکان ئێمەیان برد بۆ ماڵی لایەنگرێکی حیزب، خێزانەکە یەکجار بە دڵخۆشی و گەرموگوڕییەوە پێشوازییان لێکردین. پێشمەرگەکان کەمێک پشوویان وەرگرت و فراڤینیان خوارد و ئێمەیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە بنکەی خۆیان.

وا بزانم ئەوە دەهێنێ کە لێرەدا هەڵوەستەیەک بکەم، دوای گەڕانەوەی ئێمە بۆ ناو خاکی کوردستانی بە زۆر لکێنراو بە عیراقەوە بە ساڵێک و چەند مانگێک، پانزە لاوی یەکێتیی لاوانی دیموکراسی کوردستانی عیراق، ساڵێک خوێندن و مەشقکردن لەسەر وەرزش و هونەرەجوانەکان و ئەو چالاکییانەی پەیوەندی بە ژیانی ئەوانەوە هەبوو، تەواو دەکەن. لە مۆسکۆ بە هەمان ڕێگای ئێمەدا دەگەڕێنەوە لای عیسا سوار و، کتوپڕ هەر پانزە لاو بەناڕەوا و نامرۆڤانە بێ سەروشوێن دەکرێن و سەریان تێدا دەچێت. تاکو ئێستاکە، بیستوپێنج ساڵ بەسەرر کوشتن و لەناوبردنیاندا تێپەڕیوو، نە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عیراق و نە سەرکردایەتی کۆن و تازەی پارتی شتێکیان دەربارەی ئەو تاوانە مەزنە

---

(٢٢) قەشەفرێ: کۆنە گوندێکی برا ئاسوورییەکانە، لە بەرزترین شوێنی شاخی بێخێر هەڵکەوتووە. شۆڤێنستە داگیرکەرەکان وێرانیان کردووە، بەڵام شوێنەواری دیمەنە جوانەکانی و کانیاوەکان هەر ماون، مرۆڤ کە سەیری ئەو دیمەن و دەشت و ناوچە بەرکراوانەی پێشی گوندەکە دەکات، زێی دیجلە، دەشتی خاپور و بەری کوردستانی سوریای دەکەوێتە بەر چاوان و دڵان دەکاتەوە و، هاوکاتیش ڕق و قینی دژ بە داگیرکەران زیدەتر دەبێت.

بڵاو نەکردووەتەوە. نەشزانرا لە پێناو چیدا ئەو لاوانە کران بە شەهیدانی ونبوو! مەکتەب و لیژنەی هەرێمی کوردستانی حیزب تا هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥/٣/٦ گەلێ جار داوای لە مەکتەبی سیاسی حیزب دەکرد، کە بەردەوام بێت لە لێکۆڵینەوەدا تا بزانرێت بۆچی ئەو لاوە بێتاوانانە شەهیدکران! بەداخەوە سەرتاپایان بێ ئەنجام بوون. ئەمەش یەکێکە لەو تاوانە مەزنانەی کە لەژێر پەردەی شۆڕشی ئەیلوولدا ئەنجامدرا.

دەگەڕێمەوە لای هاوڕێ یەزیدییەکان. مێرانە لەناو گوندەکەیان تراکتۆرێکیان پەیداکرد. بەرەو گوندی پیرموس[٣٤] کەوتینە ڕێگا، زۆری نەخایاند گەیشتینە لای هاوڕێ پێشمەرگەکان، ئەوکات هاوڕێ تۆما تۆماس لە ئامۆژگای مۆسکۆ دەیخوێند، چەند ڕۆژێک لە بنکەکە ماینەوە. هاوڕێی شەهید جاسم کازم و هاوڕێ عیزەت عوسمان بە ئوتۆمۆبیل بەرەو بەغدا ڕەوانە کران و، بەندەش بۆ گوندی بەحزانی و بەعشیقەدا ڕۆیشتم. لە بەحزانی میوانی برایەکی یەزیدی بووم. بە یارمەتیی ئەو یەکێکم بۆ هەولێر نارد، بە هۆی ئەوەی ماڵ و منداڵەکانم لە کۆیە دەژیان، داوام کرد کە خوشکە فەتحیە، خێزانی هاوڕێی خوالێخۆشبوو عادل سەلیم، بێتە لام. خوشکە فەتحیە، گەیشتە بەحزانی[٣٥] و پێکرا گەڕاینەوە

---

(٣٤) پیرمووس: گوندێکی بچووکە کەوتووەتە پشت شاخی (ئەلقۆش)، بیستوپێنج کیلۆمەترێک لە مەرکەزی ناحییەکە دوورە. چەند ساڵ شوێنی لقی پێشمەرگەکانی حشع بوو لە ناوچەی بادینان.

(٣٥) بەحزانی و بەعشیقە: دوو گوندی گەورەن، زۆربەی دانیشتوانی برایانی یەزیدی و مەسیحین. کەوتوونەتە باکووری ڕۆژهەڵاتی موسل. زۆربەی دانیشتوانی بە پەروەردەکردنی زەیتون و دروستکردنی عەرەقی قاچاغەوە خەریکن.

هەولێر. خێزان و منداڵەکانیشم گەیشتنە لام. چەند ڕۆژێک پێکرا ماینەوە و مەکتەبی هەرێم ئاگاداری کردم کە پێویستە بۆ کەرکووک بڕۆم و بەرپرسیاریی لیژنەی پارێزگاکە وەربگرم.

سەرەتای مانگی مارتی ١٩٧٠ گەیشتمە کەرکووک. لەگەڵ لیژنەی پارێزگاکە کۆبوومەوە، کە لە هاوڕێیان عەبدولخالق سەعید، محەمەد ئەحمەد، سەید عەلی (باوکی باست)، حەمەسەعید حەبیب و جوتیار ڕەشید سەیدە پێکهاتبوو و، پەیوەندییان بە ژمارەیەک شانە و هاوڕێوە هەبوو. لە یەکەم کۆبوونەوەدا دەرسی باری پارێزگاکەمان کرد. ئەرک و کارەکانمان لەنوێژەنرا بەسەر هاوڕێیاندا دابەش کردەوە.

لەملا و ئەولا دەنگوباس بڵاو دەبووەوە کە گفتوگۆکردن گەرمە لەنێوان حکومەتی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولدا، سۆڤیەتەکان و ئاشتیخوازی ناسراو خوالێخۆشبوو عەزیز شەریف لە هاتوچۆکردنی گەرموگوڕدان. لە ڕۆژی یانزەی ئازاری ١٩٧٠دا ڕێککەوتننامەی نێوان حکومەت و خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی ڕاگەیەنرا. لە سەرتاپای عیراقدا بوو بە خۆشی و شادی و ئاهەنگگێڕان. دوای دوو سێ ڕۆژ کوڕانی مەلا مستەفا، خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس و کاک مەسعود بۆ بەغدا ڕۆیشتن. لە ئاهەنگ و خۆپێشاندانێکی جەماوەری گەورەدا وتاریان خوێندەوە. بە بۆنەی ڕێککەوتنەکەوە پیرۆزباییان بە گەلانی عیراق پێشکەش کرد.

هەر لەو دەمەدا لقی چواری پارتی گەیشتە ناو شاری کەرکووک. بەعسییەکان ساختمانە کۆنەکەی بیمارستانی عەسکەری، کە بەرانبەر بارەگای فیرقەی دووی سوپای عیراق هەڵکەوتبوو، پێدان. لێپرسراوی لقەکە کاک عەلی سنجاری و چەند ئەندامێکی لقەکە و ژمارەیەک

پێشمەرگە لەو شوێنە دیاریکراوەدا دەژیان. بە سەدان کورد و دۆست ڕۆژانە سەردانیان دەکردن. بە هۆی ئەوەی لە کەرکووک نەناسرابووم، چەند ڕۆژێک پێش نەورۆز، بۆ سەردانی کاک عەلی ڕۆیشتم، بە ناوی هاوڕێیان و ڕێکخراوی پارێزگاکە و خۆمەوە، پیرۆزبایی ڕێککەوتنەکەم لێکرد. بەگەرمی پێشوازی لێکردم. پێشنیازم کرد کە پێکڕا بە هاوکاری یەکتر ئاهەنگی نەورۆز ساز بکەین! پێشنیازەکەمی پەسەند کرد، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین چوار ڕۆژ پێش نەورۆز یەکتری ببینین و لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی ئاهەنگەکە بپەیڤین.

ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٧ هاوڕێ عەبدولخالق سەعید بۆ لای برادەرانی پدک ڕۆیشت. چاوی بە کاک عەلی سنجاری کەوتبوو، کە هاتبوونە سەر باسکردنی ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی هەڵسووڕان و ڕێکخستنی ئاهەنگەکە، کاک عەلی یەکسەر گوتبووی: (ئێمە بەتەنیا لە گوندی حەساری گەورە ئاهەنگەکە دەگێڕین. بەعس بەوە ڕازی نییە لەگەڵ ئێوە بەم کارە هەڵبستین، بۆیە ماوەتان نییە!) هەڵوێستەکەی پدکمان بە سەرەتایەکی چەوت و ناڕەوا وەرگرت! سەرکردایەتی حیزبمان ئاگادار کرد کە پدک نایەوێ هاوکاری و هاریکاری ئێمە بکات.

لە هەمان کاتیشدا لە بەغدا ئاهەنگ دەگێڕرا، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا کادیرێکی سەرەکی حیزبی شیوعی، محەمەد ئەلخەزەریان فڕاند و بەنهێنی شەهیدیان کرد.

ڕێکخراوی پدک لە کەرکووک کەوتە کارکردنی ئاشکرا، پەیوەندییان بە ئێمەوە لە سنووری ڕۆتینی دەرنەدەچوو. لەڕاستیشدا هەر ئێمە تەقەلامان دەدا پەیوەندیی نێوانمان نەپچڕێت، ئەوان بەپێچەوانەوە هەڵوێستیان سارد و لووتبەرزی تێدا بەدی دەکرا. لیژنەکەمان لە چالاکییەکانی و

تەقەلای کارەکانی پارتایەتی خۆماندا بەردەوام بوو، نەخشە و پرۆگرامێکی متەوازعمان بۆ فراوانکردنی ڕایەڵی ڕێکخرواەکانمان و زۆرکردنی لایەنگرانمان دارشت. مەکتەبی هەرێمیش بارەگای خۆی هێنایە کەرکووک. بەگشتی بارەکە هێمن و ئارام بوو، بەلام هەڵسوکەوت و بزاڤی ئێمە لە سنووری کارکردنی نهێنی دەرنەدەچوو. ڕێکخراوەکەمان لە ڕووی چۆنێتی و چەندێتییەوە خێرا بەرەو پێش دەڕۆیشت. سەردانی کفری، توزخورماتو، چەمچەماڵ و قادرکەرەمم دەکرد. شارەزاییەکی مامناوەندیم لەسەر باری پارێزگاکە پەیداکردبوو. ژمارەیەک لەو هاوڕێیانەی کە کەوتبوونە دوای کەرتکەرەکانی سەرکردایەتی کاتی، گەڕانەوە ریزی ڕێکخراوەکەمان. تایپ و ڕۆنیۆیەکی سەرکردایەتی کاتیان لابوو، گەڕاندیانەوە بۆ حیزب.

ساڵی ١٩٧٠ پڕ بوو لە ڕووداو و گۆڕانکاری سەرنجڕاکێش. پدک لە کوردستان لە هەرێمەکەدا کەوتبووە ئەوپەڕی سەرگەرمی و خۆشی. وایان دانابوو کە کوردستانی لکێنراو بە عیراقەوە کەوتووتە ژێر چنگی خۆیان و، پێویستە سەرتاپای ئەرکەکان لەژێر چنگی ئەوان و بۆ بەرژەوەندی پارتەکەیان بگەڕێتەوە! بەعسییەکان بەئاشکرا و نهێنی کەوتبوونە بزاڤکردن بۆ بەجێهێنانی نەخشە و پلانە گڵاو و شۆڤینستەکانیان، دەستیان بە دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خێزان و ماڵی برا کوردە فەیلییەکانی بەغدا و ناوەڕاستی عیراق کرد. فڕێیاندانە سەر سنووری ئێران و عیراق. لە پارێزگای کەرکووک و قەزاکانی خانەقین، سنجار و شێخان کەوتنە ڕاگوێزانی کوردەکان و خێڵی عەرەبیان دەهێنا و لە شوێنەکانیان نیشتەجێیان دەکردن. فشار و قورسایی زۆریان دەخستە سەر کەمە نەتەوە و، کەمە ئایینی و تیرەکانی وەک ئاسووری، تورکمان،

کلدانی، شەبەک و یەزیدی کە خۆیان بە عەرەب ناونووس بکەن. بایەخ و گرنگی زۆریان بە بەهێزکردنی دامودەستگاکانی موخابەراتی و تیرۆر و ئەشکەنجەدان دەدا. پارە و پێداویستی تەواویان بۆ تەرخان دەکردن.

لە ڕووی پروپاگەندە و ڕاگەیاندنەوە وا خۆیان پێشان دەدا کە بەشێکن لە گەل و وڵاتانی سۆسیالیستی و هێز و پارتە چەپ و شۆڕشگێڕەکانی جیهان، بە چەندان شێوە دەخەبتن بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەموویاندا پتەو بکەن! لەنێو ئەم شانۆگەرییەدا سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عیراق تەقەلای دەدا سوود لەو بارە تازەیەک وەربگرێت و، ڕێکخراوەکانی فراوانتر بکات و شوێنپێی کەمێک پتەوتر بکات. بڕیاری وەرگرت کۆنگرەی دووەم ببەستێت.

لە مانگی ئەیلوولدا ژمارەیەکی زۆر لە کادیرە سەرەکییەکان لە گوندی دەرگەلە، قەزای ڕەواندوز، کۆکرانەوە. بەندە و شەهید شێخ عەلی شێخ حوسێن بەرزنجی، پێکڕا، گەیشتینە شوێنی کۆنگرەکە. هەفتەیەک زیاتر کۆنگرە لە کارکردنی بەردەوامدا بوو. چوار خاڵی سەرەکی زێدەبەدەر دەمەتەقە و گفتوگۆ و لێدوانی لەسەر دەکرا. خاڵەکانیش ئەمانە بوون:

١- باری ناوخۆی حیزب و ئاکامی کارە تێکدەرانەکەی کەرتکەرەکانی سەرکردایەتیی کاتی.

٢- هەڵسەنگاندنی ڕێبازی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و هەڵوێستەکانی حیزب لە کودەتاکەی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ەوە تا ڕۆژی کۆنگرە.

٣- هەڵوێست بەرانبەر بە حکومەتی بەعس و ئەو هەنگاوانەی دەیاننێت.

٤- باری کوردستان و ڕێککەوتنەکەی یانزەی ئازار.

کۆنگرە گەلێ بڕیاری گرنگی وەرگرت. سەرەکییەکان ئەمانە بوون:

١- هاوكاری لەگەڵ سیستەمی تازەی بەعسدا دەكات، بەو مەرجە بە كردەوە نیشانی بدات كە بەتەواوی لە ڕێباز و كردەوە دڕندەكانی كودەتاكەرانی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ دوور كەوتووەتەوە.

٢- ماوە بە حیزبی شیوعی بدرێت بەئاشكرا كاری سیاسی و حیزبایەتی خۆی بكات و ڕۆژنامە و بڵاوكراوەی تایبەتی خۆی هەبێت.

٣- تەقەلا بدرێت بەرەی نیشتمانی دیموكراتی نەتەوەیی نێوان بەعس و پدک و حشع بنیات بنرێت.

٤- ڕێبازی سیاسی حشع لەگەڵ بەعسییەكان لەسەر بنەڕەتی خەبات و هاوكاریكردن (الكفاح والتضامن) بێت. مەبەست ئەوە بوو هاوكاری لەگەڵ هەنگاوە پێشكەوتووخوازەكانی ڕژێمەكەدا بكرێت، هاوكاتیش دژ بە كردەوە ناڕەوا و چەپەڵەكانیان بوەستین.

لە كۆتاییدا كۆنگرە كۆمیتەی مەركەزی تازەی هەڵبژارد و هاوڕێ عەزیز محەمەد بە سكرتێری یەكەم هەڵبژێررایەوە و نوێنەرەكان بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە.

لەتەک كۆمەڵێ گیروگرفت و ڕووداوی جیاجیادا ساڵی یەكەمی ڕێككەوتنەكەی یانزەی ئازار بە گەشبینی و شادییەوە بەسەر برا. لە بەهاری ١٩٧١دا بەعسییەكان دەمارەكانی تاوانكردنیان كەوتەوە جووڵە و هێرشێكی توندیان هێنایە سەر ڕێكخراوەكانی حیزبی شیوعی لە ناوەڕاست و خوارووی عیراقدا. گەلێک لە ڕێكخراوەكان دووچاری ئازار و لە یەكتر ترازان هاتن. چەند كادیری سەرەكی وەک هاوڕێیان ستار خزمیر، شاكر مەحموود و عەزیز حەمید بەناڕەوا شەهیدكران. ژمارەیەكیش كەوتنە بەر شاڵاوی ئەشكەنجەدان و چۆكیان پێدادان.

بە ئامۆژگاریی سەركردایەتی حیزب، ڕێكخراوەكانی هەرێمیش كەوتە

خۆپاراستن. مەکتەبی هەرێم کەرکووکی بەجێ هێشت. مەکتەبی محەلی پارێزگاکەش بۆ ناوچەی بناری گل،[٣٦] قەزای توزخورماتو ڕۆیشتن. ساڵێک زیاتر لە گوندی تازەشار ماینەوە. پەیوەندیمان بە ڕێکخراوەکانی پارێزگاکەوە نەپچڕا. لە ناوچەکانی گەرمیاندا کەوتمە گەڕان. مەکتەبی هەرێم هاوڕێی شەهید شێخ عەلی شێخ حوسێنی بەرزنجی بۆ ماوەیەکی کاتی لە شاری کەرکووک هێشتبووەوە، بە مەبەستی ڕزگارکردنی دامودەستگاکانی چاپەمەنی، تا بیانگەیەنێتە ناوچەی کۆیە، گوندی داریەسەری گەورە. گەلێ بە داخ و مخابنەوە لە ئاکامی خیانەتکردن و لە گەرمەی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی حیزبایەتیدا هاوڕێ شێخ عەلی کەوتە دەست پیاوکوژەکانی ئەمنی بەعسی فاشیست و هاوڕێی نەمر لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدکرا و سەری تێداچوو.

لەو دەمەدا لەتەک سیاسەتی تیرۆر و گەڤکردن و ڕاگوێزاندا، ڕژێم بە دوو هەنگاوی پۆزەتیڤ هەڵسا و سوودی زۆری لێ وەدەست هێنان. یەکەمیان: لە مانگی نیسانی ١٩٧١دا سەرۆکوەزیرانی یەکێتیی سۆڤیەت کۆسیجین گەیشتە بەغدا. پەیمانی هاوکاری و دۆستایەتی بۆ ماوەی پانزە ساڵ لەگەڵ میری عیراقدا مۆرکرد. دووەمیان: لە مانگی حوزەیراندا میری بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتی عیراقی دا. ئەنجامدانی ئەم دوو کارە دەنگ و ڕەنگێکی زێدەبەدەر و بەسوودی بۆ بەرژەوەندی سیستەمەکە

---

(٣٦) بناری گل: بەو ناوچەیە دەڵێن کە کەوتووەتە پشتی هەرەتو زوورکەکانی پەنجەعەلی و قورخانلو، بیستوپێنج کیلۆمەترێک لە ڕۆژهەڵاتی قەزای توزخورماتو، لە ئاوایی جەلال دەست پێ دەکات تا گوندی ئاوباریک. لە کۆنەوە ژێردەستەی بنەماڵەی تاڵەبانییەکان بوون. تازەشار، یەکێکە لە گوندەکانی بنارەکە. چەند سەرچاوەی کۆگردی (العیون الکبریتیە) لە ناوچەکەدا هەیە کە بۆ نەخۆشیی پێست و باداری (روماتیزم) بەسوودن.

بڵاوکـردەوە. لە لایەن زۆربەی وڵات و هێـزە پێشکەوتووەکـانی دونیـاوە پشتگیری لێکرا، تەنانەت ژمارەیەک لە پارتە شیوعییەکان پەیوەندییان لەگەڵ پارتی بەعس و رژێمەکەدا بەهێز کرد.

پەیوەندیی نێوان پدک و بەعسییەکانی بەغدا رۆژ دوای رۆژ بەخێرایی شێوازی گرژبوون و ئاڵۆزیی بە خۆیەوە دەگرت، تا گەیشتە ئەو تاوانە مەزنەی کە لە بەهاری ١٩٧٣دا فەرمانڕەواکانی بەغدا لەژێر پەردەی ناردنی وەفدێکی بێلایەنی پیاوانی ئایین و خێرخوازانی نارد بۆ لای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و پلان و نەخشەی کوشتن و لەناوبردنی بارزانییان خستبووە تەکیانەوە. لە کاتی جێبەجێکردنی نەخشە گڵاوەکەیاندا، ڕێککەوت وا هات بارزانی بە سەلامەتی دەرچێت و سەرتاپای ئەندامانی وەفدەکەش سەریان تێدا بچێت. دوا بە دوای ئەم کارە ناپەسەند و بێڕەوشتییەی کاربەدەستانی بەغدا، پەیوەندیی نێوان هەردوولایان زیاتر ئاڵۆز و دژوار دەبوو، بەرەو لە یەکتری ترازان دەڕۆیشت. لەنێو ئەو ئاشووب و تەپوتۆز و ڕووداوە تازانەدا، پرۆژەی سازکردنی بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتیی پێشکەوتووخواز لەنێوان سەرکردایەتی سێ پارتە سەرەکییەکەی عیراقدا هاتە کایەوە. مەکتەبی هەرێمی کوردستان و مەکتەبی لیژنەی حیزب لە پارێزگای کەرکوک، گەڕایەوە کەرکووک و ماوەی کارکردنی پارتایەتی کەمێ لەبارتر بۆ ڕەخسا.

لەنێو ئەم تراژیدیا سەرسووڕمێنەرەدا، لە تەمموزی ١٩٧٣دا، چەند کادیرێکی سەرەکی بەعسی فەرمانڕەوا تەقەلای لەناوبردنی سەرۆککۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر و جێگرەکەی سەدام حوسێنیان دا. نەخشە و پلانەکەیان سەرنەکەوت و، مودیری ئەمنی گشتی عیراق، خوێنخۆر نازم

گزار، و ژمارەیەک لە کادیرانی تر سەریان تێدا چوو. ئەم ڕووداوە تا ماوەیەک باری ڕژێمی بەعسی هەژاند. سەرکردایەتیی بەعس گەیشتە سەر ئەو بڕوایەی کە لە بەرژەوەندییاندایە، بە زووترین کات، بەرەکە لەگەڵ حیزبی شیوعی عیراق مۆر بکەن. بە بۆنەی جەژنەکانی تەمموز لە ئاهەنگێکدا بنیاتنانی بەرەکە ڕاگەیەنرا. لە تەلەفزیۆنی بەغدا، کاتی مۆرکردنی بەرەکە، سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر و هاوڕێ عەزیز محەمەد نیشاندران. تەقەلاش درا کە پدک ببێتە ئەندامی سێیەم! بە چەندان پەڵپ و بیانوو، لەژێر پەردەی دروشمی کوردایەتی دڵسۆز و ڕاستەقینەدا پدک نەهاتە نێو بەرەکەوە. لەدوای چەند ساڵێک دەرکەوت کە کۆلۆنیالیستە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەتایبەت ئێران و بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێز و ئیمپریالیستەکان، کۆسپ و بەرهەڵست بوون کە پدک ببێتە ئەندامی بەرەکە. هێندێ لەو بەڵگەنامە نهێنییەکانی بڵاوکرانەوە، دەریانخست کە ئاکامی ڕێباز و هەڵوێستەکانی سەرکردایەتیی پدک، ڕاسترەوانە بوو، ئەنجامی ڕێبازەکە گەیشت بەوەی کە لە ١٩٧٥/٣/٦ سەرکردایەتیی شۆڕش هەرەسی شۆڕشی کورد و لەناوچوونی خۆی ڕاگەیاند. گەورەترین زیانی بە پرۆسەی کورد و کوردستان گەیاند! سەرکردایەتیی ئەوکاتی پدک و شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان بەرپرسیاریی مێژوویی ئەو بڕیارە چەوتە ناشۆڕشگێڕییە هەڵدەگرن.

بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی سەرتاپای کۆمیتە سەرەکییەکانی ئەوکاتی حیزبی شیوعی عیراق، ئەگەر پدک ببووایە بە ئەندامی سێیەم لە بەرەکەدا، شیمای ئەوە دەرەخسا کە بە ڕۆڵی هاوکاری و هاریکاریی پدک و حیزبی شیوعی لەنێو بەرەکەدا، باری سیاسیی عیراق و کۆمەڵایەتی بەرەو پێشکەوتن و ڕوانگەیەکی تر بڕۆشتایە، سنوورێکی توند و تۆڵ لە

پێش لاساری و سەرسەختی و لەخۆبایبوون و عەقڵیەتی ڕەگەزپەرستانە و فاشیستانەی بەعسی تاوانکار دابنرایە. لە هەمان کاتدا ئەوەی سەرنجی زۆربەی ئەندام و لایەنگرەکانی حیزب و کەسانی ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخوازی ڕادەکێشا ئەوە بوو، کە پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی بەرەکە لە بەرژەوەندی ڕژێمی بەعسیەکاندا بوو، لە چوارچێوەیەکدا دارێژرابوو کە دەسەڵات و ڕۆڵی سەرەکی لە چنگی ئەوان دەرنەچێت، وەک:

١- بۆ هیچ هێز و لایەنێک نەبوو، کاری سیاسی و فیکری و ڕاگەیاندن لەنێو سوپای عیراقدا بکات، تەنیا پارتی بەعس نەبێت.

٢- گشت ڕێکخراوەکانی دیموکراسی و کۆمەڵایەتی، وەک ڕێکخراوەکانی قوتابیان، لاوان، ئافرەتان، نەقابەی کرێکاران و یەکێتیی کۆمەڵەکانی جوتیاران و...هتد لە سەرتاپای عیراقدا پێویست بوو هەر بۆ تاقم و دەستە و گرووپ و توێژێک یەک ڕێکخراو هەبێت. ڕابەرایەتیی سەرەکییش لەژێر ئامۆژگاری بەعسیەکان دەرنەچێت و ئەوان پارتی ڕێبەر بن.

ئەو کاتەی خاڵەکانی بەرەکە لە کۆمیتەی مەرکەزی حیزبدا دەرس دەکران و لێدوانیان لەسەر دەکرا، بەندە نەگەیشتبوومە کۆمیتەی مەرکەزی بۆیە زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر ئەوە نییە کە چۆن کۆمیتەی مەرکەزی دەرسی دەکرد و بڕیاری لەسەر وەردەگرتن! ئەوەی لە یادمدا مابێت تەنانەت نەک لیژنەی هەرێم و نە لە مەکتەبی هەرێمیش ڕۆژێ لە ڕۆژان خاڵەکان دەرس نەکران و دەنگ و ڕای ئەندامانیشی لەسەر وەرنەگیرا.

بە هاش و هۆش و بەربڵاوی زۆر و زەبەندی دامودەستگاکانی

پرۆپاگـەندە و ڕاگـەیاندنی یەکـێـتـیی سـۆڤـیـەت و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و، ڕاگەیاندنی بەعسییەکان، بیر و بۆچوونی وەها خزێنرابووە ناو بیر و مێشکی ئێمەی کادیری حیزبەوە کە ئاسـۆ و داهـاتووی عـیـراق بەرەو پێشکەوتن و بەخـتـەوەری دەڕوات و یەکجار ڕۆشن و گەشەدار دەبێت! تاکە تاکە، لە نێوماندا، هاوڕێ هەبوون لەگەڵ ڕا و بۆچوونەکانی سەرکردایەتی حیزبدا نەبوون. بڕوایان بە بەعس و هەنگاوەکانی نەدەکرد. ڕەخنەیان لەسەر هەڵوێستی سەرکردایەتیی حـیـزب دەردەبڕی کـە کـەوتبـووە نێـو لادانی ڕاسـتـڕەویی (الانحـراف الیـمـینی). کـردەوە چەپەڵ و نـاڕەواکـانی بەعـسـیـیـەکـان و ڕێبـاز و ئایدیۆلۆژیەتە شۆڤێنیست و بۆگەن و کۆنەپەرستانەکەیان دەریخست و سەلماندی کە ڕا و بۆچوونی بەشە کەمەکەی نێو ڕێکخراوەکانی حیزب ڕاست دەرچوو.

# لەنێو کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی شیوعی عیراقدا

لە کۆتایی ١٩٧٢دا بە ئەندامی مەکتەبی لیژنەی هەرێمی حیزب هەڵبژێررام، زۆری نەخایاندا دوای چەند مانگێک ئاگادارکرام کە لیژنەی مەرکەزی بڕیاری وەرگرتووە بەندە و چەند هاوڕێیەکی تر بۆ کۆمیتەی مەرکەزی حیزب پاڵێوراوین. ناوەڕاستی ١٩٧٣ داواکرام بگەمە بەغدا و بۆ یەکەم جار بەشدارییم لە کۆبوونەوەی کۆمیتەکەدا کرد. ئایشارمەوە و دەڵێم: ئەو ڕۆژە ڕۆژێک بوو لە هەرە ڕۆژە خۆش و بەختەوەرەکانی سەرتاپای ژیانم، زێدەبەدەر گوشاد و دڵکراوە بووم و بە گۆڕانێکی چۆنیەتیی تەواوم لە ژیانی تایبەتیمدا دادەنا. بە هۆی ئەوەی لە سەرەتای ژیانمەوە کەوتبوومە نێو کۆڕی کاری سیاسی و پارتایەتی، دووچاری بەندیخانە، دەربەدەری، دوورخستنەوە، ئەشکەنجە و ئازاری فرە هاتبووم، دەرگا لە پێشمدا داخرا و نەمتوانی پلەی خوێندن لە زانکۆ تەواو بکەم. ماوەیەکیش کەوتمە دوکانداری و نێو ئیشوکاری بازاڕە، وەک لە پێشی ئەم کاروانەدا ئاماژەم بۆ کردووە، لە کۆتایی تەممووزی ١٩٥٨دا، بە بڕیاری سەرکردایەتی حیزب وازم لە ئیشکردنی تایبەت هێنا و، بەیەکجاری بووم بە کادیرێکی موحتەریفی حیزب، لە ئیشوکاری حیزبایەتیش گەیشتمە پلەی کۆمیتەی مەرکەزی، ئەمەشم بە گەورەترین نیشانە و پێشکەوتن دادەنا لە ژیانمدا.

لە چەند کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی مەرکەزی تەقەلام دەدا کە شارەزایی

باش لەسەر شێوەی هەڵسوکەوت و چۆنیەتی دەرسکردنی ڕاپۆرتەکان پەیدا بکەم و، شارەزایی لە بەڕێوەچوونی گفتوگۆ و دەمەتەقەکاندا پەیدا بکەم و تێ بگەم کە پەیوەندی لەنێو خودی هاوڕێکانی کۆمیتەکەدا چۆنە و لە چ قەوارەیەکدایە!

پێموایە لەم برگەیەی کە دێتە پێش خوێنەر، پێویست بەوە دەکات بەچڕی ئاماژە بۆ سیناریۆی شانۆگەریی نێوان هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی ئەوکاتی عیراق بکەم. ئەوەی بەڕاشکاوی لە ڕوانگەی پەیوەندی نێوان هێزە سەرەکییە سیاسییەکاندا خۆی دەنواند ئەوە بوو لە لایەک پارتی بەعسی فەرمانڕەوا ڕێککەوتنی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ی لەگەڵ پدکدا هەبوو، چوار وەزیری پارتی لە کابینەی وەزیراندا بەشدار بوون، کاروباری کارگێڕیی سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان، هەولێر، سلێمانی و دهۆک، لە دەستی پارتیدا بوو. ماوەیان نەدەدا بە لایەنگرێکی حشع کە کارێکی کەمێک سەرەکی لە دامودەستگاکانی نێو دەوڵەتی لە هەرێمەکەدا بکەوێتە دەست. بەزەقیش ڕۆژانە دەبینرا پەیوەندی نێوان حکومەتی عیراق و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو تێکچوون و گرژی دەڕۆیشت. سەرتاپای ئەو هەوڵ و تەقەلا دڵسۆزانەی دەدران کە جارێکی تر شەڕ و ناکۆکی هەڵنەگیرسێتەوە، بە فیڕۆ دەڕۆیشتن. بەعسییەکان بەگەرمی و بێشەرمانە دەیانویست چەند ناوچەیەک بەتەواوی لە هەرێمەکە و کوردستان دابڕن و بیکەن بە عەرەبنشین! بە هاندان و فروفێڵی داگیرکەرەکانی کوردستان و لە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان، کاربەدەستانی بەغدا و سەرکردایەتی شۆڕش و پدک نەگەیشتنە ڕێککەوتنێک بەرژەوەندی گەلانی عیراقی تێدا بپارێزرێت.

هەر لە یەکەم ڕۆژدا کە سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی عیراق بەرەی لەگەڵ پارتی بەعس مۆرکرد، سەرکردایەتی پارتی کەوتە گومان و بێبڕواییەوە لە هەڵوێستەکانی حیزب، لەو ناوچانەی بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی پدکدا بوون، ڕێکخراوەکانی حیزب و لایەنگرانی کەوتبوونە بەر فشاری سانسۆر و پاڵەپەستۆ و دانانی کۆسپ و تەگەرە لە پێش هەڵسوکەوت و جموجووڵەکانیان. بەتایبەت دوای ئەوەی لە سەرەتای ۱۹۷٤دا حکومەتی بەعس چەند پارچە چەکێکی سووکی لەژێر ناوی پاراستنی کادیر و بارەگاکانی حیزبدا و لە مەترسی دامودەستگاکانی سافاکی ئێران و دەستگای پاراستنی پدکدا بە حیزبی شیوعی دا، کە نەدەبوو سەرکردایەتی حیزب ئەو چەکانە وەربگرێت، لە لاپەڕەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشانی دوورودرێژی حیزبدا بە ڕەشترین لاپەڕە دەژمێررێت و هەڵەیەکی یەکجار مەزن بوون، ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و سەرکردایەتی شۆڕش قۆڵی بەربەرەکانی و ڕاونانی ڕێکخراوەکانی حیزبی لێهەڵماڵی و، کەوتە هێرشبردنی چەکداری بۆ سەر پێشمەرگەکانی، کە بەتەواوی لەژێر فەرمان و گوێڕایەڵی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولدا بوون و یەکجار بەناڕەوا ژمارەیەک لە پێشمەرگە ئازا و چالاک و دڵسۆزەکانی حیزبیان شەهید کرد. کۆمەڵێک کادیری ناسراویان لە کوردەکانی هەرێم خستە زیندانەکانی گەلاڵە و قەسرێوە. لە لایەن بەکرێگیراوەکانی پاراستنەوە دووچاری ئەشکەنجەدان و ئازاری زۆر هاتن، تەنانەت چۆکیان بە هێندیکیشیان دادا و سووکایەتی زۆریشیان پێکردن. هەرچەندە ئێمەی کۆمۆنیستەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان، زانیاری و ئاگاداری باشمان لەسەر ئەوە هەبوو کە دامودەستگاکانی جاسووسی سافاکی

ئیران و وڵاتانی بیانی وەک تەونی جاڵجاڵۆکە لەنێو خودی شۆڕشدا شوێنی خۆی کردبووەوە، نەخشە و پلانەکانیان، بەگەرموگوڕی، بەبێ یەک و دوو جێبەجێ دەکران و نەدەکرا لە ئامۆژگارییەکانیان دەربچن، مەترسی ئەوەشمان هەبوو کە هەر شۆڕشێک بکەوێتە سەر ئەو جۆرە ڕێبازە چەوتە، قەت بە ئامانجەکانی ناگات.

بە بڕوای تەواوە، لە یادمدا ماوە، بۆ مێژوو دەڵێم و جەختی لەسەر دەکەمەوە کە نە لە کۆمیتەی مەرکەزی، نە لە هەرێمی کوردستاندا هیچ بیر و بۆچوون و نەخشەیەک بۆ شەڕکردن لەگەڵ پارتی و دژایەتیکردنی لە کایەدا نەبووە، گەر چەکدار و پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانی پدک یەخەگیریمان نەبووانە و نەکەوتنایەتە ڕاونان و شەڕفرۆشتن و کوشتوبڕمان. هەمیشە ئاوات و مەبەستی حیزبی شیوعی و ڕێکخراوەکانی بریتی بوون لە دۆستایەتی و هاوکاری و هاریکاریکردنی پدک و بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد و ویستویەتی ڕۆڵی تایبەت لە گۆڕەپانی خەباتە ڕەواکەی نەتەوەی کورددا هەبێت، کەچی بە داخ و مخابنەوە کەلێ هەڵوێست و بڕیاری ئەوان هەبوو، کە بە داوا و نەخشەی هێزەکانی بێگانە ڕەفتاریان دەکرد و فریشی بەسەر کوردایەتی و بەرژەوەندیی نزیک و دووری نەتەوەکەمانەوە نەبوو! بەئاشکرایش دەزانرا کە تا چەند ڕۆژێک پێش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان ڕژێمی بەعس و پارتیدا، سەرکردایەتی حیزبی شیوعی دڵسۆزانە لە تەقەلای یەکجاریدا بوو، زۆر لەگەڵ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتیدا هەوڵیدا و، بەگەرمییش، لە هاتوچۆکردندا بوو بۆ ئەوەی شەڕەکە هەڵنەگیرسێتەوە و بە گفتوگۆی ئاشتیانە چارەی کێشەی ئەو خاڵانە بکرێت، کە ڕێککەوتنیان لەسەر نەکرابوو، بەڵام بەداخەوە ئەو

کارەستانەی هەموو دڵسۆزێکی کورد و کوردستان و دیموکراسی و ئاشتی مەترسی زێدەبەدەریان لێ دەکرد، ڕوویدا!

لە سەرەتای بەهاری ١٩٧٤دا، ئاگری شەڕ و وێرانکردن جارێکی تر هەڵگیرسایەوە، بارێکی لەبار بۆ کەسانی ڕاڕا، کاسەلێس و هەلپاس ڕەخسا و، ئارامی و ئاسوودەیی لە کایەدا نەما، سەرتاپای شار و شارۆچکە و لادێیەکانی کوردستانی بە عێراقەوە لکێنراو، کەوتەوە ژێر شاڵاو و هێرشی دڕندانەی سوپای عێراق. ڕۆژی ٢٤ی نیسانی هەمان ساڵ فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێم لە هێرشێکی کتوپڕدا بۆ سەر شاری قەڵادزە، ژمارەیەکی زۆریان لە کەسانی سویل، ژن و منداڵ، پیر و پەککەوتە شەهید کرد. نە دەنگێکی بێزاری، نە نارەزاییەکی بەهێز نە لە ناوەوەی عێراق و نە لە دەرەوە، لەم جیهانە پان بەرینەدا، دژی ئەو تاوانە مەزنە بەرز نەکرایەوە. تەنانەت ورتەیەکی نارەزایی لە حیزبی شیوعی دەرنەچوو. بەڕاستی هەڵوێستی سەرتاپای ڕێکخراوەکان، بەتایبەت هی هەرێمی کوردستانی حیزب، یەکجار سەخت و دژوار و ناسروشتی بوو. هەزارویەک بۆچوون و ڕا و لێکدانەوە لەنێو هاوڕێیاندا هەبوو. تەنگوچەڵەمەیەکی فیکری قووڵ بەدی دەکرا. دەنگی تۆپ، شاڵاوی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکان، پەلاماردانی سوپای شۆڤێنیستە داگیرکەرەکانی عێراق، کەوتبوونە ئەوپەڕی بۆ وێرانکردنێکی فراوان. سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولیش بەتەواوی خۆی خستبووە ژێر چاوەدێری وڵاتانی بیانی و ژێر دەسەڵاتی سوپای ئێران و ساڤاکەوە.

بە بڕیاری کۆمیتەی مەرکەزی حیزب، لە سەرەتای هاوینی هەمان ساڵدا، ساڵی ١٩٧٤، هاوڕێ سەلیم ئیسماعیل، محەمەد موبارەک و من، بە ناوی سەردانی کارکردن و فێربوون (زیارە عمل والمعرفە)، بۆ ماوەی

بیستویەک ڕۆژ نێررراینە هەنگاریا. ڕێککەوت وا بوو دوو شەو لە بیروت بمێنینەوە. سەردانی هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی لوبنانمان کرد. لەگەڵ هاوڕێ نەمر سکرتێری یەکەمی حیزب نیکۆلا شاوی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی عیسمەت چاویدی کوردی کەرکووک، کە لە ساڵی ١٩٤٨دا کەوتبووە لوبنان، ناوی خۆی گۆڕیبوو و بە غەسان ڕفاعی ناسرابوو، بەگەرمی پێشوازی کراین. هەروەها سەردانی مەکتەبی گۆڤاری (الطریق)مان کرد. چاوم بە شەهید دکتۆر حوسێن مروە کەوتەوە. هاوڕێی عیسمەت چاوید، کە ناسیاری کۆنم بوو، گەشتێکی زێدەبەدەر خۆشی بۆ ڕێکخستین. کادیرێکی حیزبی خۆیان، پارێزەر عارف العارفی خستە تەکمان و ئێمەی بەسەر شاخە جوان و ڕەنگینەکانی لوبناندا تا شاری تەرابلس گێڕا. شەوێک لە میوانداری هاوڕێیانی تەرابلس ماینەوە و، دوای دوو ڕۆژ یەکسەر لە فڕۆکەخانەی بیرۆتەوە بۆ بودابست، پایتەختی هەنگاریا، ڕۆیشتین. لە لایەن چەند هاوڕێیەکی سەرکردایەتی پارتی فەرمانڕەوای ئەوکاتی هەنگاریاوە پێشوازی کراین، شوێنمان لە میوانخانەی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ ئامادە کرابوو. یەک دوو ڕۆژ پشووماندا، کەوتینە گەڕان و سەردانی ئەو شوێنانەی کە نەخشەیان بۆ کێشا بووین، لەگەڵ چەند کۆمیتەی لیژنەکانی کۆڵخۆز و سەفخۆز(٣٧) و سەندیکاکانی کرێکاران کۆبووینەوە.

---

(٣٧) کۆلخۆز: کۆمەڵەی هاریکاریی کشتوکاڵ (الجمعیە التعاونیە الزراعیە الفلاحیە): ژمارەیەک جوتیار و وەرزێر ڕێک دەکەن لەسەر دەرهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی. هەموو شتێک (زەوی، کەرەستەی بەرهەمهێنان، تۆو، ئاژەڵ) موڵکی سەرتاپای ئەندامەکانی کۆمەڵەکەیە و قازانج و زیانیش بۆ هەموویانە.

سەفخۆز: کۆمەڵەی هاریکاری کشتوکاڵی میری (الجمعیە التعاونیە الزراعیە الحکومیە) ژمارەیەکی زۆر لە جوتیار و وەرزێر کۆ دەکرێنەوە لەژێر چاوەدێری و ئامۆژگاری دەوڵەتدا وەک موچەخۆر، بە گوێرەی قازانج و زیانی کۆمەڵەکە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

سەردانی دەریاچەی (بەلاتۆن)مان کرد. یەکجار شوێنێکی نایاب و ڕێکخراو و سەرنجڕاکێش بوو. بە ڕێککەوت لە دەوروبەری دەریاچەکە چاومان بە هاوڕێ سابت ئەلحەبیب ئەلعانی و خێزانی کەوت، ئەوان پێش ئێمە گەیشتبوونە هەنگاریا بۆ چارەکردنی پزیشکی و حەسانەوە. دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەگەڵماندا کۆبوونەوە و بەدوورودرێژی باسی باری هەنگاریا و تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانی خۆیانیان بۆ کردین، ئاماژەیان بۆ ئەو کۆسپ و تەگەرانە کرد کە کەوتبووە پێشیان. ئێمەش ئەوەی لە توانامانـدا هەبوو دەربارەی عێراق، پەیوەندی لەگەڵ پارتی بەعس، هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی ئەیلوول کوردستان، بۆمان باسکردن. هەستمان کرد زانیاری باشیان دەربارەی عێراق هەیە.

میوان و تۆریست زوو هەستی دەکرد کە گەلی هەنگاریا سکرتێری یەکەمی پارتی کرێکارانی یەکگرتوو، سەرۆککۆمار یانوش کاداریان زێدەبەدەر خۆش دەویست، بە چاوی ڕێزلێنان و پڕشکۆوە سەیریان دەکرد. کادار ماوەی نەدابوو کە وێنەی لە شەقام و گۆڕەپانەکانی هەنگاریان هەڵبواسرێت، یا لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بە شان و باڵیدا هەڵبگوترێت. بودابست لە شارە هەرە جوان و خۆشەکانی ئەورووپا دەژمێررێت، ڕاستیان کردووە کە بە ناوی پاریسی ناوەڕاستی ئەورووپاوە ناوی دەکردووە، پڕ لە شوێنی جوان و دیمەنی سروشتی و مێژوویی، وەک کۆشکی پەرلەمان، دوورگە جوانەکەی ناو زێی دانوب کە کەوتووەتە ناوەڕاستی پایتەختەوە. هەر ماوەکەمان کۆتایی هات گەڕاینەوە بەغدا. ڕاپۆرتێکمان لەسەر گەشتەکەمان پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی کرد.

دەگەڕێمەوە سەر باسکردنی ژیان و کاروباری عێراق و هەرێمی

کوردستان. له رووی راگەیاندن، پروپاگەندە و رووکەشی دیاردەکانەوە، پەیوەندیی بەرەیی نێوان سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی و رژێمی بەعسی فرمانڕەوا خۆی بەهێز و پەتە و رێکوپێک دەنواند. له واقعیشدا وا نەبوو. هەڵوێست و رێباز و نەخشەی تایبەتیان بەپێچەوانەوە له بوارێکی تردا رەفتاری دەکرد، چرکەیەک وازیان له دژایەتیکردنی حیزب و لاوازکردنی رێکخراوەکانی نەدەهێنا، ماوەیان نەدەدا لەو قەوارەیە دەرچێت کە له ستراتیژیەتی نهێنیی خۆیاندا نەخشەیان بۆ کێشا بوو.

تەنانەت کە یاسای ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەیان و ئەنجومەنی یاسادانیان بڵاوکردەوە، سەرکردایەتی لیژنەی باڵای بەرەکە لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە رێکخراوی هەرێمی کوردستانی حشع، دوانزە نوێنەری لە ئەنجومەنی یاسادانان و دوو ئەندامیشی لە ئەنجومەنی تەنفیزیدا هەبێت، کاتێ کە بڕیاری کۆماری بڵاوکرایەوە دوو ئەندامیان لە بەشی حیزب قرتاند، ناوی دە کەسیان بڵاو کردەوە و یەک کاربەدەستی ئیدارییان بە لایەنگرێکی حیزب نەدا.

وەک باسمکردووە ئاگری شەڕ و وێرانکردنی رەز، باغ، دارستان و جەنگەڵ، کێڵگە و شینگە، لادێیەکانی کوردستان، کانی و کانیوەکانیان بە بۆمبای ناپاڵم و فسفۆر سوتاند و وێرانکرد. سەرکردایەتیی بەعس کە گەیشتە سەر بڕوای تەواو کە ناتوانێ بە رێگای شەڕ و کوشتن شۆڕشی کوردستان لەناوبەرێت و سەر بە نەتەوەی کورد شۆڕ بکات، روویکردە هێندێ لە سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەب، بۆ ئەوەی بکەونە ناوبژیکردنی نێوان میریی عیراق و شای ئێران. ئەوە بوو لە ١٩٧٥/٥/٦دا سەدام حوسێن و شای ئێران حەمەڕەزا بە میوانداری سەرۆککۆماری پێشووی الجزائر، هەواری بومدیەن، رێککەوتننامە شوومەکەیان مۆرکرد. کۆماری

عیراق سەری بۆ کشت داواکانی ئیران دانەواند، زیاتری لەوەی دەستکەوت کە پەنجا ساڵ بوو ئیران داوای دەکرد. حەمەڕەزا شا هەر کە گەڕایەوە تاران، یەکسەر هەڵوێستی نوێی ئیرانی بەرانبەر بە شۆڕشی ئەیلوول ڕاگەیاند، کە لەگەڵ میریی عیراق بەتەواوی ڕێککەوتووە و، نیوەی دووناوی عەرەبی (شط العرب) و کەلێ شوێنی تری بە درێژایی سنوور کەوتۆتەوە دەست ئیران، چیتر ماوە بە شۆڕشی ئەیلوول نادات کۆمەک و یارمەتی لە ئیرانەوە پێ بگات و، سنوور بەتەواوی بە ڕوویاندا دادەخات. سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی دووچاری سەرلێشێوان و تەنگوچەڵەمە هاتن. لەئەنجامدا دووچاری گەورەترین هەڵەی مەزنی مێژووی بوون. نەتەوەی کوردی کوردستانی بە عیراقەوە لکێنراو، کەوتە پیسترین قەیرانەوە. لە مێژووی کۆن و تازەیدا کارەسات و ماڵوێرانی وەهای قەت بە خۆیەوە نەبینیبوو. ورە دابەزی، شین و شەپۆر، پرسە و ماتەمی لە سەرتاپای کوردستانی گەورەدا بڵاو بووەوە. هەڵاتن و دەربەدەری، دەرکردن و ڕاگوێزان، بەعەرەبکردنی خاکی کورد، بە بەعسکردنی کوردستان، سەرتاپای نیشتمانەکەمانی گرتەوە. دەروازە بەتەواوی بۆ

هەیانبوو. تا گەیشت بەو ئەنجامەی کە ئەو هەرەسهێنانە مەزنە جەرگبڕەی کە بە خەیاڵی هیچ ڕۆڵەیەکی کورددا نەدەهات شۆڕشێکی وا فراوان و جەماوەری بەو شێوە هاسان و سووکە چۆک دابدات و سەرکردەکانی پەنا بەرنە بەر ئەو دوژمنە دۆستەی کە لەناکاو پەردەی لەسەر ڕووان هەڵماڵی و نەتەوەی کوردی کوردستانی بە عێراقەوە لکێنراوی گورگانخوارده کرد.

بە بۆچوون و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی زۆرم، هەر بەڵگە و هۆیەک بۆ داکۆکیکردن لەو بڕیارە لاواز و چەپەڵ و ناڕەوایە بهێنرێتەوە، جێ ناگرێت و لە بەرپرسیارێتی مێژووی ئەو هەڵوێستە ناشۆڕشگێڕییەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لە سەرەتای مانگی ئایاری ١٩٧٥دا بە تێکدان و لەناوبردنی شۆڕشەکە وەریگرت، کەم ناکاتەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵۆزی و تێکهەڵکێشان و تێکالان و بگرە و بەردەیەدا و لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕایەڵی دامودەستگا جاسووسیەکانی وڵاتە زلهێز و داگیرکەرەکانی کوردستان هەموو بەش و کەناڵەکانی شۆڕشە نەتەوەییەکەی گرتبووەوە، نابێت ئەو ڕاستییە لە بیر بکرێت کە شۆڕش و ڕابوونە نەتەوایەتییەکانمان، وەک بزاڤێکی پیرۆز و ڕەوای گشتی نیشتمانی و نەتەوەیمان چاوی لێبکرێت، تا ئەو کاتەی بە ئامانجە سەرەکییەکانی دەگات، کە ئەویش مافی چارەیخۆنووسینی نەتەوەیەکی خاکداگیکراوی پارچەپارچەکراوی سیوپێنج ملیۆن کەسییە و هەمیشە ئەرک و پێویستی تەواوی بە پشتگیری و لایەنگرتن هەیە. دەبێت بەگەرمیش نەفرەت و ناڕەزایی و بێزاری دژی شەڕی ناوخۆی کورد کوردکوژی، کڕنووشبردن بۆ داگیرکەرانی کوردستان، عەقڵیەتی پارتایەتی تەسک و خێڵەکی، سازشکردن بە کوردایەتیەوە دەربڕین و

هۆکاره سەرەکییەکانیش ڕیسوا بکرێن!

چەند ڕۆژێک لەدای ڕاگەیاندنی هەرەس، مەکتەبی هەرێمی کوردستانی حیزب دەرسی بارە تازەکە و ئەو شیمایانەی کرد کە چاوەنواڕ دەکران، ڕاپۆرتێکی دوورودرێژمان لەسەر کارەساتەکە ئامادە کرد، بەڕاشکاوی ئامارژە بۆ ئەوە کرابوو، کە لەسەر ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە هۆشیار بن، خۆ بۆ ئەو کاتە ئامادە بکەن کە زۆر ناخایەنێت ڕژێمی بەعسی عیراق دەکەوێتە بەربەرەکانیکردنی تەواوی نەتەوەی کورد و دانیشتوانی کوردستان و ئێمە! وێنەی ڕاپۆرتەکەمان بۆ مەکتەبی سیاسیی حیزب نارده بەغدا، هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی بە ڕەخنەی توند و نارەزاییەوە بەرسڤی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئێمەیان دایەوە. هاوڕێی خوالێخۆشبوو زەکی خەیری ئەندامی مەکتبەی سیاسی گەیشتە هەولێر و، لەگەڵماندا کۆبووەوە، نارەزایی سەرکردایەتی حیزبی دژ بە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دەربڕی و گوتی: (وا دیارە ئێوە ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی بەسەر باری عیراق و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاتوون، بەباشی تێنەگەیشتوون...) کەوتە پێداهەڵگوتن بە کۆمەڵێک کردەوە و هەنگاوە پۆزەتیڤەکانی ڕژێمی بەعس و دەستکەوتەکانیدا. یەکسەر سکرتێری لیژنەی هەرێمیان گۆڕی، کە ئەوکات هاوڕێ سلیمان یوسف (ابوعامل) بوو، جەختی لەسەر ئەوەش کرد کە نابێ هیچ نهێنی یا پارچە چەکێک لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، لە دامودەستگاکانی بەعسییەکان بشاررێتەوە. لە هەمان کاتدا دەبینرا کە یەکسەر بەعسی فرمانڕەوا وەک گورگی هار و برسی کەوتووەتە گیانی نەتەوەی کورد، دەستی بە ڕاونان و هێرشبردن و ئاراستەکردنی تۆمەتی جۆراوجۆر و ئەشکەنجەدان و ڕیسواکردن کردووە و، بەتەواوی پەردەیان لەسەر ناوەڕۆکی پیشە

سەرەکییەکانی خۆیان هەڵماڵیوە!

بە بڕیاری کۆماری قەدەغەکرا کە بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی نییە پەیوەندی بە کۆنە ئەندامەکانی پارتی و پێشمەرگەکانەوە بکات، تەنیا پارتی بەعس نەبێت. هەر کار و ئەرک و فرمانێک، کە بە هەر کوردێک دەدرێت، لە هەر شوێنێکدا بێت لەناو عیراق، بەبێ یەک و دوو پێویستە جێبەجێکردن بکات. بەو شێوەیە سەرتاپای ئەو داوا و ڕووە پێشکەوتوخوازەی شانازییان پێوە دەکرد و وا خۆیان نیشان دەدا کە ئاشتیپەروەرن و مافی مرۆڤ و یەکسانی و فرەلایەنی دەپارێزن، گشتیان لەڕاستیدا لە فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی و ساختەکاریدا خۆی دەبینیەوە.

باری فیکری و کارکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا کەوتە گۆڕانکاری پڕ لە کۆسپ و تەگەرە. ئێمەی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانی حیزب، تەقەلای بێوچانمان دەدا لە لایەک لەنگەری پەیوەندییەکانی بەرەیی نێوان حیزب و بەعس و ڕژێمەکەیان بپارێزین و لە لایەکیش چارە بۆ ئەو دەستدرێژی و کردەوە ناڕەوایانە بدۆزینەوە کە بەعس و ئاژانسەکانی و دەمودەستگاکانی موخابەرات بەرانبەر بە ئێمە پێی هەڵدەستان. ڕەفتاریان بەتەواوی ڕەفتاری وڵاتێکی زلهێزی داگیرکەری کۆلۆنیالی سەرکەوتبوو بوو.

نوێنەری مەکتەبی هەرێم لە کۆمیتەی بەرەی ناوچەی هەرێمی کوردستان، کە هاوڕێ عادل سەلیم بوو، ڕۆژانە و هەفتانە چەندان پسوولەی دەستدرێژی و ناڕەزایی دەخستە پێش بەعسییەکان و داوای چارەکردنی لێدەکردن، بە دەمولووسی و بەڵێنی درۆ وەڵامیان دەدایەوە و، بەپێچەوانەوە کردەوە ناڕەوا و ناپەسەندەکانیان تا دەهات زیاتر تەشەنای دەکرد. تا گەیشتە ئەو سنوورەی داوامان لە هاوڕێیان کرد لە لەناو

ئەنجومەنی یاسادانان‌دا، ڕەخنە لە کەموکورتی و کردەوە نابەجێیەکانیان بگرن و بەزەقی باسیان لێوە بکەن، ئەوە بوو لەئەنجامدا بەعسییەکان نارەزاییان دەربڕی و خۆیان دووچاری سەخڵەتی و گرژبوون کرد و، دوو هاوڕێی ئەندامی ئەنجومەنەکە، حاجی مەلا سەعیدی ڕەواندوزی و نەجمەدین مامۆی حەریری دەرکران. بەڕاستی لە سەرکردەکانی ڕژێمەکە تا بچوکترین ئەندام و لایەنگریان تەحەمولی ڕەخنەی دروستکەرانەی ئەندام و نوێنەرانی حیزبی شیوعیان نەدەگرت.

لە بەهاری ١٩٧٥دا بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی بەندە و هاوسەرم لەگەڵ هاوڕێ ئەسعەد خدر و هاوسەری بۆ ماوەی بیستویەک ڕۆژ بۆ پشوودان نێرراین بۆ ئەڵمانیای دیموکراتی، میوانی کۆمیتەی مەرکەزی پارتی سۆسیالیستی یەکگرتوو بووین، گەڕان و سەردانێکی خنجیلانەیان پێکردین، زۆر شوێن و ناوچەمان بینی. سەردانی یەکێک لەو فڕنانەمان کرد، کە کاتی جەنگی جیهانی دووەم هیتلەرییەکان بە سەدان هەزار کەسیان تێدا سووتاندبوو. شوێنەکە دڵ و دەروونی مرۆڤی دەهەژاند و، مرۆڤ یەکسەر گرژی و ماتەمی دایدەگرت. نموونەیەک بوو کە هەتاهەتایی تاوان و ڕووڕەشی ڕژێمە دیکتاتۆرە شۆڤێنیستەکان نیشان دەدا، کە عەقڵیەتی خوێنخۆری و دڕندایەتیان لە هەموو سنوورێکی مرۆڤانە دەردەچێت.

پێش ئەوەی بگەڕێینەوە بەغدا بە چەند ڕۆژێک تووشی نەخۆشی و ئازارێکی زۆر هاتم، پزیشکە ئەڵمانییەکان گوتیان: (وا پێدەچێت دووچاری نەخۆشی زراو هاتبم، پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ عیراق و بە داوایەکی تر لە مەکتەبی سیاسیتانەوە بگەڕێیتەوە بەرلین و ئەوکات نەشتەرگەریت بۆ دەکەین.) بە تەندروستییەکی شەپرێوەوە گەڕامەوە وڵات.

لە هەولێر و بەغدا کەوتمە هاتوچۆی بیمارستانەکان و ئەشیعەوەرگرتن. چەند پزیشکێک گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە پێویستم بە نەشتەرگەری هەیە. لە مانگی ئایاری ١٩٧٦دا نیرامەوە بەرلین. نەشتەرگەریی کرام، زراویان فڕێدام و، ماوەی چلوپێنج ڕۆژ لە ئەڵمانیا مامەوە. ڕێککەوت وا بوو ئەو کاتەی لە هەمان نەخۆشخانەی بەرلین نۆژداری دەکرام، سکرتێری پارتی شیوعی ئەردەن، هاوڕێی نەمر فوئاد نەسار لە نەخۆشخانەکەدا کەوتبوو، ڕۆژانە چەند سەعاتێک لای دادەنیشتم. خێزانەکەی لەیلای بولغاری بەگەرمییەوە بە دەوروبەریدا دەهات. هاوڕێ فوئاد یەکجار هێمن و قسەخۆش، زانا و هێزا بوو. بە درێژی باسی لاوێتیی خۆی و بەشداریکردنی لە بزافی ڕزگاریخوازانەی نیشتمانی فەلەستیندا دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و سایۆنزیمی دەگێڕایەوە. کە چۆن پێش جەنگی جیهانی دووەم، ئینگلیز ژمارەیەکی زۆری لە نیشتمانپەروەرانی فەلەستین، کە یەکێکیان ئەو بووە، دوورخستووەتەوە بۆ عیراق و لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی خۆی ماوەیەک لە شاری ئامێدی ماونەتەوە و، یەکجار بە ڕێزگرتن و چاکە باسی پیاوەتی و چاوتێری و هەڵسوکەوت و هەڵوێستی مرۆڤانەی دانیشتووانی ناوچەی بادینان، بەتایبەت ئامێدی، دەگێڕایەوە. زانیاری باش و وردی لەسەر باری عیراق، حیزبی شیوعی و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تر هەبوو. پزیشکەکانی ئەڵمانیای دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا زێدەبەدەر خەریکی چاککردنەوەی بوون. بەداخەوە ئازارەکانی گەلێ سەخت و پرهێش بوون، دووچاری نەخۆشی جەرگ هاتبوو، خۆڕاگرێکی کەموێنە بوو، سەرتاپای ئەو تەقەلایانەی لەگەڵیدا دران بە فیڕۆ چوون. دوای دەرچوونم لە نەخۆشخانە، بۆ زۆربەی شار و ناوچەکانی ئەڵمانیای دیموکراتیان بردم، شارەکانی لایپزیک، ڕوستوک،

درێژدن، پۆتسدام و شاخەکانی ساکسۆنیام بینی. سەردانی ئەو ساختمانەم کرد کە لە ساڵی ١٩٣٣دا نازییەکان لە شاری لایپزیک، قارەمانی بولگاریا دیمیترۆفیان تێدا دادگایی کردبوو. هەر لەو کاتەی کە من لە نەخۆشخانەی بەرلیندا بووم، بە نیمچە ئاشکرا، لە بەغدا کۆنگرەی سێیەمی حیزبی شیوعی بەسترابوو. دوای ئەوەی کە گەڕامەوە عیراق، ئاگادارکرام کە بە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی هەڵبژێرراوم، هەروەها زانیم کە هاوڕێ فوئاد نەسار دونیای بەجێهێشت و کۆچی دوایی کرد!

گەڕامەوە هەولێر، کەوتمەوە سەر کار و ئەرکی پێشووم کە ماوەی دوو ساڵێک دەبوو، لەتەک ئەندامەتیم لە مەکتەبی هەرێمی کوردستان، بەرپرسیاری کۆمیتەی پسپۆری ڕێکخراوەکانی هەرێمەکە بووم (لتراک)، هاوڕێیان پەخشان زەنگەنە، برایم سۆفی مەحموود و سەدیق ئاکرەیی ئەندامی کۆمیتەکە بوون. زۆری نەخایاند، دوای ماوەیەک، مەکتەبی هەرێمی حیزب بڕیاری وەرگرت لەتەک ئەندامەتینم لە مەکتەبدا، سەرپەرشتی و بەرپرسیاریی ڕێکخراوەکانی پارێزگای هەولێر وەربگرم. ڕۆژانە کاتم لە بارەگای لیژنەی پارێزگاکە و بارەگای هەرێم بەسەر دەبرد.

سەرتاپای باری کوردستان بە زۆر بە عیراقەوە لکێنراو، ڕوەو لێوارێکی ترسناک دەبووەوە، ژیانی کۆمەڵایەتی، کاروباری ڕامیاری و کارگێڕی، پەیدەرپەی، بەرەو سەختی و گرژبوون و ئاڵۆزی دەڕۆیشت، کۆسپ و تەگەرە لە پێش بچووکترین بزاف و گورجوگۆڵی و چالاکییەکانی نێو خەڵکی، دادەنرا. گەف و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و فشاربۆهێنان لە زیادبووندا بوون. بەتایبەت دوای ئەوەی زانرا و دەنگ بڵاوبووەوە کە لە ناوەڕاستی ١٩٧٦دا، ژمارەیەک لە ڕۆڵە ئازا و بەجەرگ و تێکۆشەرە کۆڵنەدەرەکانی نەتەوەکەمان، ڕوویان کردووەتەوە شاخ و

دەستیان بە خەباتی چەکداری کردووەتەوە، دامودەستگاکانی ئەمن و ئیستخبارات لە سەگی هار خراپتریان لێهات. بە چاوی گومانلێکردن، بێبڕوایی و دوژمنایەتییەوە سەیری هەموو کوردێکیان دەکرد، گەر بەتەواوی گوێڕایەڵی خۆیان نەبووایە! نۆکەر و سیخوڕ و بەکرێگیراوەکانی خۆیان وەک کلۆ زەردە بە کوردستاندا بڵاو کردبووەوە، هێرشبردن و پەلاماردانی سەربازییش بۆ سەر لادێ و گەلێ لە ناوچەکانی کوردستان دەستی پێکردبووەوە. ڕاونان، گرتن و ونکردن، کوشتن و ئیعدامکردن، ڕاگوێزان و وێرانکردن ڕوو لە زیادبوون بوون.

لە شوبای ۱۹۷۸دا کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عیراق کۆبووەوە و ڕاپۆرتێکی سیاسیی ڕێکوپێک ئامادە کرابوو. بە قووڵی دەرس کرا، مشتومڕی زۆری لەسەر کرا، بە شێوەیەکی ژیرانە ڕەخنە و تێبینی دروستکەری دۆستانەی تێدا بەدی دەکرا لەسەر سیاسەتی چەوت و کردەوە خراپ و پڕمەترسییەکانی ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوا، کە چۆن دواڕۆژی عیراق بەرەو کارەسات و وێرانکاری دەگەیەنێت. ڕاپۆرتەکە بە فراوانی لە ڕۆژنامەی (طریق الشعب) و (ڕێگای کوردستان)دا بڵاوکرایەوە. سەرکردایەتی بەعس ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەیان پەسەند نەکرد و کەوتنە دەربڕینی ناڕەزایی و بێزاری و دژایەتیکردن. هێرشێکی زیدەبەدەری ناڕەوا و پڕ درۆ و تۆمەتیان دژ بە ڕێبازی سیاسیی حیزبی شیوعی عیراق لە ڕۆژنامەی الراصددا[٣٨] بڵاو کردەوە. درۆ هەڵبەستراوەکانیان گەیشتبووە ئەوەی کە بڵێن: (سەرکردایەتی حیزبی

---

(٣٨) جریدە الراصد: ڕۆژنامەیەکی کۆنەپەرستی گومانلێکراو بوو، مستەفا ئەلفەکیکی لە بەغدا دەری دەکرد، ڕیابی بۆ بەعسییەکان دەکرد و لایەنگر و دڵسۆز بوو بەوان.

شیوعی خەریکی ئەوەیە لەژێر پەردەی بەرەدا دەسەڵات لە دەستی بەعس دەربهێنێ و بێنە سەر کار...)

وەک ئەندامێکی کۆمیتەی مەرکەزی ئەوکات، بە پێویست و ئەرکی خۆم دەزانم ئەو ڕاستییە تۆمار بکەم و بڵێم کە ئەوەی لە الراصددا بڵاوکرایەوە فڕی بەسەر هیچ ڕاستییەکەوە نەبوو، سەرەتای داماڵینی پەردەی بەرەیی و هاوکاریکردن و زەنگی هەڵپاچین و قڕکردنی دەست و توانای ڕێکخراوەکانی حیزب و لاوازکردنی بوو! بەپێچەوانەوە لەنێو ئەو پرۆگرامەی کە کۆنگرەی سێیەم بڕیاری لەسەر وەرگرتبوو، بەتەواوی جەخت لەسەر ئەوە کرابووەوە کە چەندە پەیوەندی بەرەیی و هاوکاری و هاریکاریی نێوان حشع و بەعس بەهێزتر بێت، داهاتووی عیراق خێراتر بەرەو پێشکەوتن و ژیانی بەختیاری دەڕوات. لە یەکێک لە دروشمەکاندا هاتبوو "دەست لەناو دەست بە هاوکاری و هاریکاریی بەعسی فرمانڕەوا، عیراق بەرەو سۆسیالیزمی و پێشکەوتخوازی ببرێت!"

لەپێناو پاراستنی بەرە شەقوشڕەکە و بەهێزکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکەدا، چەندان گوتار لە لایەن کادیرە سەرەکییەکانی حیزبی شیوعییەوە بڵاو دەکرایەوە، زێدەبەدەر پێداهەڵگوتنی تێدا بوو، لەسەر چەند دەستکەوتێکی پێشکەوتوخوازانەی کاتی! گشتیان بێسوود بوون، بەقەد باڵە مێشێک لەسەر ئەو ڕێباز و سیاسەتەی بەعسییەکان نەخشەیان بۆ کێشابوو، لایان نەدا و، گوێشیان بە هیچ نەدەدا.

هەر دوای بڵاوکردنەوەکانی ڕۆژنامەی الراصد، تەپوتۆز و گەردەلوولێکی شووم هەڵگیرسا. لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری هەمان ساڵدا، بەبێ شەرم و بێ گوێدان بە هیچ داوا و تکا و پەیوەندییەک ٣٤ هاوڕێ و لایەنگرانی حیزبیان ئیعدام کرد، بە تۆمەتی درۆ و گوایا لەنێو

هێزە چەکدارەکانی عیراق بەنهێنی کاری پارتایەتیان بۆ حیزب کردووە! بە چەندان شێوەی ناڕەوا و درۆ و بوختان کەوتنە گیانی هاوڕێیان و ڕێکخراوەکانیان و زیاتر شوولی پەلاماردانیان هەڵکێشا!

لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا مەکتەبی سیاسی ئاگاداری کردم، کە پێویستە بۆ دوو مانگ بۆ مۆسکۆ بچم، سەرپەرشتنی کۆمەڵێک کادیر بکەم، کە لە پشووی هاویندا لە ئەنستیتوتی زانستی کۆمەڵایەتی (معهد العلوم الاجتماعیه) پرۆگرامێکی خوێندنی چڕوپڕیان بۆ ئامادە کرابوو، تا بخوێنن. گەیشتمە مۆسکۆ و بیست هاوڕێ گەیشتنە پەیمانگاکە و بە بایەخپێدانی ڕێکوپێک پرۆگرامەکە تەواوکرا.

ئەوکات هاوڕێ عەزیز محەمەد لە مۆسکۆ دەژیا. ڕۆژێک داوای کرد بچمە سەردانی لە ئوتێلی کۆمیتەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت و، گەیشتمە لای، ئاگاداری کرد و گوتی: (ئەمڕۆکە کۆبوونەوەم هەیە لەگەڵ نوێنەرانی مەکتەبی سیاسیی پارتی پێشکەوتوخواز و سۆسیالیستی مەغریب (حزب التقدم والاشتراکیه فی المغرب)[٣٩] کاتی دیاریکراو هاوڕێیانی مەغریبی ئەندامی مەکتەبی سیاسی هاوڕێ عەبدوڵا عەیاش و ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی ئەحمەد ئامادە بوون و، هاوڕێ عەزیز و منیش لەگەڵیان کۆبووینەوە. دوای پێشوازیکردن، هاوڕێ عەزیز کەوتە پەیڤین، بەدووروودرێژی باسی باری سیاسی عیراق، کوردستان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی کرد، گەلێ لەسەر تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی

(٣٩) حزب التقدم والاشتراکیه: یەکێکە لە پارتە کۆمۆنیستە کۆنەکان. لە سەردەمی سەربەخۆیی مەراکیشەوە (المغرب) زۆربەی کات بەئاشکرا کاری سیاسی و پارتایەتی خۆی ئەنجامداوە. ماوەیەکی زۆرە هاوڕێ عەلی یەعتا سەرۆکی پارتەکەیە. ئێستاکە چەند ئائیبێکی لەنێو پەرلەمانی مەغریبدا هەیە.

عیراق وەستا، باری شڵەژاو و تێکچووی وڵاتی بە فراوانی بۆ گێڕانەوە، کە چۆن بەعسی فرمانڕەوا، ڕێکەوتننامەکەی بەرەیان خستۆتە ژێر پۆستاڵ و، بەتەواوی لە ناوەڕۆکەکانی پاشگەز بوونەتەوە و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، وڵات بەرەو تێکدان و وێرانکردن دەبەن و کەوتونەتە لێواری هەڵدێرێکی پڕ مەترسی. ڕەخنەی لە هێندێ هەڵوێستی هاوڕێیان پارتی مەغریبی گرت کە پەیوەندی و دۆستایەتیان لەگەڵ ڕژێمی بەغدا هەیە و، تەنانەت لە ڕۆژنامەکانیاندا، مەبەست لە ڕۆژنامەکانی پارتی پێشکەوتوخواز و سۆسیالتە، بە شانوباڵیاندا هەڵدەدەن و، تا سنوورێکی باش بڕوایان بە پروپاگەندە و ناڕاستییەکانی ڕژێمی بەعس و ڕاگەیاندنەکانیان هەیە و...هتد. هاوڕێ عەبدوڵا عەیاش لە بەرسڤدا باسی ڕێبازی سیاسیی پارتەکەی خۆیانی کرد و، بەڵێنی دا کە ڕا و بۆچوونەکانی حشع بگەیەنێت بە سەرکردایەتی پارتەکەیان. لەکۆتاییدا هەردوولامان لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە پەیوەندیی نێوان هەردوو پارت بەبەردەوامی بەهێز بکرێت و، بەڵێنیان دا کە بەگەرمی لایەنگری هەڵوێستەکانی حیزبی شیوعی عیراقن و دەنگی بێزاری و ناڕەزایی دژی کردەوە چەپەڵەکانی بەعسی عیراق بڵاو دەکەنەوە و بەپێی توانایان دەستی یارمەتی بۆ حشع درێژ دەکەن. بەو شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات.

لە ئەنستیتوتەکەدا، هاوڕێیانی گرووپەکە، چالاکانە ئەو پرۆگرامەی بۆیان ئامادە کرابوو، تەواویان کرد. بۆ پشوودانی پانزە ڕۆژ نێررراینە کۆماری ئەرمینیا. لە شارەکانی یەریڤان، کیرۆفەکان، لینینەکان و ناوچەکانی تردا گەڕاین و سەردانمان کرد. شوێنە جوان و مێژوویی و مۆزەکانی ئەرمینیامان دیت، بەدووروودرێژی باسی کارەساتەکەی بەهاری

١٩١٥یان بۆ کردین، کە چۆن سیستەمی عوسمانلی سیوقراتی، لەژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا، زیاتر لە یەک ملیۆن ڕۆڵەکانی ئەرمینیایان قڕوبڕ کردبوو. کارەساتەکە بە یەکێک لە کارەساتە خوێناوییە گەورەکانی مێژووی سەدەی بیستەم دەژمێررێت!

سەردانی کۆمیتەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیا، ئێستگەی یەریڤان، ڕۆژنامەی ڕیاتازەمان(٤٠) کرد، کاربەدەستانی بەشی کوردی ئێستگەکە یەکجار بەگەرمی پێشوازییان لێکردین، ڕێزی زۆریان لێناین و، لە ماڵی بەڕێوەبەری ئێستگەکە میواندارییەکی کوردانەی خۆشیان کردین، چێشتی کوردی وەک دۆینەی بە پوونگە و یاپراخی گەلامیۆیان ئامادە کردبوو، بەڕاستی بە چێژ و بەلەزەت بوون.

لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٧٨دا پۆل پۆل گەڕاینەوە بەغدا، یەکسەر زانیمان کە بارەکە و پەیوەندی نێوان بەعس و حشع زیاتر بەرەو گرژبوون و شێواوی ڕۆیشتووە! داموودەستگاکانی ڕژێمەکە، لە ڕاونان و بەربەرەکانی و دژایەتیکردنی ڕێکخراوەکانی حیزبدا باش قۆڵیان لێهەڵماڵیوە! سەرگەرمانە کەوتوونەتە پەلاماردانمان، شاڵاوی هێرش و دەستدرێژیکردنیان لە خوارووی عیراقەوە گەیشتووەتە ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاست و دەوروبەری بەغدا. ڕۆژنامەی طریق الشعب هەر دەردەکرا، بەلام ماوەی بڵاوکردنەوەی نەدەدرا، هەڕەشە و گەف و گوڕ گەیشتبووە سنوورێک، کە زۆربەی خوێندەواران، کەسانی سیاسی و دیموکراسی و چەپ نەیاندەوێرا بڵاوکراوەکانی حیزب بەئاشکرا هەڵبگرن، یا لە شوێنە

(٤٠) ریا تازە: ڕۆژنامەی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان بوو کە لە سییەکانی ئەم چەرخەوە بە زمانی کوردی لە (یەریڤان) پایتەختی ئەرمینیا تا تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت، دەردەچوو.

گشتییەکاندا بیانخوێننەوە.

لە سەرکردایەتی حیزبەوە، ئامۆژگارییەکی ڕاست و ڕەوا لەنێو ڕێکخراوەکاندا بڵاو نەکرایەوە، کە بە چ شێوەیەک هەڵوێست وەربگیرێت و چۆن بەرانبەر بە شاڵاوە فراوان و دوژمنکارییەکانی ڕژێمەکە هاوڕێ و ڕێکخراوەکان بوەستن! کە ئەنجامی ئەو بارە ناجۆر و تێکهەڵپرژانە بە چ لایەکدا دەکەوێت!

هەر یەکەم ڕۆژ گەیشتمەوە هەولێر، هاوڕێیانی مەکتەبی هەرێم، ئاگاداریان کردم کە شەپۆلی گرتن و دەستدرێژی گەیشتووەتە سەر ڕێکخراو و هاوڕێیانی پارێزگای کەرکووک و ژمارەیەکیان لێ بەندکراوە، چۆکیش بە چەند هاوڕێیەک دراوە و سەریان پێ شۆڕکردوون! بە داخ و کەسەرەوە لەنێو ئەو تێکهەڵدان و ئاژاوە و بگرەوبەردەیەدا، کتوپڕ، هاوڕێ عادل سەلیم ئەندامی مەکتەبی هەرێم و پاڵێوراوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزب، دۆست و برادەری دێرینم، بە نەخۆشی دڵ گیانی لە دەست دا و ئێمەی بەجێهێشت. تاوانەکانی بەعسی فرمانڕەوا ڕۆژ دوای ڕۆژ فراوانتر دەبوو. بەئاشکرا و بێشەرمانە سیخوڕەکانیان ڕۆژ و شەو کەوتبوونە کۆنترۆڵ و چاوەدێریکردنی هەڵسان و دانیشتنمان و بەدواکەوتنمان.

ئێمە هەر لە پرسە و ماتەمینیی هاوڕێ عادل سەلیمدا بووین، لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا دامودەستگای ئەمن و موخابەراتی عیراق لە بەغدا، پەلاماری ژمارەیەک لە کادیری ناسراو و چەند هاوڕێی کۆنەئەفسەریان دابوو و دەستگیریان کردبوون، بەتەواوی زەنگی هێرشبردن و شەڕکردن و بەربەرەکانیکردن تەواویان ڕاگەیاند. لە ڕووی ڕاگەیاندن و پروپاگەندەکانیانەوە، لەسەر هەمان شێوەی پێشوویان بەردەوام بوون. دوو هاوڕێ وەزیرەکەی حیزب و ئەندامەکانی ئەنجومەنی

یاسادانان و تەنفیزی لەسەر کارەکانی خۆیان مابوونەوە و دەستدرێژییان لێ نەکرابوو، زۆری نەخایاند ئەوانیشیان دەرپەڕاند و کەوتنە ڕاونانیان.

بە بۆچوون و لێکدانەوەم بەسوودە کە خۆم یەکێک بووم و، ماوەی چواردە ساڵێک لەنێو کۆمیتەی مەرکەزیدا کارم کردووە و، ئاگاداری و شارەزاییم لەسەر چۆنیەتی کارکردن و هەڵسوکەتەکان بووە و ئاگاداربووم کە بە شێوەیەک ڕەفتار کراوە، وەک تێبینی و ڕەخنەی دروستکەر، چەند دێڕێک تۆمار بکەم. ئاواتەخوازم سوودبەخش بن، هێندێ هاوڕێی دێرینیشم دڵزویر نەبن، چونکە وەک گوتراوە: حەق ڕەقە.

پێش کۆبوونەوەکانی کۆمیتەکە بە ماوەیەک هاوڕێیان مەکتەبی سیاسی ئەو ڕاپۆرت و خالانەی پێویستیان بە دەرسکردن بووایە، ئامادەیان دەکرد، بەسەر ئەندام و پالێوراوەکاندا دابەش دەکران، بەو مەبەستەی بەوردی هەر هاوڕێیەک بیخوێنێتەوە و، ئامادە بێت بۆ دەمەتەقە و وتوێژکردن لە کاتی کۆبوونەوەکەدا، هاوڕێی سکرتێری یەکەم سەرپەرشتی دانیشتنەکانی دەکرد و هاوڕێیانی مەکتبەی سیاسیش یارمەتیان دەدا.

ئەوەی بەزەقی سەرنجی ڕادەکێشا ئەوە بوو، کە جارێک لە جاران نەمبینی لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی مەرکەزیدا، جیاوازییەک لە ڕا و بۆچوونی جیاوازی فیکری ئەوتۆ لەنێو ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسیدا بەدی بکرێت. بە یەک بلۆک و تاقم هەر حەوتیان بەرانبەر کۆمیتەی مەرکەزی ڕەفتاریان دەکرد، ئەوەی مەبەستیان بووایە بەسەر کۆبوونەکەدا دەیانسەپاند، شێوازی کارکردنەکە بیروکراتییەتی تێدا بەدی دەکرا. وەک بە فۆتۆکۆپی لە شێوەی کارکردنی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا وەرگیرابن، وا بوون. ئەو

ڕا و بۆچوون و ڕەخنە و پێشنیارانەی ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی پێشکەشیان دەکردن، ئەگەر بە دڵی هاوڕێیان مەکتەبی سیاسی نەبوونایە، بەپەلە و بێ لەسەر ڕاوەستان کۆتاییان پێ دەهێنرا و دەخرانە ژێر ئەو کاغەزانەی لەبەر دەستیاندا بوون و، سەرکەوتنیان بە دەست نەدەهێنا. لە هەمان کاتیشدا هاوڕێیانی لیژنەی مەرکەزی باش لایان ڕوون بوو کە پەیوەندی تایبەت و تەبایی لەنێویاندا بەو شێوەیە نەبوو وەک خۆیان نیشان دەدا.

# قۆناغێکی درێژخایەن

بەتەواوی پەردە لەسەر رووی هێرش و پەلاماری دامودەستگاکانی رژێمەکەی بەعسی عیراق هەلماڵرا. هەرچەندە ئەوکات پەیوەندی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەت لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و چەند وڵاتێکی تری بەناو سۆسیالیست وەک کوبا، بولگاریا، یۆگۆسلۆڤاکیا و ئەڵمانیای دیموکراسی بەگەرمی و ئاشکرا بەرەو بەهێزتر بوون و فراوانی دەڕۆیشت، لە رووی ڕاگەیاندن و پروپاگەندەوە، ڕژێمەکە بایەخێکی زۆری بە پەیوەندییەکانی دەدا و سوودی زێدەبەدەری لێ وەردەگرت. لاف و گەزافی ئەوەیان لێدەدا و شەڕی ئایدیۆلۆژیان دژی ڕێکخراوەکانی حشع پێدەکرد، کە پەیوەندی و دۆستایەتیان لەگەڵ بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی و جیهانی سێیەم هەمیشە لە پتەوبوون و فراوانیدایە، بڵاویان دەکردەوە کە حشع لە پرینسیپی سۆسیالیستی لایداوە، پەیوەندییان بە وڵاتانی سۆسیالیستی و پارتە کۆمۆنیست و کرێکاری و چەپەکانەوە لاواز بووە! بۆیە بەعس بەربەرەکانیان دەکات و دەبێ بگەڕێنەوە ژێر خێوەتی ئەوان و، لەژێر دەسەڵات و ڕکێفی ئەوان دەرنەچن.

لە ماوەیەکی کورتدا سەرتاپای ناوچەکانی عیراق لە باکوور و باشوور کرا بە دۆزەخێک شوێنی ژیان و حەوانەوە شەرەفمەندانە بۆ تێکۆشەرانی چەپ و لایەنگرانی حیزبی شیوعی عیراق نەما، بارە شڵەژاو و ناجۆرەکە گەیشتە ئەندازەیەک، سەرکردایەتی بە هەموو ئەندام و لایەنگرانی ڕاگەیاندا، کە چەندە زووتر بتوانن خۆ دەرباز بکەن لە شاڵاوی بەعسی فرمانڕەوا و، بگەنە شوێنێک شەرەف و ژیانی تێدا بپارێزرێت! لە

دەرفەتێکی نزیکدا پەیوەندیان پێوە دەکرێتەوە!

بە هۆی بار و هۆکاری تایبەت بە هەرێمی کوردستانەوە، خۆدەربازکردن لەبارتر وە دەست دەهات. لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیەک لە هاوڕێیان و نیشتمانپەروەران گەیشتنە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، بەگەرموگوڕییەوە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پێشوازی کران، بەپێی توانایان دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردن، لەتەک هێزەکانی تری کوردستانەوە، دەست بە خۆڕێکخستن و خۆکۆکردنەوە کرایەوە. بەپێی بڕیار و ئامۆژگارییەکانی سەرکردایەتی حیزب، هێدی هێدی ڕێکخراوەکەمان کەوتە خەباتکردنی سەختی پارتیزانی و کاری چالاکیی سیاسی و پارتایەتی. چەندە بگوترێ قۆناغە تازەکەمان سەخت و دژوار بوو. درێژەی زۆری کێشا، قوربانی تێدا درا، هەزاران ڕۆڵەی ئازا و دلێر و چاونەترس لە گەلەکانی عیراق تێیدا شەهیدکران. ئەو کوشت و بڕ و زیان و وێرانکارییەی دووچاری وڵات و نەتەوەکەمان هاتووە، لەو ڕۆژەوەی کە پارتی بەعس دەسەڵاتی عیراقی کەوتووەتە ژێر چنگ، لە مێژووی کۆن و تازەی وڵاتەکەدا وێنەی کەمە. بەتایبەت دوای ئەوەی سەدام حوسێن خۆی گەیاندە سەر کورسی سەرۆککۆماری!

ئەوەی تا ئێستاکە لە لایەن دەیان زانا، نووسەر، لێکۆڵەرەوەوە دەربارەی کارەسات و وێرانکردنی سەرتاپای عیراقەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، وەک کارەساتی هەشت ساڵ شەڕە بێماناکەی نێوان عیراق و ئێران، وێرانکردنی هەزاران لادێ و شار و شارۆچکەی هەرێمی کوردستان، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە و چەند ناوچەیەکی تر، قڕوبڕکردن و لەناوبردنی نزیک دووسەد هەزار کوردی بێتاوان لە ئەنفالی شووم و ناوزڕاودا، شەڕی دووەم دژی کوێت، ئیعدامکردن و

کوشتنی هەزاران لە برا شیعەکان و لایەنگرانی ئۆپۆزیسیونەکانی عیراق و...هتد، تا هەنکەش لە قەوارەیەکی فراوان و ورددا مافی تەواو و گرنگی بەو هەموو نسکۆ و ئاپۆرانەی سیستەمەکە بەسەر گەلانی عیراقدا سەپاندوویەتی، نەدراوە. لەدوای لەناوبردن و رووخاندنی رژێمە دیکتاتۆرییەکە، ئەوکات گەلێ زیاتر دەردەکەوێ، کە تاوانەکانیان تا چ سنوورێک رۆیشتووە!

لە کۆتایی ١٩٧٨دا بەندەش وەک هەزاران تێکۆشەرانی کوردستانی و عیراقی کەوتمەوە ژیانی دەربەدەری و راکردن و، بۆ جاری دووەم، زیاتر لە حەوت ساڵ و نیو لە شاخەکانی کوردستاندا ژیانی سەختم دەست پێکردەوە. رۆڵێکی بچووکم لە بەڕێوەبردنی کار و ئەرکە سیاسییەکان و رێکخراوەییەکان و چالاکی پارتیزانی و خەباتی چەکداریدا بینی. لەدواییشدا سێ ساڵ لە سوریا کارم لە لیژنەی پەیوەندییەکانی نیشتمانیدا دەکرد. پەیوەندیی فراوانم بە زۆربەی پارتە کوردستانییەکان و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و کەسانی سیاسییەوە پەیدا کرد. پاشان کە گەیشتمە سوید، کەوتمە کارکردن بە مەبەستی ئامادەکردنی کۆمەڵێک لە رووداوە گرنگ و بایەخدارە سەرەکییەکان کە لە ماوەی دوانزە ساڵی رابردوودا، لە ١٩٧٩/١/١ تا ١٩٩٠/١٢/٣١، تۆمارم کردبوون. توانیم لە ماوەی چوار ساڵ لە سێ کتێبی گەورەدا لەژێر ناوی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد) بڵاویان بکەمەوە.

خۆشبەختانە، رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی کارەکە، سەرنجی خوێنەرانی کورد و زانا و تێکۆشەرانی راکێشاوە. هەڵوێستی بەشی هەرە زۆریان لەسەر ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکەم پۆزەتیف بووە، ئەمەش گەورەترین مایە و پاڵداشتە بۆ من. لە چەند لاوەش داوام لێکراوە کە تەقەلا بدەم کتێبەکان

بۆ سەر زوبانی عەرەبی و ئینگلیزی وەربگێرێن. بەداخەوە، دەستکورتی کۆسپی سەرەکییە و کۆمیتە و کۆمەڵەی واش نییە بەم جۆرە کارە خێرخوازیی و بەسوودانە بۆ کورد هەڵبستن!

هەرچەندە ئەوەی دەربارەی ئەو دوانزە ساڵەی دوایی بڵاوم کردووەتەوە، بەشێکی سەرەکین لە بەشە هەرە گرنگەکانی ڕابردوو و ژیانی تایبەتم، نامەوێ لەم کاروانە دووروودرێژەدا، جارێکی تر شتێکیان لەسەر بنووسمەوە، بەڵام بە بۆچوونی تایبەتم ئەوە دەهێنێت کە بە چڕی لە چەند ڕستە و خاڵ، کۆمەڵێک لە ڕووداوە گرنگ و بایەخدارەکان، ئەوانەی پەیوەندییان بە زۆربەی ژیانی داهاتووی خەڵکەوە هەیە، لە یاد نەکرێن. وەک ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی تاڵ و ڕۆژانی ڕەش لە مێشکدا بمێننەوە و ئاماژەیان بۆ بکەمەوە:

١- لە سەرەتای ١٩٧٩دا شۆڕشی گەلانی ئێران، بەسەر ڕژێمی پاشایەتی بنەماڵەی پەهلەویدا سەرکەوت و، لە شوێنیدا کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرێنرا. لە ماوەیەکی کورتدا، ئاخوندەکانی شیعە، بەتەواوی دەستیان بەسەر وڵاتەکەدا گرت. بار و دۆخی ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو دواوە گەڕێنرایەوە. لەژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا، کەوتنە بزاف و جموجووڵێکی سەرگەرمانە و، هەر زوو پەلیان بۆ نێو وڵاتانی تر درێژ کرد. زەمینەیەکی پڕ مەترسی و نارەوایان لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئایینی ئیسلامی تێدا هەیە پەیدا کردووە.

٢- هەر کە ڕژێمی بەعسی فرمانڕەوای عیراق بەتەواوی پەردەی لەسەر ڕووە ڕەش و نەگریسەکەی خۆی لابرد، وەک دڕندەترین جانەوەر و دیکتاتۆریترین ڕژێم، کەوتە گیانی گەلانی عیراق و هێزە سیاسی و ئاینییەکان. حیزبی شیوعی لە سەرەتای ١٩٧٩دا کەوتە تەک هێزەکانی

ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و عیراق، کە دەمێک بوو کەوتبوونە خەباتکردنی سەختی جۆراوجۆر!

٣- لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلەکانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەخێرایی گەشەی کردەوە، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دەوری کۆبووەوە. سەرکردایەتیی حیزبی دیموکرات بەڕێکوپێکی کەوتە داواکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان، تەقەلای زۆری دا کە بە ڕێگای گفتوگۆ و ئاشتیانە لەگەڵ فرمانڕەوا تازەکانی تاراندا ڕێک بکەون، مێشکوشکی و عەقڵیەتی شۆڤینستانەی ئاخوندە کۆنەپەرستەکان، سەرتاپای دەرگا و شێوەی ئاشتیانەیان بۆ چارەکردنی کێشە ڕەواکەی کورد، لەسەر کورد داخست. کەوتنە هێرش و پەلاماردانی سوپایی بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان، دەستیان کرد بە تیرۆر و کوشت و بڕ و وێرانکردنی کوردستان و، تا ئەمڕۆکەش ئاشی هاڕین و کارەساتەکانیان دژی گەلانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەت هەر لە گەڕدایە.

٤- دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەی ئێران، زۆری نەخایاند، ڕژێمی بەعسی عیراق کەوتە دژایەتیکردنی، تا گەیشتە ئەوەی لە ١٩٨٠/٩/٢٢دا کتوپڕ سوپای عیراق بە چەندان چەکی جۆراوجۆر هێرشێکی بەرفراوانی بردە سەر خاکی ئێران و ناوچەیەکی زۆری داگیر کرد. جەنگێکی یەکجار دژوار و قورس و تێکدەر، ماوەی هەشت ساڵ لە نێوان هەردوو وڵاتدا درێژەی کێشا، زیاتر لە یەک ملیۆن کەس کەل و کورمە کران، زیانی دارایی و ئابۆری لە سەدان ملیار دۆلار تێپەڕی کرد. بە چەند زوبان هەزاران لاپەڕە لەسەر ئەو جەنگە شووم و ناڕەوایە نووسراوە. لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢دا شەڕەکە ڕاگیرا. هەردوو ڕژێمە تاوانبارەکە، لەسەر کار و

فرمانڕەوایی خۆیان ماونەتەوە. سەرتاپای هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی ئاواتی ئەوەیان هەبوو کە لە ئەنجامی ئەو تاوانە زل و دڕندانانەی ڕژێمی بەعس پێی هەڵساوە، بڕووخێنرێت و بکەونە بەر سزادانی جەماوەر...

٥- لە سەرەتای ١٩٨٠دا هێزە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق کەوتنە جموجووڵ و تەقەلادان بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانیان و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوانیان، بە مەبەستی بنیاتنانی بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو، بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی فرمانڕەوادا ببینێت و حکومەتێکی ئیئتلافی دیموکراتی دابمەزرێنرێت. لە ١٩٨٠/١١/١٢دا بەرەی نیشتمانی دیموکراتی نەتەوایەتی (جوقد) لە هەشت پارت و هێزی سیاسی پێکهات و ڕاگەیەنرا، دوای ئەوەش ڕۆژی ١٩٨٠/١١/٢٧ بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) پێکهات. ئامانجی سەرەکی لە سازکردنی جود ئەوە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بتوانێ هاوکاری لەگەڵ سەرتاپای هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی و کوردستانیدا بکات، چونکە ئەوکات پەیوەندیی پارتی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی و چەند پارت و هێزی تری عیراقی یەکجار تێکچوو و ناجۆر بوو، هەردوو تاقیکردنەوەکە سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا. لە بەرگی دووەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد)دا لاپەڕەکانی ٢٢١ و ٢٢٣ بەدرێژی لەسەر سازکردنی هەردوو بەرەکە نووسراوە.

٦- لە ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١دا یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە تاوانێکی گەورە هەڵسا، هێرشێکی خوێناوی فراوانی هێنایە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عیراق و پارتی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) لە پشت ئاشان. شاراوە نییە کە هەردوو پارتەکە دووچاری

شکســتی و ڕاکــردن بۆ دیوی ئێــران هاتن، زیان و زەرەری زۆریان بە ئەستۆ کەوت، شەهیدی زۆریان دا، ئاکامێکی یەکجار خراپ و نێگەتیڤی بە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق گەیاند. لە ڕووی مێژووی و ناو و ناتۆرەوە وەک چەند لاپەڕەیەکی ڕەشی پڕ لۆمە و ڕەخنە و تاوانکردن لەسەر یەکێتیی نیشتمانی کوردستان تۆمارکراوە و هەر دەشمێنێت. لە بەرگی سێیەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد)دا لە لاپەڕەکانی ١٨٦ تا ٢٦٩، بەدوورودرێژی و بە بەڵگەنامەوە لەسەر کارەساتەکەم نووسیوە، لەژێر ناوی کارەساتی پشت ئاشان!

هەروەها لە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/٦ لە پایتەختی کۆماری لیبیا تەرابلس، نوێنەرانی ١٧ پارت و گرووپی کوردستانی و عیراقی لەسەر بنیاتنانی بەرەیەکی بەرفراوان ڕێککەوتن، بەداخەوە سەرجەمی تەقەلاکان بە فیڕۆ ڕۆیشتن.

ئەمە بیست و نۆ ساڵە بەعسی کاربەدەستی عیراق، سەرشێتانە لەسەر ڕێبازە فاشیستییەکەی بەردەوامە. خراپەکاری، وێرانکردن، قڕوبڕکردن و ڕاگوێزان و ئاوارەکردن و...هتد پیادە دەکات. مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کە لەناو هیچ فەرهەنگێکدا ناو و کردەوەیەکی درندانە نەماوە ڕژێمەکە پێی هەڵنەسابێت، سەرۆککۆمار سەدام حوسێن و دەستوپێوەندەکەی لە ڕیزی یەکەمی تاوانبارانی جەنگ دەژمێرێن، نزیک یا دوور ڕۆژە دێت بکەونە بەر دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی و سزای خۆیان وەربگرن!

٨- پێش ئەوەی قۆناغی کاروانەکەم بگاتە سوید، ماوەی سێ ساڵی ڕەبەق بە خێزانەوە لە دیمەشق دەژیاین، وەک لە چەند شوێندا باسم کردووە لە کۆمیتەی پەیوەندییەکانی نیشتمانی حیزبی شیوعی عیراقدا

کـــارم دەکـــرد، ئەرکم ئەوە بوو کـــە پەیوەندیم بەو هێـــز و پارتە کوردستانیانەوە بێت، کە ئەوکات بنکە سەرەکییەکان و هاتۆچۆکردنیان لە سوریا بوو. لە ماوەیەکی کەمدا شارەزاییەکی مامناوەندیم لەسەر زۆربەیان پەیدا کرد. هەر لە هەمـان کـاتدا، پەیوەندیی نێـوان هێـزە کوردستانییەکانی باشوور، کوردستانی بە عیراقەوە لکێنراو، بەرەو ئاشتبوونەوە و ڕێکخستنی هێزەکانیان دەڕۆیشت، تا گەیشتە ئەوەی لە ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٦دا بەرەی کوردستانی لەنێوان شەش پارتدا بنیاتنرا و ڕاگەیەنرا. ڕێککەوتنەکە ئاکامێکی دڵخۆشکەری باشی هێنایە کایەوە، هیوا و وورەی جەماوەری کوردستانی بەرز کردەوە. هەرچەندە بەداخەوە لە سەرەتادا ڕاگەیاندنی بەرەکە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی حیزبی شیوعی و هێندێ هێز لە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بە چاوی گومانلێکردن و بۆچوونی نابەجێوە سەیر دەکرا و لێکیان دەدایەوە!

٩- لە کۆتایی هەشتاکانی ئەم چەرخەدا ڕووداوێک، وەک بۆمبایەکی ئەتۆمیی بەهێز، لەناکاو سەرتاپای دونیای هەژاند، لە لایەک پەیوەندی بە ناخی ژیان و مێژووی حەفتاوپێنج ساڵی تەقەلا و تێکۆشینەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و داهاتووی سیستەمی سۆسیالیستیەوە هەبوو، لە لایەکی ترەوە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و کێشەی چینایەتی و بزاڤی ئازادیی نیشتمانی و دیموکراسیەت و مافی مرۆڤەوە لە جیهاندا. ڕووداوەکەش ڕاگەیاندنی دروشمی ئاشکراکردن و بنیاتنانەوە (پرۆسترویکا و گلاسنۆست) لە یەکێتیی سۆڤیەت بوو. لە سەرەتادا ڕووداوەکە ئاکامێکی کاریگەری چۆنیەتی کردە سەر تێڕوانین و بۆچوونی ملیۆنان کەسی سیاسی و زانا و تۆژەرەوان. نایشارمەوە بەندەش وەک کۆمۆنیستێک کە بە درێژایی تەمەنم لەگەڵ حیزبی شیوعی عیراقدا بووم، ئەملا و ئەولاشم نەکردووە، بیروبڕوا

و بۆچوونەکانم بەتەواوی کەوتە بزاف. بڕیارەکانی کۆنگرەی بیستوحەوتەم و مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتم بە شۆڕشێکی تازە وەرگرت و، کەوتمە خوێندنەوەی کتێبەکەی گەرباچۆڤ و ڕاپۆرتەکانی کـۆنگرەکـە. زوو دوو مـەترسی مـەزن لام کـۆبوونەوە. بەڕاشکاوی لە بارەگـاکـەی مـەکـتـەبی سـیـاسـی حـیـزب لە دیمەشق لای هـاوڕێـیـان مـەترسـیـیەکـان و ڕای خۆم ڕادەگەیاندا، دەمـەتەقەشم لەسـەر دەکردن، مەترسـییەکانیش ئەمانە بوون، یەکەم: ئەو دەروازەی کە یەکسەر بە ناوی کەپیـرایتڤ، کۆمـەڵەی هاوکـاریی دارایی، کرایەوە و خرایە سەرپشت و ماوە درا بە هەر کەس پارە و بەرژەوەندەی تایبـەت کۆ بکاتەوە، جا بە هەر شێوەیەک بێت! ئەمە دەبێـتە سـەرەتا بۆ تێکدان و لەناوبردنی یەکێـتیی سۆڤـیـەت، کـاری خراپ و پیس و ناڕەوا لـە کۆمـەڵگاکـەدا زیاتر تەشـەنە دەکـات، لەژێر پەردەی یاسـادا مـاوە بە دز و گـومـانلێکراوان دەدرێت، مـەبەسـتـە گڵاوەکـانیـان وە دەست بهێنن. دووەم: بە ناوی ئاشکراکـردن (گـلاسنۆست) دەرگـا و زەمـینە بۆ کـەسـانی ڕاڕا و لاواز و بێـبـڕوا، گومانلێکراو و وابەسـتە بە بێگانە و وڵاتانی سەرمایەداری و، پاشماوەی کـۆنەپەرست و کـاسـەلێـسـان و...هـتـدا زۆر بە فـراوانی بۆیان خـرایە سـەرپشت، تا ئەوەی لەناو دڵ و دەروونە بۆگـەنەکـانیـاندا شـارابووەوە هەڵیڕێژن و بە هەزاران گوتە و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنی ناڕاست و پڕ لە درۆ و هەڵبـەست دژی مێژووی حەفـتاوپێنج ساڵ لـە خـەباتی سـەخت و جۆراوجۆر و پڕ قوربانیدانی نەتەوەکانی یەکێتییەکە بڵاو بکەنەوە. ئەو هەڵە زل و لادانانەی بە درێژایی مـێژووی سـیـسـتـەمـەکـە ڕوویاندابوو، یەکـجـار یەکــجـار گــەورەکــران و شــێـوێنران! کــارە تێکدەری و جاسووسییەکان داپۆشران، تا گەیشتە ئەو سنوورەی سەرتاپای بەرهەم

و دەستهات و سەرکەوتنە مێژوویییەکانی کۆمەڵگاکە، کە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن کۆمەڵگایەکی کۆیلەیی و دەرەبەگایەتی ئورستۆکراتی کەموێنە بوو، هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕش وڵاتەکە گۆڕا و بوو بە وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتووی بەڕێز و توانا، ئاوەژوو بکەنەوە. کەوتنە دژایەتیکردن و تف و لەعنەت لە ڕۆڵی قارەمانێتی وڵاتەکەیان.

کەس نییە بتوانێ نکۆڵی لە کەموکورتی، هەڵە زلەکان، لادان لە هێندێ پرینسیپی مارکسیزم و ئینتەرناسیونالیزمی ڕاستەقینە بکات، کە یەکێتیی سۆڤیەت دووچاری هاتبوو، بەڵام بە هۆی ئەو ڕێبازەی سەرکردایەتی وڵاتەکە و لەژێر ڕابەرایەتی گەرباچۆڤدا، بە شێوەی کاڵ و کرچ و بەرەڵایی و گێرەشێوێنانە گرتیانە بەر و، وڵاتەکە تێکوپێک درا. یەکێتیی سۆڤیەت و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی لەنێو بران. ئەوەی وڵاتانی سەرمایەدارانی دونیا بە خەونیش چاوەنواڕیان نەدەکرد، بەهاسانی ڕوویدا. گۆڕانکاریی قووڵ بەسەر بار و دۆخی جیهاندا هات، لەژێر پەردەی نەمانی جەنگی سارد، دیموکراتیەت، مافی مرۆڤ و فرەلایەنیدا، وڵاتە سەرمایەدارە زلهێزەکان، بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بوو بە تاکە هێزی سەرەکی و خاوەندەسەڵات. لە ئێستاشدا مەترسی تەواوی لەسەر بەرژەوەندی وڵاتانی تر پەیدا کردووە و، بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانیان پێش هەموو شتێک دێت و بۆتە هێزێکی پۆلیسی نێودەوڵەتی و بە ئارەزووی خۆی هەڕەشە و گەف لەم وڵات و ئەو وڵات دەکات!

ئەو چەند ساڵەی لە سوریا دەژیام، زانیاری باشم لەسەر بار و ژیانی برا کوردەکانی باشووری بچووک پەیداکرد. لە هەندێ لایەن و سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە گوێبیست دەبووم کە زیاتر لە سەدوپەنجا هەزار کوردی هەژار لە دیمەشقدا دەژین، بە هەزار دەردەسەری و ڕەنجدان و نانەسکی

دەژین، شوناسنامەیان نییە، دەرگای قوتابخانە و خوێندن لە پێشیان داخراوە. ژمارەی سەرتاپای کورد لە سوریا لە ملیۆن و نیو تێپەڕ دەکات. قەدەغەیە لە شوناسنامەیان بنووسرێت کورد و دەنووسرێت هاووڵاتی سوری (مواطن سوری)، ئەوە سیوپێنج ساڵ زیاترە میریی سوریا دەستی بە ڕاگوێزان و ناوگۆڕینی ناوچە کوردییەکان کردووە، نەخشەی ئەوەیان هەیە بەتەواوی خاکەکە بە عەرەبنشین بکەن، کوردەکان لە تەواوی مافە سەرەکییە نەتەوایەتییەکانیان بێبەرین. ماوە لە پێشیان نییە گۆڤار، ڕۆژنامە و کتێب و نامیلکە بە زوبانی کوردی بڵاو بکەنەوە. ژمارەیەک پارتی کوردی، بەنهێنی، کار دەکەن. سەرتاپایان بێتوانا و لاوازن. کێشەی لاوەکی، کینەبەری، دژایەتیکردنی یەکتر لەنێویاندا هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە پرۆگرام و ئاواتی سەرتاپایان نزیکی یەکترن و لە چوارچێوەی داوا و مافە دیموکراسییەکان دەرناچێت، کەچی بەداخەوە نە هاوکاری و هاریکاریکردن نە بەرەیەکی نەتەوەیی فراوان لەنێوانیاندا هەیە. پارتی بەعس، پارتی سەرەکی و فرمانڕەوای وڵاتەکەیە و دەسەڵات لە دەست ئەودایە. بە ناوی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتوخواز هاوکاری و هاریکاری لەگەڵ چەند پارتێکی تردا هەیە. نە لە پرۆگرامی میریی سوریا و نە لە هی بەرەکە و نە لە هی پارتە سیاسییەکانیدا، تەنانەت هی هەردوو پارتە کۆمۆنیستەکەش، بایەخێک بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد نەدراوە. خاڵێک یا برگەیەک بەئاشکرا و بەجەرگانە لە پرۆگرامەکانیاندا نییە، کە بەرگری لە نەتەوەی کورد بکەن. داوای مافە ڕەواکانی مرۆڤایەتی، زانیاری، شوناسنامە، مافی دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی، دیموکراتی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییان هەبێت. بەڕاستی کەمەنەتەوەی کورد لە سوریا لەژێر چاوەدێری و سانسۆر و ئەشکەنجە و ئازاری دامودەستگاکانی پۆلیس و موخابەراتی سوریادا ژیان بەسەر دەبات.

# له قۆناغی پشوودان و خانەنشینیدا

وەک لە پێشەکی بەرگی یەکەمی "چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی کورد"دا ئاماژەم بۆ کردووە، لە حوزەیرانی ١٩٨٩دا بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی عیراق، لەگەڵ هاوڕێیان مەلا ئەحمەد بانیخێلانی و د. ڕەفیق سابیر گەیشتینە سوید، بە نیازی ئەوەی بایەخ بە بەهێزکردن و فراوانکردنی ڕێکخراوەکان و لایەنگرانی حیزب لە سوید بدەین. بەندە و هاوڕێ مەلا ئەحمەد بە یەک فڕۆکە لە مۆسکۆوە گەیشتینە ستۆکهۆڵم. هەر لەو ساتەی قاچم کەوتە سەر خاکی وڵاتەکە، ئەوەی دەکەوتە بەرچاوم و گوێبیستی دەبووم، سەرتاپایان دیمەنی تازە، ژیانی تازە، شتی نوێ بوون. چەند ڕۆژێک لە کامپی پەناهەندەکان لە ستۆکهۆڵم لەو شوێنەی کە بە کاڵسلوند ناسراوە، ژیاین. لەدواییدا من و خێزانم و کیژە بچکۆلەکەمان بۆ شارێکی بچووک لە خوارووی وڵاتەکە، کە سێسەد کیلۆمەتر لە پایتەختەوە دوورە، نێردراین. شارەکە ناوی ترانۆسە. چوار مانگ لەوێ ژیاین. شارێکی بچووکی ڕێکوپێک. دوو مانگ، ڕۆژانە، بۆ خوێندنی زوبانی سویدی هاتوچۆی قوتابخانەم کرد. بە هۆی ئەوەی چەند ساڵێک بوو چاوەکانم ئاوی سپی تێکەوتبوو، هەستم دەکرد ئازارم دەدات. لە سەرەتای ١٩٩٠دا شوێنی ژیانمان بەیەکجاری لە شاری ئێسکسلتوونا بۆ دیاریکرا. ئێسکلستوونا سەدودە کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای ستۆکهۆڵمەوە دوورە، ژمارەی دانیشتوانی سەدهەزار کەسێکە، پڕە لە کارخانە و کارگە و چەندان پیشەسازی سووک و قورس، زیاتر لە شەش ساڵ و نیو لە شارەکەدا ژیانمان بەسەربرد. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پەناهەندە کە دەگاتە

سوید پزیشکەکان دەکەونە پشکنینی خوێن و هەموو جەستە، زانیاریی زۆر لەسەر باری تەندروستیی کۆن و نوێی مرۆڤ داوا دەکەن و، بایەخی باش بە مرۆڤ دەدەن. هەرچەندە شێوەی کارکردنیان پڕە لە ڕۆتین، هێدی هێدی لەگەڵ نەخۆش ڕەفتار دەکەن. گەلێ جار شێوازی کارەکەیان زیانی زۆر بە نەخۆش دەگەیەنێ.

لە ئێسکلستوونا ماوەی سێ هەفتە لە خوێندنی سویدی بەردەوام بووم. کات و ڕۆژی ئۆپراسیونی چاوەکانم دیارکرا، تا هەردوو چاویان بە چاکی چاککردەوە نزیکی ساڵێکی خایاند. ئەگەر بە پارە و پوول بووایە قەت ئەوە بە من هەڵنەدەسووڕا. ئەوکات، دەمێک بوو چەند هاوڕێ و برادەری دڵسۆز هانیان دەدام، کە قەت باروودۆخی لەوە باشترم بۆ ڕێک ناکەوێت، بۆچ دەست بە نووسینی ئەو کتێبانە نەکەم، کە چەند ساڵە کارم بۆ کردوون. قۆڵم لێ هەڵکرد و ئەوەی مەبەست و ئاواتم بوو، لە ماوەی چوار ساڵدا، هێنامە دی و مشتێک لە خەروارێکی گەورەم هەڵبژارد. ڕووداوە گرنگەکانی دوانزە ساڵی ڕابردووم (١٩٧٩/١/١ تا ١٩٩٠/١٢/٣١) لە سێ بەرگدا کە بریتین لە ١٤٨٦ ڕووپەڵ و پڕن لە دۆکیومێنتی گرنگ و کۆمەڵێک وێنە، بە چاپ گەیاند و بڵاو کرانەوە. چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکان دەنگ و ڕەنگێکی باشی لە کوردستان و لەنێو کوردە ئاوارەبووەکاندا دایەوە! لە چەند ڕۆژنامە و گۆڤاردا وەک: نیشتمان، ڕزگاری، خەبات، کوردستانی نوێ، هەنگاو و ڕێگای کوردستاندا تێبینی باش و ڕەوایان لەسەر کتێبەکان نووسی و، هەروەها وەک سەرچاوە چەند برایەکی کورد سوودیان لێ وەرگرتوون. سوپاسی گەرم و ڕێزی زۆرم بۆ ئەو برا نووسەرانە هەیە و کارەکانی ئەوان کتێبەکانی فراوانتر بە ڕۆڵەی کورد و لێزان و توێژەروان ناساند. بە داخەوە تا هەنکە نەمتوانیوە

ژمارەیەکی زۆریان لێ بنێرمەوە وڵات.

لە شاری ئێسکلستوونا ژمارەیەکی زۆر لە خاووخێزانی کوردی ئاوارەبوو دەژین، هی هەموو پارچەکانی کوردستان، لە زازا، فەیلی، یەزیدی، ئەهلی هەق، سۆران، بادینی و کرمانج پێکهاتوون. چەند ساڵە کۆمەڵەیەک بە ناوی (کۆمەڵەی کوردستانی لە ئێسکلستوونا) دامەزرێنراوە. شێوەی ئەرک و کارکردنی لە کۆمەڵەیەکی کۆمەلایەتیی دیموکراسی یان یانەیەکی کۆمەلایەتی، هونەری و کلتووری دەچێت. لە خۆشی و شادی، پرسە و ناخۆشی، تاڵی و سوێری و ڕووداوی ناجۆری کوردستاندا کۆبوونەوە و دانیشتنی تێدا دەکرێت و، هەروەها کۆڕ و سیمیناری ئەدەبی و کولتووری تێدا دەبەسترێت. لە هەمان کاتدا شوێنی خوێندنەوە، وەرزش و چەند جۆرە یاریکردنی تری تێدا هەیە.

بە داخ و پەژارەوە، ئەو ناکۆکی و دووبەرەکی و کێشە نارەوا و نابەجێ و ناپەسەندانەی کە لەنێو پارت و گرووپە سیاسییەکانی سەرتاپای کوردستاندا هەن، ڕەنگێکی ناشرین و دارزاوی لەنێو کوردە ئاوارەبووکانیشدا داوەتەوە، سەرهێشە و ملمانێی بێمانا و منداڵکارانەی بۆ دروست کردوون، بۆتە هۆکارێکی زێدەبەدەر خراپ و پەیوەندی و هاریکاری و هاوکاری نێوانیانی تێک داوە. لە بەرانبەر ولاتانی بێگانەشدا نرخی نەتەوەکەمانی دابەزاندووە. سووکی و بێڕێزی بۆ کێشە ڕەواکەی کورد خوڵقاندووە.

لە مانگی ئابی ۱۹۹۰دا دەنگوباس بڵاو بووەوە کە سوپای عێراق کوێتی داگیرکردووە. کار و پیشەی ئێمەی کورد و برایانی عیراقی بوو بە دواکەوتنی دەنگوباسی ئەو ئاژاوە و گێژەڵووکەیەی میریی عیراق، کتوپڕ، هەڵگیرساند! بەو مەبەستەی بزانین بارەکە بە چ لایەکدا وەردەچەرخێت!

سەرۆککۆماری عیراق، دیکتاتۆر سەدام حوسەین، وای بۆ چووبوو کە بەم هەنگاوە کورتبین و سەرشێتانەیە، ڕژێمەکە لە قووڵترین قەیرانی دارایی، سیاسی و کۆمەلایەتی دەرباز دەکات. کە لە ئەنجامی شەڕێکی ناڕەوای هەشت ساڵی نێوان عیراق و ئێراندا(٤١) دووچاری وڵاتەکەی کردبوو. کاربەدەستانی بەغدا وایان لێکدابووەوە کە بەسانایی کوێت قووت دەدەن! تاوانەکەشیان بۆ دەچێتە سەر. لە گەلێ وڵاتانی عەرەبی و جیهاندا چەندان تەقەلای هێژا و دڵسۆزانە درا کە میریی عیراق وازی بە ئاگر نەکات و، بەبێ شەڕوشۆڕ کوێت بەجێ بهێڵێت. گوێیان بە هیچ نەدا و گشت بانگەواز و هەوڵ و تەقەلایەک بە فیڕۆ ڕۆیشتن. ئەوە بوو لە سەرەتای ١٩٩١دا هێرشێکی خەست و قورس و فراوان لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتانیا، فەرەنسا و چەند وڵاتێکی تردوە کرایە سەر عیراق و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا سوپای عیراق تێکشکێنرا. لە ڕووی پیشەسازی، کارخانە و کارگە و ڕێگاوبانیشەوە، دامودەستگاکانی دەوڵەتیی وڵاتەکە دووچاری گەورەترین زیان و تێکدان بوو و، چۆک بە عیراق دادرا و سەری پێ شۆڕ کرا. تەنانەت سوپای وڵاتەکانی هاوپەیمان گەیشتنە دەورویەری شاری ناسریە، لە خوارووی عیراق.

لە لایەکەوە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان و کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی نەوت و، لە لایەکی تریشەوە لە ترسی ڕاپەڕینی برا شیعەکانی عیراق و ڕۆڵی ناڕەوا و تێکدەری ئاخوندە فەرمانڕەواکانی

---

(٤١) لە ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ هێزە چەکدارەکانی عیراق هێرشێکی فراوان و کوتوپڕیان کردە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران. شەڕێکی وێرانکارانە هەشت ساڵ درێژەی کێشا و ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٠ ڕاگیرا. گەورەترین زیانی گیانی، دارایی، ئابووری، پیشەسازی و کشتوکاڵی بە هەردوو وڵاتەکە گەیاند. ئاسەوارەکانی ئەو شەڕە هەروا زوو پڕ ناکرێتەوە.

ئێران، هاوپەیمانەکان هێرشەکانیان وەستاند و، ماوەیان دا پاشماوەی هێزە بەزیوەکەی عیراق بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی سەدام. کارەسات و ئاپۆرەکە ئەوەندە مەزن و پڕ زیان و ئازار بوو، لە سەرەتای مانگی ئاداری ۱۹۹۱دا لە بەسرە و خوارووی عیراق تا زاخۆ، هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستانی بە عیراقەوە لێکنراو، ڕاپەڕینێکی جەماوەریی فراوانی کەموێنە دەستی پێکرد. ڕژێمە دۆڕاوەکە، بێبەزەییانە، کەوتە گیانی جەماوەر. لە ناوچەکانی خوارووی عیراق و هەرێمی فوراتی ناوەڕاستدا کەوتنە قڕکردن و وێرانکردنێکی هارانە. هەزاران ڕۆڵەیان لەتوپەت کرد. چەندان شار و لادێیان وێران کرد. بەتایبەت نەجەف، کەربەلا، عەمارە و ناوچەکانی زۆنگاو (الاهوار). خەریکی ئەوە بوون لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان ئاوات و کاری دڕندانە هەڵبستن، بۆیان نەچووە سەر. جەماوەری کوردستان و هێزە سیاسی و پارتیزانەکان کەوتنە بەرگریکردن و ڕاونانی سوپا و هێزە شکاوەکەی فاشیستەکانی بەغدا، تا گەیشتنە ڕزگارکردنی شاری کەرکووکیش! هەر کە دامودەستگاکانی ڕژێمەکە کەمێک خۆیان کۆکردەوە، کەوتنەوە پەلامار و هێرشبردن بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە یەک ملیۆن کورد دووچاری هەڵاتن و ئاوارەبوون هاتن و بەسەر ناوچە شاخاوییەکانی سەرسنووردا، لە هێندێ شار و شارۆچکە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو بوونەوە. کارەساتەکە ئەوەندە پڕ زیان و ئەستەم بوو تا گەیشتە ئەو قەوارەیەی دڵ و دەروونی ڕای گشتیی جیهانی هێنایە هەژان و، وای کرد کە ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان بڕیاری وەرگرت کە تا هێڵی ۳٦ی پان لە خاکی کوردستانی عیراق بپارێزێت. ماوە نەدات دەسەڵاتی سوپای عیراق بگەڕێتەوە ناوچەکە. ئەم

بڕیارە مێژووییە شادی و خۆشی لە هەرێمەکەدا پەیدا کرد و، دەربەدەر و ئاوارەبووکان گەڕانەوە سەر شوێن و ماڵ و سامانی خۆیان.

هەر لەو سەروبەندەدا پەناهێنە کوردەکان لە ئەورووپا و وڵاتە بیانییەکانی تر، کەوتبوونە چالاکی و جموجووڵی فراوان، مانگرتن، خۆپیشاندا و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن و پروپاگەندە دژی ڕەفتار و کردەوە دڕندانەکانی کاربەدەستانی بەغدا و بەفراوانی زۆری وڵاتانی دونیای گرتبووەوە و دەنگێکی باشی پەیدا کردبوو. هەروەها بە چەندان پیتاک کۆ دەکرایەوە و بۆ کوردستان دەنێرران. باروودۆخەکە، لە ئەنجامدا، بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکانی کوردستانی باشوور وەرچەرخا و دامودەستگاکانی میریی عیراق لە سێ پارێزگاکەی باکوور و بەشێک لە پارێزگای کەرکووک خۆیان پێڕانەگیرا و هەرێمەکەیان بەجێهێشت.

لە ناوەڕاستی ١٩٩٢دا بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەکەماندا بۆ پەرلەمانێکی کوردستانی هەڵبژاردن کرا. لە ئەنجامدا دوو هێزە سەرەکییەکە، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، پەنجا بە پەنجا دەستیان بەسەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا گرت. ئاوات و هیوای هەزاران شەهیدی ڕێگای ئازادیی کوردستان و جەماوەرە کۆڵنەدەرەکەی هاتە دی.

پێش هەڵبژاردنەکە، بە ماوەیەک، هاوڕێیانی حیزبی شیوعی عیراق لە سوید کەوتبوونە دەرسکردنی بارە نوێیەکە و جموجووڵی پارتەکانی کوردستان. ڕۆژێک ئێمە چەند هاوڕێیەک کە لە شاری ئێسکلستوونا دەژیاین لە ماڵی باوکی تارا (برایمی سۆفی مەحموود) کۆبووینەوە. بەشداربووەکان یوسف حەننا، ماجید سەعید (وریا)، باوکی تارا، جەمیل یوسف، ئەحمەد ڕەجەب و من بووین. گفتوگۆ و دەمەتەقەمان لەسەر

هەڵبژاردن و لیستەکان کرد. ناو و ڕەنگی هەر چوار لیستەمان لە بەردەمدا بوو. هەڵوێستی سەرکردایەتیی حیزبم بە ڕاست نەزانی کە بە لیستەیەکی سووری تایبەت بە خۆ دابەزیوەتە ناو کێشە و ململانێیەکە. ڕاکانم بریتی بوون لەوەی کە پێویستە حیزبی شیوعی عیراق پرۆگرامێکی چڕوپڕ لە چەند خاڵێکدا، تایبەت بە ئامانجە نزیکەکانی جەماوەر و هەڵبژاردنەکە، بڵاو بکاتەوە. هاوکاتیش پێشنیاز بۆ پدک و ینک بکات، کە هەر لایەنێک چەند خاڵێک زیاتر لە پرۆگرامەکە پەسند بکات و ژمارەی زیاتر لە ئەندامان لە پەرلەمانەکەدا بە حیزب بدات، بەجەرگانە، لەگەڵ ئەو لایەنە ڕێک بکەوێت. بەو مەرجە لە پەرلەمانەکەدا نوێنەرانی حیزبی شیوعی سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. کاتێکیش کە بەتەواوی ناوەکانی لیستەی سوورم بینی، لەبەر ئەوەی زۆربەیانم دەناسی، یەکجار بە لاواز هاتە بەرچاوم. هاوکاتیش بوونی ناوی هاوڕێ عەزیز محەمەد لە لیستەکەدا، کە ئەوکات سکرتێری یەکەمی حیزب بوو، ناڕاست و هەنگاوێکی هەڵە بوو. لە کۆبوونەوەکەدا داوا کرا کە ڕا و پێشنیازەکان بە فاکس بگەیەنرێتە سەرکردایەتی حیزب. سەرتاپای بۆچوون و ڕایەکان گوێیان پێ نەدرا و بە فیڕۆ ڕۆیشتن. لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا نرخ و ڕۆڵی حیزب بەرانبەر بە هێزە کوردستانی و عیراقییەکان گەلێ دابەزی![٤٢]

لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٩٢دا بە خۆشی و شادییەوە خۆم و خێزانم خۆمان ئامادە کرد بە ڕێگای سوریادا بگەڕێینەوە و سەردانی کوردستان بکەین، چاومان بە نیشتمانە خۆشەویستەکەمان، خزم و کەس

---

(٤٢) هەندێ لە هاوڕێیانی سەرکردایەتی حشع چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە لیستەکەیان بە لای کەمەوە لە ١٢٪ یا ١٤٪ دەنگ وەربگرێت، کەچی لەئەنجامدا لە ٢٪ (لە سەدا دوو)ی هێنا.

و هاوڕێ و برایانمان بکەوێتەوە، ئەوانەی پانزە ساڵ بوو لێیان دوور کەوتبووینەوە. بەداخەوە، هەر کە گەیشتینە فڕۆکەخانەی دیمەشق ئاگاداریان کردین کە ماوە نییە بۆ هیچ کەسێکی عیراقی نە بچێتە ناو خاکی سوریا و نە دەرچێت بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق. یەکسەر ئێمە و برای خۆشەویست دکتۆر ڕەشاد میران و ژمارەیەکی زۆری تریان لە فڕۆکەخانەوە گێڕایەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەیانەوە گەیشتبووینە دیمەشق، بەڕاستی ئەم قەدەغەکردنە ماندووبوون و زیانێکی باشی پێگەیاندین!

سوور بووین لەسەر گەڕانەوە بۆ کوردستان، ئەوە بوو لە سەرەتای ئایاری ١٩٩٣ بە ڕێگای تورکیادا گەڕاینەوە وڵاتەکەمان. ماوەی چلوپێنج ڕۆژ لە هەولێر و کۆیە ماینەوە. ئەوەی بەوردی سەرنجی ڕادەکێشا ئەوە بوو گەلێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی قووڵ بەسەر باری ژیان و ئاداب و نەریتی کۆمەڵایەتیماندا هاتبوو. ژمارەیەکی زۆرم لە برادەرانی ئازیز و هاوڕێ و دۆست و خزم و کەسوکار بینییەوە. چاوم بە ژمارەیەک لە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان کەوت. دەمەتەقە و گفتوگۆی زۆرمان دەبوو، کە بە چ ڕێبازێک پێویستە نەتەوەکەمان بەرەو سەرکەوتنی تەواو و پێشکەوتن ببرێت و سەقامگیر بکرێت. ڕەخنەی دروستکەر و ئەو ڕا و بۆچوون و پێشنیازانەی لە مێشکمدا بوون، بەزەقی، دەمخستنە ڕوو.

بەڕاشکاوی مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا هەستی دەکرد کە جەماوەرەکە یەکجار یەکجار گوشاد و دڵخۆشە بەو سەرکەوتنەی کە لەدوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، ئەنفال و وێرانکردنی کوردستان بە دەستیان هێنابوو. هەروەها هەست دەکرا کە چەند شاد و بەختەوەرن

بەوەی لە چنگی شالاوی پیاوکوژە چەتە تاوانبارەکانی ڕژێمە فاشیستەکەی عیراق ڕزگاریان بووە! بێجگە لەوەیش هەست دەکرا کە بە برسێتی، هەژاری و بێکاری ڕازین و تاکە ئاواتیان ئەوە بوو جارێکی تر دامودەستگاکانی ڕژێمە سەرکوتکەرەکە نەگەڕێنەوە سەریان. ڕەخنەی زۆریان لەسەر ئەو تالان و دزییە بێشەرمانەیە دەربڕی، کە کرایە سەر گەنجینە و سامان و موڵکەکانی دەوڵەت. بەجەرگانە پەنجەی تۆمەتیان بۆ هێندێ لێپرسراوی سەرەکی ڕادەکێشا. زانا و نەزان، بچووک و گەورە، بە ئاشکرا و نهێنی کەوتبوونە دەربڕینی بێزاری و نارەزایی لەسەر چەندان کەموکورتییەکان و کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان پدک و ینک، کە نە گیان بە بەرژەوەندیی جەماوەر و نە داهاتووی نەتەوەکە دەدا و نە حسێبێک بۆ ڕای گشتی، تێبینی و پێشنیازی پارتەکانی تر و کەسانی ناسراو و لێهاتوو دەکەن. کە چۆن بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی و دەسەڵاتیان لە سەرووی هەموو شتێکەوە داناوە.

زەمینەیەکی یەکجار لەبار بۆ خائینان و نیشتمانفرۆش و دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان ڕەخسا کە شوێنی خۆیان باش لەنێو کۆمەڵگاکەدا بکەنەوە، ماکی خراپەکاری، تۆوی دووبەرەکی و کورد کوردکوژی و بۆمبای تێکدان، وەستایانە، بەو مەبەستەی هەر کاتێک نیازیان بێت دەستکەوتەکانی نەتەوەکەمان لەناو بەرن و ئاواتە گڵاوەکانیشیان بهێننە دی، بنێنەوە.

سەرکردایەتیی پدک و ینک بەوە ڕازی نەبوون کە ڕێککەوتنە پەنجا بە پەنجاکەی نێوانیان بپارێزن، پێکڕا لە هەڵمژینی پیت و بەرەکەت و بەربووم و هەموو دەستکەوتەکانی کوردستاندا بەردەوام بن، کەوتنەوە کێشە و ململانێ و دووبەرەکیی یەکتر. هەر لایەکیان تەقەلای ئەوەی دەدا،

دەسەڵات و توانای بەسەر زۆربەی ناوچەکانی هەرێمەکەدا بکێشێت و شوێنی خۆی بچەسپێنێ و پتەوی بکات. کەوتنە پەلهاویشتن و پێشبڕکێ بۆ بەهێزکردنی میلیشیاکانیان و پەیداکردنی کەلوپەلی پێویست بۆ شەڕی ناوخۆ و یەکتری کوشتن.

نەخشە و پلانی دوژمنە سەرەکییەکانی کورد و کوردستان، ڕۆژ دوای ڕۆژ، شوێنی خۆیان لەنێو هەردوو هێزدا باشتر کردەوە. دوژمنەکان وا خۆیان نیشان دەدا کە ئامادەن هەر لایەکی کوردی ئەوەی پێویستیان بێت پێشکەشیان بکەن. پەردە لەسەر جموجووڵ و پەیوەندییە نهێنییەکانی هەردوو لا هەڵماڵرا. شەرم لەسەر ڕووی سەرکردەکانیان تکا. بە چەندان شێوە، سەرشێتانە، کەوتنەوە کوشتوبڕی یەکتر. لە ئێستاشدا، وەک هەموو جارێکی تریان، ئامادەن بە ئاماژەی داگیرکەرانی کوردستان یا وڵاتە زلهێزە خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان، بەپەلە، بکەونە ڕاکردن و کۆبوونەوە لەژێر چاوەدێری ئەواندا، وەک ئەوەی لە بنەڕەتدا بۆ کڕنووشبردن و سەرشۆڕکردن بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان پەروەردە کرابن. هەمیشە ئامادەن ڕۆڵی زەلیل و نیشتمانفرۆشان ببینن! هەستی پیاوەتی و دڵسۆزیی نەتەوایەتی لە دڵ و دەروونیاندا، لە قەوارەیەکی تەسکی نارەوا پەنگاوی داوەتەوە. مل بۆ ئەوە دانانەوێنن کە لە سەرتاپای کوردستان کەسایەتی ناودار، پیاوانی هێژا، هۆزان، لێزان و هێندێ پارت و تێکۆشەرانی دڵسۆز بۆ کورد و کوردستان زۆرن، دەتوانن بە ڕێبازی ڕاست و دادپەروەرانە نێوبژی نێوان دوو هێزەکە بکەن و، ڕەگی ناکۆکییەکانیان و شەڕی کورد کوردکوژی هەڵبکەنرێت، باڵی تەبایی و ئاشتی و یەکێتی سەرتاپای کوردستان بگرێتەوە. جەماوەرە قارەمانە کۆڵنەدەرەکەی کوردستان لە برسێتی، دەربەدەری، ڕاوڕووت و

شەڕی کوردکوژی و ناوەخۆ ڕزگار ببێت!

دەمێکە سەرکردایەتی هەردوو هێز سەرەکییەکە، پدک و ینک، لەسەر ڕێبازێکی پڕ مەترسی و ناڕەوا کاری سیاسی و بزاڤ دەکەن، زیانی زۆریان بە کێشە ڕەواکەی نەتەوەی کورد گەیاندووە. بەتەواوی ئاکامەکانی بۆ بەرژەوەندی بەغدا، تاران و ئەنقەرە گەڕاوەتەوە و، دەگەڕێتەوە. سەرکردایەتی هەردوو پارتەکە، بەبێ جیاوازی و بە یەک پێوانە، بەرپرسیاری مێژوویی و ئۆباڵی کارەساتەکان و دەردەسەری و ئەشکەنجەی نەتەوەکە هەڵدەگرن. دوور یا نزیک سزای گشت سازشکارییەکانیان بە کوردایەتیی ڕاستەقینە وەردەگرن. لەعنەت و لۆمە بەدوایاندا دەمێنێتەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە بگەڕێمەوە سەر چۆنیەتی ژیان لە دواترین ئێستگەی کاروانەکەمدا. هەر پەناهەندەیەک کە دەگاتە سوید، لە لایەن دامودەستگای پۆلیسەوە لێکۆڵینەوە و پرسیاری لەگەڵدا دەکرێت. یەکسەر دەستگای بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی (سۆسیال) شوێنی ژیان و حەوانەوەی بۆ تەرخان دەکات. بەپێی ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە، یارمەتی مانگانەی بۆ دەبڕێتەوە. شوێنی خوێندن و فێرکردنی زوبانی سویدی بۆ دادەنرێت، هەروەها شوێنی پەروەردەکردن بۆ ئەو منداڵە ساوایانەی کە تەمەنیان لە ساڵێک زیاتر بێت ئامادە کراوە. کە منداڵ تەمەنی بوو بە حەوت ساڵان پێویستە بچێتە قوتابخانە و تا تەمەنی دەگاتە هەژدە ساڵان نابێ قوتابخانە جێ بهێڵێت. دوای ئەو تەمەنە ئازادە خۆی ڕێگای داڕۆژی ژیانی هەڵبژێرێت. ئەگەر پەناهێن تەمەنی لە سەرووی پەنجا ساڵان بێت، یا تەندروستی خراپ بێت، یارمەتی دەدرێت و لە گەلێک ئەرکیش چاوپۆشی لێدەکرێت.

سوید وڵاتێکی یەکجار خۆش و جوان و ڕێکوپێکە، پانتایی خاکەکەی بەقەد پانتایی خاکی عیراقە. زۆربەی خاکەکەی بە دارستان و ئاو و دەریاچە داپۆشراوە. گەلێ شاخ و گرد، بەرزی و نزمی، کەند و لەندی تێدا هەڵکەوتووە. بە هۆی ئەوەی لە قوتبی باکوورەوە (القطب الشمالی) نزیکە، زستانی سارد و درێژە و یەکجار زۆر بەفری لێ دەبارێت. چوار وەرزی ساڵ بە جوانی تێیدا بەدی ناکرێت. وەرزی هاوین و گەرما کورتە، دانیشتوانی وڵاتەکە یەکجار تامەزرۆی خۆهەڵخستنن لەبەر تیشکی خۆردا، هاوینان لەو ڕۆژانەی ئاسمان ساماڵ و خۆرهەتاوە، لە هەموو شوێنێک دەبێتە شادی و خۆشی و لە لێوار دەریاچەکان، نێو دارستان و شوێنە ڕەنگینە جوانەکان، بە هەزاران گەورە و بچووک دەکەونە ئاهەنگگێران و مەلەکردن و وەرزش. لەسەر هەر پارچە چیمەنێک، جەنگەڵ و دارستان و شوێنە دیاریکراوەکان سەیرانگای زێدەبەدەر خۆش و پڕ گوشادی دەبینرێت!

لە مانگی ئایار تا ئەیلوول باران بە زۆری دەبارێ، دوای ئەوە ساردی و شەختە و بەفربارین دەست پێدەکات. پلەی گەرمای نێوان باکوور و باشووری وڵاتەکە جیاوازی زۆریان هەیە.

لە ناوەڕاست و خوارووی وڵاتەکەدا کشتوکاڵ، بەتایبەت گەنم و جۆ، پەتاتە، سەوزە و میوە وەک سێو، هەرمێ بەرهەم دەهێنرێت. شێوازی زانستیی نوێ، زبڵی کیمیاوی و چەندان ماشینی تایبەتی بە فراوانی تێدا بەکار دەهێنرێت و سوودی زۆریان لێ وەدەست دەهێنن. یەکجار بایەخ بە گوڵ و دار دەدەن. لە هەموو ماڵ و کۆگا و دامودەستگایەکدا شوێنی تایبەتی بە گوڵ و گەڵا ڕازاوە هەیە.

ئاستی گوزەران لە سوید بەرزە. چەندان بەرهەمی پیشەسازی،

بەرهەمی کشتوکاڵ و هەموو جۆرە پێداویستییەکانی ژیان و زێدەپێویست (الکمالیات) لە وڵاتانی جیهانە دەهێنرێنە وڵاتەکەوە و ساڵ دوانزە مانگ بازاڕ و کۆگاگان پڕن لە شتومەک و هەرچی مرۆڤ داوای بکات بەسانایی دەست دەکەوێت. بەرهەمی ئاژەڵ وەک گۆشت، پەنیر، ماست، شیر و کەرە و هەروەها گۆشتی مامر و باڵندە و ماسی یەکجار زۆرە.

لە ڕووی پیشەسازییەوە سوید یەکێکە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان. هەر لە فڕۆکە، کۆمپیوتەر، کەشتی، ئوتۆمۆبیل و کارگە و کارخانەی قوورس و سووک، کاغەز و چەک تا دەگاتە شەمچە و دەرزی و شتی تری تێدا بەرهەم دەهێنرێت. بەڕاستی مرۆڤ سەرسام دەوەستێت ئەو کاتەی گوێبیست دەبێت کە ئەو هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە لە ماوەی حەفتا ساڵدا وەدەستهێنراوە. لە ماوەی ئەو حەفتا ساڵەشدا پارتی سۆسیال دیموکرات(٤٣) زیاتر لە چل ساڵ حوکمی وڵاتەکەی لەژێر دەستدا بووە.

لە ڕووی ڕەوشت و خوو، هەڵسوکەوت، نەریت و پیشە و کلتوورەوە،

---

(٤٢) سۆسیال دیموکرات: بەو پارتانە دەگوترێت کە لە کۆتایی ساڵەکانی ئینتەرناسیونالی دووەمەوە (١٨٨٣-١٩١٧) دژی ڕێبازی لینین و لایەنگرانی وەستان. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیای تساری ١٩١٧، کۆمەڵێک لەو هێز و پارتانە ئینتەرناسیونالی چوارەمیان بۆ خۆیان ڕێکخست. ستراتیژیەت و ڕا و بۆچوونە تیۆرییەکانیان بریتییە لەوەی کە بە ڕێگای ئاشتی و بەرەو پێشکەوتنی هێمنی ڕژێمی سۆسیالیستی بنیات بنرێت.

هەموو ساڵێک کۆبوونەوە لەنێوان خۆیاندا ساز دەکەن. زۆربەی پارتەکانی سۆسیالستی و کرێکاری لە جیهاندا، وەک پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا، سۆسیال دیموکراتی سوید، پارتی سۆسیالیستی ئیسپانیا، پارتی کرێکارانی بریتانیا، پارتی کرێکارانی ئوستралیا، پارتی سۆسیالیستی نەمسا و پارتی کاری ئیسرائیل و..هتد گوایا بە ڕێبازی سۆسیال دیموکرات تێکۆشانی خۆیان بەرەوپێش دەبەن.

جیاوازییەكی زۆری هەیە لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێیەم.[٤٤] هەڵسوكەتیان لە گەلێ ڕووەوە لەگەڵ هی وڵاتانی بیانی یەكتر ناگرێتەوە. پەناهێنیش بەسانایی پێی هەزم ناكرێت!

پاراستنی مافی مرۆڤ، یەكسانی بەرانبەر بە یاسا، سەربەستییە دیموكراسی و كۆمەڵایەتییەكان، ئازادیی بیروڕا، دەربڕینی ڕەخنە و نارەزایی، ژیانی شارستانیەت و مۆدێرن لە ئەوپەڕی پلەی بەرزدایە. زێدەبەدەر ڕێز لە منداڵ و پیر و پەككەوتووان دەگرن. لە هەموو ڕوویەكەوە ژیانیان مسۆگەر كراوە. مافی ئافرەت و خێزان پارێزراوە، یاسا و ئاداب و نەریت بەتەواوی بۆ بەرژەوەندی ئەوان دەگەڕێتەوە. لەڕاستیدا سوید وڵاتی ژیان و ڕێزگرتنی پیاو و ژنی پیر، پەككەوتە و منداڵ و ئافرەتە. بایەخی تەواو بە پاراستنی ئاووهەوا و ژینگە (البیئە) دەدەن. بەرگریی تەواوی لێ دەكرێت. ناهێڵن پیس بكرێت و قرێژ بڵاو ببێتەوە و بشوێنرێت.

خوێنەری ئازیز! نابێ وا بزانرێت كە سەرتاپای ڕووەكانی بژێوی لە سویددا بەبێ كەموكورتی و ناتەواویدایە. بەپێچەوانەوە لە وڵاتێک كە سەرژمێری دانیشتووانی لە هەشت ملیۆن كەس زیاتر نابێت، بە چەندان ڕەنگپێست، سپی، ڕەش و زەرد، زوبان و ئاداب و نەریت، تیرە و ئایینی تێدا كۆبووبێتەوە، پیشە و كلتووریان لە یەكتری دوور بێت، لە ڕووی ژیان و پەروەردەكردنەوە جیاوازی قووڵ لە نێوانیاندا هەبێت، بەسانایی لە ماوەی چەند ساڵێكدا لە بۆتەی كۆمەڵگایەكی پێشكەوتووی مۆدێرندا، لە

---

(٤٤) وڵاتانی جیهانی سێیەم: بە بەشی هەرە زۆری ئەو وڵاتانە دەگوترێت كە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە (١٩٣٩-١٩٤٥) لەژێر دەستی وڵاتە ئیمپریالیستەكان ڕزگاریان بووە و سەربەخۆیی وڵاتەكانیان وە دەست هێناوە، بەڵام لە گەلێ ڕووەوە بە دواكەوتوویی ماونەتەوە.

ژیانە کۆنەکانیان ڕزگاریان نابێت و قەوارەیەکی یەکگرتووش بە خۆیەوە نابینێت، بە هۆی ئەوەوە گەلێ ڕەوشتی خراپ، ناپەسەند لەم شوێن و ئەو شوێن ڕوو دەدەن، وەک دزیکردن، شەڕ و گێچەڵ، سەرخۆشی و موخەدیران، دەستدرێژیکردن و زەوتکردنی نامووس، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی سێکسی، بڵاوبوونەوەی بیروبڕوای ڕەگەزپەرستی و نەژادی، دژایەتیکردنی پەناهەندە، بەتایبەت دژایەتیکردنی کەسانی پێستڕەش و...هتد. دیاردەیەکی ناڕەوا بە شێوەی گشتی لە نێوان سویدییەکان بەدی دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە یەکجار ساردن لەگەڵ پەناهەندەکان و ئارەزوو و حەزیان لە دۆستایەتیکردنیان نییە! گرووپی ڕەگەزپەرستیی بچووک بچووک هەن دژایەتی و بەربەرەکانێی پەناهەندەکان دەکەن. لە هەندێ ڕەفتاریاندا لاسایی نازییەکانی سەردەمی هیتلەر دەکەنەوە.

میریی سوید و پارتە سەرەکییەکان تەقەلای زۆر دەدەن کە بە ڕێگای یاسا، شێوازی شارستانی، پشووی درێژ ڕەفتار لەگەڵ ڕووداو و دیاردە ناپەسند و نابەجێیەکاندا بکەن. ئەوانەی لە سنووری یاسا و سیستەمی وڵاتەکە دەردەچن و سەرپێچی دەکەن بە ڕێگای دادگا سزا دەدرێن و سنووریان بۆ دادەنرێت.

سەدان نامیلکە، کتێب، گۆڤار و بڵاوکراوە و دراسات بە گەلێ زمان لەسەر باری سۆسیۆلۆژی و پێشکەوتنی وڵاتی سوید نووسراوە. بە کارێکی ڕەوای دەبینم کە هەر نووسەرێک ئەوەی لە توانایدا هەیە لەسەر چۆنیەتی ژیان لە سویددا بنووسێت، کە بووە بە نیشتمانی دووەم بۆ هەزاران پەناهەندە لەم جیهانەدا.

وا حەوت ساڵە خۆم و خێزان و شەش ڕۆڵەم لە سوید دەژین. چوارمان ناسنامەی سویدیمان پێدراوە، ئەوانی تریش لە چاوەنۆڕیدان. مافی

تەواومان هەیە لە جموجووڵی پارتایەتی، کۆمەڵایەتی و هەڵبژاردندا وەک خەڵکی سوید بەشداری بکەین. ئازادین لە هەر شار و ناوچەیەکدا بمانەوێت بژین. مرۆڤ بەتەواوی هەست بە پاراستنی و ماف و ژیان دەکات و ئەرکێکی پێویستیشە کە ڕێز لە مافی هەموو هاوولاتییەکی سویدی بگیرێت. مرۆڤی ڕاستگۆ، ئیشکەر و بەئەخلاق و هێژا لە هەموو شوێنێکدا ڕێزی لێدەگیرێت.

لە سەرەتای ١٩٩٦دا بە هۆی تەمەنەوە، بەپێی یاسای سویدی، خانەنشین کرام. تا لە ژیاندا ماوم و لە هەر شوێن و وڵاتێکدا بژیم، ئەو مانگانەیەی بۆم تەرخانکراوە بە دەستم دەگات و، وا چەند مانگێکیشە قۆناغی ژیانی یەکجاریم کەوتۆتە ستۆکهۆڵم. ژیانی ڕۆژانە و ساکاریم بارێکی ڕۆتینی وەرگرتووە، زۆربەی کات بە خوێندنەوە، تەماشاکردنی تەلەفزیۆن، گوێگرتن لە ڕادیۆ، بەسەر دەبەم. لە نووسینیشدا بەردەوامم و کەمکەمەش بەشداری لە هێندێ کۆڕ و دانیشتن و سیمینار و چالاکییە کوردستانییەکاندا دەکەم. ئەوەی بە ڕاست و بەسوودی بزانم و لە بەرژەوەندی نەتەوەکەماندا بێت درێخی لێ ناکەم. بەتایبەت لە ساڵی ١٩٩٣ەوە تا ئەمڕۆکە، لەپێناو بنیاتنان و دامەزراندنی کۆنگرەی کوردستانی لە چەند کۆڕ و کۆبوونەوە بەشداریم کردووە. پەیوەندیشم لەگەڵ ژمارەیەک لە برایانی دڵسۆز و تەقەلادەردا هەیە، کە سەرگەرمانە بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی یەکگرتوو تێ دەکۆشن. ئەوەی بە ڕەوا و ڕاستم زانیبێت وەک پێشنیاز پێشکەشم کردوون.

بوونی کۆنگرەیەکی یەکگرتوو پێداویستییەکی یەکجار مێژووییە. یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان کە سەرکەوتن وە دەست دەهێنن. مەرج و پێویستیشە هەر لەسەرەتادا لە چوارچێوەی دەسەڵات و عەقڵیەتی

پارتایەتیی تەسک و ناوچەگەریتی و هەرێمیدا نەبێت! بۆ سەرتاپای کێشە ڕەواکەی کورد و کوردستان تێ بکۆشێت، وەک لوبی جوولەکەکان، یا لە شێوەی هێندێ ڕێکخراوی کۆکەرەوەی یەکگرتوودا ساز بکرێت، ستراتیژیەتی لە شێوەی کارکردنی بەرەییشدا فراوانتر بێت! لەنێو وڵاتانی دونیادا، ڕێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی، ئابووری، فریاگوزاری، مافی مرۆڤ، یاسایی و ئایینی گورجوگۆڵی بنوێنێت. شەرعیەت و ڕاستی شێوازە ڕەواکەی نەتەوەکەمان بە گشتیان ڕابگەیەنێت. پروپاگەندە و بڵاوکراوەی زۆر بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەمان بڵاو بکاتەوە. بەرگریی تەواو لە مافە ڕەواکانی سیوپێنج ملیۆن کورد و نیشتمانە پارچەکراوەکەی بکات. خائینانی کورد، نیشتمانفرۆشان، داگیرکەرانی کوردستان و ئەو وڵاتە زلهێزانەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لایەنگر و پشتی دوژمنانی نەتەوەکەمان دەگرن، ڕیسوا بکرێن. درۆ ناڕەواکانیان، پەڵپ و بیانووە ناڕاستەکانیان پووچەڵ بکرێت. دڵسۆزانە تەقەلا بدات ناکۆکی و کێشە لاوەکییەکانی نێوان هێز و پارتە کوردستانییەکان بە ڕێگای ئاشتیانە و گفتوگۆی برایانە، چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. شەڕی کوردکوژی و ناوەخۆ لە بنەڕەتدا قەدەغە بکرێت، هەڵگیرسێنەرانی لۆمە و تف و نەفرەتیان لێ بکرێت.

کۆنگرەی کوردستانی وەک خێوەتێکی بەرکراوەی فراوان سەرتاپای توانا و هێزی پارتەکان، گرووپ و تاقم و دەستە و جەماوەری کوردستان لە هەر شوێنێکدا دەژین، کۆ بکاتەوە. ڕێنوێنی و ئامۆژگارییان بکات. دەبێت هەموو کوردێک دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە سەرکەوتنی کورد و کوردستان پێش هەموو کار و هەنگاوێک لە یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەکەمان وە دەست دێت.

مرۆڤی نیشتمانپەروەر هەرچەندە دووچاری دەربەدەری و ئاوارەبوون بێت، تا ئەو ساتەی گیان لە جەستەی دەردەچێت، هەست و نەست و سۆزی وڵاتەکەی، گەلەکەی، خاکی نیشتمانیی هاونەژاد و هاوخوێنی هەر لە مێشک و یاددایە. سەرگەرمانە چاوەنۆڕی ئەو ڕۆژە دەکات کە کوردستانی خۆشەویست و زامدارمان باری ئاشتی و ئارامی بە خۆیەوە ببینێت. یەکێتی و بەرابەریی و هاوکاریی نێوان هێز و پارتەکانی کوردستان بە دەست بهێنرێت. کاروانی خەبات و تێکۆشانمان بەرەو سەرکەوتن بچێت. نەتەوە ماف ژێر پۆستاڵخراوەکەمان لە پلان و نەخشەی داگیرکەران، لە عەقڵیەتی پارتایەتی تەسک و خێڵایەتی و خۆپەرستی ڕزگاری ببێت. بەرژەوەندیی سیوپێنج ملیۆن کورد و کوردستانی پارچە پارچەکراومان بکەوێتە پێش سەرتاپای بەرژەوەندییەکانی ناوچەگەریی کورتبین و پارتایەتی تەسک و خۆپەرستی!

لەو بڕوایەدام ئەوکات هەزارەها کوردی ئاوارە و پەناهەندە، کە لە ناویاندا ژمارەیەکی زێدەبەدەر لە کەسانی زانا، پرۆفیسۆر، ڕەوشەنبیر و لێهاتوو، پزیشک، ئەندازیار، نووسەر و هێژا و خاوەنسەرمایە هەن، دەگەڕێنەوە کوردستانی ئازیز. هەر یەکێک لەوان بۆشاییەکی باش پڕ دەکەنەوە، دەستەبەریی تەواو بۆ پێشکەوتنی نیشتمانەکەیان پێشکەش دەکەن.

ئەوکات ئەو هیوا و ئاواتانەی کە سەدوپەنجا ساڵ زیاترە قوربانیان لە پێناودا دەدرێت، دێنە دی. بە ڕێزگرتنی زۆر و نەوازشەوە یادی شەهیدان و تێکۆشەرەکانمان دەکەینەوە. بە تەقەلادانی دڵسۆزانەی یەکپارچەیی، ئاسۆی گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکان کە ئەویش مافی چارەخۆنووسین و کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆی یەکگرتووە، دێتە

دی. کوردستان لە ژێردەستی و پارچەکردن ڕزگاری دەبێت، پایە و پلەمان دەگات بە ڕێزی وڵاتانی تر. دەبین بە یەکێک لە ئەندامە کاریگەرەکانی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان. کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان بەتەواوی شوێنی جیوپۆلیتیکی خۆی وەردەگرێت و ئاڵای بەرز دەکرێتەوە.

لەمەش زیدەتر ئاواتمە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانم سوود لەو هەموو بەڵگەنامە و دۆکیومێنتانەی ئەو حەوت ساڵەی ڕابردوو کۆم کردوونەتەوە، شتێک لەسەر ڕاپەڕینی ١٩٩١ی جەماوەری کوردستان، دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و دروشمی فیدرالیەت بنووسم. بەتەواوی و بەجەرگانەش پەردە لەسەر ڕووی بازرگانەکانی کوردفرۆشتن و کرنووشبەران بۆ بێگانە و داگیرکەرانی کوردستان هەڵبماڵم. ئەوەندەی لە توانامدا بێت و خامەم پەی پێ ببات شەڕی ناوەخۆ و کورد کوردکوژی ڕیسوا بکەم.

لە بارودۆخی ئێستاکەدا، سەرتاپای کوردستان بە سەختترین ڕۆژانی ڕەش و دژواردا تێپەڕ دەبێت. ئەو دەستکەوتە مێژووییانەی جەماوەرە قارەمانەکەی کوردستانی باشوور، بە قوربانیدانی بێ سنوور و خوێنی سوور لەدوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ١٩٩١ وە دەستیان هێنا، کەوتۆتە بەر گەورەترین مەترسی و لەناوچوون، سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەرپرسیاری یەکەمی هەڵدەگرن، لەو کارەساتانەی وا خەریکە جارێکی تر دووچاری گەلەکەمان ببێتەوە، دەسەڵاتی ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی بەغدا بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ئەو هەموو قەیران و ئاپۆرەیەدا جەماوەرە خۆڕاگرەکە چۆکی دانەداوە و چاوی بڕیوەتە گەیشتن بە ئاواتە پیرۆزەکانی و ڕۆژی

ڕزگاربوونی یەکجاری. مرۆڤی کورد، پشووی درێژە و هیوای هەمیشە بە سەرکەوتن و داهاتوو بەرزە. هەر هیواشە هانی دەدا لە کارکردنی خێر و چاکە و نیشتمانپەروەریدا بەردەوام بێت و کۆڵ نەدات. ئەوەی بێ هیوا بژی، مردنی پێشکات بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. گەلێکی وەک گەلی کورد کە دەمێکە بەردەوامە لە خەباتکردن و تەقەلادانی بێوچان قەت قەت لە بن نایەت. هەر دەگات بە ئاواتە ڕەواکانی و سەردەکەوێت، زوو یا درەنگ ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوە و دەکەوێتە ڕیزی ئاڵای گەلانی ئەنجومەنی وڵاتە یەکگرتووەکان لەم جیهانەدا.

# پاشکۆ

١ — دەگێڕنەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان شا ئەردەشیری ساسانی[٤٥] گەڕانێک لە دەوروبەری پایتەختەکەی خۆیدا دەکات. لە شوێنێکدا دەبینێ پیاوێکی زێدە بەتەمەن، هێدی هێدی وا خەریکە نەمامی دارمیوە دەنێژێت. دەچێتە نزیکیەوە، دەکەوێتە پرسیارکردن و دەڵێت: "ئەی مامەی ڕیش چەرمگ، تۆ لەو تەمەنە زۆرەدا هیوای چیت بە دونیا ماوە وا خۆت ماندوو دەکەیت؟ خەریکی ناشتنی دارنەمامی میوەی؟" مامەی پیرە سەر هەڵدەبڕێت و بەسەرسوورمان و تێڕەوانێک دەکەوێتە وەڵام دانەوە، بێ ئەوەی بزانێت ئەو پیاوەی لەگەڵی دەپەیڤێ شای وڵاتەکەیەتی و دەڵێت: "ڕۆڵەکەم پێشینان ناشتوویانە و وا ئێمە بەرەکەی دەخۆین. دەبێ ئێمەش تا ئەو ڕۆژەی دەچینە ژێر خاک نەمام بنێژین تا نەوەکانی دوای ئێمە بەرەکەی بخۆن!"

شا ئەردەشیر بە وەڵامی مامەی ڕیشسپی گەلێ گوشاد دەبێت و یەکسەر فرمان دەدا، پارمەتی باشی پێ بدرێت! مامەی پیرە دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: "خوایە وا تازە نەمام دەنێژم، نەکەوتوونەتە بەردان و وا من بەرەکەم خوارد! هیوادارم بۆ نەوەکانمان

(٤٥) دەوڵەتی ساسانیەکان: (٢٢٦-٦٥١ز.) لە دوای نەمان و لەناوچوونی دەسەڵاتی یۆنانییەکان لەسەر ڕۆژهەڵات، دەوڵەتی ساسانی ئارای بنیاتنرا. شاری (ئەکبادان) پایتەختی بوو. ئایینیان ئایینی زەردەشتی بوو، ئاگریان دەپەرست. (مازدا) خوای چاکە و پاکی و خێریان بوو، سەردەمی ئەو دەوڵەتە وڵاتەکە لە خۆشی و پێشکەوتن و تێر و تەسەلیدا دەژیا. دەسەڵاتیان گەیشتبوو سنووری چینی هیندستان. لە شەڕی یرموک کەر سوپای ئیسلام ساڵی ٦٣٧ دەوڵەتەکەیان تێکدرا. وڵاتەکە کەوتە ژێردەستی سوپای ئیسلام. کتێبی الخلیج بیننا، حمدان حمدان، لاپەڕە ١١ و ١٢.

فرە سوودبەخش بێت."

سەدان ساڵە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی، لە سایەی بەرووبوومی ژمارەیەک لە پیاوانی ژیر، لێزان، بەتوانا و تێکۆشەرەوە لە توانەوە و لەناوچوون پارێزراوە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەمان لەسەر خاک و شوێنی باوک و باپیران، بۆ بەرهەمی بەنرخی نەمرەکانمان دەگەڕێتەوە، کە لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتووە. ئەرکێکی مێژوویی یەکجار گرنگ لە ئەستۆدایە، کە پێویستە ڕۆڵ و ناوی ئەو نەمرە کوردپەروەرانە لە بیر نەکرێن. ئەو نەخشە و بەردی بناغەیەی ئەوان دایانڕشتووە، سەرەتان بۆ خۆڕاگری و تەقەلا دووروودرێژە نەتەوایەتییەکانمان.

ڕۆڵی نەمران مەلای جزیری (١٤٠٧-١٤٨١)، ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٢٦)، شەرەفخانی بەتلیسی (١٥٤٣-١٦٠٤)، بنەماڵەی بەدرخان پاشا،[٤٦] حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٧)، حوسێن حوزنی

---

(٤٦) بنەماڵەی بەدرخان پاشا: یەکێکە لە گەورەترین و ناودارترین بنەماڵەی ناسراوی کورد، لە سەدەی نۆزدەیەمەوە، بەگەرموگوڕی، لە پێناو بەرزکردنی ئاڵای کورد و پاراستنی خاکی کوردستاندا تەقەلایان داوە و تێکۆشاون. بە جۆرەها شێواز دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕاپەڕیون و خەباتیان کردووە، سەرکردایەتی میرنشینی بۆتان و شۆڕشی ١٨٣٩-١٨٤٧ی کوردستانی باکوور لە ژێر ڕابەرایەتی ئەواندا بووە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەلێ پیاوی ناودار و تێکۆشەریان لێ هەڵکەوتووە، وەک عەبدولڕەزاق بەدرخان پاشا، ئەمین عالی، مقداد مەدحەت، عەبدولڕەحمان و جەلادەت بەگ و...هتد. یەکەم ڕۆژنامە لە مێژووی کورددا بە ناوی (کوردستان) لە ١٨٩٨/٤/٢٢ نەمر مقداد مەدحەت بەدرخان پاشا دەریهێناوە.

موکریانی،[٤٧] محەمەد ئەمین زەکی[٤٨] و گەلێکی تر بەتەک کێوە سەرکەشەکانمانەوە هەر دەمێنن و قەت لە بن نایەت. ئەوە دوای ئەوە

(٤٧) حوسێن حوزنی موکریانی: ساڵی ١٣١١ی کۆچی کە دەکاتە ١٨٩١ی زایین لە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ئایینی هاتووەتە دونیاوە. هەر لە سەرەتای ژیانیدا بلیمەت و هۆشیاری تێدا دیار بووە، بایەخی زۆری بە خوێندن و فێربوون داوە، چەند زبانی بێگانە فێر بووە. لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا بۆ خوێندن دەچێتە ئەوروپا. لە ساڵی ١٩١٥دا بە ئەرک و توانای تایبەتی خۆی یەکەم چاپخانەی کوردی بە تیپی سۆرانی بنیات ئەنێت. لە شاری (حەلەب) لە سوریا. ساڵی ١٩٢٥ بۆ کوردستانی باشوور، بۆ شاری ڕەواندوزی دەگوێزێتەوە و دەست بە کارکردن دەکات، لە ١٩٢٦ تا ١٩٣٢، بیستوچوار (٢٤) دانە گۆڤاری (زاری کرمانجی) بڵاو دەکاتەوە و ژمارەیەک کتێب و نامیلکەی چاپکردوە و لە کوردستان بڵاوی کردونەتەوە. لە دەوروبەری جەنگی جیهانی دووەمدا دەگوێزێتەوە هەولێر.
ڕۆژی ١٩٤٧/٩/٢٠ ئەم تێکۆشەرە لە شاری بەغدا دونیا جێدەهێڵێت. تەرمەکەی دەگاتەوە هەولێر و بە خاک دەسپێردرێت. بەڕاستی نەتەوەی کورد قارەمان و سەربازی هۆزان و تێکۆشەری گەلێ زۆرە، بەڵام بەداخەوە نە شوێن و نە ئەو پایەیان پێ نەدراوە کە شیای خۆیان بێت.

(٤٨) محەمەد ئەمین زەکی: ساڵی ١٨٨١ لە شاری سلێمانی هاتووەتە دونیاوە. سەرەتای خوێندنی لە شاری سلێمانی و کەرکووک و بەغدا بووە. لەدوایدا چووەتە ئەستەنبوڵ، لە دانشگای جەنگی (الکلیە الحربیە) بووە بە ئەفسەر. لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا گەلێ کار و ئەرکی گرنگی لە ڕیزی سوپای عوسمانیدا پێدراوە. دوای تەواوبوونی جەنگەکە گەڕاوەتەوە عیراق. هەر یەکسەر بە هۆی لێهاتوویی و شارەزایی و توانای زۆری خۆیەوە لە سەرەتای بنیاتنانی حکومەتی پاشایەتی عیراق (١٩٢١)، ئەمر محەمەد ئەمین زەکی کرا بە فەرماندەیەکی بەرزی ڕژێمەکە، چەند جار کرا بە وەزیر لە کابینەکانی وەزارەتەکاندا. ڕۆڵی دیارکراوی هەبوو لە بەرزکردنەوەی گیانی کوردایەتی و بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد. چەند بەرهەمێکی مێژوویی یەکجار گرنگی لە دوای خۆی بۆ نەتەوەکەی جێهێشتووە. وەک کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان)، (مێژووی حوکمدارانی بابان) و (مێژووی شاری سلێمانی) و...هتد.
ڕۆژی ١٩٤٨/٧/٩ لە شاری بەغدا دونیا جێهێشت و تەرمەکەی گەڕایەوە سلێمانی و بە خاک سپێردرا.

دەرسی نەتەوایەتی و خۆشویستنی نیشتمانی لێ فێر دەبن. ڕایان دەکێشێت بۆ سەر ڕێگای کاروان و خەبات و قوربانیدان لە پێناو ئازادی و سەربەستیی کورد و کوردستان.

تەنانەت لە بارودۆخی ئەو سەردەمانەدا، سەرتاپای هۆزان، نووسەر و مێژوونووسان، تێکۆشەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکان تا بچووکترین ڕۆڵە کە دەم لە کوردایەتی دەدات، هەمیشە دەبێت خۆیان بە شاگرد و قوتابی ئەو پیاوە گەورانەمان بزانن کە گەلێک لە کۆنەوە ئاڵای پێشڕەویی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردیان هەڵگرتووە و دڵسۆزانە تۆوی پیشەی ڕاست و ڕەوایان ناشتووە و بانگەواز و بانگەشەی ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە بە یەکگرتن گەلی کورد سەر دەکەوێت و لەژێر چنگی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیان ڕزگاریان دەبێت. گیانی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستیی وڵاتیان لە دوای خۆیان جێهێشتووە. لە ناخی دڵ و دەروونی نەتەوەکەدا شوێنی خۆیان چەسپاندووە. ئەو سۆز و مەبەستە پیرۆزەش، نامرێت و هەر زیندووە و لە گەشەکردندایە.

بەندەش هەرچەندە کەوتوومەتە نێو پاییزی تەمەنەوە بە بڕوا و قەناعەتی تەواوەوە، خۆم بە قوتابییەکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی و، گەر قبووڵم بکەن، شاگردێکی بچووکی نەمرەکانمان دەزانم کە تەمامی نیشتمانپەروەرییان تێدا ناشتووم و لە دوای خۆیانەوە زنجیرەیەک لە تێکۆشەرانیان لە دوای خۆیانەوە بەجێهێشتووە کە لە کاروانە دوورودرێژی خەباتی سەخت و پڕ ئازاردا بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورد و کوردستان بەردەوامە. هەزارەها ڕۆڵەی کوردیان ڕاکێشاوەتە سەر ئەو ڕێگا دوورودرێژەی ئەوان دەستەی یەکەم و سەرەتای ئەو کاروانە پیرۆزە بوون.


پێش ئەوەی دەست بە نووسینی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد) بکەم، هەزارویەک ڕا و بۆچوون و لێکدانەوەی جیاجیا بە مێشکمدا دەهاتن، لە لایەک ترسی زۆرم لە کەسانی دۆگماتیست، دواکەتوو و خۆپەرست و لە لایەکی تریشەوە ترسی سەرنەکەوتن لە ئەنجامدانی ئەوەی لە مێشک و هەگبەکەمدا کۆبووبوونەوە، بەڵام دەرئەنجام گەیشتمە سەر ئەو بڕیارە کە دەبێت نەترس بم، دەست بە کارکردن بکەم، ئەو ڕاستیانەی دەیانزانم نەیانشارمەوە، سەربەخۆیی فیکریم بەڕاشکاوی لە نووسینەکانمدا دیار بێت، تای تەرازوو بە نارەوا بۆ هیچ لایەک نەشکێنمەوە. خۆشبەختانە لە سوید ئەوەی مەبەستم بوو لە ماوەی چوار ساڵ وە دەستم هێنان و گەیشتە بەردەم خوێنەر، لێکۆڵەرەوە و زانا و تێکۆشەرانی کورد. هەر زوو پشتگیریم لێکرا و لە لایەن هێندێ ڕۆژنامە و نووسەرەوە ناوەڕۆکی کتێبەکان هەڵسەنگێنران و باشتر بە جەماوەر ناسێنران. ئەمەم بە گەورەترین پاداشت و ڕێزلێگرتن وەرگرت. هاوکاتیش، پێموایە، ئەوە بانگەواز و هاندانێکی چاکە بۆ سەرجەم زانا و تێکۆشەران تا ئەوەی دەیزانن لە ڕووداوە نهێنییەکان، بەجەرگانە، بڵاوی بکەنەوە، لەگەڵ خۆیان نەیبەنە ژێر خاک و وەک ئەزموون و تاقیکردنەوە بیخەنە تەک لاپەڕە دێرینەکانی مێژووی ژیان و خەباتی دووروودرێژی نەتەوەییمان، تا نەوەکانی داهاتوو سوود لە کردەوە ڕاست و بەجێیەکان وەربگرن و نەفرەت لە تاوان، هەڵکردن، زیان و کڕین و فرۆشتن بە کوردایەتییەوە بکەن و بەتەواوی لەو جۆرە کردەوانە دوور بکەونەوە و دووپات نەکرێنەوە.

لە ناخی دڵمەوە سوپاسی بێپایانم بۆ ئەو نووسەرانە هەیە، کە خۆیان ماندوو کردووە و، لە چەند ڕۆژنامە و بڵاوەکراوەدا ئاماژەیان بۆ کتێبەکانم

کردووه و گوتاریان لەسەر بڵاو کردوونەتەوە. هەر ئەمەش هاندەر بووە بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد زوو بە دەنگ کتێبەکانەوە بچن و بایەخ بە خوێندنەوەیان بدەن و بە دوایاندا بگەڕێن. ڕێزی زۆرم بۆ برایان تاریق جامباز، عەبدولرەقیب یوسف، شاسوار، ئاراس قادر منەوەر، برا و دۆستم کاک سەعید کۆیستانی کە لە نووسینەکانیاندا هێندێکیان وەک سەرچاوە کتێبەکانیان بەکار هێناوە.

پرسیارێک دێتە پێش ئایا لە داهاتوویەکی دوور یا نزیکدا ئەم جۆرە نووسیانە و بەڵگەنامەکان چ سوودێک بە مێژووی نەتەوەکەمان دەگەیەنن؟

لێرەدا دەقی هێندێ لەو گوتارانە لەم پاشکۆیەدا بڵاو دەکەمەوە.



کتێبی

# چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردان

تا ئێستا بەرگی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبە چاپ کراوە کە نزیکەی هەزار لاپەڕەیەک دەبێ، وەک زنجیرەیەک بەرگی سێیەم بەشی یەدوایەو دوایا دەکرێ ساڵی ۱۹۹۲ بکەوێتە بەردەستی خوێنەران. دەزگای بەرگی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبە لە سوید چاپکراوە.

ڕۆژنامەی نیشتمان، ژمارە (۱)، ۲۸/۹/۱۹۹۲

[illegible]
[illegible] و خۆراگرانە لە
دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستان
[illegible] بۆ ...
[illegible]
باڵی (ئیلیریس)ە تا ئەو ساڵانەی
دوایی ئەندامی لیژنەی مەرکەزی
حزبی شیوعی عێراق بووە.
ئێمە ئاماژەی لێرەدا باسی ژیانی
[illegible] لە تێکۆشانی
[illegible]

[illegible]

## چەند لاپەڕەیەک لە



ئەوانەی ئاپیان دیتوە ... [illegible]
پێمان و بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی
زۆر گەلان و ... بەری ژیانی
ئێوان حزبەکانی کوردستان ... و
[illegible] ژیانی سیاسی ...
ئاکەویە نامە ... مێژووەکان ... کە
دەمێک ساڵ ... ئاپیان لە سەر
دەست ... چواسەرەکانی تێکەڵای
کۆمەڵایەتی کوردستانی عێراق
راستەوانی ئازاو جەوهەرمەندیان
بەدەست ئەم ناکۆکیانەوە بینی ...
کە ... لە دەست دان و
دواخستنی روزی رزگاری گەل و
نیشتمانی کوردستان هیچ
داهێنەرێکی دیکەی نەبوو.
دەڵێن تە نووسەری ناوبراو هیچ
قسەیەکی ... ئاگادار ئەکردوە
کە ئەمەش ماوەی هیچ ئاشنای
نەشەرێک ... کەلام لای
لەرزۆدا ... نووسەری ناوبراوی
دەدین ... ئەوەی
... ئاشکراکردنی ... بەڵگە ...
[illegible] ... خۆی
[illegible]

ـ لاپەڕەکی دیکەوە ... ئەو ... ئاپ
رەنجەرەیمان ... ئەکرد یەکا کە
بەرواتی ... بەعەوبەوە ... لابەتاپیا
ئەرابەری ... و ئاکۆیەکانی
... گەلەکەمان ...
... بەناوی ... ئەبوو
کە ... نووسەرەکان زۆر لە
... دەکەن ... ئەکار چی
... لە ... دەرمانی
بن ... ئاواکرەتەوەی
... و شێوە و راستەقینەکەی
... و زیانی داهاتووی
گەلەکەمانی بۆ ... ئەوە
نووسەر ... گەل ... ئاسەی
... لەم بابەتەی
... کە بەرای من ئەوانەی
... نووسەری ... ل
کتێبەکانیشی ... چونکە هەر
... بەدەستێکی ... و ...
... بە ... انە ....
ـ کتێبەکە گیراوەی سەرجەمی
یادداشتەکانی نووسەرە کە ماوەی
نزیکەی (١٠) ساڵێکدا نووسی
[illegible]

کتێب ... ل ... وەرگیرا ... سان
دووبارە بەسەرداو ... دووبارە
بکاتەوە وەک زۆر کەرەتیش هەوڵ
بۆ دراوە لە لایەکی دیکەوەش ئەم
... کتێبە وەک ... و شیعری
کەسێکە کە لە نزیکەوە ئاگاداری
هەر هەموو رووداوەکان بووە
لێیان داتە بڕاوە جگە لەوەش خۆی
راستەوخۆ لە ... تێکەڵای
کۆبوونەوەکان بەشداری کردووە
هەروەستی تایبەتی ... بۆیە
لە تێکەڵای نووسراوەکەی هەست
بەوەناکە بە ناحەق بە لای حزبێک
لە حزبەکان یان کەم و کورتی
یەکێکیان بۆ ... ئەوەی ...
دابێتی.
من نە ... نووسەر تا دوا
لاپەڕەی لە ... دایە هەر
لەوەوەوام بۆ چونکە کیانی ...
خەمەتێکی ... گەلەکەی دەکا.
دەبێ لە ... ئەم کتێبەکە
... چاپی تێداپێ
دەوادارین لە چاپەکانی داهاتوو.

[illegible]

[illegible]

# چەند لاپەڕەیەک لە

[illegible]

[illegible]

ئیبان داتە براوە جێک لەمەش خۆی ڕاستەوخۆ لە [illegible] کوردەکان [illegible] هەروەسنی [illegible] [illegible] بە ناحەق بداتە [illegible] لە حزبەکان [illegible] [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

العروض

# صفحات من تاريخ نضال شعبنا الكردي

هوّما بالاني

ان الاستقراء الموضوعي لمجمل حركة تحررنا القومي على صعيد كردستان عموماً يجلو لنا حقائق ونحقق منها من خطر اكيد منبعه الثالوث المقيت المتمثل:

- (الاضطرابات) الداخلية (الاخوية!) ومساعي الانظمة الحاكمة في البلدان المتقاسمة لكردستان (لاحتواء) اجنحة من الحركة لخدمة تكتيكاتها واستراتيجياتها في الصراعات والنزاعات الاقليمية كذلك محاولات حركات المعارضة حتى الديمقراطية والتقدمية لـ (تهميش) الحركة .. وذلك في كل الفترات التاريخية.

ومن هذا المنظور لا تفاني الاستاذ (رفيق صابر) اذ يشير في تقديمه للجزء الاول من الكتاب الى ان الارهاصات الفعلية لحركة التحرر الكردي انما تعود الى ما قبل ثلاثة القرون .... وهكذا فهي تعتبر من اقدم حركات التحرر القومي والوطني في عموم الشرق الاوسط وحدث [illegible] القرن هذا ان تحررت [illegible] من النير الاجنبي والاستعماري محققة كياناتها القومية والوطنية المستقلة عدا استثناءات قليلة ومنها كردستان التي ما زالت مستعمرة ومجزأة وموزعة بل وما زال الشعب الكردي اشبه ما تكون بالرهينة هنا وهناك رغم كل الرياح التاريخية التي ما انفكت تعصف بخارطة العالم وخاصة رياح الحربين الكونيتين .. وها نحن اليوم رهن اغبرة (عاصفة الصحراء)!

ان من اهم الدروس والعبر التي يجب ان نستذكرها شعبا وقادة حركته التحررية التي نخطو الآن في تضاريس مستقبل مشبّث هو ما حدث لهذه الحركة من (تهميش) فعلى ايدي للاسف الشديد حتى حركات المعارضة الديمقراطية والتقدمية (العراقية، الايرانية، والتركية)! بحيث لا تبدو في افضل الاحوال غير جناح [illegible] وغير ذي اثر في صفوفها لخدمة تكتيكاتها واستراتيجياتها على الصعد القريبة والبعيدة!!

ومن هذا المدار ولاسباب دائمة ومرحلية اخرى .. اليس من الغرابة ان تحولت ارضية [illegible] والمطالبة المشروعة لمعظم اجنحة الحركة الموحدة ربما الى حد النضال [illegible] من اجل الديمقراطية لهذا البلد او ذاك ومن ثم الحكم الذاتي لكردستان (كما لو ان الكرد ما هم غير اقلية طارئة استضافتها هنا وهناك القوميات: العربية والفارسية والتركية!)، وذلك بدلا من الحق المشروع في تقرير المصير ....

وهكذا يكاد تاريخنا المعاصر ان يكون استثنائنا في مساره ومخاضه على امتداد المنطقة وربما لا نظير له في ذلك غير تاريخ الشعبين: البلوجي والارمني .. لاريب ان العامل الموضوعي كان وما زال بالغ الاثر في ما آل اليه وضعنا الراهن لكنما العامل الذاتي يبقى هو الاساس دائما .. ومن هذا المنطلق ينبغي ان ندرس ونحلل تاريخنا الحافل بأمرّ [illegible] من الاخفاقات والانتكاسات [illegible] ومجلدات .. لكن ما [illegible] حظ هذا التاريخ الذي لم يحظ حتى الآن بأدنى حدود التوثيق الموضوعي! بل وما اندر المتصدين لمثل هذه المهمة الشاقة!

والاستاذ (فاتح رسول) واحد من القلائل الذين [illegible] والمختصون بالمراكز المحاط...

رۆژنامەی خەبات، العدد ٦٧٥، ١٩٩٣/٥/١٢

وان مؤلفه (فاتح رسول) واحد من العشرات الذين يقتحمون دروب الوعرة والشائكة بل والمحفوفة بالمزالق والمخاطر مادام يصبو الى توثيق هذه الحركة في احرج فتراتها (نهاية السبعينات وبداية الثمانينات) كما يحاول تشريحها مسلحاً بمعايشته الحزبية والمسلحة والاطلاع الوثائقي كونه احد مناضليها المساهمين فيها لاكثر من ثلاثة عقود بحيث قيّض له الاطلاع شبه اليومي على كثير من الجوانب الخفية على الناس الاعتياديين.. والملحوظ انه لم يأل جهداً في اقتناص وتدوين ما يرتبط بالتوثيق التاريخي متجشماً المزيد من العناء حرصاً على عدم ضياع اهم الوثائق الضرورية ومع ذلك فالكتاب لا يخلو من الحشو هنا وهناك اضافة الى الانحياز للون حزبي.

ان ما يميز الكتاب بجزئيه اللذين ربما ستتلوهما اجزاء أخر هو العدد الكبير من الوثائق ذات الطابع الحزبي والتي تتضمن نصوصاً لبيانات ومراسلات اضافة الى المحادثات ذات العلاقة بالقوى السياسية وقادتها.. والتي تميط اللثام بمضمونها عن العديد من الحقائق الخافية وتغني الجوانب المعتمة من الاحداث والوقائع في تلكم الفترة... والتي يتلمس المرء عبرها: كيف يفكر ويعمل قادة الاحزاب وصناع القرارات السياسية وما هي مستويات وعيهم الثقافي والسياسي، وما هو مدى بعد نظرهم او قربه وكيف يتصرفون في الشدائد والمحن بضمنها التحالفات السياسية والاحترابات (الاخوية)!.

ينطوي الكتاب بمضمونه وموضوعه على الاشارة المباشرة وغير المباشرة الى جوانب من التاريخ المعاصر للعراق وايران وتركيا... كما يكشف عن المساعي الدؤوبة للانظمة الاوتوقراطية هنا وهناك لتوظيف هذا الحزب او ذاك والعمل وفقاً لـ "فرّق تسد" في سبيل مآربها... والقارئ المتمعن يدرك بجلاء مقولة "عدو عدوك صديقك" في معظم الاحيان كما يدرك حقيقة ان الصراعات والاحترابات الحزبية والزعاماتية لم ولن تخدم مسيرة حركة تحررنا القومي ذات جوهر ديمقراطي بل في صالح مضطهدي شعبنا الكردي....

لقد كانت الاحترابات الداخلية بمثابة كعب أخيل للحركة التحررية الكردية.. وليس في هذا القول اي تجنٍ بالوقائع منفذة ومتبعة.. بينما كانت وما زالت روح التسامح والديمقراطية والوحدة والتضامن بين صفوف شعبنا المعادلة الكفيلة باحراز التقدم على طريق الظفر ودرء الاستهدافات المعادية مازال حاضرا...

هذا ان ما يدونه امرؤ واحد حتى لو كان بهذا الحجم (ج1 ـ 404 صفحات وج2 ـ 445 صفحة من القطع المتوسط) ليس مجرد صفحات معدودات ازاء تاريخ الحركة الكردية الزاخر بالاحداث والوقائع والدروس والعبر... اجل لن يكون كل شيء.. ولكن من المؤكد: ان هذا جهد متواضع يستحق الاحترام على الاقل.. وكلي ثقة من المتعذر ليس ان يكافئ جهود السفر مضافا الى الاعادة في الرؤية وهذا ما نرحب به.

٭ جێنە لابردەوەکە لە سەرووی حەمیانی کەلی کوردمان
رووداو و سەرکەوتنانە

فاتح رسول

بەرگی یەکەم چاپی یەکەم ١٩٩١ سوید
بەرگی دووەم چاپی یەکەم ١٩٩٢ سوید

خەبات
العدد ٦٧٥
١٩٩٣/٥/١٤

# لە یادی شەستەمین سالیادی لەدایکبوونی بەنەمامەدارەکەی کاک «فاتح رەسوول»دا

[illegible]



ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، چوارشەممە ١٩٩٥/١/١١ز.، ٢١ی بەفرانبار

٦ کوردستانی نوێ
دووشەممە ١١/٦/١٩٩٥ ز - ٢١ی جۆزەردان

# لە ئامێزی کتێبە بەڵگەنامەدارەکەی کاک «فاتح رەسوول»دا

ئیسماعیل تەنیا

بەرگی سێیەمی کتێبی «چەند لاپەرەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد» کە لە نووسینی کاک «فاتح رەسوول»ە، لە ساڵی ١٩٩٤، لە وڵاتی سوید لە چاپخانە دەرچوو. ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی هەمەجۆری پەیوەندیدار بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. کاک فاتح پێشتریش بەرگی یەکەم و دووەمی بڵاوکردۆتەوە.

گرنگی ئەم کارە لەوەدایە، کە ئەم بەڵگەنامانەی لە فەوتان و لەناوچوون پاراستووە، بەڵگەنامەی وا هەیە لەوانەیە لەلای زۆربەی حزبە کوردستانییەکانیشدا نەمابێ، ئەویش بەهۆی هێرشی رژێم یان بەهۆی کارەساتی سروشتی و شەڕی براکوژی.. لە رێگای ئەم بەڵگەنامانەوە، مێژوونووسی کورد، دەتوانێت دیرۆکی میللەتەکەمان بنووسێتەوە و کارەسات و رووداوەکان شی بکاتەوە و لە دوا وێستگەشدا بیکاتە بنیاتێکی سیستماتیک و بیداتە دەست نەوەکانی داهاتوو... ئەم کارە، خۆی لە خۆیدا، کارێکی گەورەیە بۆ سەعید والی، عبدالکریم عبداللە «سۆران»، کامەران سەعید والی، ئەنوەر ئەحمەد، یاسین رەمەزان، کەمال عەبدوڵڵا، کاوە شێخ ئەحمەد، لەتیف، زەکی بەهادار»دا.

• کاک فاتح پێی وایە، شەهید بوونی خوێندکار «سەلاح جەوهەر» لە ١٦/١١/١٩٨٢دا لە راپەڕینی زانکۆدا شەهید بووە... کەچی شەهید سەلاح خوێندکارێکی ئامادەیی بوو، ئەو خۆپیشاندانەی کە تێیدا شەهید بوو، پەیوەندی بە راپەڕینی خوێندکارانی زانکۆ نەبوو بەڵکو لە خۆپیشاندانێکدا لە ناوجەرگەی شاری هەولێردا شەهید بوو کە بە بۆنەی «بیعة القائد» سازکرابوو دواتر بە دژی رژێم شکایەوە و بوو بە خۆپیشاندانێک کە خوێندکارانی ئامادەیی رزگاری کوڕان لە هەولێر، رۆڵێکی بەرچاویان تێدا بینی.

• کاک فاتح باسی یەکەم راپەڕینی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدینی لە ٢/٥/١٩٨٢دا، نەکردووە... کە ئەم راپەڕینە بووە هۆی چاوشکاندنی رژێم و رێخۆشکەرێک بۆ خۆپیشاندانەکانی تری دواتر و ساڵانی دواتر کە ئەوان دانێکی راستی یادی دەکرایەوە، هەر لەم خۆپیشاندانەدا چەندان خوێندکاری خوێن گەرم شەهید بوون، پێشەنگی ئەوانە شەهید «صفاء صدیق رشید» بوو.

پاش ئەم راپەڕینە، ئیدی هەموو خوێندنگا ئامادەیی و پیشەییەو ناوەندییەکان ترسیان شکاو ئاوە، ئاوە ئاوە پەڕین و مانیان دەگرت. هەر بەرهەمی ئەم راپەڕینەو راپەڕینی شۆڕشەکانی تری کوردستان بوو، کە رژێمی ناچار کرد بەشێک لە زیندانە سیاسییەکانی کورد و کەس و کاری پێشمەرگە ئازاد بکات، جگە لەوەش لێبوردنێکی گشتی دەرکرد بۆ هەموو کوردە هەڵاتووەکانی ریزەکانی سوپای رژێم... و زۆر بڕیاری تریشی دەرکرد کە کاریگەری ئشارە جەماوەرییەکەی بەهاری ١٩٨٢ی بەئەوار بەسەرەوە دیار بوو.

• کاک فاتح تێبینییەکی ئەوتۆی نەخستۆتە سەر ئەو کارەساتە

ئەوەکانی داهاتوو ... ئەم کارە ، خۆی لەخۆیدا ، کارێکی کوردانەی پڕ لەبایەخە ، نەک هەر لەروانگەی مێژوو نووسانی کوردەوە ، بگرە لەروانگەی ئەو کەسانەش کە سووکە ئاگادارییەکیان لەم زەمەنە دیاری کراوەدا هەیە ... هەر بەم بەڵگەنامانە ، کلیل ئاسا دەتوانین زۆر دەرگای کلۆم دراو بکەینەوە بگەینە سەرچاوەی ئاشوب و ئەهامەتییەکان . دڵنیاشم ئەو بەڵگەنامانە ؛ سەرجەمی بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بەم قۆناغە نین و تەنها بەشێکی کەمی تۆمار کراون .

هەڵبەتە کاک « فاتح » لەئەنجامدانی ئەم کارەیدا تووشی چەند هەڵەو کەم و کوڕی بەک بووە ، هەندێکیان بەدەستی ئەنقەست خۆی لێلادەداوە ... باسیان بکات ، هەندێکی ... تۆماری کردوون ، جا لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە دەبێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی هەزم کرد ئەم چەند راستکردنەوەو بۆچوونە لەیەراوێزی دا تۆمار بکەم .

سەرنجەکان لەوە زۆرترن ، کەلێرەدا دەیانخەمە روو ، لەبەر بەرژەوەندی گشتی و نەکرانەوەی برینەکان ئەم ویستووە خۆیان لێ بدەم .

• کاک « فاتح » دەڵێ : د . قاسملو ... لەساڵی ۱۹۸۸ لەلایەن هێزە کرێگیراوەکان شەهید کرا ... ل ۱۶۷ ، لەراستیدا ، د . قاسملو لەرێکەوتی ۱۹۸۹/۷/۱۳ لە « ڤییەننا » ی پایتەختی نەمسادا شەهید کرا .

• کاک فاتح پێوای وایە ، رژێمی بەغدا ، بارزانییەکانی هەردوو کۆمەڵگای « بەحرکەو قوشتەپە » ی لەکۆتایی ساڵی ۱۹۸۳ شوێن بزر کردووە ... بەڵام ئەم تاوانە رەشەی رژێم لەبەرەبەیانی رێکەوتی ۱۹۸۳/۷/۳۰ بوو ، کەهەشت هەزار بارزانی دەستگیر کردو تا ئێستاکەش چارەنووسیان ونە .

• کاک فاتح دەڵێ : ا ... کاک تاهیری عەلی والی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و م . س حسیبک لەگەڵ حەفت لێکۆشەرکە یەکێکیان شەهید کاوەی شێخ لەتیفی حەفید دەبێ ، لەرۆژی ۱۹۸۲/۱۲/۲ دا ... دەکەونە بەر ئەورەسی گێژەلوکەی

• کاک فاتح ئیشکێکی ... تەختوتە سەر ئەو کارەسانە گەورانەی کەبەسەر گوندنشینەکان و سەرجەم گەلی کورددا هات ، ئەویش ؛ تێکدانی سەرجەم گوندەکانی کوردستان بوو ، بەتایبەتیش کەلەسەرەتای مانگی نیسانی ۱۹۸۷ دا دەرچوو .

• کاک فاتح لەلاپەرە ۱۶۸ ـ ۱۷۶ دا ، زۆر بەراشکاوی باسی رەفتارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران ، بەدرێژایی مێژوو دەرحەق بەکورد دەکات ... تا دەگاتە لاپەرە ۱۷۶ دەڵێ : ئێمەو زۆربەی هێزەکانی نیشتمانی بەم جۆرە هەڵوێستەو عەقلیەتە چەوت و ناڕەوایە هەزاییمان بۆ سۆڤیەت دەکرد ...) .

• لەسەر [illegible]

• نووسەر بەراشکاوی باسی یارمەتی مادی و مەعنەوی یە زۆرو زەوەندەکانی وڵاتە سۆشیالیستەکان لەسەرووی هەموویانەوە سۆڤیەت بۆ رژێمی عیراق ناکات ، لەکاتێکدا کەزۆربەی وڵاتە سەرمایەدارەکانی رۆژئاوا عیراقیان تاوانبار کرد بەرامبەر بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەرحەق بەخەڵکی بێ دیفاعی هەڵەبجە .

• نووسەر ، دەیوایە باسی هۆکارەکانی شەرهەڵدانی شەری براکوژی بکردایە ، ئەگەر بەچەند سەرە قەڵەمێکیش بوایە ، چونکە ئەو ئاگادارییەکی باشی هەبووە لەرووداوەکان و هەڵوێستێکی بەرزیشی هەبووە لەحزبی شیوعیدا .... ئەگەر لەپاڵ خستنە رووی ئەم بەڵگەنامانەدا ، شیکردنەوەیەکی لۆژیکانەی لەوەکدا بوایە ئەوا شتێکی گەلێک بەسوودتری لەمە پێشکەش دەکرد .

• کاک فاتح دەڵێ : ا ... وایەڕێنە پیرۆزەکانی جەماوەر لەناوەڕاستی مانگی مارتی ۱۹۹۱ ... ل ۱۷۴ .

ئەم رووداوە ، زەمەنێکی تەواوی بەسەردا تێنەپەریوە ، تا راستییەکەی وون بکەین ، راپەڕینی ۱۹۹۱ لەنێوان ۳/۵ تا رزگارکردنی کەرکوک لە ۳/۲۱ دا بوو .

لەدواییدا ، ئەم هەوڵەی کاک فاتح خزمەتێکی گەورەی [illegible]

ژمارەی [illegible]

مێژوویی حەزم کرد ئەم چەند راستکردنەوەو بۆچوونە لەپەراوێزی دا تۆمار بکەم.

سەرنجەکان لەوە زۆرترن، کەلێرەدا دەبلنخەمە روو، لەبەر بەرژەوەندی گشتی و نەکراندنەوەی برینەکان ئەم ویستووە خۆیان لێ بدەم.

• کاک «فاتیح» دەڵێ، د. قاسملو... لەساڵی ١٩٨٨ لەلایەن هێزە کۆنەپەرستەکان شەهید کرا... ل ١٦٧). لەراستیدا، د. قاسملو لەرێکەوتی ١٩٨٩/٧/١٣ لە«ڤییەننا»ی پایتەختی نەمسادا شەهید کرا.

• کاک فاتیح پێی وایە: رژێمی بەغدا، بارزانیەکانی هەردوو کۆمەڵگای «بەحرکەو قوشتەپە»ی لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٣ شووێزبزر کردووە... بەڵام ئەم تاوانە رەشەی رژێم لەبەرەبەیانی رێکەوتی ١٩٨٣/٧/٣٠ بوو، کەهەشت هەزار بارزانی دەستگیر کردو تا ئێستاکەش چارەنووسیان ونە.

• کاک فاتیح دەڵێ: ا... کاک ئامیری عەلی والی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و م. س حسێن لەگەڵ حەفت ئێکۆشەرکە یەکێکیان شەهید کاوەی شێخ لەتیفی حەفید دەبێ، لەرۆژی ١٩٨٢/١٢/٢ دا... دەکەونە بەر تەوژمی گێژەلوکەی بارینی بەفرێکی زۆرو ساردو... شەهید دەبن... ل ١٧٢).

جارێ لەلای مێژووە، «حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان /حسیک» نەبوو بەڵکو تەنها «حسک» بوو، لەدوای یەکەم کۆنگرە ئەم یەکگرتووەی لەکۆڵ خۆی کردەوە. دواتر شەهیدەکان ژمارەیان حەوت نەبوو بەڵکو یازدە کەس بوون، ئەمەش ناوی شەهیدەکانە: ئامیری عەلی والی، ملازم عوسمان

• نووسەر بەراسەووی پەسی پەرمەیی [illegible] زۆرو زەوەندەکانی وڵاتە سۆسیالیستەکان لەسەرووی هەمووی سۆڤیەت بۆ رژێمی عیراق ناکات. لەکاتێکدا کەزۆربەی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی رۆژئاوا عیراقیان تاوانبار کرد بەرامبەر بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەرحەق بەخەڵکی بێ دیفاعی هەڵەبجە.

• نووسەر، دەیتوانی باسی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی براکوژی بکردایە، ئەگەر بەچەند سەرە قەڵەمێکیش بوایە. چونکە ئەو ئاگاداری یەکی باشی هەبووە لەرووداوەکان و مەوقیعێکی بەرزیشی هەبووە لەحزبی شیوعیدا.... ئەگەر لەباڵ خستنە رووی ئەم بەڵگە نامانەدا، شیکردنەوەیەکی لۆژیکانەی لەتەکدا بوایە ئەوا شتێکی کەلێک بەسوودتری لەمە پێشکەش دەکرد.

• کاک فاتیح دەڵێ: ا... راپەرینە پیرۆزەکانی چەماوەر لەئازەرباستی مانگی مارتی ١٩٩١... ل ٤٧٤).

ئەم رووداوە، زەمەنێکی ئەوتۆی بەسەردا تێنەپەڕیوە، تا راستیەکەی وون بکەین. راپەرینی ١٩٩١ لەنێوان ٣/٥ تا رزگارکردنی کەرکوک لە٣/٢١دا بوو.

لەدواجاردا، ئەم هەوڵەی کاک فاتیح خزمەتێکی گەورەی بەئەرشیفی مێژووی کورد کردووەو شایانی رێز لێنانو ستایش کردنە. دووبارە پیرۆزەو بەهیوای بەرهەمی زیاترین.

پەراوێزەکان:

١١٠ بڕوانە: رۆژنامەی (رێگای ئازادی)، ئۆرگانی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ژمارە (١٢)ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢، ساڵی دووەم و ژمارە (٧)ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣، ساڵی سێیەم.

# چەند لاپەرەیەک لە

# میژووی خەباتی گەلی کورد




ئەمە بەرگی سێیەمی ئەو کۆمەڵە بەڵگەنامەو توٚمارەی رووداوەکانی میژووی باشووری کوردستانن کە کاک فائیق رەسوول بەرهەمی هێناون چ وەک پاراستن و بلاوکردنەوەی کۆمەڵێ بەڵگەنامەی گرنگ و راستی ئاشکرا کەمر، چ وەک توٚماری روٚژ بە روٚژی مەیدانییانەی رووداوەکان، ئەم کارە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لە یەکەم لاپەرەوە هەست دەکەی پەراسنی لە نێو رووداوەکاندا دەژی، دەتوانی پێشینەو پروسەکەیان تێ بگەی، ئەو پەندوو دەرسانە خستوونیان دەردەخەنەوە کە وەرناگیرێن و فەراموٚش دەکرێن. زەحمەتە دەست بە کتێبەکە بکەیو بتوانی وازی لێ بهێنی، بە تایبەتی ئەگەر پێشتر چەند ناو و رووداوێکی وەک (پشت ئاشان) ت بەر گوێ کەوتبێ و بتەوێ بزانی ئەو جۆرە کارەسانانە بۆچی و چۆن روویاندا؟

یەک کردن و شەری برا کوژی دروستکردن، کارەسات و تراژیدیەکانی ئەم شەرەو هاوکاری لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەتی ئێران، پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی باکوور؛ دروست بوونی بەرەی کوردستانی، شەری جێنوسایدو ئەنفال و کیمیاوی، تا هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت و راپەرینی جەماوەری کوردستاندا، بوونە چەند خاڵێکی گرنگی میژوویی "خەباتی" گەلەکەمان.

بەلام بەداخەوە، لە زۆر کاندا خاڵێکی رەش و پر شەرمەزاری ...




... رتۆکانی وەک هێزێکی
... یکەر، لەکەدار کردووە.
... ئەو سەرنجدانی لێرتاندەکانی
... تراژیدی کـــوردا
... شالیان راشیبنانمن.
... یکییەکان "......یەکەم؛
... ترابی هەموو ئەو ولاتانەی
... بیان تەنیا دژی بەرامبەر
... لە "دوژمنی باو"
... کوردستانی عێراق
... هەولی کوردەکان خۆیان
... لە سەر هەلومەرجێک
... لە سەرووی دەسەلاتی
... ئەگـــەر چی

رۆژنامەی هەنگاو

...سووردا
... ڕەشبینانەن.
...جیەکان " .....یەکەم :
...ی تێکرایی هەموو ئەو وڵاتانەی
...ی کوردییان تێدا دژی بەرامبەر
...ژراتێک لە "وەزعی باو"
...تۆنۆتۆمی کوردستانی عێراق
... لە سەر هەوڵی کوردەکان خۆیان
...تاوە وەک لە سەر هەلومەرجێک
...ە زۆری لە سەرووی دەسەڵاتی
... دایەا!. ئەگەر چی
...نگاندنێکەی ڕاستەو نکوڵی لەمە
... ڕەزعی باو status quo
...یەتی خۆی پشوپەستی بە گۆڕان
...شالیان دەزانێ کە کوردەکان
...چی "کەمینتی " ش بن هێشتا
...ەیەکی جیاوازی ٢٥ ملیۆن کەس
...ە (کەمینتی) یەکی کەم نییەدا
...ی کورد لە تێبەر ١٢ ملیۆن
...ی تورکیا دا لە هەموو کاتێکی
...مێژووی کوردا بەهێزترە، باوەڕو
...یری نەوەی تازەی کوردیش پێتەوە.
... ئێستا خوێندەوار و ڕۆشنبیر ترن
...توانن وەک لە هەر نەتەوەیەکی
... کە جێنگەی هەرمەندی پاشە
...ی نوێن. کوردەکانی عێراق و
...ش ئێستا باشتر شارەزابوون چۆن
...ە دوای جار بەرژەوەندی و ئامانجە
...ییەکانیان بوونەتە قوربانی
...مەت و پیلانی ئەو هێزە بێگانانەی
...ەوەی بەرژەوەندی خۆیان لە
...ەڵاتی ئەوانا بپارێزن.
...ە هەر ئێستا ئامانجی کورد لە
...ەیەکی نزیکدا سەربەخۆیی نیە،
...ە دڵنیاییەوە بە شێک لەو

ڕووداوەکانیدا دەری دەخوات پێویستە
پرۆسەکەیان تێ بگەین ، ئەو پەندوو
دەرسانە خۆیان دەردەخەنەوە کە
وەرناگیرێن و فەرامۆش دەکرێن.
زەحمەتە دەست بە کتێبەکە بکەیو
بتوانی وازی لێ بهێنی ، بە تایبەتی
ئەگەر پێشتر چەند ناو و ڕووداوێکی
وەک (پشت ئاشان) ت بەر گوێ
کەوتبێ و بتەوێ بزانی ئەو جۆرە
کارەساتانە بۆچی و چۆن ڕوویاندا؟.
لەم ڕووەوە دەشێ بابەتەکان بینە
کەرەسەی ڕۆمانێکی مێژوویی ، یان
وەک چیرۆکێک ،داستانێک (کە
ڕەگەزی ئاسەو پەروەش بۆ زانینی :
داخـــــــــــــو دوایی چ ڕوو دەدا؟)
بخوێندرێتەوە. بەڵام خۆش بەختانە
کاک قانیع هیچ ترخمێکی خەیاڵ یان
ئەندێشەی بۆ ئەزمارەکانی زیاد
نەکردووە. شتەکان ، شەرەکان ،
ناکۆکییەکان ، پێکهاتنەکان لە واقیعی
ڕەشک و ڕۆژانەی (شاخیی) خۆیاندا
ڕوو دەدەن ڕاق وەک ئەوەی بەرەو ،
بەداخ و ئاڵ وەک سەرگێی ناکام و
نارەوای شەڕی برا کوژی. ئەوەی
جێگەی سەرنج و شایانی ڕێزە بە نرخ
گرتنە ئەوەیە کە ئەگەر چی کاک قانیع
خۆی (ئەوسا) وەک کادیرێکی
سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لە نێو
جەرگەی ڕووداوەکاندا بووە یان زۆر لە
نزیکەوە ئاگاداریان بووە ، ئەو هیچ
جۆرە بەلادا شکاندن و پاکانە بۆ
کردنێکی بەرامبەر هیچ یەکێ لە
لایەنەکان نیشان نەداوە، هەرلی داوە
وەک مرۆڤێکی دڵسۆز بۆ نەتەوەو
...

کوردستان پەنابەرنی بیران، پێوەندی
لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی
کوردستانی باکوور ، دروست بوونی
بەرەی کوردستانی ، شەڕی جێنۆساید
ئەنفال و کیمیاوی، تا هێرشی عێراق
بۆ سەر کوێت و ڕاپەڕینی جەماوەری
کوردستان)، بوونە چەند خاڵێکی
گرنگی مێژوویی "خەباتی" گەلەکەمان .
بەڵام بەداخەوە، لە زۆر کاتدا خاڵێکی
ڕاش و پڕ شەرمەزاری ،مرۆڤ لە
خوێندنەوەی ڕووداوەکاندا ، بە تایبەتی
دەتوانێ سەرنج لە حالەت و واقیعێکی
گرنگی هەمیشە ئامادەیی (خەباتی)
حیزبەکان بدا
ئامادە نەبوون بۆ یەکگرتن ، ئامادە
بوون بۆ هاوکاری و سەر شۆڕی کردن
بۆ بێگانەی داگیرکەر . ئەم خاڵە کە
دەتوانین بە حاڵەتی (خەبات بە
خەبانەنەوە) ناوی ببەین ، ئەمە لە
بیرکردنەوەو هەرمارەسەی حیزبەکان جودا
نەبۆتەوە ، جوداش نابێتەوە تا عەقڵی
سیاسی و بیر کردنەوە و ڕاستگۆیی
نەتەوەیی یان نەگاتە ئەو ئاستەی
ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی قبووڵ بکەن
کە ئاستی هەرە کەمی ئەوە بێ کورد
دزست و برای کورد بێ ، بەر لە وەی
هەر حیزبە لە پێناوی سەرکردایەتی و
سەپاندنی دەسەڵاتدا ئامادە بێ دەست
لەگەڵ دوژمنانی داگیرکەر تێکەڵ بکا
و خوێنی ڕۆڵەی کورد بکاتە هەراجی
سەودایە بێ نابرووەکانی خۆی!!...
کە لەو ڕوانگەوە سەیری ڕووداوەکان
بکەینەوە، سەرنج دەدەین کە ئەگەر ئەو
بیرکردنەوەو ستراتیژیەتە نەتەوەیی بە

ی هێشتا
١٠ ملیۆن کەمتر
یشی) بەکێ کەم نییەدا
ن کورد لە تێبر ١٢ ملیۆن
دی تورکیا دا لە هەموو کاتێکی
ە مێژووی کوردا بەهێزترە، باوەڕو
گیری ئەوەی تازەی کوردیش پەیوە،
ن ئێستا خوێندەوار و رۆشنبیر ترن
ەمرانین وەک لە هەر نەتەوەیەکی
، کە جێگای هەرمێنەی پاشە
ێکی توێژ، کوردەکانی عێراق و
ش ئێستا باشتر شارەزابوون چۆن
لە دوای چار بەرژەوەندی و ئامانجە
ییەکانیان بپروێنە قوربانی
بەت و پیلانی ئەو هێزە بێگانانەی
ەوێ بەرژەوەندی خۆیان لە
وڵاتی ئێرەندا بپارێزن.

و هەر ئێستا ئامانجی کورد لە
ی یەکێ نزیکدا سەربەخۆیی ئەبێ،
بە دڵنیاییەوە، بە شێک لەو
بە داواکاری ئاشتی و پاراستنی
ی و کەمێتی کوردیی و مافی
ا و ئازادییەکان و دان نان پەوەدا
وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی دونیا،
ی چارەی خۆ نووسینیان هەیە.

ش تووەتە نێتوەندییە ئاحەزانەی
لە، لە سەر هارینی یەکجاری مافی
یو خۆ نووسینی کورد، ناتوانن
نەت کورد لە سەر نەخشەی جیهان
ەوە مەگەر بە بەکارهێنانی گازی
ڵاوی و چەکی کۆمەڵ تراتکەر،
و ئایا هاوپەیمانەکان پاڵ دەدەنەوەو
ێ ئەمە دەکەن!! لەگەڵ ئەوەشدا
بە، خۆگیری (تحفظ) دەربارەی
ی کورد لە بەدیهێنانی گۆڕانی
ت بۆ دابین کردنی پاشەڕۆژێکی

بەهێزتریشەوە. بەڵام خۆش بەختانە کاک فاتیح هیچ ترخێکی خەیاڵ یان ئەندێشەی بۆ تۆمارەکانی زیاد نەکردووە. شتەکان، شەڕەکان، ناکۆکییەکان، پێکهاتنەکان لە راڵیتی ویشک و رۆژانەی (شاخیی) خۆیاندا روو دەدەن رەق وەک تارنەرە بەرد، بەداخ و تاڵ وەک مەرگی ناکام و ئاوارەی شەڕی برا کوژی، ئەوەی جێگەی سەرنج و شایانی پێزو بە ترخ گرتنە ئەوەیە کە ئەگەر چی کاک فاتیح خۆی (ئەوسا) وەک کادیرێکی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لە نێو جەرگەی رووداوەکاندا بووە یان زۆر لە نزیکەوە ئاگاداریان بووە، ئەو هیچ جۆرە بەلادا شکاندن و پاکانە بۆ کردنێکی بەرامبەر هیچ یەکێ لە لایەنەکان تێشان نەداوە، هەوڵی داوە وەک مرۆڤێکی دڵسۆز بۆ نەتەوەو روناکبیر و راستگۆ ئەو بکێشێتەوە کە رووبیداوە لەو دەرسانە ئەنجامگیر بکا، کە بۆ ئاتبکردنەوەی خەباتی رزگاریخوازانەمان وەک نەتەوەی کورد، گرنگ و بەسوودن.

ئەم بەرگە، تۆمارو بەڵگەنامەی رووداوەکانی باشووری کوردستانیان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ - وە تا ساڵی ١٩٩٠ گرتۆتە خۆی گرنگی چارەنووسازی ئەم قۆناغەش لە بڕیارداتی رێبازی خەباتی نەتەوەیی گەلەکەمان، پێویستی بە سەلماندن نییە. لەو دەمانەدا بوون کە (ئاتبکردنەوەکانی جوتە و جود هەوڵی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی یەکگرتن و پەیمان بەستن، دژایەتی

بەستەرا بوون بۆ بەشداربوون، ئامادە بوون بۆ هاوکاری و سەرشۆڕی کردن بۆ بێگانەی داگیرکەر. ئەم خاڵە کە دەتوانین بە حاڵەتی (اخصبات یە خیانەتەوە) ناوی ببەین. قەت لە بیرکردنەوەو مومارەسەی حیزبەکان جودا نەبۆتەوە، جوداش نابێتەوە تا عەقڵی سیاسی و بیر کردنەوە و راستگۆیی نەتەوەیی یان نەگاتە ئەو ئاستەی ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی قبووڵ بکەن کە ئاستی هەرە کەمی ئەوە بێ کورد دۆست و برای کورد بێ، بەر لە وەی هەر حیزبە لە پێناوی سەرکردایەتی و سەپاندنی دەسەڵاتدا ئامادە بێ دەست لەگەڵ دوژمنانی داگیر کەر تێکەڵ بکا و خوێنی رۆڵەی کورد بکاتە هەراجی سەودایە بێ ئابڕووەکانی خۆی!!.

کە لەو رواتگەوە سەیری رووداوەکان بکەینەوە، سەرنج دەدەین کە ئەگەر ئەو بیرکردنەوەو ستراتیژیەتە نەتەوەیی یە هەبایە، ئەوا کارەساتەکانی شەڕی برا کوژی جەرو بەک یان هی یەک و هەشع روویان نەدەدا.. راستە پارێ دۆخە بابەتییەکە، بەو حاڵەو بۆ چوون و بیرکردنەوەی ئەوانەوە، وای کردووە کە کەم یان زۆر پەیوەندی و هاوکارییەک لەگەڵ دوژمناندا (بەتایبەتی ئێران لەو کاتانەدا) "پێویست" بێ. بەڵام بە هیچ جۆرێ هۆو هۆکارو پاکانەی ئەوەی نییە کە ئەم هاوکاری و پەیوەندییە لە سەر حیسابی خوێنی کورد پاپە لەو حاڵەتەدا، خەبات دەبێتە خیانەت خۆی و سووریاس گەورەکان ئەم مەسەلەتە پێویستی نە بەو خەباتە هەیە، نە بەو حیزب و سەرکردایەتییانەی بە رێوەی دەبەن.



# چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان و

# چەند تێبینییەک

مەحموودی حاجی فەتح خدر

[illegible]

ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە ١٤٠، ١٩٩٥/١/١٠



چەند لایەرێبیرێك لە مێژووی خەباتی گەلی كوردمان و

# چەند تێبینییەك

مەحمودی حاجی قادر خدر

[illegible]

[illegible] ساڵی ١٩٧٨ [illegible]

[illegible]

٤. لە لایەن [illegible] ساڵی ١٩٦١ی دژی حکومەتی عبدالکریم قاسم [illegible]

[illegible]

# ٢- دەربارەی کۆنگرەی یەکگرتووی کوردستانی

هەر مرۆڤێک بیەوێت کەمێ لەنێو لاپەڕە دێرین و مێژووییەکانماندا بگەڕێت، کە لە دەمێکەوە دەربارەی خەباتی کورد و کوردستان نووسراوە، بۆی دەردەکەوێت کە لەمێژە دڵسۆزانی کوردستان و کوردپەروەران تێکۆشاون و تەقەلای زۆریان داوە کە کاروانی خەبات و قوربانیدانەکان لە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێک و یەکگرتوودا بەرەو پێش بڕوات. ڕێکخراوێکی فراوان و ئاژانسێک ساز بکرێت، وەک ئامرازێکی بەتینی کاریگەر، بایەخی تەواو بە شێوازی چارەنەکراوی نەتەوەکە بدات. یارمەتیدەر بێت بۆ لەناوبردنی ئەو گیروگرفت و لەمپەر و تەگەرانەی هەن. بە داخ و کەسەرەوە، بە هۆی فڕوفێڵ و پلانی دوژمنە زلهێزە داگیرکەرەکانی نیشتمانەکەمان و کورتبینی و عەقڵیەتی پارتایەتی تەسک و دەرماگیری و ناوچەگەری، سەرتاپای تەقەلا دراوەکان تا هەنکە بە ئاوات نەگەیشتوون.

دوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی مارتی ١٩٩١، بارودۆخێکی نوێی لەبار لە کوردستانی باشوور ڕەخسا، ڕەنگدانەوەیەکی باشی لەسەر هەموو بەشەکانی تری کوردستان هەبوو. کوردە دەربەدەر و ئاوارەبووەکان، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تێیاندا بڵاو بوونەتەوە، بەگوڕجوگۆڵی و سەرگەرمانە، کەوتنە تەقەلادان بۆ بنیاتنان و دامەزراندنی کۆنگرەی کوردستانی لەژێر چەند ناو و دروشمی جیا جیادا.

ژمارەیەک لە برا کوردەکانی سویدیش کەوتنە هەوڵدان، چەند

کۆبوونەوە و کۆڕ بەسترا، بەندەش لە هێندێکیاندا بەشداریم دەکرد. ئەو بۆچوون و ڕا تایبەتیانەی کە بە ڕەوام دەزانین، وەک پێشنیاز، دەمخستنە پێش کۆبوونەوەکان. زۆربەی ئەو بڵاوکراوە و پرۆگرامە جۆراوجۆرانەم بەوردی دەخوێندەوە کە بۆ ئەو مەبەستە بڵاو دەکرانەوە. گوێم لە گفتوگۆ و ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان دەگرت و ئەوەی زوو سەرنجی ڕاکێشام و تێبینم کرد ئەوە بوو کە ژمارەیەک لەو برایانەی کە لە بزاڤ و تێکۆشیندا بوون بۆ بنیاتنانی کۆنگرە، بەو نیازە بوون کە پارتێکی تری نوێ دابمەزرێنن، یا شێوەی پرۆگرامی کۆنگرەکە لە قەوارەی عەقڵیەتی پارتایەتیدا گیر بکەن. ئاکامێکی سەرکەوتووانەم لەو بیر و بۆچوونانەدا بەدی نەدەکرد. کۆنگرەی کوردستانی دەبێت شێوازی پرۆگرام و تەقەلاکانی جیاواز بێت لە عەقڵیەتی پارتایەتی تەسک، یا ناوچەگەریتی و دەسەڵاتی ئەم یان ئەو هێز!

کەوتمە کۆششکردن و لە نێوان هەموو ئەو پرۆژە و یاسا ناوخۆیانەی خوێندبوومنەوە، شتێکم کۆکردەوە و ئامادەم کرد کە وەک پێشنیاز و پرۆژەیەکی سەربەخۆ، بۆ لایەنێک بنێررێت و لە چەند ڕۆژنامەیەکی کوردیدا بڵاو بکرێتەوە بەو هیوایەی سوودی لێ وەربگیرێت.

لێرەدا دەقی ئەو ئامادەکراوە لەم پاشکۆیەدا بڵاو دەکەمەوە:

پرۆژەی کۆنگرەی گەلی کوردستان

خوێنەرانی ئازیز!

لێرەدا کە سەردێڕی (پرۆژەی کۆنگرەی گەلی کوردستان)م بە ناونیشان هەڵبژاردووە، مەبەستم ئەوە نییە هەر لە ئێستەوە ناوێک بۆ ئەو کۆنگرەیە دابنرێت و دەستی خۆمانی لێ بشوێن. ئاشکرایە کە دەبێ ناو و ناوەڕۆکی هەر پرۆژەیەک لە یەکتری بوەشێتەوە. لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە

سوید پێکهات و بەندەش داوەتی ئەو کۆبوونەوە کرابووم، پرۆژەیەک لەوێدا خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە هەمان ناونیشانی بەسەرەوە بوو. من ڕەخنە و تێبینیم لەسەر پرۆژەکە گەلێ زۆر بوو. تەنیا ئەوەشم دەربڕی گوتم کە ئەو پرۆژەیە "دامەزراندنی پارتێکی ترە... ئەمەش سوودی تێدا نییە" هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار وەرگیرا کە من ڕەشنووسەک بۆ پرۆژەیەکی ئاوەهایی ئامادە بکەم، لەبەر تیشکی سەرنج و ئەزموونی خۆمدا نووسینەکەم ئامادە کرد و گەلاڵەی نووسینەکەم بۆ چەند لایەکیش نارد. دیارە ئەم نووسینە وەک هەر هەوڵدانێک بێ کەموکووڕی نییە، بەڵام ئەوەی بەلامەوە مەبەستە و دەبێت جێگەی خۆی بگرێت ئەوەیە کە هەر پرۆژەیەکی ئاوەها پێویستە لە بیری تەسکی پارتایەتی و مرخی دەستبەسەرداگرتنی گۆڕەپان کە ساڵانێکە بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێوەی دەتلێتەوە، دوور بێت. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە زۆرم مەبەستە کە بیروڕای ئێوەی بەڕێزم چ بە نامە و چ لەسەر ڕووپەلی بڵاوەکراوەکاندا پێ بگاتەوە.

# پرۆژەی کۆنگرەی گەلی کوردستان

لەم سەردەمەی ئێستاکەدا، کە بە سەردەمی نەمانی جەنگی سارد و پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مافی گشت نەتەوە بچووک و گەورەکان ناسراوە! نەتەوەیەک لەم جیهانەدا نەماوە وەک نەتەوەی کورد گەورە بێت و لە هەمان کاتدا مافخوراو و وڵات داگیرکراو و پارچە پارچەکراو بێ. لە مێژ ساڵە تەقەلای دڵسۆزانە دەدرێ بۆ ئەوەی تێکۆشان و قوربانیدانی نەتەوەکەمان، لە یەک ئامانجی سەرەکییدا یەکتری بگرێتەوە و، ببێتە خودانی دامو دەستگایەکی یەکگرتوو، کە بکارێ ڕۆڵی ڕەوای خۆی لە ڕێنماییکردنی خەباتە پیرۆزەکەیدا ببینێ.

بەداخەوە بە هۆی فڕوفێڵ و زەبروزەنگ و زۆرداری و بەرژەوەندیی داگیرکارانی کوردستان و دواکەوتوویی و بیری خێڵەکییەوە، ئەم ئاواتە پیرۆزە وە پاشی دا. ئێستە کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو کوردێکی دڵسۆز و هێزە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری کوردستان ڕیزی خۆیان ڕێک بخەن، یەک دڵ و یەک دەست ڕێگەی خەبات بگرنە بەر، تا کاروانەکەمان بکارێ تەواوی نەتەوەی کورد بە ئامانجی سەرەکی بگەیەنێ و کوردستانیش بگاتەوە ڕیزی وڵاتانی تری ئەم جیهانە.

دەمێکە کۆنگرەیەکی ئاوا بۆتە پێداویستییەکی سەرەکی و مایەی خەبات و کۆششی نیشتمانپەروەران و جەماوەری کوردستان، هەرچەندەش زووتر ئەم هەنگاوە بنێین ئەوەندە زووتر لە ئاسۆی سەرکەوتن نزیکتر دەبینەوە.

لە بارودۆخی ئەمڕۆدا هەموو کوردێکی دڵسۆز و هۆشیار بەرپرسە بۆ هێنانەدی کۆنگرەیەکی ئاوەهایی بکەوێتە خۆ.

بەشی یەکەم

ناو، ناسنامە و، پرنسیپ.

– ناو: کۆنگرەی گەلی کوردستان.

– ڕێکخراوێکی کوردستانی دیموکراتی فرەلایەنی سەربەخۆیە.

– لە خواستی ئازاد و بڕیاری هۆشمەندانە و بەرژەوەندیی جەماوەری کوردستان هەڵدەقوڵێ.

وەک پرنسیپ و ئامانج کۆنگرە:

– باوەڕی بە کۆمەڵگەیەکی خاوەن سیستەمی شارستانییە کە بەپێی دەستوورێکی دیموکراتیانە بەڕێوە بچێ.

– مەیدانێکی کۆکەرەوەیە (گۆڕانگە)، خێوەتێکی بەرین و فراوانە شوێنی هەموو پارت و گرووپ و ڕێکخراوە رامیاری و کۆمەڵایەتییەکان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی تێدا دەبێتەوە.

– باوەڕی بە دیموکراسی و پلورالیزم و جیاوازی و ئازادی بیروڕا و بۆچوون هەیە.

بەشی دووەم

لە مەیدانی نەتەوایەتیدا

– هەموو کوردستانییەک، بەبێ جیاوازی نەژادی، ئایینی و ڕەگەزی نێر و مێ دەتوانێ بەشداری لە کۆنگرەدا بکات.

– کۆنگرە بۆ پترکردنی ڕۆڵی جەماوەری کوردستان لە دەرەوەی وڵات تێدەکۆشێت.

– بێوچان تەقەلا دەدات بۆ داڕشتنی ستراتیژیەتێکی کوردستانی و بە

دیموکراتی و بە شارستانیکردنی شێوازی تێکۆشان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا.

- تێدەکۆشێت بۆ بەهێزکردنی هاوکاری نێوان ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان، لە پێناو بەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا.

- ڕێکخستنی وزە و دەنگ و توانای کورد و کوردستانییە ئاوارەکانی دەرەوە، (مەبەست پرا ئاشوری، کلدانی و تورکمانەکانە) تا ببێتە هێزێکی ماکی (مادی) و مینۆکی (مەعنەوی) کاریگەر کە بتوانێ ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر ناوەوەی کوردستانیش هەبێت.

- کۆنگرە بە توندی شەڕەکورد ڕیسوا دەکات، جا بە هەر بەڵگە و بیانوویەکەوە بێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێ کێشە و جیاوازییەکانی ناوخۆ بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتیانە و بە پشووی درێژ چارەسەر بکرێت.

- کۆنگرە تێدەکۆشێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا کە کوردستانیان لە بندەستدایە، عەرەب، عەجەم و تورک، یا ئەو وڵاتانەی گەلێ لەمێژە کوردی زۆری تێدا دەژی، وەک کۆنە یەکێتیی سۆڤیەت و پاکستان و لوبنان، بەتایبەت لەگەڵ گرووپە ڕەوشەنبیر و دیموکراتییەکانیاندا، بۆ کارکردنە سەر ڕای گشتی ئەو نەتەوانە و ڕژێمە داگیرکارەکان و ڕاهێنانی ساسیکۆلۆژیان بە پێویست چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەسەر بنچینەی ناسینی خاکی کوردستان و بڕیاردارنی چارەنووسی سیاسیی کوردستان.

- کۆنگرە تێدەکۆشێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەربەدەر و ئاوارەکانی ئەرمەن، ئاشوری، سریان، کلدانی و عەلەوییەکان و بۆ

خەباتکردنی ڕەوا لە ڕیزی کۆنگرەی گەلی کوردستان، بەختیاری و مافی ڕامیاری و کۆمەلآیەتی و ئایینی ئەوانیش بە سەرکەوتنی کوردستانەوە بەندە.

بەشێ سێیەم

پەیوەندییەکانی کوردی ـ جیهانی

– کۆنگرە تێدەکۆشێت بۆ پترکردنی قورسایی و ڕۆڵی جەماوەری کوردستان لە دەرەوەی وڵات و بەدەستهێنانی پشتیوانی جیهانی بۆ گەلی کوردستان لە ڕووی ماکی و ئابوورییەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی ڕامیاری ـ کولتووری لە دەرەوە و پشتگیریکردنی خەباتی ناوەوە.

– ناساندنی ناوەرۆکی ڕەوای دۆزی کورد و کەسایەتیی نەتەوایەتی کورد بە ڕای گشتی جیهان، جەختکردن لەسەر پێویستی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لەسەر بنچینەی دیموکراسی و مافی بڕیاردانی چارەنووس.

– هەوڵدان بۆ دروستکردنی (لۆبی) کوردی لە وڵاتانی جیهاندا، بۆ ئەم مەبەستە نەخشەی ڕێکوپێک هەبێت، هانی کورد و هەموو ئاوارەبووەکانی تری کوردستان بدات، تا لەو وڵات و کۆمەڵگایانەی تێیاندا دەژین جێگەی خۆیان بکەنەوە، ڕۆڵی خۆیان ببینن بۆ پەیداکردنی زۆرترین لایەنگر بۆ سەرخستنی پرۆسەی نەتەوایەتی و نیشتمانیمان.

بەشی چوارەم

ڕاگەیاندن و پروپاگەندە

– تێکۆشان لەپێناو ئەوەی دۆزی کورد و کوردستان شوێنی ڕامیاری و

گرنگی خۆی لەنێو دەستگا جۆربەجۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی جیهاندا بکاتەوە و بە ڕەسمی بناسرێت.

– تێدەکۆشێت بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا، کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و ڕێزگرتنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی یەکدی و هاوکاریی ئابووری، ئازادی و پلورالیزمی نەژادی و ڕامیاری و کولتووری گەلانی ناوچەکە مسۆگەر بکات.

– هانی هەموو کوردێکی دڵسۆز دەدات دەستی یارمەتی باش بۆ تەلەفزیۆنی میدیا درێژ بکات کە دەستگایەکی ڕاگەیاندنی کاریگەری کەموێنەیە لەم سەردەمەدا، لە هەر وڵاتێکی کوردی تێدا دەژین بە باربووی دارایی و بەڵگەنامەی کولتووری، مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەربارەی کوردستان یارمەتی بدرێت. بە تێبینی ڕەوا و ڕەخنەی دروستکەر، تەقەلا بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی بدرێت.

– پەیوەندیبەستن بە دەستگا ئابوورییە پسپۆرییە جیهانییەکان و دەستگا نێونەتەوەیی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانەوە، بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری ماکی و تەکنیکی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێکردنی باری ئابووریی کوردستان.

– دۆزینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە و داڕشتنی بنچینە یاساییەکانی ڕەوایەتی، مرۆڤایەتی، مێژوویی، ڕامیار و یاسای دۆزی کورد و مافی مرۆڤی کورد لە لایەک و لە لایەکی ترەوە تاوانبارکردنی دوژمنانی کورد و دادگا بۆ دانانیان سەبارەت بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و ژینۆسیدیان لە دژی خەڵکی کوردستان.

– پارێزگاری لە مافی هەر تاکە مرۆڤێکی کە لە کوردستاندا دەژیت لە بەرانبەر پێشێلکردن و دەستدرێژکردنە سەر مافی مرۆڤانەی چ لە لایەن

ڕژێمە داگیرکارەکانی کوردستانەوە بێ چ لە لایەن دەسەڵاتی میلیشیایی پارتە کوردییەکانەوە بێ.

بەشی پێنجەم

ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەرکەکان

ئا: بەشداربوون لە کۆنگرە

١- هەموو کوردستانییەکی ڕەوشتپاک و دڵسۆز بۆی هەیە بەشداری لە کۆنگرەی گەلی کوردستاندا بکات.

٢- بڕوای تەواوی بە مافی ڕەوای دۆزی کورد و کوردستان هەبێت.

٣- تەمەنی لە حەڤدە ساڵ کەمتر نەبێت.

٤- یارمەتی مانگانە، یا ناوبەناو چەند کرۆنێک، بە کۆنگرە بدات.

٥- بەشداربوون لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکییەکی کۆنگرەدا دەکات، وەک هەر کوردێکی دڵسۆز بۆ کورد و کوردایەتی دوور لە بیری پارتایەتی تەسک و گیانی خێڵەکی یا ناوچەگەری.

٦- هەر ئەندامێکی کۆنگرە دەتوانێ بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەن و کۆمیتەکاندا بکات و خۆیشی کاندیدات بکات.

ب: دەستگاکانی کۆنگرە

١- لە هەر وڵاتێکی کوردی تێدا دەژیت لە هەندەران، باڵاترین دەستگا لە کۆنگرەدا، ئارەزوو و نیاز و خواستی زۆربەی بەشداربووانی کۆنگرەیە.

٢- هەر دوو ساڵ جارێک لە کۆنگرەی گشتیی وڵاتەکەدا، ئەنجومەنی باڵا بە دەنگدانی نهێنی و شێوازی دیموکراسیانە هەڵدەبژێررێت.

٣- ئەنجومەن لە پانزە تا نۆزدە کەس پێکدێت.

٤- لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکەدا، کۆمیتەی کارگێڕ و

بەرپرسیاری یەکەم هەڵدەبژێرریت، ئەرکەکانیش لەنێو خۆیاندا دابەش دەکەن.

٥- هەر دوو مانگ جارێک کۆمیتەی کارگێڕ و ئەنجومەنی باڵاش شەش مانگ جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان دەکەن.

٦- پەیوەندی لەنێوان بەشداربووانی کۆنگرە لە هەر شارێکدا بە کۆبوونەوەی فراوان و بەستنی کۆڕ و سیمینار بەپێی پێویست وە جێ دەهێنرێ.

بەشی شەشەم

کۆنگرەی سەرانسەری

١- ئەرکێکی سەرەکی و هەرە مێژوویی یەکجار پێویستە کە هەموو کۆنگرەکانی گەلی کوردستان و پارت و گرووپەکانی کوردستان لە هەندەران ریزی خۆیان رێک بخەن و لە یەک قەوارەی نەتەوایەتی بۆ خزمەتکردن و سەرکەوتنی کوردستان خەبات بکەن.

٢- نوێنەرانی هەموو کۆنگرەکانی گەلی کوردستان لە هەندەران لە کۆنگرەیەکی سەرانسەریدا سەرکردایەتی باڵا هەڵبژێرن کە بریتی بێت لە بیستویەک ئەندام.

٣- هەر پارتییەکی کوردستان مافی ئەوەی هەیە بە یەک ئەندام بەشداری لە ئەنجومەنی باڵادا بکات.

٤- ڤیتۆ، نابێ لەسەر هیچ پارتێکی کوردستانی دابنرێت.

٥- ئەنجومەنی باڵا، دەفتەری کارێگێڕ و بەرپرسیاری کۆنگرە هەڵدەبژێرێت، ئەندامانی ئەمیش ئەرکەکانی کۆنگرە لەنێوان خۆیاندا بەش دەکەن.

٦- ئەنجومەنی باڵا چەند دەستگایەکی پسپۆر (هیئات اختصاصیە) لە کەسانی لێزان و شارەزا پێک دەهێنێ، بۆ ڕاوێژکردن و دەرسکردنی پێشخستنی پرۆسەی کورد.

٧- بۆ بەرپرسیاری یەکەم نییە لە دوو خول (چوار ساڵ) زیاتر ببێتەوە بە بەرپرسیاری یەکەم.

٨- ئەو پارتیانەی دێنە ریزی کۆنگرەوە، پێویستە بەپێی توانایان یارمەتی ماکی پێشکەش بە کۆنگرە بکەن.

٩- هەر دوو مانگ جارێک دەفتەری کارگێڕ کۆ دەبێتەوە. ئەنجومەنی باڵاش ساڵی دوو جار.

١٠- کۆنگرەی سەرانسەری هەر دوو ساڵ جارێک پێک دێت.

١١- کۆنگرەی سەرانسەری نەخشی ستراتیژییەتی دۆزی کورد دادەڕێژێت.

١٢- جگە لە تەقەلا پیرۆزەکانی لەنێوان وڵاتانی جیهان و کۆمەڵ و ڕێکخراوە ڕامیاری و دەوڵەتی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناساندن و سەرخستنی پرۆسەی کورد. ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی هاوبەش و هاوکاریی نێوان هەموو پارت و هێز و گرووپە کوردستانییەکان لە سەرانسەری کوردستاندا.

١٣- بە گیانێکی پڕ هەستکردن و بەرپرسیاری چارە بۆ ئەو کێشە و ناکۆکیانە دەدۆزێتەوە، هەر کاتێک لەنێوان هێز و پارتە کوردستانییەکان ڕوویدا.

١٤- ماوە بۆ هیچ کورد و پارت و دەستە و گرووپێک نییە لە سنوور و نەخشەی گشتی کۆنگرە و ئامانجە ستراتیژییەکەی دەرچێت.

سوید ١٩٩٥

٣— لە دوو سێ شوێنی نووسینەکانمدا چەختم لەسەر ئەوە کردووە کە بنیاتنانی کۆنگرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی بە پێداویستییەکی یەکجار مێژووی دەبینم، چەند زووتر ساز بکرێت ئەوەندە لە بەرژەوەندی و قازانجی نەتەوەکەماندایە. بۆ ئەوەی چالاکانە ڕۆڵی پێشڕەوی ڕوا ببینێ لە زۆرکردنی لایەنگر و دۆست بۆ پرۆسە چارەنەکراوەکەمان. گەشە بە بڵاوکردنەوەی ریکلام و ڕاگەیاند و پروپاگەندە دژی ئەو بارە دژوار و ناجۆرانە بدات، کە ستەمکارانە نەتەوەیەکی گەورەی وەک گەلی کورد بە زەلیلی و ژێردەستەیی ماوەتەوە، لە مافە ڕەوا مرۆڤایەتی، کولتووری و ڕۆشنبیری و سیاسی و سروشتی بێبەش کراوە. نیشتمانەکەمان لە لایەن تورک و فارس و عەرەبەوە کۆلۆنیکراوە.

سەدان ساڵە هەر سێ هێزە شوڤێنیستە خاوەندەسەڵاتەکە، بە چەندان شێواز، سەرشێتانە و بێنابڕووانە تەقەلای ئەوەی دەدەن کە کورد لەناو بەرن، ناوی کورد و کوردستان لەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێویندا نەمێنێت و مێژووی دووروودرێژی بشێوێنرێت.

لە شوباتی ١٩٩٦دا گوتارێکم دەربارەی کۆنگرەی یەکگرتووی سەرانسەری نووسی، چەند دانەیەکم بە فۆتۆکۆپی لێ بڵاوکردەوە، بۆ چەند کۆمیتە و ڕۆژنامەی کوردیم نارد. وا بزانم لەگەڵ ناوەڕۆکی بۆچوونەکانمدا نەبوون، بڵاویان نەکردەوە.

وا لێرەدا دەقی ئەو وتار بڵاو دەکەمەوە:

# بەرەو کۆنگرەیەکی کوردستانی یەکگرتوو

سازکردنی کۆنگرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی پێداویستییەکی مێژووییە، هەنگاوێکی فرە پیرۆزە. جا لە ژێر هەر ناوێکی گەلی، نەتەوەیی و نیشتمانیدا بێت. دەمێکیشە کۆششی بۆ دەکرێت. بەداخەوە تا هەنکە ئەم ئاواتە وە دەست نەهاتووە.

لە هەلومەرجی ئێستاکەی کوردستان و جیهاندا، دیاردەیەک لەنێو کوردە دەربەدەر و ئاوارەبووەکاندا دەبینرێت، دوو شێوە تەقەلا و کۆشش لە پێناو بنیاتنانی کۆنگرەکە لە گۆڕدا هەیە:

یەکەمیان: ئەو شێوەیەیە کە ژمارەیەک لە برا کوردەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتانیا، فرەنسا، فینلەندە، سوید، دانیمارک، ئیتالیا و ئوستورالیا دەستیان داوەتێ، هەنگاویان بۆ ناوە. مرۆڤ دەتوانێ بڵێت سەرەتایەکی بەسوود و ڕەوایە.

دووەمیان: ئەو هەنگاوەیە کە پەرلەمانی کوردستان لە هەندەران بڕیاری بنیاتنانی بۆ وەرگرتووە! بۆ بەجێهێنانی کەوتووەتە کۆشش و تەقەلادان، کۆمیتەیەکی کاتی بۆ پێکهێناوە. تا ئەمرۆکەش لە پایتەختی بەلژیک، برۆکسل، چەند کۆبوونەوە و کۆڕ ئەنجام دراوە.

بەپێی بۆچوون و لێزانینم ئەو ڕێبازەی برا تێکۆشەرەکانی برۆکسل خەبات بۆ دامەزراندنی دەکەن و گرتوویانەتە بەر، کارکردنە بۆ بنیاتنانی بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو بۆ سەرانسەری کوردستان، تا گشت پارت و گرووپ و کەسایەتییەکی دڵسۆز بە کورد و کوردستان لەنێویدا کۆ

بکرێتەوە. لە شێوەی بزافی ڕزگاریخوازی فەلەستین، (فتح) و کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقای خوارووادا. ئەم بۆچوون و نەخشەیە گەر سەرکەوتن وە دەست بهێنێت و بێتە کایەوە، ڕاسترین و باشترین و بەسوودترین ڕێبازە بۆ یەکگرتن و ڕێکخستنی هێزەکانی کوردستان و، لە سەرانسەری نیشتمانەکەماندا خەباتی نەتەوەییمان بۆ پێشەوە دەبات.

شاراوە نییە بە هۆی کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە و کێشەی ناڕەوا و لاوەکییەوە، کە لە مێژ ساڵە لەنێوان ژمارەیەک لە پارتە کوردستانییەکان و لە وڵاتە دابەشکراوەکەماندا ڕەگوڕیشەی هەیە، ئەو ئاواتە پیرۆز و ڕەوایە کە هەموو ڕۆڵەیەکی کورد بەسۆز و جۆش چاوەنواڕی دەکات، لەمپەری سەختی دەخرێتە پێش نایەتە دی.

با بێینە سەر شێوازە جیاجیاکان کە لە چەند وڵاتێک وەک بنکەی سەرەتایی هەنگاوی بۆ هاوێژراوە. چەند خاڵ و هۆکاری گرنگ هەن پێویست بە ڕەچاوکردن دەکەن:

١- نزیک ملیۆنێک کورد دووچاری دەربەدەری و ئاوارەبوون هاتوون، لە وڵاتانی دونیا پەراگەندە بوون، ژمارەیەکی زۆر کادیری زانستی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری لەنێویاندا هەیە. بەشی هەرە زۆریان لە عەقڵیەتی پارتایەتی تەسک و ناوچەگەری و دەمارگیری ڕزگاریان بووە. لە پێناو بەرژەوەندی و خزمەتکردنی کورد و کوردستان، ئامادەن ئەوەی لە توانایاندا بێت دریخی تێدا نەکەن.

٢- ناکۆکی و کینەبەری و کێشەی توندوتیژی، نێوان ژمارەیەک لە پارتەکانی کوردستان، زێدەبەدەر شێوەی ناڕەوا و نابەجێی گرتووەتە خۆ. شەڕی کورد کوردکوژی و وێرانکاری لە باشووری کوردستان، گەیشتووەتە ئەوپەڕی بێزاری و نارەزایی سەرتاپای جەماوەری

کوردستان. تەنانەت دۆستەکانی پرۆسەی کوردیش لە جیهاندا نیگەران و نائاسوودەن. ڕووداوە تاڵ و سوێرەکانی ئەو سێ ساڵەی دوایی، مەترسیی گەورەی لەسەر لەناوچوونی ئەو هەلە زێڕینەی کە لە ئاکامی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ کەوتە دەستی نەتەوەی کورد پەیدا کردووە.

٣- دوابەدوای تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و تا سنوورێک نەمانی جەنگی سارد، باشترین دەرفەت بۆ خەباتی ڕەوای وڵات و گەلانی مافخوراو ڕەخسا، بەتایبەت دوای شەڕی کەنداو، کەچی بەپێچەوانەوە ڕووداوەکانی کوردستان، بەرەو ئەو هەڵدێر دەچێت، کە لە ئەنجامی ڕێبازی نادڵسۆزانە و دوور لە گیانی کوردایەتیی ڕاستەقینە، سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی جارێکی تر وا خەریکن مەترسی زێدەبەدەر و کارەسات بەسەر کوردستانی لکێنراو بە عێراقەوە بخولقێنن. کردەوە و هەڵوێست و بیر و بۆچوونەکانیان لە قەوارەی پاراستنی دەسەڵات و خۆپەرستی دەرناچێت. بەزەییان بە خوێنی هەزاران شەهید و وڵاتە وێرانکراوەکە نایەت، حسێبێکی ورد و ژیرانە بۆ ئەو گۆڕان و گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە ناکەن کە خەریکە بەسەر جیهاندا دێت.

ئەو ڕاستی و ڕیالیستانە دەشێوێنێن کە نەتەوەیەکی وەک کورد، تاکە نەتەوەی گەورەیە لە قەبارەی ٢٥ ملیۆن زیاترە، بە کۆلۆنیکراوی دابەشکراو، بێبەشکراو لە هەموو مافە ڕەواکانی مرۆڤایەتی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و...هتد ماوەتەوە.

لە هەلومەرجی ئێستادا، هەموو کوردێکی دڵسۆز بانگهێشتن دەکرێت، پێشەکی برا کوردە ئاوارە و پەناهەندەکان، کە لە تەقەلادان و تێکۆشانیان سارد نەبنەوە و سوور بن لەسەر سازکردنی کۆنگرەیەکی یەکگرتووی

کوردستانی، له نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان له دەرەوەی وڵات، نوێنەرانی گشت ئەو کۆنگرانەی له چەند وڵاتێکدا دامەزراوە، نوێنەرانی ئەو پارتە کوردستانیانەی ئامادەن، کوردە کەسایەتییە ناسراوەکان، له کۆبوونەوەیەکی فراوان و گشتیدا بکەن، بە دڵ و دەروونی کراوە و، پشووی درێژ و گیانی دیموکراسیانە، له هەموو ڕوویەکەوە دەرسی باری کوردستان و شێوازە ڕەواکەی بکەن. بە هەڵبژاردنی نهێنی، دوور له ناوچەگەریتی و مقۆمقۆی پشت پەردە و دەسەڵاتی پارتایەتی تەسک، کۆمیتەیەکی باڵا هەڵبژێرێت. بۆ بەڕێوەبەریتی و ئامۆژگاریکردنی تەقەلا و تێکۆشانی کوردە ئاوارەبووەکان. له هەنگای یەکەمدا ساردی، ناکۆکی، دووبەرەکی و دردۆنگی لەنێو کوردەکانی وڵاتانی بیانیدا نەهێڵێت. کورد کوردە، کوردستانیش یەک وڵات و خاکە، پرۆسەکەش له بنەڕەتدا یەک پرۆسەیە. (مەبەستم ئەوە نییە هیچ کوردێک واز له بیر و بڕوای تایبەتی خۆی بهێنێت، یا پەیوەندی پارتایەتی خۆی نەپارێزێت.)

له هەمان کاتدا دەبێ بەڕاشکاوی ڕابگەیەنرێت کە بنیاتنانی کۆنگرەی یەکگرتووی کوردستانی، جێگر یا شوێنی بەرەی نیشتمانی کوردستان ناگرێتەوە. بەپێچەوانەوە کۆنگرەی نیشتمانی، دەبێ یاریدەدەر و زەمینەخۆشکەر بێت کە له داهاتوویەکی نزیکدا بەرەی نیشتمانی یەکگرتووی کوردستانی له هەر پارچەیەکی کوردستاندا بنیات بنرێت. سەرکەوتووانە، بە توانا و لێوەشاوەییش ڕابەرایەتی خەباتی سەختی جۆراوجۆری نەتەوایەتی بکات، تا کوردستان بە ئاواتەکانی دەگات، کە ئەویش مافی چارەنووس و سەربەخۆییە.

کۆنگرەی یەکگرتووی نەتەوەیی دەبێ بە کردەوە نیشانی بدات کە کۆنگرەی سەرتاپای گەلی کوردە، له پێناو سەرخستنی پرۆسەکە و

ڕزگارکردنی وڵاتەکەدا تێدەکۆشێت. لە شێوەی (لوبی) جوولەکەکان بزاڤ بکات، کە لە ساڵی ١٨٩٨دا دامەزرێنەری سەهیۆنیزم (تیودور هرتزل)(٤٩) نەخشەی بۆ کێشابوو، یا لە هێندێ شێوە و ڕووەوە لە حوسەینیەی برا شیعەکان بکات. لە وڵاتانی دونیادا هەوڵ بدات و کۆشش بکات، فراوانترین دۆست و لایەنگر بۆ پشگیرکردنی پرۆسەی کورد و کوردستان پەیدا بکات، یارمەتی ماکی و مینۆکی (مادی و مەعنەوی) بۆ کوردستان کۆ بکاتەوە. دامودەستگا و ئامرازێکی کاریگەر بێت لە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و پروپاگەندەی زۆر بۆ بەرژەوەندیی کێشەکە و ڕیسواکردنی دوژمنان و نەیارانی کورد.

هاوکاری و هاریکاری تەواو لەگەڵ خەباتی پیرۆزی نەتەوەییمان لە سەرانسەری کوردستاندا بکات. بە پشووی درێژ، ڕەخنە و تێبینی دروستکەرانە تەقەلا بدات ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییانەی لەنێوان هێندێ هێزی کوردستانیدا هەن، بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتیانە چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، نەفرەت لە شەڕی ناوخۆی کورد کوردکوژی بکرێت. کۆمیتەکانی کۆنگرەکە بە ئەوپەڕی ڕێبازی دیموکراسی و مۆدێرنانە ئیش و کارەکانی نێوەخۆی بەرەو پێش بەرێت.

گومان لەوەدا نییە کۆنگرەیەک بەم شێوەیە بزاڤ و ڕەفتار بکات، بڕوای زۆربەی جەماوەری کوردستان و هێزە سیاسییەکان بۆ لایەنگری خۆ ڕادەکێشێت، نرخی کورد و ڕێزی لایەن دۆست و ناحەزان بە

---

(٤٩) تیودۆر هرتزل (١٨٦٠-١٩٠٤)، زانایەکی ناوداری جوولەکەیە. لە بنەڕەتا خەڵکی مەجەرستان (هەنگاریا)یە. لە ساڵی ١٨٩٨دا بزووتنەوەی زایونیزمی ڕاگەیاند. یەکەم جار لە مێژووی ئەو سەردەمەدا دروشمی کۆکردنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی بۆ جوولەکەکانی جیهان بەرز کردەوە.

تێڕوانینێکی تر سەیر دەکرێت. کاروانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوایەتیمان لە پێناو ئازادی و سەربەستی و مافە ڕەواکان، زیاتر و گورج و گۆڵتر بەرەو پێش دەڕوات و گەشە دەکات. ڕۆژی گەیشتن بە ئاواتەکانی شەهیدانمان نزیکتر دەبێتەوە.

سوید

شوباتی ١٩٩٦

# ٤- سەردانی تەلەفزیۆنی کوردستان (مەد)

ئێوارەی ١٩٩٧/٢/١٤ زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا، کە هەڵمگرت قسەکەر خۆی پێناساندم و گوتی: "من لە تەلەفزیۆنی کوردستانەوە، لە برۆکسل، پایتەختی بەلژیک، دەپەیڤم. بەڕێوەبەرانی تەلەفزیۆن تکایان هەیە گەر بە ئەستەمی نازانی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٢٣ بەشداری لە گفتوگۆیەکەی یەکسەری تەلەفزیۆنەکەماندا بکەی، لەگەڵ چەند برادەری کوردی تردا کۆڕەکە بەڕێوە دەبەن." پرسیارم کرد: "باس و لێدوانەکە دەربارەی چییە؟" گوتی: "باری ئێستاکەی باشووری کوردستان. کێشەی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان." ئامادەیی خۆم نیشاندا.

ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٢٢ بە فڕۆکە گەیشتمە برۆکسل. هەر کە گەیشتمە فڕۆکەخانەکە، بینیم دوو کیژ، لە دوورەوە، سەربەرزانە لەنێو خەڵکێکی زۆردا وەستاون. یەکێکیان تەمەنی هەر لە دەوروبەری هەژدە ساڵاندا بوو، دروشمێکی چوارگۆشەی بە قەد نیوەلاپەڕەیەکی فولسکاپ بەرز کردبووەوە، بە ڕەنگی سوور و سەوز و زەرد نووسرابوو (MED)، زوو هەستم کرد ئەو جەوانانە چاوەنواڕی من دەکەن. هەر کە گەیشتمە لایان و گوتم ئێوارەتان باش، بە گەرمی بەرسڤیان دایەوە و، گوتیان: "هەڤاڵ بەخێر بێیت. بفەرمە ماشین ئامادەیە." یەکسەر بەرەو ستودیۆی تەلەفزیۆنەکە بە قەراخ برۆکسلدا کەوتینە ڕێگا. ماوەی نێوان فڕۆکەخانە و شوێنی ستودیۆکە سێ کیلۆمەترێک دەبوو.

لە ستودیۆکەدا زۆر بەگەرمی پێشوازییان کردم. بینیم زیاتر لە سەد

کەس، وەک شانەی هەنگ، لە هاتوچۆکردندان. ئاگاداریان کردم کە ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٢٢ هەموو ساڵێک جەژنی برا عەلەوییەکانە، ناوی جەژنەکەش (جەژنی خدرە)، بەو بۆنەیەوە ئیمشۆکە تەلەفزیۆنەکە ئاهەنگی تایبەتیان بۆ دەگێڕێت. لە هەمان ساتدا بینیم برایان دکتۆر یوسف زەنگەنە و فازیل قەساب لە لەندەنەوە گەیشتن. هەر سێکمان بە گوتی خۆش کاتمان بردە سەر. شوێنی نووستنمان ڤیلایەکی ڕێکوپێکی خۆش بوو. چل کیلۆمەتر لە ستودیۆکەوە دوور بوو.

بەیانی ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٢٣، برایان، بەڕێوەبەرانی تەلەفزیۆنەکە، ئێمەیان بۆ بارەگای پەرلەمانی کوردستان لە هەندەران، لە برۆکسل، برد. سەرۆکی پەرلەمان تێکۆشەر هەڤاڵ یەشار کایا، یەکجار بەگەرموگوڕی پێشوازی لێکردنین. دوو سەعات زیاتر لەگەڵمان دانیشت. لێدوانی زۆرمان لەسەر باری کوردستان، یەکێتیی تێکۆشانی هێز و پارتە سیاسییەکانی کوردستان و کۆنگرەی نەتەوایەتیی کوردستان، کرد.

لە بۆچوون و گفتوگۆیەکانماندا نزیکی یەکتری بووین. ئاگاداری کردین کە هەنکە کۆمیتەی سەرەکی بۆ ئامادەکردنی ئینسکلوپیدیای کوردستانی کۆبوونەوەیان هەیە. میوانداری کردین و، پراڤینمان لەلای ئەو خوارد.

لە هەمان کاتدا چاومان بە برایان د. عیسمەت شەریف وانلی، د. جەلیلی جەلیل، د. نوری تاڵەبانی، د. جەبار قادر و زانا و پرۆفیسۆرێکی کورد لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوت. بەتایبەت ماوەیەک لەگەڵ برایان د. نوری تاڵەبانی و د. جەبار قادر دانیشتین. بە ڕێزگرتن یەکتریمان بەجێهێشت و، گەڕاینەوە ستودیۆکە. بینیمان کە برای نووسەر نەجیب بالانی لە ئەڵمانیاوە گەیشتبوو.

ئێوارەکە ماوەی دوو سەعات و پانزە دەقیقە لە کۆڕێکی زیندووی

تەلەفزیۆنی وتوێژ و لێدوان لەسەر باری ئێستاکەی کوردستان، ناکۆکییە ناڕەواکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، مەترسی گەورە و ترسناک بە لەناوچوونی دەستکەوتووتە نەتەوەییەکانی کورد لە باشووری نیشتمانەکەمان، کرا. برا بەکر شوانی کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد، باسی ئەو قەیرانە قووڵە ئابووری، کۆمەلایەتی، سیاسی و فیکرییەش کرا کە نەتەوەکە تێیکەوتووە. بەپێی توانامان ئەوەی بە گوتی خێر و چاکە و ڕاستمان زانی پێشکەش بینەرانمان کرد. ڕەخنەی دروستکەر و تێبینی دڵسۆزانەمان ئاراستەی سەرکردایەتی هەردوو هێزە سەرەکییەکە کرد. بەو ئاواتە کە کۆتایی بەو زیانانە بێت کە تا ئێستا بە خەڵکی باشوور گەیشتووە. کورد گوتەنی: زیان لە کلکی بگەڕێتەوە هەر بەسوودە.

بۆ ڕۆژی دووەم لە بەشی عەرەبییەکەش چاوپێکەوتنێکی تایبەتیان لەگەڵدا کردم. چلوپێنج دەقیقەی خایاند. بە چڕوپڕی ناوەڕۆکی کۆڕەکەی بەشی کوردی باسکرایەوە.

لە هەردوو چاوپێکەوتنەکەدا، دڵسۆزانە و لە ناخی دەروونەوە، داوا و تکامان ئاراستەی سەرکردایەتی پدک و ینک کرد، کە واز لە شەڕی کورد کوردکوژی بهێنن، بەڵکە ئەو تروسکە هیوای لە باشووری کردستان ماوە لەناو نەچێت و گەشە بکاتەوە، ئاسوودەیی و گیانی تێکۆشانی هاوبەش و هاریکاری بگەڕێننەوە باشووری کوردستان، جەماوەری برسی و ستەمدیدی کوردستان لەو قەیران و کارەساتانەی، کە لە پێناو بەرژەوەندیی پارتایەتی تەسک و دەسەلاتدا، تێی کەوتوون، ڕزگار بکەن.

هانامان بۆ سەرکردایەتی هەردوو هێز بریتی بوو لە:

١- پێداچوونەوە بە کردەوەکانیاندا، لەو هەموو زەرەر و زیانانەی بە

نەتەوەکەیان گەیاندووە. ڕزگارکردنی وڵات و پاراستنی لە وێرانکردنی یەکجارەکی. داوامان لێکردن کە تا هەلەکە بەتەواوی لە کیس نەچووە، کۆتایی بەو کێشە ناڕەوا و کوشتن و وێرانکردنە بهێنن و سنووریکی بۆ دابنێن.

٢- بە شێوازی ڕەخنەگرتنی دروستکەر، ڕەخنە لە کردەوە چەوت و ناڕەواکان، لە هەلە زلەکان گیرا. داوایان لێکرا، بەجەرگانە، دەستنیشانی ئەو چەوتی و هەلانەی پێشوو بکەن و چالاکانە بڕیاری خۆلێڕزگارکردن وەربگرن و بگەڕێنەوە سەر ڕێبازی کوردایەتیی ڕاستەقینە. بەزەییان بە خوێنی هەزاران شەهید و کوردستانی وێرانکراو و بە داهاتووی خۆیان و نەتەوەکەیاندا بێتەوە و حسێبێک بۆ بڕیاری مێژوو بکەن.

٣- بەڕاشکاوی، بەبێ پێچ و پەنا، لە بەردەم خەڵکی کوردستاندا دان بە هەڵە و تاوانەکانیاندا بنێن. بەڵێنی تەواو بدەن کە بەتەواوی خۆیان لە دووپاتەکردنەوەیان دەپارێزن و چیتر کارەساتەکان دووبارە ناکەنەوە. بەو هەنگاوەشیان ڕێز و نرخی خۆیان زیاد دەکەن و جەماوەریش دەکەوێتەوە شادی و خۆشی و ورە و بڕوایان بەرز دەبێتەوە و بەتەواوی دەکەونە پشتگیرکردنیان. دەمێکە گوتراوە: "داننان بە هەڵەکردندا مایەی دڵسۆزی و گەورەیی و ڕێزلێنانە."

٤- داوا کرا بەخێرایی و گورجوگۆڵانە زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکرێت کە لەسەر خاکی کوردستان، دوور لە سێبەری داگیرکەرانی وڵاتەکەمان و، بە بەشداریی گشت پارت و هێز و گرووپ و کەسایەتییە ناسراو و دڵسۆزەکانی نەتەوەکەمان کۆبوونەوە بکرێت و گفتوگۆ لەسەر داڕشتنی ڕێبازێکی تازە بۆ خەباتی نزیک و دووری داهاتوومان بکرێت. تا لەو ڕێیەوە قازانجی زۆر بە نەتەوەکامان بگات و دوژمنانی داگیرکەر ڕیسوا

بکرێن و مایەپووچ دەربچن!

لەکۆتاییدا بە ئەرکی خۆمی دەزانم شتێک لەسەر ئەوەی بینیم و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی تەلەفزیۆنەکە تۆمار بکەم.

بەڕاستی ئەو دامودەستگا و ئامێر و ئامرازانەی ئامادە کراون، جێگای سەرسووڕمان و ڕێزە. مرۆڤ، لە یەکەم بینیدا، هەست دەکات کە چ تەقەلا و ماندوبوونێک لە پشت ئەو بەرهەمەوەیە و چۆن تەلەفزیۆنەکە گەیشووەتە ئەو پلە بەرزە لە ڕووی تەکنیک و هونەری و هەڵسووڕاندن و تواناوە. سەرتاپای ئیشکەران لە ڕۆڵەی کوردی دڵسۆز و فیداکار پێکهاتووە. ڕۆژ و شەو وەستانیان نییە و سەرگەرمانە لە بزاف و جووڵەدان. هەڵسوکەوت و پەیوەندیی نێوان بەڕێوەبەر و ئیشکەران یەکجار بە جوانی و هێژایانە بەڕێوە دەچێت.

ئەو کارە مەزنەی لە ماوەیەکی کورتدا وە دەست هاتووە، شیای ئەوەی هەیە، هەموو کوردێک بە ئەوپەڕی ڕێزلێنان و هەڵسەنگاندنی پۆزەتیڤەوە سەیری بکات. هەموو کوردێک بانگهێشتن بکرێت کە بەپێی توانا پشتگیری ئەم چەکە کاریگەرە بکات کە لە سەردەمی ئەلەکترۆن و کۆمپیوتەر و سەتەلایت و ئینتەرنێتدا توانای هەیە ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێت لە گەشەپێدانی خەباتی جۆراوجۆری جەماوەری کوردستان و ڕەوشەنکردنەوەی ڕێگای سەختی تێکۆشاندا. لەڕاستیدا، تەلەفزیۆن، شێوازێکی کاریگەرە بۆ هۆشیاکردنەوە و ڕاپەڕاندنی سەرتاپای دانیشتوانی کوردستان و ڕیسواکردنی دوژمنانی داگیرکەری کوردستان.

گومان لەوەشدا نییە کە لەنێو ئاژانسێکی وا گرنگدا، کتوپڕ، هەموو کار و بەرهەمێک لە سەداسەد بێ کەموکووڕی نابێت. پێم وایە گشت ئەو کەموکووڕیانەی لە ئێستادا هەن، گەلێ گەلێ لەو سوود و قازانجە کەمترە

کە تەلەفزیۆنەکە بە ئێستا و داهاتووی نەتەوەکەمانی دەگەیەنێت.

بە هەڵوێستی پۆزەتیف و ڕەخنەی دروستکەر، تەلەفزیۆنەکە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ پێشەوە دەڕوات.

ئەمە دەقی ئەو پرسیارانەیە کە برا بەکر شوانی ئاراستەی کردن و بەرسقمان دانەوە:

بەرنامەی گوتوبێژ ۱۹۹۷/۲/۲۳

بەڕێزان:

فاتح ڕەسول، د. یوسف زەنگەنە، فازیل قەساب و نەجیب بالایی.

چوارچێوەی پرسیارەکان:

١- دوای گۆڕانی تەرازووی هێز بە لای پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بارودۆخی باشووری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

٢- دوای ڕووداوەکەی ئابی ساڵی پار، زنجیرە کۆبوونەوەیەک لە ئەنقەرە ئەنجام درا:

* دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر ئەو کۆبوونەوانەدا چاودێر دەتوانێت چۆن ئەنجامەکان لێک بداتەوە؟

* هەوڵدانی تورکیا بۆ گەورەکردنەوەی دەوری تورکمان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

٣- بۆ لایەنەکانی تری باشووری کوردستان نەیانتوانی لەم قۆناغە ناسکەی کە گەلەکەمانی پێدا تێ دەپەڕێت دەوری خۆیان ببینن؟ پێشنیازتان چییە بۆ ئەو لایەنانە؟

٤- ئایا هەبوونی دوو حکومەت لە باشووری کوردستان دیاردەیەکی سروشتییە یان نیشانەی هەرەسهێنانی ئەزموونی پێنج ساڵەی باشووری کوردستانە؟

٥- پەیوەندی لایەنەکانی باشووری کوردستان بە وڵاتانی هەرێمەکە و جیهانەوە تا چ ڕادەیەک لە بەرژەوەندی گەلی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەیدایە؟ پێویستە ئەو پەیوەندییانە لەسەر چی بناغەیەک بنیاد بنێرن؟

٦- شەڕی ناوخۆ لە باشووری کوردستان تا چ ڕادەیەک کاریگەریی دەبێت لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سەرتاسەری کوردستان، بەتایبەتیش لەسەر شۆڕشی کوردستانی باشوور؟

٧- ئایا پێشبینی دەکەن سەدام هەروا لەدوورەوە چاودێری کوردستان بکات و دەسبەرداری بێت یان پێشبینی دەکەن سەدام جارێکی تر کوردستان کۆنترۆڵ بکاتەوە؟

٨- وەکو هەوڵێک بۆ کۆکردنەوەی کورد و دارشتنی ستراتیژیەتێکی کوردانەی یەکگرتوو ماوەیەکە باس لە دامەزراندنی کۆنگرەیەکی کوردستانی دەکرێتەوە، ئایا هەل و مەرج لەبارە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە؟ ئاستەنگەکان چۆن؟ پێشنیازتان چییە؟

٩- دەوری جەماوەر بەگشتی و، دەوری ڕۆشنبیر چییە لە ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆدا؟

١٠- دواوتە و پەیام و پێشنیازتان بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بۆ جەماوەری باشووری کوردستان.



بەدرە ١٩٥٦

لەراستەوە بۆ چەپ: عاسم حەیدەری، فاتح رەسول، کۆچکردوو ئەندازیار هاشم عەبدوڵا ئەربیلی، نووسەر محەمەد مەلا عەبدولکەریم



بەدرە ١٩٥٦


مامۆستا و شاعیر نەمر عەبدوڵا گۆران لە نێوەندا دانیشتووە.

لەڕاستەوە: ڕاوەستاوی سێیەم، فاتح ڕەسول



چیرۆکنووسی کۆچکردوو عەبدولرەزاق شێخ عەلی،

لە ڕاستەوە: فاتح، دووەم ڕاوەستاوە.



بەدرە ١٩٥٦

ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی دوورخراوەی سیاسی

لە ڕاستەوە: ڕاوەستاوی دووەم فاتح رەسول، ڕاوەستاوی پێنجەم: کۆچکردوو هاورێ عادل سەلیم. شەشەم: کۆچکردوو پارێزەر هاشم ساحیب.

دانیشتووی لای چەپ: د. کازم حەبیب، عاسم حەیدەری.



بەدرە، کۆتایی ١٩٥٦

دوای گەڕانەوەی هاوڕێیانی ئاڵای کارگەران (رایە الشغیلە) بۆ ڕیزی حشع.

لەڕاستەوە: کۆچکردوو هاوڕێ عادل سەلیم. سێیەم: فاتح رەسول. شەشەم: کۆچکردوو عاسم حەیدەری.

دانیشتووەکان: کۆچکردوو هاشم ساحیب، جۆرج یوسف، جەعفەر سادق مەلا نزار.

دانیشتوو: هاوڕێ د. کازم حەبیب.



ناوچەی باڵەک ١٩٦٦
گوندی ناوکێلەکان
لەڕاستەوە بۆ چەپ: فاتح رەسول، مولازم ریاز ئەحمەد، شوفێر مەولود، مولازم یوسف.



سوریا ـ دیمەشق، ١٩٨١
فاتح رەسول، شەهید مەهدی عەبدولکەریم



سوریا ـ دیمەشق، ۱۹۸۹

لەڕاستەوە: مولازم خدر، باوکی راشد، فاتح رەسول، شاعیر ئەحمەد دڵزار



ئورمیە، ١٠/٣/١٩٨٦
دایکی ئاسۆس، باوکی ئاسۆس و تەلار فاتح



سوید، ئێسکلستوونا، ١٩٩٥

لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ئاراس فاتح، دایکی ئاسۆس، تەلار فاتح، باوکی ئاسۆس، هۆگر فاتح، نزار فاتح

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| ١- | سەرەتا | ٥ |
| ٢- | لە تەمەنی منداڵیدا | ٢٠ |
| ٣- | چۆن کەوتمە ناو کارکردنی ڕامیاری | ٤١ |
| ٤- | بەندیخانەی ئەبوغریب و دادگای عورفی | ٧٣ |
| ٥- | ژیانی بەندیخانە | ٧٨ |
| ٦- | قۆناغێکی تازە لە ژیانمدا | ٨٣ |
| ٧- | بەرپابوونی گێژەڵووکەیەکی پڕ مەترسی | ١٠٦ |
| ٨- | شۆڕشی چواردەی تەمموز | ١٢٨ |
| ٩- | کودەتای شوباتی ١٩٦٣ | ١٥٢ |
| ١٠- | بەرەو ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان | ١٦٢ |
| ١١- | بۆ ئەرکێکی تری پارتایەتی | ١٦٧ |
| ١٢- | بەرەو مۆسکۆ | ١٨٥ |
| ١٣- | گەڕانەوە بۆ ناو کۆڕی کارکردنی پارتایەتی | ٢٠٢ |
| ١٤- | لەنێو کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی شیوعی عیراقدا | ٢١٥ |
| ١٥- | قۆناخێکی درێژخایەن | ٢٣٨ |
| ١٦- | لە قۆناخی پشوودان و خانەنشینیدا | ٢٤٩ |
| ١٧- | پاشکۆ | ٢٦٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨- | (١) | ٢٧٠ |
| ١٩- | (٢) دەربارى كۆنگرەی یەككرتووی كوردستانی | ٢٩١ |
| ٢٠- | پرۆژەی كۆنگرەی گەلی كوردستان | ٢٩٤ |
| ٢١- | (٣) | ٣٠٢ |
| ٢٢- | بەرەو كۆنگرەیەكی كوردستانی یەككرتوو | ٣٠٣ |
| ٢٣- | سەردانی تەلەفزیۆنی كوردستان (مەد) | ٣٠٩ |

لە بڵاوکراوەکانی نووسەر

١- دەنگدانەوەی ئاشتی، ١٩٥٤، لەژێر ناوی دلێر ئەحمەد. پۆلیس لە چاپخانەی دیجلە دەستی بەسەردا گرت.


٢- توتن و توتنەوانی لە کوردستانی عیراق، ١٩٥٨.

٣- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، بەرگی یەکەم، ١٩٩١.

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، بەرگی دووەم، ١٩٩٢.

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، بەرگی سێیەم، ١٩٩٤.

٤- لە کاروانێکی دوورودرێژدا، ١٩٩٧.



Fatih Rasull

LE KARWANÊKÎ DÛR Û DIRÊJ DA

-Kurtey xebat û ezmûnî penca sal-

**IN A LONG AND FAR FLUNG CARAVAN**

-A brief struggle and experience of fifty years-

by **Fatih Rasull**

Sweden 1997

91-89014-23-5

**APEC**